# ئەفسانەی تروادە

و: حەمە کەریم عارف

پێڕێست

١ - حەمە کەریم عارف پیاوێک لە....        شێرکۆ بێکەس

٢ – پێشەکییەکی کورت

٣ – هیلین، کیژی زیوس و لیدا

٤ – بیلیوس ڤیتیدا

٥ – داوەری پاریس

٦ – پاریس بۆ ترواده دەگەڕێتەوە

٧ – پاریس، هیلین دەڕفێنێ

٨ – مینیلاوس خۆی بۆ جەنگ ئامادە دەکات

٩ – ئەخیل

١٠ – ترواده

١١ – قارەمانانی یونان لە میزیا

١٢ – یونانیەکان لە ئەڤلیدا

١٣ – سەفەری یونانیان بۆ کەنارێن ترواده. فیلوکتیت

١٤ – نۆ ساڵی یەکەمی گەمارۆی ترواده

١٥ – دژایەتی نێوان ئەخیل و ئاگامەمنوون

١٦ – کۆبوونەوەی گشتی. تیرسیت

١٧ – دوئێلی نێوان مینیلاوس و پاریس

١٨ – پاندار لە سوێنەکەی ژێوان بووەوە. شەڕ

١٩ – هیکتور لە ترواده‌دا...

٢٠ – بەردەوامی شەڕ. دوئێلی نێوان هیکتور و ئایاکس

٢١ – سەرکەوتنی ترواده‌ییەکان

٢٢ – ئاگامەمنوون داوای ئاشتەوایی لەگەڵ ئەخیل دەکات

٢٣--ئودیسیوس و دیومید بۆ جاسووسی بە سەر...

٢٤ – شەر لە نزیکی سەربازگەی یونانیاندا..

٢٥ – شەڕی لای کەشتیەکان

٢٦ – پاڵەوانیەتیەکانی پاتروکل و کوشتنەکەی..

٢٧ – شەڕ لە سەر جەنازەکەی پاتروکل

٢٨ – ڤیتیدا لە سەردانی هیڤیست دا، چەکەکانی ئەخیل

٢٩ – سولْح و ئاشتەوایی ئاگامەمنوون و ئەخیل

٣٠ – ئەخیل دەچێتە شەڕی ترواده‌ییان

٣١ – دوئێلی نێوان ئەخیل و هیکتور

٣٢ – ناشتنی پاتروکل

٣٣ – پریام لە خەرگاکەی ئەخیل دا. ناشتنی هیکتور

٣٤ – جەنگ لە گەڵ ئامازونەکانا، بینفیسیلیا

٣٥ – شەڕ لە گەڵ ئەسیوبیەکانا، مەیموون

٣٦ – کوژرانی ئەخیل

٣٧ – کوژرانی ئایاکس تیلامون

٣٨ – فیلوکتیت، دوا ڕۆژانی ترواده

٣٩ – کەوتنی ترواده

٤٠ – گەڕانەوەی یونانیەکان بۆ نیشتمان

٤١ – ژینامەی وەرگێڕ

حەمە کەریم عارف

پیاوێك لە بارانی وشەی بەردەوام!

(شێرکۆ بێکەس)

ئەو وەختەی بە عشقەوە ئەنووسیت وئەبیتە هاودەمی زمانی بەخشین وداهێنان. ئەو کاتەی هەموو ژیانت ئەدەیتە دەست قەڵەم وئەبیت بە پەروانەی دەوری وشە وچرای کتێب ورستەیەکی جوان. تۆ ئیتر لەوە دەرئەچی بە تەنها بۆ خۆت بژیت وتۆ ئیتر تەمەنت ئەبێ بە تەمەنی گەڵاوگوڵی خۆشەویستی وژیانت بە ژیانی میللەتێك وتێکەڵ بە ئاییندە ئەبی ولەگەڵ باراندا ئەباریت ولەگەڵ هەتاودا هەتاو!

حەمەکەریم عارف
پیاوێك لە شەونخونی و
لە ڕێژنەی وشەو
خۆشنەکردنەوەی قەڵەم و
پەنجەرەیەك بۆ خەمی کەسك و
گزنگی بەیان.
حەمەکەریم عارف
ژێ یەك بۆ خۆشەویستی ئەبەدی
ئەدەب وچاوی مرۆڤایەتی و
گۆرانیی هەمیشە پاراوی
گەرووی ژیان!
هەشتا ئەستێرەی کتێب لەو تەمەنەدا
هەشتا جۆگەی روون لەو دارستانەدا.
هەشتا فڕین لەو ئاسمانە زیوینەدا.
هەشتا ماچی منیش لەم نووسینەدا!
ئەمشەو بە تەنها خۆم لەسەر مێزەکەم
ئەم مۆمی ڕێزلێنانەم بۆ ئەو عاشقە داگیرسان!
بە تەنها خۆم وچەند دێڕە شیعرێکی جاویدان.

بە تەنها خۆم وپەپوولەیەکی غەمگین و
چەند کاغەزێکی سپی چاوەڕوان.
بە تەنها خۆم کەوتمە هەڵدانەوەی
لاپەڕەی چاو بەشەونمی ئەو مێرگەو
خوێندنەوەی هەناسەکانی ئەو گۆمەو
گێڕانەوەی حیکایەتی باڵندەیەکی
دەنگ زامدار!
بە تەنها خۆم، نە حەمەکەریم خۆی زانی و
نە رۆژنامەیەك ونە گۆڤارێك و
نە شەقامێکی کەرکوك ونە مەقامێکی
عەلی مەردان، تەنها هەر خۆم ومێزەکەم
کەسی تر نا.
کەرکوکییەك
پڕ پڕ لە کوردستان و
لێوانلێو لە جیهان!
کەرکوکییەك
هەموو دنیا دێنێتە ناو ئەم پەیڤەوەو
پەیڤیش ئەبێ بە گوڵی سان.
لە دنیاوە
چەندین دەریاچەی ڕۆمانی
ڕژانە ناو ئەم وڵاتی زمانەوە.
چەندین نزاری چیرۆکی
هێنایە ناو ئەم رووبەری زمانەوە.
چەندین ئاوێنەی دیرۆکی
بە دەوونماندا هەڵواسی.
کەرکوکییەك
باخی نووسی و

کێڵگەی نووسی و ڕانەوەستا!
کەرکوکییەك..
خۆرەتاوی ناو جیهانی بۆ وەرگێڕاین
مانگە شەوی بۆ وەرگێڕاین
عەشقی گەورەی ئەفراندنی بۆ وەرگێڕاین
ئەلبێر کامۆ. ئەلکساندەر فەدایەف. هیرب میدۆ. قاسمۆف. کازانتزاکیس. چیخۆف. گوینتەر دیشنەر. فنسنت ڤان گۆگ. مالرۆ. شەکسپیر. م.گۆرکی. هۆمیرۆس. چرنیشفسکی. چایکۆفسکی. ئیدگار ئالان پۆ. جاك لەندەن. گۆگۆل. سیرۆس پرهام. بلیخانۆف. کریس کۆچرا. مەهدی حسێن. سابت رەحمان. ئەحمەد مەحموود. سەمەدی بیهرەنگی. عەزیز شەریف. نەجەف قولی پسیان. ئەشرەفی دیهقانی. مەسعود ئەحمەدزادە. گەوهەر مراد. یەڵماز گونای..چەندین وچەندین کەژو دەریاچەو دەشت و رووباری تریش...
لە سی وپێنجساڵیدا هەشتا چراوگی
بە ژوورەکانی ئەم زمانەدا هەڵواسی.
لە سی وپێنج ساڵیدا..هەشتا رێگای تازەی
لەم نەخشەیەدا کردەوە
هەشتا تۆوی گوڵی شەست پەڕ
هەشتا پەیژە،هەشتا شەبەنگ و
هەشتا تابلۆ
لەم زمانەدا...ئەم گەرووی چریکانە دەگمەنن.
لەم رەنگانەدا..ئەم تۆنی دەنگانە دەگمەنن.
لەم هەورانەدا..ئەم بارینانە دەگمەنن.
لەم دەغڵانەدا..ئەم گوڵە گەنمانە دەگمەنن.
من ئەمشەو تەنیا هەر خۆم وچەند شیعرێ
ئەم چرای ڕێزلێنانە لە سەر مێزەکەم دائەگیرسێنم.
بۆ کەرکوکییەك کە سەر ڕێژە لە وشەو
کە لێوانلێوە لە خۆرەتاو..سڵاو ئەی بارانە

جوانەکەی زمانی کوردی.سڵاو ئەی
کەرکوکی خۆشەویست!سڵاو!
سلەیمانی ٢٠٠٩/٧/١٥

ئەدەب وهونەر/ ژمارە(٦٤٣)/ پێنجشەممە/٢٠٠٩/٧/٢٣

## پێشەکییەکی کورت

حەمە کەریم عارف

(١)

گومان لەوەدا نییە کە ئەفسانە ( اسطورە = my thas ) دیارەیەکی کەلتووری و فەرهەنگی یەجگار ئاڵۆزە و لە دید و نۆرینی جیاواز و تەواوکەری یەکدییەوە، دێتە شرۆڤە و ڕاڤەکردن، یانی دەشێت بڵێین ئەفسانە بۆ خۆی تۆماری جیهانبینی و هزرینی ئەفسانەیی خەڵکانی قۆناغ و سەردەمی خۆیەتی، بۆیە ڕەنگە خەڵکانێک بڵێن سەردەمی ئەو جۆرە چیرۆک و حیکایەت و نەقڵ و نەنزیلە و خورافاتانە بە سەر چووە و ئێمە ئێستا لە سەردەم و ڕۆژگارێکی زۆر مودێرن و تازەدا دەژین و هزرینی زانستیانە، جێگەی هەموو جۆرە هزرین و بیرکردنەوەیەکی میتولۆژی و ئەفسانەیی گرتووەتەوە... بەڵام خوێندنەوەی ئەفسانان، خۆی لە خۆیدا ئاوڕدانەوەیە لە قۆناغە هەرە سەرەتاییەکانی هزرینی مرۆڤانی، وەختایەک مرۆڤ، هەوەڵین پرسیارەکانی خۆی دەربارەی ماهیەت و بنەماکانی گەردوون کرد و خولیای زانینی ئەو پەیوەندیانەی کەوتەسەر کە ڕەگەزە جۆراوجۆر و فروانەکانی ئەم گەردوونە بەیەکەوە دەبەستنەوە و دەوری مرۆڤ، لەم نێوەندە هەرە ئاڵۆز و جەنجاڵەدا چییە، ئەمە خۆی لە خۆیدا، ئەوە دێنێ، ئەم تۆمارە هەرە دێرینە بخوێنرێتەوە و، زۆر پەند و ئاموچیاری لێ هەڵبهێجنرێ و ئاشنایەتی دەگەڵ جۆرەها بیر و باوەڕ و داب و نەریتی باوی خەڵکانی بەر لە پەیدابوون و سەرهەڵدانی هزرینی زانستی پەیدا بکەین. بۆیە دەبێ ئەفسانە وەکو بەشێک لە دیرۆکی بیر و هزر و قۆناغێک لە قۆناغەکانی پەرە سەندنی تیرەی بەشەر بخوێنرێتەوە، ئەفسانانی هەر ژینگە و قەڵەمڕەوێکی ڕۆشنبیری و فەرهەنگی، بە کۆد و کلیلی دەرک کردنی مەسەلە فەلسەفیە تایبەتیەکانی ئەو ژینگە و قەڵەمڕەوە دێتە ژماردن.

ڕاستە یۆنانیانی کۆن، زۆر لە ئێمە دوور کەوتوونەتەوە و بوون بە بەشێک لە مێژووی کۆن و سەدان ساڵە ئەفسانەکانیان لە ڕەواج و برەو کەوتوون، بەڵام هێشتاش ئەو

جۆرە هزرینە ئەفسانەیی و میتولۆجیە، هەیکەلی بنەڕەتی ژمارەیەک لەو ئاینانە پێک دەهێنن کە خەڵکانێکی زۆر لەم دنیایەدا پەیڕەوی دەکەن، بۆیە جێی خۆیەتی ئەفسانان بخوێنرێنەوە و شارەزایی لە هەندێ لە تایبەتمەندییەکانیان پەیدا بکرێ.

ئەفسانە، هەرچەندە زەمان و ڕۆژگارێکی زۆری بە سەرا تێپەڕیوە، بەڵام هێشتاش، بە زۆر مانا و چەمکی قووڵی مرۆڤانی بارگاویە و لەم ڕوانگەیەوە بایەخ و بەهایەکی پەروەردەیی گرینگی هەیە... بەڵام ئەمە بەو مانایە نییە کە خوێنەر، ڕادەستی ئەفسانان وەکو چۆن هەن، ببێت. بەڵکو دەبێ بچێتە بنج و بناوانیان و بگاتە چەمک و مانا هەرە قووڵ و مرۆڤانیەکانیان... هەڵبەتە مرۆڤ، چەند هەوڵیش بدات ناتوانێ منداڵیەتی خۆی بگەڕێنێتەوە. بەڵام زۆرجار کە منداڵێکی خشتیلە بەدەم گەمە و یارییەوە دەبینێ، زۆری کەیف پێدێت و منداڵیەتی خۆی بیر دەکەوێتەوە و کەیفی بە پرسیار و خولیا ساکارەکانی دێت، لەزەت لە لێکدانەوە منداڵانەکانی بۆ ژینگە و دیاردە و ڕووداوەکانی دەوروبەر، دەبینێ، کۆمەڵگەش قۆناغی نەش و نما و گەشەکردنی هزری و جڤاکی خۆی هەیە، جا لەزەتی خوێندنەوەی ئەفسانان لەوەدایە، قۆناغی منداڵیەتی کۆمەڵگەی تیا دەبینینەوە. دەبینین چۆن حیکایەت و نەقڵ و نەزیلان دەخاتە سەربالی خەیاڵ و بە شێوازێکی سیحراوی و جادوویی فرە ڕەهەند و چڕە چەمک و تێر مانای ئەوتۆ ڕاڤەی سەیر و خەیاڵ بزوێن بۆ دیاردە گەردوونیە جیاوازەکان دەکات کە مرۆڤ ناچار بە ڕامان و هزرین دەکات.

( ٢ )

بۆ ئەوەی بە دروستی لە ئەفسانەێن یۆنانی حالی ببیت، پێویستە لە کاروان و ڕێڕەوی پەرەسەندنی هزری مرۆڤانی لە کۆنی کۆنەوە و لە میانەی هەزاران ساڵەوە تێ بگەی. ئەفسانە لە یەکێک لە ڕووەکانیەوە دەکاتە بەرجەستەکردنی ژیانی مرۆڤانی بە هەموو خۆشی و ناخۆشیەکانیەوە، بە هەموو هەوراز و نشێوەکانیەوە، بە هەموو بردنەوە و دۆڕانەکانیەوە، بە گشت کەڵکەڵە و خولیاکانیەوە، بە هەموو نائومێدی و ئومێدەکانیەوە.. ئێدی ڕەنگدانەوەی هزر و هزرینی مرۆڤە، دەربارەی خودی خۆی، گەردون و هێزە نادیار و دیارەکانی گەردون، دەربارەی دیاردە هەمە جۆرە مرۆڤانی و سروشتیەکان.. ئیدی ئەمە هەوڵی مرۆڤ بووە بۆ خۆناسین وگەردووناسی وسەرکەوتن

بەسەر دیاردەو ڕووداوە سروشتییەکان و زاڵ بوون بە سەر هێزە شەڕانیەکان وتەنانەت ناخ و نیهادی مرۆڤ خۆشیا... هەڵبەتە بە شێوە و فۆرم و تیمە و ناوەڕۆکێکی پڕ خەیاڵ و جوانی ئەوتۆ هاتووەتە دەربڕین، کە لە کۆنەوە بووە بە کەرەستە و بابەتی هونەری و ئەدەبی بە تایبەتی ژانرێن داستانی و شانۆیی و پەیکەرتاشی و ئەدیبان و هونەرمەندان، شاکاری ئەدەبی و هونەری زۆر گەورەیان لێوە هەڵێنجاون و لەو ڕێگەیەوە گوزارشتیان لە زۆر بەها و هزرێن ئەدەبی و ئیستاتیکی نەمر کردووە.

دیارە ئەفسانەش لە پرۆسەی گۆڕان و گۆڕانکاری بەدەر نەبووە و بە گوێرەی قۆناغەکانی بیرکردنەوەی مرۆڤانی گۆڕانی بە سەردا هاتووە و ئەگەر هەندێک بە وردی سەرنجی ئەو دەقە ئەفسانەییانە بدەین کە گەییوونەتە دەستی ئێمە، هەرسێ قۆناغی جادوویی، ڕۆحی و قارەمانیەتی بەدی دەکەین. هەڵبەتە گۆڕان و پەرەسەندنی ئەفسانە، ڕەنگدانەوەی پەرە سەندنی کۆمەڵگەی بەشەرییە، دەکرێ لەو ڕوانگەیەوە، پەیوەندی مرۆڤ بە سروشت و ژینگەی خۆیەوە بخوێنرێتەوە و بە ئاشکرا هەوڵی مرۆڤ بۆ ڕزگاربوون لە پاشکۆیەتی سروشت بەدی دەکرێت و هەوڵی ئەوەی داوە کە بە تەواوەتی بە سەر سروشتا زاڵ بێ و بە قازانجی خۆی ڕامی بکات و بەو چاوەوە سەیری نەکات کە هێزێکی زۆر ئاڵۆز و فامنەکرییە و لە سەرووی فامی مرۆڤەوەیە و هێزێن پەنهان بەڕێوەی دەبەن.. بەهەرحاڵ ئەفسانە لە هەموو قۆناغەکانی خۆیدا زادەی ئەو ڕۆژگار و سەردەمانە بووە کە مرۆڤ، هیشتا خۆی وەکو بوونەوەرێکی بنەڕەتی و سەر بەخۆ و جیا لە ژینگە، وەکو زات وخودێکی تایبەتی نەناسیوە، کە خۆی وەکو پێویست نەناسیوە، هەوێن و کرۆکی دەوروبەر و شتەکانی دیکە و دیاردە و ڕووداوە گەردوونیەکانیشی وەکو پێویست نەناسیوە و ئیدی جڵەوی بۆ خەیاڵ شل کردووە و لە قاڵبی ئەفسانەدا، خوێندنەوەی بۆ خۆی و بۆ سروشت و گەردوون، بەهەموو کایەکانیەوە کردووە... ئیدی مرۆڤی سەرەتایی کە خۆی و گەردوونی وەکو پێویست نەناسیوە، دووچاری جۆرە نیگەرانی و ترسێک بووە، چونکە مامەڵەکردن لەگەڵ نادیاردا، زۆر زەحمەت و پڕ نیگەرانی و ترس ئامێزە و، هەستاوە بە خەیاڵی باڵدار و ئەفسانان ئەو نیگەرانی و ترسەی لە خۆی ڕەواندووەتەوە و ئیدی خەسڵەتە مرۆڤانی و خواییەکانی خۆی لەهەر هەموو ڕەگەزەکانی سروشت بارکردووە

و زندوویەتی و ڕۆحی بەبەردا کردوون و سیلەی ڕەحمی لە نێواندا دروستکردوون و تەنانەت بەو چاوەوە سەیری بێ گیانانی کردووە کە ئەمانە هێزی ئەفسووناوی نادیار و ترسناکن و جۆرێک شەقڵ و سیفەتی خوایی پێ بەخشیون، هەر بۆیە دەبینین ئەفسانانی کۆن پڕن لە خواوەندانی نێر و مێ.

هەڵبەتە، بە تێپەڕبوونی ڕۆژگار و، پێشکەونی مرۆڤایەتی قۆناغی ڕۆحی ئەفسانان بەرەبەرە دایە پاش و جێگەی بۆ قۆناغی پێشکەوتووتری ئەفسانان چۆڵکرد. مرۆڤ لە ڕووی بیرکردنەوە و هزرینەوە، بەرەوپێش هەنگاوی ناوە و جۆرێک لە سەربەخۆیی خودی بە دەست هێناوە، جۆرە دەسەڵاتێکی بە سەر سروشت و تەبیعەتدا پەیدا کردووە. قۆناغە ئەفسانەییەسامناکە خوا میحوەرییەکە دایە پاش، تا قۆناغێکی ئەفسانەیی تازەی قارەمان میحوەری دەست پێبکات... قۆناغی ڕۆحی ئەفسانەیی، واتە بەخشینی شەقڵێکی جادوویی ڕوحی بە ڕەگەزەکانی تەبیعەت و گەردوون، دەکاتە قۆناغی سەرەتایی و ڕاستەوخۆی سەرهەڵدان و پەیدابوونی ئەفسانە، ئەم قۆناغە زیاتر لە ڕۆژگار و سەردەمانی داکسالاریدا باو بووە... دوای ئەو سەردەمە ئیدی کۆمەڵگەی بەشەری پێی ناوەتە ڕۆژگار و سەردەمی بابسالاری یەوە. لەم سەردەمەدا ڕۆڵ و ڕێبەرایەتی دایک داویەتیە کزی و باوک ، وەکو فاکتەری سەرەکی بەرهەم هێنان و لێکەوتەکانی بەرهەم هێنان بووە بە تەوەر و قارەمانی قۆناغە تازەکە... "پاندورا " خۆی لە خۆیدا ڕەمزی ژنە لە کۆمەڵگەی پیاوسالاری و باب سالاریدا و، نیشانەی ئاوا بوونی یەکجارەکی دەسەڵاتی دایک سالاری و ژن سالارییە... ئیدی دەوری قارەمەنێتی ڕەواج پەیدا دەکات و شەڕی ترواده یەکێکە لە لێکەوتەکانی ئەم قۆناغ و سەردەمە، بۆیە دەبینین شەڕەکانی ترواده، دەبن بە هەوێن و ماکی ژمارەیەکی زۆر لە چیرۆکێن ئەفسانەیی و میتولۆژی زۆر جوان..

***

وەکو ئامارژەمان کردێ ڕەگیئەفسانان کەم و زۆر چووەتەوە سەر ئۆڵ و باوەڕێنئائینی، هەرچەند بایەخی ئەم لایەنەی ئەفسانە تەواو کز بووە و، بەڵام هێشتاش بە تیمە و نێوەڕۆکە مرۆڤانیە قووڵەکانیەوە، هەر زندووە و زۆرجاران ختووکەی خەیاڵدانی مرۆڤ دەدات و هۆی ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ بونیادە هونەری وگێڕانەوە جادووییەکەی ڕەهەندی مرۆڤانی و دەوڵەمەندی مرۆڤانی و دەوڵەمەندی ناوەڕۆکەکەی، کە بووە بە

سەرچاوەیەکی لەبن نەهاتووی ئیلهامبەخش بۆ ئەدەب و هزر و بەرهەمێن هونەری جوان.

هەڵبەتە ئەفسانە لە سەرێکی دییەوە زادە و ڕەنگدانەوەی خەون و خولیا مرۆڤانیە گەورەکانی مرۆڤ بووە، بەو ئومێدەی لە ڕێگەی ئەو خەونانەوە سنووری خودی خۆی و واقیعی خۆی ببەزێنێ. ئیدی دەوڵەمەندی ئەفسانان بەم ڕەهەندە ڕەسەنە مرۆڤانیانە، کردوویەتیە کارێک کە ئەدەب و هزر و هونەران، لە کۆنەوە و تا ڕۆژگاری ئەمڕۆ ئاوڕی جدی لێبدەنەوە و تیمەی دڵخوازی خۆیانی لێ هەڵێنجن و بیگۆڕن بۆ ناوەڕۆک، هەڵبەتە ئەدەب، توانیویەتی شەقڵە ئولی و مەزەبییەکان لە ئەفسانان داماڵێ و بیگۆڕێت بە نێوەڕۆکی پەند ئامێز و ئیستاتیکی و هونەری باڵا. ئەدەب هەر بەوەوە نەوەستاوە، بەڵکو نەمری و هەرمانی بە زۆر کاراکتەرێن وەک: پرومیتە، ئودیب، ئەخیل، سیزیف و ئیلیکترا بەخشیوە وهەندێکیان لە ناو ئەدەبدا بوون بە ڕەمزێن دەوڵەمەندی فرە دەلالەت... کە ئەمە زۆر بە ڕوونی لە هەر دوو داستانی ئیلیادە و ئودیسەدا دیارە و شەقڵێکی زۆر جوانیان بە سەدان ئەفسانە و بە جەنگی یونانی – تروادە بەخشیوە..

( ٣ )

ئێمە زۆرجار کە گوێمان لە زاراوەی ئەفسانە دەبێت، کۆمەڵێک حیکایەت و نەقڵ و نەزیلەی منداڵانەی خەیاڵی و نازانستیانەمان دێت بە خەیاڵا، کە ئەمە بۆچوونێکی لە بنەڕەتا نادروستە، چونکە ئەفسانە، بە نۆڕین و دنیابینییەکی جدی بۆ واقیع بارگاویە.

ئەفسانە لە ناو هەموو کۆمەڵگەیەکی کۆن و نوێدا هەبووە و هەیە، ئەفسانە، بەشێکن لە تانۆپۆی ژیانی مرۆڤ، ڕەنگدانەوەی بیر و باوەڕن، کار دەکەنە سەر ئەتوار و ڕەفتاری بەشەران و پاکانە بۆ هەبوونی دام و دەزگا و ئورگانەکان، بۆ داب و نەریتان و بەها مرۆڤانیەکان دەکەن... ئەفسانە ڕەگی دەچێتەوە سەر زۆر کایەی ئەپستمولوژی وەک کۆمەڵناسی، کەونارا ناسی، لێکۆڵینەوەی لاهوتی و مەزەبی، خوێندنەوەی مەیدانی ئول و مێژووی ئاینان، زمان و ئەدەبیات.

ئەفسانە، گێڕانەوەیەکی خەیاڵی جوانە دەربارەی سروشت، مێژوو چارەنووسی جیهان، خواوەندان، مرۆڤ و کۆمەڵگە. ئەوەندەیان چەمک و مانا لە خۆ گرتووە کە بە جدی

ئاوڕی لێبدرێتەوە و ئەفسانە جیلوە و ڕەنگدانەوەی هزرینی جدی ئەو میللەتانەیە کە ئەو ئەفسانانەیان تیا پەیدا بووە.. بە هەر حاڵ دۆزینەوەی پناسەیەکی پڕ بە پێستی زاراوەی ئەفسانە، ڕەنگە زۆر زەحمەت بێ و هەندێجار بکەوێتە سەرووی پێناسەیەکی جامع و مانع و لە گەڵ پێناسەی هەندێ کایەی ئەپستمولوجی دیدا تێکەڵ ببێت.. بەهەر حاڵ، ئەفسانە گۆیی هونەرێکی زۆر کۆنە و لە مێژوو نووسی کۆنترە وبایەخ و ئیحتوباری ئەفسانە بەند نییە بە دروستی و دیقەتی مێژووییەوە... ئەفسانە چیرۆک یان گێڕانەوەیەکی پڕ خەیاڵە، دەیەوێ حەقیقەتێکی بنەڕەتی دەربارەی جیهان و ژیانی مرۆڤ و پەیدابوونی کەون و کائینات بگێڕێتەوە، کە ئەمە ئیحتوبار و بایەخی خۆی هەیە، بەڵام ئەم بایەخ و ئیحتوبارە، لە جۆری ئیحتوباری مێژوویی یان زانستی نییە. وەکو پێشتریش ئاماژەمان کردێ، ئەفسانەش لە پرۆسەی گۆڕان بەدەر نییە، پەیدا دەبن، دەژین، لەبەین دەچن... بەڵام ئەفسانانی تازە جێگەیان دەگرنەوە، یان ئەفسانە کۆنەکان، تازە دەکرێنەوە و فۆرمێکی تێکەڵە وەردەگرن، تێکەڵە لە کۆن و نوێ. هۆی ئەمەش وەکو گوتمان گۆڕانکارییەکانی ڕۆژ و سەردەمە، یان ئاوێتەبوون و یەکانگیری کەلتوورانە... زۆر کەس ئەفسانان زیاتر بە تەجەلی جۆرە فەلسەفە و جیهانبینییەک دەزانن، ئیدی بەمجۆرە ئەفسانە نەک هەر ڕەنگدانەوەی ئەزموونی ژیانی بەشەرن، بەڵکو فۆرم و قاڵبیشیان بەم ژیانە بەخشیوە، چونکە بەشەر، بە تەبیعەت هەر ڕووداوێک بە گوێرەی خوێندنەوەی خۆی بۆ واقیع شەرح و شرۆڤە و ڕاڤە دەکات. دیارە ئەم خوێندنەوەیە ئەفسانەش دەگرێتەوە. هەڵبەتە هۆی بە هەند وەرگرتنی ئەفسانانیش ئەمەیە کە هیچ کۆمەڵگەیەک لە دەرێی ئەفسانەکانیا نایەتە دەرک کردن. هۆیەکی دیکەش ئەمەیە، کە ئەفسانان نەک هەر چاوی زەینی خەڵکی بەڵکو چاوی زەینی خەڵکان و میللەتانی خاوەن ئەفسانەکانیش دەکەنەوە. ئەگەر ئەفسانە وەکو شێوەیەکی هزرین و بیرکردنەوە لەبەرچاو بگیرێ و تەمەشا بکرێت، کە ئەم دیاردەیە لە هەموو تیرەی بەشەردا دیاردەیەکی هاوبەشە، ئەو لێکۆڵینەوە لەبارەی ئەفسانەوە، دەکاتە خوێندنەوەی خۆمان، دەکاتە لێکۆڵینەوە لەمەڕ خۆمان... زۆرجار جۆرە لێکچوونێک لە نێوان ئەفسانەێن میللەتانی جیاواز و دوور لە یەکدی بەدی دەکرێت، هەڵبەتە ئەمە بە تەنیا زادەی کاریگەری کەلتووری، بەسەر یەکەوە نییە، بەڵکو زیاتر بە هۆی بیرکردنەوەی هاوبەشی نێوان تیرەی بەشەرە، بیرکردنەوە و

خەم و خولیا بەشەرییەکان تەواو لێکدی نزیکن و وەڵامی بەشەر بۆ پرس و پرسیارە لێکچووەکان، وەڵامی لێکچوویان لێدەکەوێتەوە..
یونانی کۆن، گەورەترین و بە پیت ترین مەڵبەندی ئەفسانان بووە و یونانیان بە گەورەترین ئەفسانەسازان لە قەڵەم دراون و لە دەوروبەری ساڵی چوار سەدی پ . ز، ئەفلاتوون وشەی میتولوگیای بۆ شەرح و شرۆڤەی خەیاڵی کارێن خواوەندان و گێڕانەوەی ڕووداوە سروشتی و میتا سروشتیەکان، بەکار بردووە و زاراوەی میتولوژی ڕەگ و ڕیشەی یونانی هەیە..
ئەفسانە، زیاتر چیرۆکێن سەیر و خەیاڵ ئەنگێزی زندوون و زۆربەی کۆمەڵناس و دەروونناسەکان، پێیان وایە کە ئەم چیرۆکانە سەر ڕێژن لە چەمکێن قووڵ و ئیلهامبەخش دەربارەی سروشت و چارەنووسی تیرەی بەشەر، هەڵبەتە وەکو پێشتریش ئاماژەی پێکراوە ئەفسانە نایەت حەقیقەتی مێژوویی بۆ ئێمە بگێڕێتەوە، بەڵکو جۆرە حەقیقەتێکمان بۆ دەگێڕێتەوە کە دەشێت بە حەقیقەتی میتا مێژوویی ناو ببرێ..
یونانیانی کۆن، زۆر بەرهەمی بەنرخ و گرانبەهایان لە پاش بەجێ ماوە و ئەم یادگاریانە بریتین لە بینای زۆر گەورە و کە تەنانەت بۆ ڕۆژگاری ئەمڕۆش لەڕووی تەلارکاری و بیناسازیەوە بە توحفەی زۆر دەگمەن و نموونەی جوانی دینە ژماردن، پەیکەرێن مەڕمەڕین و برۆنزی، بەرهەمێن ئەدەبی نەمری زندوو و گەورەی ئەوتۆ کە تا ئەمڕش خوێندنەوەی بۆ دەکرێت، هەرچەندە ئەو بەرهەمانە بە زمانێک نووسراون، کە لە ناو چووە و کەس ئەمڕۆ قسەی پێناکات. ئەم بەرهەمانە بریتین لە شاکارێن وەک ئیلیادە و ئودیسە، کە بریتین لەو داستان و چامانەی باسی چۆنیەتی گەمارۆدانی شاری تروادە دەکەن... هەڵبەتە ئەم چامانە لە لایەن شایەران و ئاشقانی گەڕۆکەوە لە بەر دەکران و بە دەنگ و ئاوازەوە دەیانخوێند..
یونانیان، ڕێگای هەزاران ساڵیان بڕیوە ئەوجا گەییوونەتە قۆناغی شارستانیەت و پێشکەوتنی سەردەم و ڕۆژگاری خۆیان، بیر و بۆچوونی وان لە مەڕ دروستبوونی جیهان و هەوڵ و تەقەلایان بۆ ڕاڤە و شرۆڤەی ئەو دیاردە و ڕووداوانەی کە لە تەبیعەت و سروشت دا، یان لە کۆمەڵگەی بەشەریدا ڕوویان داوە، لەم ئەفسانە و حیکایەتانەدا بەرجەستە بووە.

هەڵبەتە ئەفسانە گۆیی زۆر کۆنە و لە مێژوو نووسی فرە کۆنترە، بۆیە دەتوانین بێ چەند و چۆون ئەوە بڵێین کە ئەم ئەفسانانە وەختێک پەیدابوون، کە یونانیانی کۆن هێشتا خوێندن و نووسینیان نەزانیوە، ئیدی ئەم ئەفسانانە بە درێژایی ڕۆژگار هاتوونەتە ئاراوە و دەماودەمی کردووە و لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی دی ماوەتەوە... هەڵبەتە ئەم ئەفسانانە لە ڕێگای بەرهەمێن شاعیران و شانۆنامە نووسانی گەورە و نووسەرانی سەدەکانی دوایی یونانی کۆنەوە گەییونەتە ئێمە. لەوانە: هسیود، هومەر، ئاشیل، سوفوکل، یوریپیدس و... هتد..

گەلێک لە توێژەران و خودان نەزەران پێیان وایە ئەفسانان بە شێوەیەکی گشتی لە ئول و مەزەبانی کۆن نایەنە جیاکردنەوەو ئەم مەزەبانە، کارایی و کاریگەری سیحرئامێزی خۆیان، کە بۆ بڵاوبوونەوە و گەشەکردنیان زەروریە، لە ئەفسانانەوە وەردەگرن و هەڵدەهێنجن. ئەفسانە، ئول و مەزەبان دەوڵەمەند دەکەن و لە ئەنجاما ڕەگەزی هەرە سەرەکی ترس، ئاوێتەی پیرۆزییەکان دەکەن. هەڵبەتە ئەو توێژەر و خودان نەزەرانە نەهەقیان نییە ئەو قەناعەتەیان هەبێ، چونکە ئەفسانە کۆنەکان پڕن لە خواوەندان و خوا بانووان و نیمچە خواوەندان..

لە نوڕین و بۆچوونی یونانیانی کۆنەوە، خواوەندانزۆر لە بەشەر چوون، پەیوەندی نێوان خواوەندانیش، وەکو هی بەشەرێن سەر زەوی وابووە. خواوەندانی یونانی لێکدی زویر دەبوون، ئاشت دەبوونەوە، هەمیشە خۆیان لە کاروباری بەشەران هەڵقورتاندووە، لە شەڕەکاندا بەشداریان دەکرد، هەریەکێک لەو خواوەندە زۆر و زەبەندانە، کارێکی تایبەتی و دیاریکراوی دە ئەستۆ بووە و لایەنێک لە لایەنە زۆر و زەبەندەکانی کاروباری دنیای بەڕێوە دەبرد. یونانیانی کۆن، خەسڵەتی تایبەتیان بە باڵای هەر خوایەکی خۆیاندا بڕی بوو. ئیدی خواو بەشەر، زۆر خاڵی چوون یەک و هاوبەشیان هەبووە. تاقە جیاوازی گەورەی نێوان خواوەندان و بەشەران ئەوە بووە کە خواوەندان نەمر و جاویدان بوون و بەشەران فانی و مردەنی بوون... چۆن هەر تیرە و تایفەیەکی یونانی سەرۆک و فەرماندە و قازی و ئاغای خۆی هەبووە، لە نێو خواوەندانیشا هەمان سیستەم هەبووە و زیوس گەورە و ڕابەر و هەمەکارەی خواوەندانە.

بە گوێرەی باوەڕی یونانیان، برا و ژن و منداڵانی زیوس لە بەڕێوەبردنی جیهانا بەشداربوون و هەریەکەیان کارێکی لە ئەستۆ بووە بۆ نموونە " هیرا " ی ژنی زیوس،

پارێزەر و پاسەوانی ماڵبات و زەماوەند و پەیوەندییە خانەوادەییەکان بوو. " پوسیدون " برای زیوس فەرمانڕەوای دەریا بوو... " هادیس " فەرمانڕەوای ژێرزەمین و کاروباری مردووان بووە. " دیمیتر " ی خوشکی زیوس خوابانووی بەرپرسی کاروباری کشت وکاڵیو بەرپرسی چەک و جبەخانە بووە.

" ئەپولون " ی کوڕی زیوس، خوای ڕۆشنایی و پارێزەری زانست و هونەر بوو. " ئارتیمس " خوا بانووی لێرەوار و ڕاو بوو. ئەسینا- پلادا، کە لە تەوێڵی زیوسەوە دەرهاتبوو، خوابانووی حیکمەت و ڕاوێژ و تەگبیر و پارێزەری پیشەسازی و پیشەوەری بوو. " هیفیست " ی لەنگ، خوای ئاسنگەری و پیشەسازی بوو، " ئافرودیت " خوابانووی ڤیان و جوانی بوو، " ئاروس " خوای جەنگ و شەڕ بوو، " هرمز " پەیکی خواوەندان و نزیکترین هاوکار و یاریدەدەری زیوس بوو، بەرپرسی بازرگانی و دەریاوانی بوو. بە گوێرەی ئەفسانان، بارەگای سەرەکی خواوەندان لە دوندی کێوی ئوڵەمپ دا بووە، کە هەمیشە چڕە تەمێکی بە سەرەوە بووە و لە بینینی خەڵکی دنیا پەنهان و نادیار بووە. ئیدی خواوەندەکان لەوێ، لەو بارەگایەدا ژیاون. بەزم و شادیان گێڕاوە، زیافەت و دەعوەتکاریان هەبووە و هەموو کاروبارەکانیان بە سەرپەرشتی و ڕابەرایەتی زیوس ئەنجامداوە..

خەڵکی سوجدەیان بۆ ئەم خوایانە بردووە، بە گوێرەی پلەوپایە و دەسەڵاتی هەر خوایەک، پەرەستگایەکیان دروست کردووە. بۆ وە دەستهێنانی میهر و ڕەزامەندی خواوەندان، قوربانیان پێشکەش کردووە... هەر بە گوێرەی ئەم ئەفسانانە، جگە لە خواوەندە گەورە و سەرەکیەکان سەرزەویش پڕ بووە لە نیمچە خواوەندان و هەر یەکێکیان جیلوەیەکی قودرەتی سروشت بوون.. هەروەها یونانیانی کۆن جگە لە ئەفسانەی خواوەندان، زۆر ئەفسانانی دیکەشیان سەبارەت بە قارەمانان و پاڵەوانان هەبووە. کە یەکێک لەوانە " هرکول " ( هەرقل ) بووە، کە جگە لەوەی نموونەی هێزی لە شکان نەهاتووی هێزی مرۆڤانیە، لە هەمان کاتدا نموونەی ئازایەتی و بوێری جەنگاوەرانیشە.

ئەگەر هەندێک لە ئەفسانانی یونانی کۆن ورد بیتەوە، هەستێکی بەرزی جوانی ناسی و بەرخوردی هونەریانەی خەیاڵتەڕی تیا بە دی دەکەیت، هەر بۆیە لە کۆنی کۆنەوە ئیلهامبەخشی شاعیران و نووسەرانی جیهان بوون و لە ڕێگای ئەفسانانی کۆنی

یۆنانیەوە ئاشنایەتیمان دەگەڵ بەردتاشی و پەیکەراسازی و نیگارکێشی و شیعر و ئەدەب و هۆنەری کۆنا پەیدا کردووە. بۆیە پێویستە هەر کەسێکی شارستانی ئاگای لە ئەفسانان هەبێت تا بتوانێ لە خوێندنەوەی بەرهرمێن نووسەران و شاعیرانی جیهان بەرخوردار بێ.

لە کۆتاییدا پێویستە ئەوە بگوترێ کە ئەفسانە زادە و بەرەنجامی پەرەسەندنێکی هزری ڕەسەن و بەردەوامی سەدان سەدەیە و ڕاستەوخۆ پەیوەست بووە بە پەرەسەندنی فیکری ئینسان و پەیوەندی ئینسان بە سروشت و ژینگەوە، ئیدی ئەفسانان لە میانی مێژووی تیرەی بەشەرەوە، وردە وردە گەشەی کردووە، لە ڕووی ناوەڕۆکەوە دەوڵەمەند بووە، بە چەمک و مانایێن تازە بارگاوی بووە و باشتر و وردتر گوزارشتی لە سەردەمی خۆی کردووە و وێنەیەکی وردی ئەو کۆمەڵگەیەی بەرجەستە کردووە، کە تیایدا پەیدا بووە. هەروەها بە دەم ئەو پەرەسەندنە گەورەیەوە کە بە خۆوەی دیتووە و، بە حوکمی ئەو بەشداریە زۆرەوە کە شاعیران و هونەرمەندان لە دارشتنەوەیدا کردوویانە، قاڵبێکی هونەری جوانی وەرگرتووە و لە بونیادێکی هونەری وردی بارگاوی بە چەمک و مانایان مرۆڤانی بەرزی ئەوتۆدا گیرساوەتەوە، کە کردوویەتی بە شاکارێکی نەمر و جاویدان لە کەلەپوور و کەلتووری بەشەریدا..

بەهەرحاڵ بەندە بۆیە ئەم پەنجەرەیەم بە سەر کتێبخانەی کوردیدا کردووەتەوە، چونکە بە پێداویستیەکی کتێبخانەی نەتەوەیی خۆمانی دەزانم و حەزم کردووە خوێنەری کورد، بە زمانی زکماکی خۆی بیخوێنێتەوە و ئەم شاکارە کە زادەی سەدەکانی پێش زایینە و لە گەڵ ژیانی ئێستادا بەراورد بکات و هەوڵی ئەوە بدات، کە بزانێ ڕازی نەمری ئەم کارە لە چیدایە، چۆن سنووری زەمانی خۆی بەزاندووە و تەڕی و تازەیی ستاتیکی خۆی پاراستووە..

ئیدی ئەمە ئەو کارەیە کە توانیومە بیکەم، نەک ئەوەی کە ویستوومە بیکەم... بۆیە منەت بەسەر کەسدا ناکەم، بە تەمای ستایش و دەستخۆشی نیم، بەڵام هیڤیدارم بە نەهەق سەرزەنشت نەکرێم و بەر تانە و تەشەری منداڵانە نەدرێم!... فەرموون ئێوە و ( ئەفسانەی ترواده ) بە کوردی.

بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە:

١ – قهرمانان یونان باستان / سمیر نوڤا، ڤیرا ڤالسیلیڤنا / مترجم؛ روحی ارباب / چاپ سوم ١٣٨٢ ( ٢٠٠٣ )، تهران.
٢ – فرهنگ اساطیر کلاسیک ( یونان و روم ) مایکل گرانت. جان هیزل، ترجمه: رضا رضایی، نشر ماهی / چاپ دوم ١٣٩٠ / تهران.
٣ – الدکتور عماد حاتم / اساطیر الیونان / دار الشرق العربی / ط ٣ ، ٢٠٠٨/ بیروت.
٤ –هومیروس/ ئیلیادە / پێشەکی وەرگێڕانی: حەمە کەریم عارف دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم / سلێمانی ٢٠٠٩ .
٥ – هومیردوس / ئۆدیسە / پێشەکی و پاچڤەی: حەمە کەریم عارف / بەڕێوەبەرایەتی خانەی وەرگێڕان / سلێمانی ٢٠١١ .

چیرۆک و سەرگوزشتەکانی ترواده لە ئیلیادەی هومیروس و لە هەر دوو تراجیدیای " ئەیاکسی قورس هەڵدەر " و " فیلوکتیت " ی سوفوکلیس و لە تراجیدیاکەی یوریبید ( یەڤگنیا لە ئەقلیدا ) ، " ئەندروماک " و " هیکوبا " و داستانی " ئینیادە " فرجیل و قەسیدەکەی ئوڤید " جووتە پاڵەوان " و ژمارەیەک سەرچاوەی دیکەوە وەرگیراون.

## ١- هیلین، کیژی زیوس و لیدا

تیندار، پاڵەوانی سەربەرز، بەر غەزەبی هیبوکوونت کەوت و لە وڵاتەکەی وەدەری نا، ئیدی تیندار سەری خۆی هەڵگرت و ماوەیەکی زۆر دەربەدەر سوڕایەوە تا لە ئەنجاما لە لای فیستی، پاشای ئیتولیا ( ناوچەیەکە لە ڕۆژئاوای یونانی ناوەڕاست ) پەنا و داڵدەی دەست کەوت و لە نک ئەو گیرسایەوە. پاشا مەحەبەتی چووە سەر میوانەکەی. ئیدی لیدای کیژی خۆی، کە بە قەد خوابانوویەک جوان بوو، دایێ. وەختێ هەرقلی کوڕی زیوس بە سەر هیبوکوونت دا زاڵ بوو و خۆی و هەموو کوڕەکانی کوشت، تیندار و ژنە شۆخ و شەنگەکەی بۆ سپارتە ( گەورە شاری دەڤەری لاکونیا لە بیلوبونیز ) ئیدی دووبارە جڵەوی فەرمانڕەوایی گرتەوە دەست.

لیدا چوار منداڵی بوو: هیلین و بولیدیوکس لە زیوسی بروسکە وەشێن بوون، کلیتیمنسترا و کاستوورا لە تیندار بوون.

هیلین کیژێکی یەجگار دەلال و جوان بوو، هیچ ژنێکی فانی لە جوانی و شۆخ و شەنگیدا هاوتای نەدەکردەوە، تەنانەت دایکانیش ئیرەییان پێدەبرد، خۆزگەیان پێدەخواست، ناوبانگی جوانی بە سەرانسەری یونان‌دا بڵاو بووەوە، گەییە گوێی " تیسیوس " ی قارەمانی هەرە گەورەی ئیتاکا، ئیدی لێبڕا هەڵی بگرێ و ڕەدووی بخات، بەڵام بولیدیوکس و کاستوری برای فریای کەوتن و بۆ کۆشکەکەی بابیان هێنایەوە.

ئیدی خوازگاران بە سەر کۆشک و بارەگاکەی تینداردا دابارین و داوای ئەم کیژە جوانەیان لێدەکرد و هەر خوازگارێک لە دڵی خۆیدا بەو ئومێدە بوو، کیژێ بە نەسیبی ئەو بێت. لێ بابی کیژێ داخوازی کەسیانی بەگەن نەکرد، دەترسا ەگەر بە هەر یەکێکیانی بدات، ئەوانی دی ئیرەیی پێ بەرن و ئیعلانی حەربی لەگەڵ بکەن و فیتنە و ئاشووبێکی گەورە بەرپا ببێت. لێ " ئودیسیوس " ی بلیمەت و بەردەبار ئامۆژگارییەکی تینداری کرد و گوتی:

- با کیژەکەت بۆ خۆی و بە خۆی مێردی خۆی هەڵبژێرێ، و هەموو خوازگارەکانی دی سوێند بخۆن کە هەرگیز شەڕی ئەو پیاوە نەکەن کە کیژێ بە خوایشتی خۆی هەڵیدەبژێرێ، بەڵکو بە پێی توانای خۆیان، ئەگەر شتێکی بۆ پێشهات و داوای کۆمەکی لێکردن بە هانایەوە بچن و فریای بکەون!

تیندار بە قسەی " ئودیسیوس " ی کرد، خوازگارەکان سوێندیان خوارد، ئیدی هیلین، پیاوی دڵخوازی خۆی هەڵبژارد، هەڵبژاردەی هیلین مینیلاوس ، کوڕە قۆزەکەی لاتریوس بوو.

مینیلاوس هیلینی خواست، دوای مردنی تیندار بوو بە پاشای سپارتە، ئیدی لە کۆشک و دربارەکەی خۆیدا دەستی بە ژیانێکی هێدی و ئارام کرد، غافڵ و بێ ئاگا بوو لەوەی کە ئەم شایی و زەماوەندە، چ بەڵا و مەینەتیەکی بۆ پەنهان کردووە.

## ٢- بیلیوس و ڤیتیدا

بیلیوس، قارەمانی بەناو ودەنگ کوڕی ئیباکی حەکیم، کوڕی زیوس و ئیگیتای کیژی خواوەندیڕوبار، ئاسوب بوو. تیلامون برای بیلیوس و هاوڕێ هەرقلی قارەمانی قارەمانان بوو. جارێکیان هەردووکیان لە وڵاتی خۆیان دوورخرانەوە، بە سەدەمی ئەوەی لە ڕووی ئیرەیی و حەسوودییەوە برایەکی خۆیان کوشتبوو. ئیدی بیلیوس بۆ وڵاتی فتیا ( شارێکە لە فیسالیا دەکەوێتە بەستێنی کەنداوی بیگاسەوە لە دەریای ئیجە ) ی دەوڵەمەند، ئیدی لەوێ " ئیڤریتیون " ی قارەمان، بە گەرمی پێشوازی لێکرد، سێ یەکی زەوی و زارەکەی خۆی دایێ و ئەنتیگونای کیژیشی دایێ، بەڵام زۆر لە فتیا نەمایەوە. ئیدی بە ڕێکەوت و بە هەڵە لە کاتیڕاوی کالیدونی دا " ئیڤریتیون " ی کوشت و ئەمەی زۆر لەبەر گران بوو، زۆری خەفەت خوارد، دیسان ڕۆیی، ڕووی کردە ئیولک کە لەوێندەر بەڵا و نسیبەتێکی تازە چاوەڕێی دەکرد. ژنەکەی ئاکاست شا

حەزی لێکرد، هەوڵیدا بە هەر ئاین و ئۆینێک بووە لە خشتەی بەرێت و خۆی بگەیەنێتێ. لێ بیلیوس، هەر هەموو فەندەڵ فێڵەکانی ژنەی شێت و شەیدای ڕەفز کرد، بۆیە ژنەی تاین لێبڕا بە هەر شێوەیەک بووە تووشی بکات. دڵی مێردەکەی لێ پیس کرد، بەوەی تۆمەتبار کرد کە حورمەتی ماڵی خانەخوێیەکەی پێشێل کردووە، ئاکاست باوەڕی بە بوختانەکانی ژنەکەی کرد و بڕیاریدا کە هاوڕێ میوانەکەی بکوژێت. جارێک بە دوو قۆڵی بۆ ڕاو دەچن بۆ بناری " بیلیون " ی چڕە دارستان، ئاکاست، کە دەبینێ بیلیوس، شەکەت و ماندوو لە غورابی خەودایە، شمشێرە جادووییەکەی، کە دیاری خواوەندان بوو، لێ دەشارێتەوە، بیلیوس، بەو شمشێرەوە کەس زەفەری پێنەدەبرد. بەهەر حاڵ ئاکاست شمشێرەکەی لێ دەشارێتەوەو بە خۆی لەو دیار و دەڤەرە دوور دەکەوێتەوە و دڵنیا دەبێت کە کونتورانی کێوی هاوڕێکەی ، بە تایبەتی کە شمشێرەکەی پێ نەماوە، لە ناو دەبەن، لێ کونتور " خیرون " ی حەکیم بە هانای " بیلیوس " ەوە دەچێ و یارمەتی دەدات و شمشێرەکەی دەدۆزێتەوە و بە زەبری شمشێرە بڕندەکەی هەموو ئەو کونتورە کێویانە تارومار دەکا کە پەلاماری دەدەن و لە مەرگی مسۆگەر ڕزگار دەبێت و پاشان تۆڵە لە ئاکاست کە لە جەنگەڵەکەدا خیانەتی لێدەکات، دەستێنێ و پاشان بە کۆمەکی کاستور و بولیدیفک توانی " ئیولک "ی پڕ فەڕ و دەوڵەمەند داگیر بکات و ئاکاست و ژنەکەی بکوژێت.

وەختایەک " پرومیتیوس " ی زەبەلاح نهێنییە گەورەکەی کەشف کرد و گوتی زەماوەندی زیوس لە گەڵ ڤیتیدا دا، منداڵێکی لێدەکەوێتەوە لە بابی بەهێزتر دەبێ و بابی لە سەر کورسی و عەرشی فەرمانڕەوایی لادەبات، بە ئاماژە خوابانووەکانی تێگەیاند کە ئەگەر ڤیتیدا شوو بە بیلیوس بکات، ئەو زەماوەندە قارەمان و پاڵەوانێکی مەزنی لێدەکەوێتەوە.

خواوەندەکان قەناعەتیان بەوە کرد، بەڵام مەرجێکیان بۆ ئەم زەماوەندە هەبوو، مەرجەکە ئەوە بوو کە بیلیوس لە مەیدانی زۆرەبانیدا، بۆڕ بە ڤیتیدا بدات.

وەختێک هورمزی خواوەند، ئەم نیاز و مەرجەی خوابانووانی بە بیلیوس ڕاگەیاند، بیلیوسی قارەمان، چوو بۆ ئەو شکەفتەی کە خوا بانوو، دوای دەرچوونی لە گێژەنگی دەریا بۆ پشوودان ڕووی دەکردێ، لەوێ خۆی مەڵاس دا و کەوتە چاودێری و چاوەڕوانی هاتنی خوابانوو، هەر کە خوا بانوو ڤیتیدا لە قووڵاییئاوەکەوە دەرکەوت و خۆی بە

ئەشکەفتە پڕ سێبەرەکەدا کرد. بیلیوس پڕی دایە، هەر دوو باسکە بە هێزەکانی لە قەدی ئالاند، خوا بانوو هەوڵیدا خۆی دەرباز بکات، بەو مەبەستە چووە کلێشەی دێلە شێر و ئەژدیهاوە، بوو بە ئاو، لێ بیلیوس دەست بەرداری نەبوو، بە هەموو هێزی خۆیەوە گوشی تا هێزی لەبەر بڕا و ئەوسا ناچار بوو، ببێ بە ژنی.

ئیدی خوا بانوو ئاهەنگ و سفرە وخوانێکی یەجگار بە شکۆی لە شکەفتە مەزنەکەدا، لە مەڵبەندی " خیرون " ی حەکیمدا بەرپا کرد. هەموو خوا بانووەکان لە ئاهەنگەکەدا بەشدارییان کرد، ئیدی دەنگ و ئاوازی ساز و ئاوازی گیتارەکەی ئەپولون بەرز بووەوە و خوا بانووانی مەزن و شکۆدارێن هونەر، لە سەر داوای کوڕی بیلیوس و ڤیتیدا، بە دەم ئاوازی گیتارەکەی ئەپولونەوە کەوتنە سترین و گۆرانی چڕین، خوا بانووانی سەربڵند دەستیان گرت و لە ئەڵقەیەکی بەرینا کەوتنە هەڵپەڕکێ و گۆڤەندان، ئیدی یەک لە یەک جوانتر و شۆختر بوون، لێ خوا بانوو ئەفرۆدیتا لە هەر هەموویان گەنجتر و شەنگوڵتر بوو، جوانییەکی ئەفسووناوی هەبوو، لە ڕادەبەدەر جوان بوو. هورمزی، پەیکی لەزگینی خوا بانۆش بەشداری ئاهەنگ و کەرنەڤاڵەکەی کرد، هەروەها " ئاریس " ی خواوەندی تووڕەی جەنگیش بەشداری کرد، کەیف و خۆشی و ئاهەنگ و کەرنەڤاڵەکە، جەنگە خوێنینەکانی لە بیر بردەوە. ئەوسا خوا بانووان دیاری و سەوقاتیەگرانبەهاکانیان بە هەر دوو بووک و زاوا پێشکەش کرد و خیرون، نێزەکەی خۆی، کە لە دار بەڕوو دروست کرابوو و لە قایمیدا هاوتای ئاسنی دەکردەوە، پێشکەش بە بیلیوس کرد و پوسیدونی خواوەندیش جووتێک ئەسپی پێشکەشکرد. خواوەندەکانی دیکەش، کۆمەڵێک چەکی ئەفسووناوی زۆر جوانیان پێشکەش کرد.

ئیدی خۆشی و شادی باڵی بە سەر هەمواند کێشا تەنیا ئیریدای خوا بانووی شەڕ نەبێ کە بۆ ئاهەنگ و کەرنەڤاڵەکە دەعوەت نەکرابوو، ئیدی بۆ خۆی بە تاقی تەنیا بە دەوری ئەشکەفتەکەی خیروندا دەسووڕایەوە و دڵی کڵپەی ڕق و بوغزی لێ هەڵدەستا.

ئیدی ئەنجام بیرێکی بۆ هات کە تۆڵە لە دەعوەتکراوەکان بکاتەوە، سێوێک لە سێوە زێڕینەکانی هیسبردی برد و ئەم دەستەواژەیەی لە سەر نووسی: " بۆ جوانترین " ئەوسا بە کاوەخۆ، بێئەوەی چ کەسێک پێی بحەسێت لە خوانەکە نزیک بووەوە و سێوەکەی خستە سەر خوان و سفرەکە. دەعوەت کراوەکان سێوەکەیان بە دی کرد،

هەڵیانگرت و نووسینەکەی سەریان خوێندەوە. بەڵام لە نێو ئامادەبوواندا کێهە جوانترین بوو؟ خێرا دوو بەرەکی و ناکۆکی کەوتە نێوان هەر سێ خوا بانووەوە: هیرای ژنی زیوس، ئەتینای خوا بانووی جەنگ، و ئەفرودیتای خوا بانووی ڤیان. هەر یەکێک لەم سێیانە دەیویست سێوەکە بۆ ئەو بێت و قایل نەدەبوو بۆ ئەویتر دەستبەرداری بێت.

ئیدی پێکڤە بۆ لای زیوس، خوای خودایان چوون و داوایان لێکرد ئەم شەڕە یەکلایی بکاتەوە و قەراری یەکجارەکی بدات. هەڵبەتە بۆ زیوس زەحمەت بوو، قەراری خۆی لە سەر ئەم مەسەلەیە بدات. سێوەکەی هەڵگرت و دای بە هرمز و ئەمری پێکرد، کە خوا بانووەکان لە گەڵ خۆیدا بۆ گوندەوارەکانی ترواده ببات کە لەوێندەر پاریسی کوڕی پریام لەوێ لە قەد پاڵە و بناریچیای هەڵەمووتی ئیدادا پەزەکانی دەلەوەڕێنێ و داوای لێباکت کە قەرار بدات کێ لەم خوا بانووانە جوانترینە. بەو جۆرە ئاهەنگ و کەرنەڤاڵەکە بوو بە جەنگ و دژمنایەتیەکی دژواری ئەوتۆ کە کارەساتێکی زۆری بە سەر تیرەی بەشەردا هێنا.

## ٣- داوەری پاریس

کاروانی خوا بانووان بەرەو بناری ئیدا، کە پاریسی قۆز و جوان لەوێندەر پەزەکانی دەلەوەڕاند، کەوتەڕێ. هیکوبای دایکی بەر لە لەدایکبوونی پاریس خەونێکی ترسناکی بینی بوو، ئیدی بە گوێرەی ئەو خەونە لە ترواده دوور خرابووەوە. ئەم ژنە لە خەونەکەیا دەبینێ ئاگرێکی سامناک لە شارەکەی بەر دەبێت، لە خەو ڕادەپەڕێ و خەونەکەی بۆ مێردەکەی دەگێڕێتەوە، مێردەکەی نجومگەرباشی بانگ دەکات بۆ ئەوەی مانا و ئاقیبەتی خەونەکەی بۆ لێک بداتەوە. یارۆی نجومگەر گوتی هیکوبا منداڵێکی دەبێ، دەبێتە سەبەبکار و مایەی وێرانبوونی شارەکەی. بۆیە چاوەڕوانیان کرد تا منداڵەکە لە دایک بوو، هەنگێ دایانە دەست شوانێک بە نێو ئەگیلای و ئەمریان پێکرد کە بۆ بناری چیای ئیدای دووره دەستی بەرێت و لەوێندەر فڕێی بداتە قووڵایی چڕە لێرەوارە تاریکەکەوە. لێ نۆزاکە ئەجەلی نایەت و ورچێکی مێچەکە دەیدۆزێتەوە و لە سەری دەبانێتەوە و شیری دەداتێ، دوای ساڵێک ئەگیلای دەیدۆزێتەوە، لەگەڵ خۆیدا دەیباتەوە و وەکو یەکێک لە منداڵەکانی خۆی بە خودانی دەکات و نێوی دەنێت پاریس. بەوجۆرە ئەو منداڵە لە نێو شوانکاراندا پەروەردە و

گەورە دەبێت و جوانخاسێکی لێ دەردەچێت کە لە جوانی و بوێری و ئازایەتی و بەجەرگیدا، بۆری هەموو هاوتاکانی خۆی دەداتەوە. پەز و شوانەکانی لە هێرش و پەلاماری دڕندە و چەتە وڕێگران دەپاراست. ئیدی بە ئازایەتی و بەهێزی ناوبانگ و شۆرەتی دەرکرد، بۆیە نازناوی ئەلکساندەریان ( واتە پیاوبەزێن و پاڵەوان ) لێنا. ئیدی ژیان و ڕۆژگاری بە ئاسوودەیی و دڵنیایی دەبووری و کوڕەش بە قسمەتی خۆی شاد و ڕازی بوو.

لەو قۆناغەی ژیانی پاریس دا، خوا بانووان هاوڕێ دەگەڵ هرمزدا پەیدا دەبن، کوڕەی گەنج کە دەیان بینێ دەترسێت و لێدەبڕێ هەڵێت، لێ هورمز ڕایدەگرێت و بە زمانێکی شیرین و نەرم و ناسک لە گەڵی داخفێ و ئەمانەتەکەی زیوسی دەداتێ و دەڵێت:

- پاریس، فەرموو ئەم سێوە بگرە! سێ خوا بانووی هەرە مەزن لە بەردەم تۆدا وەستاون، بزانە  بە مەزەندەی تۆ کامیان جوانترینن، سێوەکەی بدەیە. ئیدی ئەمە ویست و مەشیەتی زیوسە، کە تۆ ئەم داوەریە بکەیتو ئەم هەڤڕکییە یەکلایی بکەیتەوە.

ئەم گەنجە تیا مابوو، حایر و حەپەساو تەمەشای خوا بانووەکانی دەکرد، نەیدەزانی چ بکات، هەریەکێک لە خواوەندەکان هەوڵیدەدا بەلای خۆیدا ڕایکێشێت و سێوەکە بدات بەو، هیرا بەڵێنی دایە ئەگەر سێوەکە بدات بەو، هەر هەموو ئاسیا بخاتە ژێر ڕکێف و دەسەڵاتی ئەوەوە. ئەسینا بەڵێنی دایە شکۆی سەرکەوتنانی پێ ببەخشێت و لە هەر جەنگێکدا سەرکەوتوو بێت، لێ ئەفرودیتا بەڵێنی دایە کە بە ویساڵی جوانترین جوانانی نێو ئافرەتانی فانی –بە هیلینی، کیژی زیوس و لیدای بگەیەنێت. ئیدی بەمە کوڕەی دڵنیا کرد و بێ هیچ دوو دڵییەک سێوەکەی پێشکەش بەو کرد، بەوجۆرە تاجی شاجوانی لە نێو خوا بانووەکاندا، بە خوا بانووی ڤیان بەخشی و بوو بە دۆست و بناژووی پەسند و هەڵبژاردەی خوا بانوو و لە هەموو مەیدان و شەڕێکدا پشتیوانی لێدەکرد. لێ هیرا و ئەسینا ڕق و کینەیان لێ هەڵگرت و ئەم ڕق و کینەیە بۆ تروادە و دانیشتووانی ترواەدەش تەشەنەی کرد، لێبڕان شارەکە وێران بکەن و لە بن و بساتەوە نەیهێڵن و مەحوی بکەنەوە.

## ٤- پاریس بۆ تروادە دەگەڕێتەوە

پاریس، دوای دیداری دەگەڵ خوا بانووەکاندا، زۆر لە ئیدا نەمایەوە. پاش ئەوەی پریام گەییە ئەو قەناعەتەی کە ژنەکەی ناتوانێ منداڵەکەی لەبیر بکات و بەردەوام دەگری و ڕوندکی بۆ دەڕێژێ، ئیدی لێبڕا فیستیڤاڵی گەورە و پێشبڕکێیان بە یادی ئەو منداڵەوە ساز و بەرپا بکات کە پێی وابوو نەماوە، ڕایگەیاند کە خەڵاتی ئەو کەسەی لەو پێشبڕکێیانەدا سەر دەکەوێت باشترین گاجووتی ناو گایەلەکەی پاشا دەبێت. ئیدی بە ڕێکەوت ئەو گایە، یەکێک لە گایەکانی ناو ئەو گایەلە دەبێ، کە پاریس بە خودان و سەرپەرشتی دەکرد، پاریس ئەو گایەی زۆر خۆشدەویست، بە دابڕانی ئەو گایە لە گایەلەکەی، زۆر خەمبار بوو، بەڵام بە ناچاری بە خۆی ئەو گایەی بەرەو ترواده وەپێش دا، لەوێندەر کە چاوی بە پێشبڕکێی پاڵەوانەکان کەوت کەڵکەڵەی هەڤڕکی و سەرکەوتنی کەوتە سەر، بەشداری گەمەکانی کرد، ئیدی بوو بە یەکەمی هەموو هەڤڕکەکان، کە یەکێکیان قارەمانی دلێر و بە هێز هیکتۆری کوڕی پریام بوو.

ئیدی کوڕانی پریام ئەم شکستەیان لە هەنبەر شوانە وێڵەیەک پێ ناخۆش بوو، تووڕە بوون، "دییتوپ" ی کوڕی پریام، دەستی دایە شمشێر و بە قەستی کوشت پەلاماری کوڕەی دا، ئیدی پاریس بە هەشتاو خۆی گەیاندە میحرابی زیوس و داڵدەی خواست. لەوێ کاساندرای خیفزان ( فاڵچی، تالع بین ) کچی پریام بینی و ناسییەوە. مەگەر خوا بزانێ داک و بابی، واتە پریام و هیکوبا چەند بە دۆزینەوەی کوڕە ون بووەکەیان خۆشحاڵ بوون. بە دەم ئاهەنگ و کەرنەڤاڵی خۆشەوە بەرەو کۆشکیان برد، ئیدی هەموو ئەو قسانەی کاساندرا، کە داک و بابی ئاگادار دەکردەوە و بیری دەخستنەوە کە قەدەر بە هۆی ئەم کوڕەوە چ کارەساتێکی بۆ پەنهان کردوون، چۆن شارەکەیان لە سۆنگەی ئەم کوڕەوە تەخت و وێران دەبێت، بە باچوو، کەس گوێی لە کاساندرا نەگرت، کاتی خۆی ئەپولون کارێکی وەهای کردبوو کە چ کەسێک باوەڕ بە پێشبینییەکانی نەکات، هەر چەندە هەرچیەکی بە دەما بهاتبایە ڕویدەدا و ڕاست دەردەچوو.

## ٥- پاریس، هیلین دەڕفێنێ

ماوەیەکی زۆر بە سەر گەڕانەوەی پاریس دا بۆ ماڵە بابی بووری، وا دیار بوو ئەو گۆڕانەی کە بە سەر ژیانیا هاتبوو، بەڵێنی ئەو دیارییەی بیر بردبووەوە کە ئەفرودیتا لە بری سێوە زێڕینەکە پێی دابوو. ئێستا بوو بوو بە میر، شوانەوێڵەیەکی فرامۆش

کراو نەبوو، کە چی ئەفرودیتا بە خۆی هات و هیلینی نازداری بیر ئاشنا و دۆستەکەی خستەوە. ئیدی هەموو یارمەتییەکی دا تا کەشتیەکی جوان دروست بکات و بەرەو سپارتەی نشیمەنی هیلینی شاجوان بڕوات. ئیدی ئاگادار کردنەوەکانی خیفزان " گیلین " ی کوڕی پریام، کە دەیویست لەو سەفەرە ژێوانی بکاتەوە دادی نەدا و ساردی نەکردەوە، پاریس سواری کەشتیەکە بوو، بە ناو دەریای قووڵ و بێ سنوور کەوت. کاساندرا، کە بینی کەشتیە خێراکەی براکەی بە هەشتاو لە کەنارەکانی نیشتمان دوور دەکەوێتەوە دڵی گوشرا، خەم دایگرت، هەر دوو دەستی بۆ ئاسمان بەرز کردەوە و هاواریکرد:

- واوەیلا، واوەیلا بۆ ترۆادەی شکۆدار و بۆ هەموومان! من لە بەرچاومەکە چۆن ئیلیونی پیرۆز دەبێ بە خوراکی ئاگر، لە بەر چاومەکە کوڕان ورۆڵەکانیئیلیون لە خوێنی خۆدا دەگەوزن! لە بەر چاومە کە چۆن بێگانان ژنانی ترۆادە و کچەکانیان بە دیلی و یەخسیری و کۆیلەیەتی دەدەنە پێش!

ئیدی ئەوە هاواری کاساندرا بوو، بەڵام کەس باوەڕی پێنەدەکرد و کەس هەوڵینەدا پاریس لە قەرار و بڕیارەکەی خۆی ژێوان بکاتەوە.

لێ پاریس، بەرەبەرە لە وڵاتی خۆی دوور دەکەوتەوە. گەرداو و باهۆزێکی شێت لە ناو جەرگەی دەریادا هەڵیکرد، لێ گەرداوەکەش ورەی پێ بەرنەدا و ژێوانی نەکردەوە، بە ڕێگەی خۆیدا ڕۆیی، خاکی فیتای بە پیت و خاکی سالامین و میکینای مەڵبەندی ئەو خەڵکانەی کە دەبوون بە دژمن و نەیاری ئایندەی، بڕی. ئەنجام گەییە کەنارەکانی لاکونیا، لە کەنداوی ئیڤروت دا لەنگەری خست و دەگەڵ ئینیوسی هاوڕێیدا دابەزین و پێکڤە وەکو دوو میوانی بێ کینە و هیچ بەدنیازییەک چوون بۆ دیوانی مینیلاوس پاشا. مینیلاوس، زۆر بە گەرمی پێشوازی لە پاریس و هاوڕێکەی کرد، سفرە و خوانێکی بە شکۆ و شاهانەی بۆ میوانەکانی ڕازاندەوە. لە ماوەی ئەو سفرە و خوانەدا پاریس بۆ یەکەمجار چاوی بە هیلین کەوت، بە دڵێ نا بە سەد دڵ حەیرانی جوانییە خواییەکەی بوو، لە ڕادەبەدەر دڵبەندی بوو.

" هیلین " ش ئەسیر و بەندی قۆزی و جوانی میوانەکەی بوو، لە بەر چاویا، بە سیمای جوان و جلە زۆر جوانە ڕۆژهەڵاتیەکانیەوە، یەجگار قۆز دیار بوو. دوای چەند ڕۆژێک مینیلاوس ناچار بوو سەفەری کریت بکات، بۆیە داوای لە ژنەکەی کرد کە ئاگای لە

میوانەکان بێت و بێ خزمەتیان نەکات، هەرگیز ئەوەی بەبیردا نەهات کە ئەم جووتە میوانە چ ڕیسواییەکی بە سەردا دێنن.

هەرکە منیلاوس لە ماڵ وەدەرکەوت، پاریس بڕیاری دا کە ئەم هەلە لە دەست نەدات، ئیدی ئەو وشە ناسکە هەنگوینی و شیرینانەی کە ئەفرودیتا دەی خستنە سەر زاری پاریس، کردیانە کارێک کە هیلین قایبل بێ ماڵی مێردەکەی بە جێ بێڵێ و دەگەڵ ویدا بڕەڤێ و بۆ ترواده هەڵێت. بەوجۆرە بە دزییەوە بۆ کەشتیەکەی خۆی برد و سەروەت و سامان و زێڕ و زیوێکی یەجگار زۆری مینیلاوسی بە تالان برد. لێ هیلین بە ڕادەیەک ئاشقی بووبوو، ئاگای لە مێردەکەی، لە سپارتەی نیشتمانی و تەنانەت لە " هرمیون " ی کیژیشی نەمابوو.

کەشتیەکەی پاریس بە بارە گرانبەهاکەیەوە، کەنداوی ئیڤروتی بەجێهێشت. بە هەشتاو دەریای بەرەو ترواده دەبڕی و بزەی شادی بە ڕوخساری پاریسەوە سەمای دەکرد، ئەی ماناى چی، هیلینی دەست کەوتبوو، جوانترین جوانانی ئافرەتی فانی دەست کەوتبوو. لە ناکاوا، لە کاتێکا کەشیەکە بەرەو ناو جەرگەی دەریای بێ سنوور دەڕۆیی، نیریوس، خواوەندی دەریا، لە توێی شەپۆلانەوە وەدەرکەوت، کەشتییەکەی ڕاگرت تا پاریس لە ئاکامی خۆی و وێرانبوونی یەکجارەکی شارەکەی ئاگادار بکاتەوە. پاریس و هیلین زۆر خەمبار بوون. لێ ئەفرودیتا بلەز خۆی گەیاندنێ و دڵی جووتە ئاشقی دایەوە و ئەو پێشبێنییە ترسناکەی لە بیر بردنەوە. ئیدی کەشتیەکە سێ دانە ڕۆژی ڕەبەق بە نێو دەریادا و بە پاسەوانی ئەفرودیتا و بای لە بارەوە، بە دەم شەکانەوەی بایەوانی سوورەوە، ڕێگای بڕی تا ئەنجام بە سەلامەتی گەییە کەنارەکانی ترواده.

٦- مینیلاوس، خۆی بۆ جەنگ ئامادە دەکات

هەرکە هیلینی نازدار، کۆشکی مێردەکەی دەگەڵ پاریسی خیانەتکارا بە جێهێشت، خوا بانوان " ئیریس " پەیکی خۆیان بۆ کریت، بۆ لای مینیلاوس ڤڕێ کرد، ئیریس لە چیای ئولەمپەوە، لە شەقەی باڵی دا و بە دەم لێکدانی باڵە ڕەخشانەکانیەوە، لە چاو تروکانێکا گەییە لای پاشای خاپێنراو تا لەو بەڵایەی ئاگادار بکاتەوە کە لە ماڵەکەیدا ڕوویدابوو. پاشا، بار و بنەی گەڕانەوەی تێک نا و پاش ماوەیەک گەییەوە

سپارتە، کە خیانەتی ژنەکەی و لە دەست چوونی گەنجینە گرانبەهاکانی بۆ دەرکەوت زۆر تووڕە بوو. بە هەشتاو بۆ لای ئاگامەمنوونی برای چوو و باسی میوانە خیانەتکارەکەی و چۆنیەتی تۆڵە ئەستاندنەوەی لەگەڵیا کرد. ئاگامەمنوون، بەهاوخەمییەکی گیانییەوە پێشوازی براکەی کرد و ئامۆژگاری کرد کە یەکسەر ئەو قارەمان و پاڵەوانانە کۆ بکاتەوە کە ڕۆژێک لە ڕۆژان سوێندیان بۆ خواردبوو، بە گوێرەی توانا لە ڕۆژی تەنگانە و لێقەومانا یارمەتی بدەن و فریای بکەون، هەموو ئەو قارەمانانە بە خۆیان و سوپا و لەشکرە زۆر و زەبەنەکانیانەوە بۆ شەڕی ترووادە ئامادە بکات. مینیلاوس بە گوێی براکەی کرد و بە دووقۆڵی چوون بۆ بیلوس بۆ دیداری نەستووری حەکیم و بەردەبار کە چووبووە تەمەنەوە.

پیر نەستوور، یەکێک بوو لە ئەقڵمەند و بەردەبارە هەرە مەزنەکانی یونان، لە ژیانی خۆیا ڕووبەڕووی زۆر پاڵەوانی دلێر بووبووەوە و بەخۆی بەشداری لە زۆر شەڕ و نەبەردی سەربەرزانە کردبوو و ئەزموونێکی فرەی لە شەڕ و هونەرە جەنگییەکاندا هەبوو و سێ نەسڵی جەنگاوەرانی لە زەبری بەڕێ کردبوو.

نەستوور، بە گەرمی پێشوازی لە مینیلاوس و ئاگامەمنوون کرد، ڕقێکی زۆری دەربارەی پاریس دەربڕی، تەنانەت لێبڕا کە بە خۆی بەشداری هێرشی سەر ترووادە بکات و هەر دوو کوڕەکەی خۆی، فرازیمید و ئانتیلوخ لە گەڵ خۆیدا بەرێتە شەڕ، هەروەها قاییل بوو لە گەڵ جووتە برا – مینیلاوس و ئاگا مەمنوون – بە سەر دیار و دەڤەرەکانی یونانداا بگەڕێ تا پاڵەوانان هانبدات بەشداری لە هێرشی سەر تراودە بکەن.

ژمارەیەک پاڵەوانی زۆر بەدەم بانگەوازەکەوە هاتن، پابەندی ئەو سوێندە بوون کە کاتی خۆی خورادبوویان و هەندێکیان خۆیان دزییەوە، ئەوانەی کە قاییل بوون بەشداری هێرشەکە بکەن بریتی بوون لە: دیومید پاشای ئارگوس، کوڕی تیدیوسی مەزن، کە لە هێز و تواناادا هاوتای " ئاریس " ی خواوەند بوو. یەکێکی دی بالامیدی، کوڕە بەردەبارەکەی پاشای ئیڤبیا بوو، هەروەها ئیدومینیوسی نەوەی سەربەرزی مینوسی پاشای کریت بوو، هەروەها " فیلوکتیت " ی هاوڕێی هەرقل، ئەو کەسە بوو کە هەرقل بەر لە مردنی تیرەکانی خۆی دابووێی، خیفزان پێشبینی ئەوەی کردبوو کە ترووادە بە بێ ئەو تیرانە فەتح ناکرێ و نایەتە گرتن. هەروەها هەر دوو " ئایاکس " ش بەشداری هێرشەکەیان کرد، ئایاکسی پاشای سەلامین، کوڕی سەربڵندی تیلاموون،

هاوڕێی هەرقل- کە هیچ پاڵەوانێک لە پاڵەوانەکان لە ڕووی هێز و تواناوە هاوتای نەدەکردەوە. هەروەها ئایاکسی کوڕی پاڵەوان ئویلیوسی خەڵکی لوکریدا ( لوکریدا: دەڤەرێکە لە یونانی ناوەڕاستا دەکەوێتە نێوان بیوتیا و ئیتولیا ) . هەروەها ژمارەیەکی زۆر لە پاڵەوانان بەشدارییان کرد. هەڵبەتە هیچ چارێک نەبوو و دەبوایە ئودیسیوس کوڕی لایرت، پاشای ئیتاکا بۆ بەشداری ئەو هێرش و شەڕەدا بانگ بکرێت. لێ ئودیسیوس حەزی نەدەکرد ئیتاکا بە جێ بێلێت. چونکە تازە زەماوەندی دەگەڵ پنلوپی شۆخە ژنا کردبوو، " تیلماخ "ی کوڕە نۆبەرەی تازە لە دایک بووبوو. ئیدی چۆن دەستبەرداری ژیانی ئاسوودە و خۆشی خۆی ببێت و ژنە خۆشەویست و منداڵە ئازیزەکەیبە جێ بێلێ و ئەو سەفەرە دوور و درێژە بکات کە لەوەیە نەتوانێ جارێکی دی بگەڕێتەوە. جا وەختایەک زانی کە قارەمانان: مینیلاوس و ئاگامەمنوون، نەستوور و بالامید بەڕێوەن بۆ لای ئەو کەوتە فڕوفێڵ، خۆی لە شێتی دا، کەوتە داچاندنی نمەک لە کێڵگەکەیدا، کەرێک و گایەکی لە هەوجاڕەکەی بەستبوو و کێڵگەکەی پێ دەکێڵا. بالامید یەکەم کەس بوو کە پەی بەم فێڵە برد، " تیلیماخ " ی شیرەخۆرەی بە قوماتەکەوە هەڵگرت و لە نێو خەتە جووتەکەی بەر هەوجاڕەکەی بابی دانا، ئودیسیوس ناچار بوو بوەستێت، هەرچەند حەزی نەدەکرد بچێتە ئەو شەڕە، بەڵام مانی منداڵە چکۆلەکەی پێ زەروریتر بوو. بەوجۆرە بالامید، شێتییەتەکەی ئودیسیوسی کەشف کرد و ئیدی چار نەما دەبوو ئیتاکا بە جێ بهێڵێ و دوعاخوازی لە ژنەکەی و منداڵەکەی بکات و بۆ ساڵانێکی دوور و درێژ لە ژێر حەسارەکانی ترواددەدا بمێنێتەوە، بەڵام لە ژێرەوە ڕقێکی زۆری لا بالامید هەڵگرت و لێبڕا تۆڵەی لێبکاتەوە، چونکە ناچاری کرد بەشدای لەو هێرش و شەڕەدا بکات.

## ٧- ئەخیل

دەبوا پاڵەوانەکان، پاڵەوانێکی دیکەش لەم هێرش و پەلامارەدا بەگەڵ خۆ بخەن کە ئەویش ئەخیلی خۆرت ( گەنج ) بوو، ئەخیل کوڕی بیلیوس پاشا و خوابانوو فیتیدا بوو، کالخاسی خیفزان پێشبێنی ئەوەی بۆ ئەتدرییەکان کردبوو، تا ئەخیل لەو شەڕەدا بەشداری نەکات، ترواددەیان بۆ ناگیرێت.

ئیدی قەدەر لە سورەت و کتێبەکانیا، زۆر کاری گەورە و زندووی لە چارەی ئەخیل نووسانبوو، ئیدی لە چارەی نووسرابوو کە مەزنترین پاڵەوانی نێو ئەو پاڵەوانانەبێ کە لە دەوروبەری شورەکانی ترواده دەجەنگین و زۆر شانازی جەنگی بە دەست بێنێ، بەڵام بە زیندوویەتی لەو شەڕە نەگەڕێتەوە و لە گەرمەی هێرش و پەلاماری خۆیدا، بە تیرێک بکوژرێ.

ڤیتیدا، دەیزانی خواوەندان چ ئاکامێکیان لە چارەی کوڕەکەی نووسیوە، هەوڵیدەدا بە هەموو هێز و توانا و فەند و فێڵێکی خۆی چارەنووس و قەدەری کوڕەکەی خۆی بگۆڕێت، وەختایەک شیرەخۆرە بوو، ئازای بەدەنی بە ئەمفروزیا چەور دەکرد و دەیخستە ئاگرەوە بۆ ئەوەی نەمری بکات و مەرگ نەتوانێ زەفەری پێ بەرێت و بە جاویدانی بمێنێتەوە. بەڵام " بیلیوس " ی مێردی شەوێک لە ناکاوا لە خەو ڕاپەڕی، بینی ژنەکەی منداڵەکەی خستووەتە ئاگرەوە، کە کوڕەکەی لە نێو کەڵە پشکۆیاندا بینی زۆر ترسا، هەڵیکێشایە شمشیر و هێرشی بۆ سەر ڤیتیدا برد، خوا بانوو ترسا و هەڵهات و خۆی بە قووڵایی گێژەنگ و شەپۆل و پێلی دەریادا کرد و لە کۆشکەکەی " نیریوس" ی بابیا خۆی شاردەوە. بەڵام سەبارەت بە ئەخیل، بابی بە " خیرون "کەنتوری سپارد تا سەرپەرشتی و پەروەردەی بکات. خیرون مێشکی ورچ و جگەری شێری دەدایە تا بووە پاڵەوانێکی خورتی بێ چەند و چوون و بێ هەڤرک، لە تەمەنی شەشساڵێدا بە گژ شێر و بەرازێن دڕندەدا دەچوو و بە عاردیدا دەدان. بە بێ یارمەتی تاژی بە پێی بزنە کێویاندا دەگەیی، زۆر گورج و گۆڵ و سووکەڵە و لە ڕاکردنا فرە قۆچاغ بوو. جگە لەمانە خیرون، فێری ستران و گیتارژەنی و ئاوازی خۆشی کردبوو. خوابانوو ڤیتیدا، کوڕە ئازیزەکەی ژ بیر نەکرد. بەردەوام و لە هەموو بۆنەیەکا لە تۆیی شەپۆل و پێلانەوە وەدەردەکەوت تا کوڕەکەی ببینێ و بایەخی پێبدات.

کاتێ ئەخیل گەورە بوو، گەییە تەمەنی خورتی، هەواڵی ئامادەکاری بۆ شەڕی ترواده لە سەرانسەری یوناندا بڵاو بووەوە، جا چونکە ڤیتیدا، ئاگای لە چارەنووسی کوڕەکەی هەبوو و دەیزانی خواوەندان چ ئاکامێکیان بۆ بڕیوەتەوە،چوو لە دورگەی سکیروس ( دورگەیەکە لە دەریای ئیجە، دەکەوێتە باکووری ڕۆژهەڵاتی دورگەی ئیفبیا ) لە کۆشکەکەی شا لیکومیدا شاردییەوە، ئەخیل لەوێندەر لە ناو کیژەکانی پادشادا دەژیا و جلکی ژنانی لەبەر دەکرد. بەوجۆرە کوڕەکەی لە هەموو خەڵکی ڤەشێرت. کەچی"

کالخاس "ی خیفزان ئەو پەناگە و داڵدەیەی بۆ مینیلاوس کەشف کرد، ئیدی ئودیسیوس فێڵێکی زۆرجوانی بۆ کەشفکردنی کەسیەتی ئەخیل دۆزیوە، لە گەڵ هاوڕێکەیدا لە شێوەی دوو چەرچی و دێوەرەدا خۆیان بە دورگەی ناڤبریدا کرد و بەو شێوەیە خۆیان بە کۆشکەکەی لیکومیدا کرد و هەر کاڵایەکیان پێ بوو هەڵیان رشتە بەردەم دۆتمیرەکان، کاڵاکان قوماش و پارچەی جوان، گەردانەی زیڕ و بازن و مووچەوانە، گوارە، چەرچەفێن گوڵدۆزی کراو بە داوی زێڕی تیابوو، لە گەڵ هەموو ئەمانەشا، شمشێرێک و کێلانەکەی و کڵاوخود و تیروکەوان و مەتاڵێکیش هەبوو. کیژەکان کەوتنە هەڵگیر و داگیری کاڵا زێڕین و پارچە نایابەکان، بەڵام ئەخیل کە گوایە خۆی شاردبووەوە، چاوی لە چەکەکان نەدەگواستەوە. لە ناکاوا دەنگی شەڕێک لە دەرێی کۆشکەکە بەرز بووەوە، دەنگی کەڕەنا و ڕینگ و هۆڕی چەک بەرز بووەوە. ئەوانە هاوڕێیانی دیومید و ئودیسیوس بوون، بە ئانقەست لە مەتاڵەکانیان دابوو، تا لە دەنگی شەڕ بچێت. دوتمیرەکان، ترسان و بلاوەیان لێکرد، لێ ئەخیل، پڕی دایە شیر و مەتاڵەکە و دەرپەڕی تا ڕووبەڕووی دژمن ببێتەوە، چونکە وای زانی هێرش بۆ سەر کۆشکی پاشا کراوە. بەم شێوەیە ئودیسیوس و دیومید ئەخیلیان ناسی کە بەوپەڕی شادی و خوشحاڵییەوە قاییل بوو کە بەشداری هێرشەکەی سەر ترواده بکات. ئیدی لە گەڵ پاتروکلی هاوڕێی گیانی بە گیانی و لە گەڵ پیرەمێری دانا و بلیمەتی بەردەبار فینیکس ڕۆیی تا پەیوەندی بە قارەمانەکانەوە بکات. بەڵام بیلیوس، ئەو مەتاڵ و چەکانەی کە خوا بانووانبە بۆنەی زەماوەندی دەگەڵ ڤیتیدا، پێشکەشیان کردبوو، دان بە کوڕەکەی. هەروەها نێزەکەی خیرون و هەر دوو ئەسپەکەی " پوسیدون " شی دایێ.

## ٨- ترواده

ئەو شارە مەزن و شکۆدارە، ئەو شارەی شوورە و حەساری قایم دەوری داوە، ئەو شارەی پاڵەوانانی یونان خڕ بوونەتەوە تا بەسەریا بدەن و لەنێوی بەرن. ئەم شارە لە لایەن پاڵەوان " ئیل "ی نەوەی داردان ی کوڕی زیوس و ئیلکترای ژنیەوە کە بە بلیادە ناسراوە، دروستکراوە ( بلیادە – ئەمانە خوا بانوون کە ناویان لە کۆ ئەستێرەیەک نراوە ) ئەم داردانە دەچێتە ئەرکادیا، لای تیڤکر پاشا. تیڤکر پاشا کیژەکەی خۆی دەداتێ و بەشێک لە زەوییەکانی خۆی وەکو جیازی کیژەکەی دەداتێ،

ئیدی شاری داردانیا لەو شوێنەدا دروست دەکرێت. تروس نەوەی داردان بوو و ئیل کوڕی تروس بوو. جارێک لە فریجیا، لە پێشبڕکێی قارەماناندا بەشداری دەکات ، ئیدی لە نێو هەموو هەڤڕکەکاندا یەکەم دەبێت، لە سۆنگەی ئەوەوە پەنجا کیژی گەنجو پەنجا کوڕی لاوی دەدەنێ، پاشای فریجیاش مانگایەکی زەردی ڕەسەنی دەداتێ و تێی دەگەیەنێ کە دووی چێڵەکە بکەوێت و لە هەر شوێنێک وەستا، لەو شوێنەدا شارێک دروستبکات، ئیدی خیفزانەکان پێشبێنی سەربەرزی و شکۆیەکی گەورە بۆ ئەم شارە دەکەن. ئیل بە ڕاوێژی پاشایفریجیادەکات، شوێنی چێلەکە دەکەوێتا لە سەر تەپەی خوا بانوو ئاتی دەوەستێ، ئیدی ئیل شارەکەی لەو شوێنەدا دروست دەکات، دوای ئەوە هەردوو دەستی بۆ ئاسمان بەرز کردەوە، لە زیوس پاڕایەوە کە ئاماژەیەکی بۆ بنێرێ تا دڵنیابێت کە خواوەندان بەو کارەی ئەو قاییل بوون. کە سبەی بەیانی لە خێوەتەکەی دەرچوو وێنەیەکی ئەسینا پالادای لە هەنبەر خۆیا بینی کە لە سەر پارچە تەختەیەک نەخشێنرابوو، ئەوە ئەو بالادیومە بوو کە پاراستنی شارەکەی پێ سپێردرابوو. لە سەردەمی ئیل دا، جگە لەو بەشەی لە سەر تەپەکە ڕۆنرابوو، ئیدی شورە و حەسار بەدەور شارەکەدا نەکێشرابوو، ئەو بەشەی لە بناری تەپەکە ڕۆنرابوو بێ حەوشە و حەسار بوو، شار بە دەرەوە و بە بەر چاوانەوە بوو، ئەوە بوو هەر دوو خواوەندان پوسیدون و ئەپولون، لەو ماوەیەدا کە دەبوا لە خزمەتی لاومیدونتی پاشای تروادە و کوڕی ئیل دا بوون، حەسارەکەیان بۆ دروست کرد، بەوجۆرە هەر دوو خواوەند، شوورە و حەسارێکی قایمیان بە دەوری شارا کێشا، ئەم حەسارە یەجگار قایم بوو، هێز نەبوو بتوانێ بیبڕێ تەنیا لە یەک خاڵەوە نەبێ ئەویش ئەو بەشە بوو کە " ئیاک " ی پاڵەوان لە کاتی یارمەتیدانی جووتە خواوەندی ناڤبریدا ڕۆی نابوو.

کاتێ کە قارەمانان بە خۆ و هێزەکانیانەوە خۆیان ئامادە دەکرد هێرش بۆ سەر ترواده بەرن، شارەکە لە ژێر فەرمانڕەوایی پریامی، نەوەی ئیل دا بوو، ئەم پیاوە، دوای ئەوەی هەرقلی کوڕی زیوس خۆی بە شارا دا وگرتی، تاقە نەوە و نەتیرەی لاومیدونت بوو، کە لە ژیانا مابوو. پریام پاشایەکی زۆر دەوڵەمەند و زەنگین بوو، ئەو کۆشکەی کە لە گەڵ هیکوبای ژنیا تیای دەژیا زۆر نایاب و دەگمەن بوو، یەکپارچە نەخش و نیگاری مینیاتوور بوو. پەنجا کوڕ و کیژی هەبوو،هیکتۆر لە هەموویان پتر، بە ئازایەتی و بە خۆرتی بەنێوبانگ بوو، بۆیە سەختی و دژواریەکی زۆر چاوەڕوانی ئەو

پاڵەوانانەی دەکرد کە بە تەمای پەلاماردانی تروادیە ئازاکان بوونبەڵام شانازی سەرکەوتن و دەسکەوتی زۆر، چاوەڕوانی ئەوانەی دەکرد کە ترواده‌ییەکانیان دەشکاند و شارەکەیان دەگرت.

## ٩- قارەمانانی یونان لە میزیا

لەشکر و قارەمانان لە کەنداوی ئەڤلیدا خڕ بوونەوە، بۆ ئەوەی لەوێندەرەوە بەرەو کەنارەکانی ترواده هێرش بەرن، قۆشەنێکی گەورەی سەد هەزار کەسی لە کەنارەکەدا خڕبوونەوە و ئامادە بوو ( هەڵبەتە قۆشەنی سەد هەزار کەسی بۆ ئەو عەیام و ڕۆژگارە، زێدەڕۆیی پێوە دیارە، ئەمە بۆ ئەوەیە کە سام و مۆرک و شەقڵێکی داستانی زیاتر بە جەنگی یونانی – ترواده‌ییەوە بنرێ ) قۆشەن، سەراپا لە چەکا نقووم بوون، دەبوایە بە خۆ و چەک و چۆڵیانەوە بە سواری هەزار و سەد و هەشتاو شەش ( ١١٨٦ ) کەشتی بەرەو ترواده بڕۆن. پێش ئەوەی بەڕێبکەون سەرانی لەشکر و قارەمانانی دلاوەر لە ژێر دارچنارێکی گەورەدا، کە تەمەنی سەد ساڵ پتر بوو کۆبوونەوە و کەوتنە پێشکەشکردنی قوربانی بۆ خواوەندان، بەو ئومێدەی بە سەلامەتی بگەنە جێ، لە ناکاوا لە ژێر یەکێک لە کوشتگەکانەوە ئەژدیهایەکی ترسناک، سوور وەکو خوێن هاتە دەرەوە، جەستە ترسناکەکەی شەپۆلی دەدا، بە یارمەتی باڵە گەورەکانی بە دار چنارەکەدا سەرکەوت تا گەییە نزیکی ترۆپکی دار چنارەکە، لەوێ هێلانەیەک هەبوو چۆلەکەیەک و هەشت بێچوی تیا بوو، پیرە ئەژدیها پەلاماری دان و هەر هەموویانی خوارد، پاشان یەکسەر بوو بە بەرد. قارەمانەکان لە ژێر دارەکەدا وەستان، سەریان لەم سپرایزە سوڕما، نەیاندەزانی مەبەستی ئەم ئاماژە خواییە چۆن ڕاڤە بکەن. لێ " کالْخاس "ی خیفزان، مانای سپرایزەکەی بۆ ڕاڤە کردن و پێی گوتن گەمارۆی ترواده نۆ دانە ساڵ دەخایەنێ، ئەژدیهایەکە نۆ چۆلەکەی خواردبوو، پاشان لە ساڵی دەیەمدا، دوای جۆرەها تەنگانە و دژوارییان، شارەکە دەگرن.

یونانییەکان بەم پێشبینییە دڵیان خۆش بوو، کەشتییەکانیان ختسەگەڕ، بەناو دەریا کەوتن، زۆر دڵیان بە ئاکامی خۆشی سەرکەوتنە چاوەڕوانکراوەکەیان خۆش بوو. ئیدی کەشتیەکان یەک یەک لە کەنداوی ئەڤلیداوە بەڕێکەوتن. سەوڵەوانەکان، بە سەر

سەوڵەکانیانانەوە دانەوینەوە و کەوتنە سەوڵ لێدان، ئیدی گەلە کەشتیان بە خێرایی بەرەو کەنارە ئاسیاییەکان کەوتنە پێشڕەوی.

پاش ماوەیەکی کەم، کەشتیەکان گەیینە کەنارەکانی میزیا کە " کە تیلیف " ی قارەمان، کوڕی هەرقل فەرمانڕەوایی دەکرد. ئیدی یونانییەکان، بەو خەیاڵەی کە ئەوێ وڵاتی ترۆادەیە، هێرشیان بۆ ئەوێندەر برد، کەوتنە تاڵان و بڕۆ و پاتە خۆری، ئیدی تیلیف بە خۆ و سوپایەکی بێ شومارەوە بۆیان دەرچوو، شەڕێکی دژاوارلە نێوانیاندا بەرپا بوو.

ئەخیل و پاتروکلی هاوڕێی لە شەڕەکەدا بەشدار بوون. پاتروکل لە شەڕەکەدا بریندار بوو، بەڵام بەو حاڵەشەوە، پشتی هاوڕێکەی بەرنەدا و بێئەوەی گوێ بە زامەکەی بدات، شان بە شانی هاوڕێکەی و بە برینداری لە سەر شەڕ بەردەوام بوو.

ئەنجام، ئەخیل، دوای هەوڵ و تەقەلایەکی فرە ئەوجا توانی بە سەر تیلیف دا زاڵ بێ و کارێکی وەها بکات کە هەڵێت.

شەو داهات، تیلیف توانی لە ژێر پەردەی تاریکی شەودا خۆی بە شارەکەدا بکات، ئیدی یونانیەکان لە بەرەبەیاندا، کەوتنە کۆکردنەوەی جەندەکی کوژراوەکانی خۆیان و هەینێ بۆیان بەدیار کەوت کە ئەم شەڕەیان دەگەڵ ترۆادەیەکاندا نەبووە، بەڵکو لە گەڵ میزییەکاندا و پاشاکەیاندا بووە، واتە لە گەڵ تیلیفی کوڕی هەرقل دا بووە، زۆریان لە بەر گران دەبێت و بە پەلە دەکەونە خۆ و سوڵح و ئاشتەوایی دەگەڵ تیلیف دا دەکەن، تیلیف بەڵێنی دا لەم شەڕەدا یارمەتیان بدات، بەڵام قاییل نەبوو بۆ ترۆادە لەگەڵیاندا بڕوات، چونکە زاوای پریام بوو و نەیدەویست چەک لە ڕووی خەزووری هەڵگرێت.

یونانیەکان، جەنازەی کوژراوەکانی خۆیان ناشت و میزیایان بەرەو کەنارەکانی ترۆادە بەجێهێشت، لە ناکاوا گەرداو هەڵیکرد و دەریا خرۆشا و پێل و شەپۆلان وەکو چیا بە سەریاندا دەڕما و کەشتیەکانیانی، وەکو ئەوەی پارچە تەختەی بچووک بن، هەڵدەدا. یونانیەکان ڕێگەیان گوم کرد، ماوەیەکی زۆر لە ناو دەریادا گومڕا بوون، تا لەو کەنداوەدا خۆیان بینییەوە کە ماوەیەک لەوە پێش لێوەی بە ڕێکەوتبوون، ئیدی کەشتییەکان یەک لە دووی یەک خۆیان بە کەنداوی ئەڤلیدا دا کردەوە و، بەمجۆرە یەکەم هێرش و پەلاماربە ناکامیەکی گەورە کۆتایی هات.

## ١٠- یونانیەکان لە ئەڤلیدادا

( لە شانۆنامەی " یەڤگینیا لە ئەڤیلدا "ی یوریبغدەوە وەرگیراوە )،

( ئەڤلیدا، شارێکە لە ڕەخی کەنداوەکەی نێوان دورگەی ئیڤبیا و یونانی ناوەڕاست ) . وەختایەک کەشتیەکان سەر لە نوێ لە ئەڤلیدا کۆبوونەوە، یونانیەکان، بردیاننە کەنارەکان، ئیدی سەربازگەیەکی گەورە کۆ بووەوە، گەلێک لە سەربازەکان بۆ دیار و دەڤەری خۆ گەڕانەوە، کەس نەیدەزانی کەنگێ ڕێڕەوەکە بەرەو تروادە دەست پێدەکات. ئاگامەمنوون پاشا، کە فەرماندەی گشتی لەشکرەکان بوو یەکێک بوو لەوانەی ئەڤلیدایان بە جێهێشت. یونانیەکان لەو وەزع و حاڵەدا چیان بکردبایە؟ پێویسیان بە کەسێک بوو سەر لە نوێ بەرەو کەنارەکانی تروادە ڕێنوێنیان بکات. جگە لە تیلیف، کە ماوەیەک لەوە پێش شەڕیان لە گەڵ کردبوو، کەسی دی نەبوو ڕێنوێنیان بکات، ئەخیل لەو شەڕەدا بریندار کردبوو، ڕانی زامدار بووبوو و هیج داو دەرمانێک زامەکەی ساڕێژ نەکردبووەوە، ڕۆژبەڕۆژ حاڵی خراپتر دەبوو، کار گەییە ئەوەی ئەم قارەمانە بەرگەی ئازارەکەی نەدەگرت.

ئەنجام تیلیف پەنای بردە بەر خیفزان، حەکیمی دلفی، ئازار زەیفی لێ سەند، لەوێ لە ئەپولون پاڕایەوە ڕێگەیەکی نیشانبدات کە ئەو ئازارەی لە کۆڵ ببێتەوە و زامەکەی ساڕێژ ببێت، مجێوری پەرستگەکە وەڵامی دایەوە کە شیفای زامەکەی ئەو لای ئەخیلە، ئەو ئەخیلەی کە برینداری کردبوو. ئیدی تیلیف، جلێکی کۆن و شڕۆڵەی لەبەر کرد و لە شێوەی پارسەکێگی کلۆڵ و بێ نەوادا چوو بۆ میکینا بۆ کۆشکەکەی ئاگامەمنوون، تا داوای لێبکات کە قەناعەت بە ئەخیل بکات تا زامەکەی ساڕێژ بکات. ئیدی کلیتیمنسترای ژنی ئاگا مەمنوون، یەکەم کەس بوو کە بینی. تیلیف خۆی پێناساند، ئیدی ژنەی تاین داوای لێکرد چاوەڕوان بکات تا ئاگامەمنوون بۆ کۆشکەکەی دەگەڕێتەوەو هەر کە وەژوور کەوت تیلیف " ئوریست " ی کوڕی کە شیرەخۆر بوو لە بێشکەکەی بڕفێنێ و بۆ کۆشتگەکەی بەرێ و هەڕەشەی ئەوە بکات سەری بە بەردی کۆشتگەکەدا بکێشێت ئەگەر ئاگامەمنوون فریا نەکەوێ و یارمەتی نەدات تا زامەکەی ساڕێژ ببێتەوە. تیلیف بە تەگبیری ژنەی کرد. ئاگا مەمنوون ترسا ئەم کابرا بێگانەیە کوڕەکەی بکوژێت بۆیە بە داواکەی قاییل بوو، وەختایەک زانی کە تەنیا تیلیف

دەتوانێ ڕێنوێنی یونانیەکان بۆ ترواده بکات، هێندەی دی سوور بوو لە سەر ئەوەی یارمەتی بدات. ئیدی بە پەلە پەیکی بۆ لای ئەخیل ڤڕێ کرد، لێ ئەخیل سەری لەم کارە سوڕما و پرسی باشە ئەوێک کە هیچ شارەزاییەکی لە نوژداریا نییە چۆن بریندار شفا بدات، لێ " ئودیسیوس " ی بلیمەت و بەردەبار پێی گوت، مەرج نییە پزیشک و نوژدار بێ، دەتوانێ بە خاکەی ئاسنی ئەو نێزەیەی کە پێی برینداری کردووەچاکی بکاتەوە. بەوجۆرە سەری نێزەکەیان بە بڕبەند تاشی و خاکەکەیان بە زامەکەی تیلیفەوە کرد، چاک بووەوە و عەیبی نەما. تیلیف دڵی خۆش بوو. بۆیە ویستی ئەو چاکەیەی یونانیەکان بداتەوە و قابیل بوو کە ڕێنوێنی گەلە کەشتیەکەیان بۆ کەنارەکانی ترواده بکات. کە پێشتر بە هیچ جۆرێ ملی بۆ ئەم کارە نەدەدا.
بەوجۆرە دەلیل و ڕێنوێن پەیدا بوو، لێ یونانیەکان وێڕای ئەمەش نەیاندەتوانی بکەونەڕێ: با و باهۆزێکی بەترەف هەڵیکردبوو، ئەرتیمیدا ئەم گژە بایەی کردبوو بە گژ گەلە کەشتیەکەدا، لە ئاگا مەمنوون، کە مامزە پیرۆزەکەی ئەوی کوشتبوو، تووره بووبوو. یونانیەکان، بێهودە چاوەڕوانی نیشتنەوەی گژەبایەکە بوون. بایەکە بە هەمان خرۆشاوی و بە هەمان سەمت و ئاراستەدا بەردەوام بوو. ئیدی ئەو قارەمانانەی کە کۆبووبوونەوە بێزار بوون، چاوەڕوانی و نەجوڵان وەڕەزی کردن، نەخۆشی لە ناو سوپاکەدا بڵاو بووەوە. بێزاری و بێتاقەتی بە ڕادەیەک بڵاو بووەوە کە فەرماندەکان ترسی ئەوەیان لێهات کە خەڵکەکە یاخی ببن. ئەنجام کاڵخاسیخیفزان، قەرارە ترسناکەکەی خۆی بە سەرانی سوپاکە ڕاگەیاند:
- تووڕەیی ئەرتیمیدای خوابانوو لە یونانیەکان دانامرکێتەوە تا یەڤگینیای نازدار، کیژی ئاگامەمنوون نەکرێتە قوربانی.
وەختێ ئاگامەمنوون بۆ ئەڤلیدا زڤڕییەوە، ئەو هەواڵە ناخۆشەیان دایە، بە ڕاستی هەواڵێکی ناخۆش بوو. ئامادە بوو هەر هەموو سەفەرەکە ڕەت بکاتەوە، بەڵام کیژە ئازیزەکەی نەکات بە قوربانی، مینیلاوس ماوەیەکی زۆر لە گەڵیا خەریک بوو تا قەناعەتی پێبکات کە مل بۆ ویست و مەشیەتی خوا بانوو بدات، ئەوە بوو دڵی نەرم بوو، ئیدی کەسێکی قۆچاغی بۆ میکینا بۆ لای کلیتیمنسترا نارد کە پێی بڵێ لە سەر داوای مێردەکەی یەڤگینیا بۆ ئەڤلیدا بنێرێت و داوای لە یارۆی قوچاغ کرد کە هۆی داواکردنی یەڤگینیا لە کلیتیمنسترا بشارێتەوە و پێی بڵێ ئەخیل دەیەوێ پێش ئەوەی

هێرش بۆ سەر تروادە بکرێ، کیژەکەی مارە بکات. کابرای قوچاغ بەرەو میکینا وەڕێکەوت. کەچی هەست و سۆزی باوکایەتی لە دڵی ئاگامەمنووندا سەری کرد و ژێراوژێر و بە نهێنی قوچاغێکی دیکەی نارد کە بە کلیتیمنسترا بڵێت کچەکەی بۆ ئەڤلیدا نەنێرێت. لێ مینیلاوس قوچاغی دووەمی گرت وکەوتە گلەیی لە ئاگامەمنوون، چونکە هەمان ڕەفتاری خیانەتکاران دەگرێتەبەر، تەنانەت شەڕ و ناکۆکی و گەنگەشەیەکی توند کەوتە نێوان جووتە براوە، باش بوو، هاتنەوەی پەیکەکە شەڕەکەی کوژاندەوە. یارۆی قوچاغ هاتەوە، ڕایگەیاند کە کلیتیمنسترا و کچەکەی و " ئوریست " ی بچکۆلە هاتوون و لەلای ئەو کانی و سەرچاوەیەی نزیکی سەربازگەکە وەستاون. ئیدی نائومێدی کەتە دڵی ئاگامەمنوونی باوک، چاری نەما دەبوایە کیژە ئازیزەکەی بکات بە قوربانی، بە دەستی خۆی ڕادەستی مەرگی بکات و لە پەرستگەکەی خوا بانوو ئەرتیمدا بکرێتە قوربانی. تەنانەت مینیلاوس بە خۆیشی وەختێ ئەو خەمە کوشندەیەی بە سیمای براکەیەوە بینی، ئامادە بوو ئەو قوربانیە ڕەت بکاتەوە. بەڵام ئاگامەمنوون دەیزانی کە کاڵخاس، بە هەموو سەربازگەکەدا جاڕ دەدات کە ئارەزووی خوابانوو چیە و ئەمە ناچاری دەکات کە قوربانیەکەی پێشکەش بکات. خۆ ئەگەر " کاڵخاس " ش ئەو ڕازەی پەنهان بکردایە، ئەوا ئودیسیوس، لێی بێدەنگ نەدەبوو، چونکە ئاگای لە داواکاریەکەی خوابانوو هەبوو.

ئاگامەمنوون، چوو بۆ پێشوازی ژن و کچەکەی، خەمێکی کوشندە لە دڵی بار بوو، هەوڵیدا هێور و ئاسوودە بنوێنێ، لێ نەیتوانی، یەڤگینیا، هەستی کرد بابی خەمێکی گەورە دەشارێتەوە، ئیدی پرسیار پێچی کرد، بەڵام هیچ وەڵامێکی نەدایەوە وحەقیقەتی مەسەلەکەشی بە ژنەکەی نەگوت. بەڵکو هەوڵی لە گەڵیا دا کە بۆ میکینا بزڤرێتەوە چونکە نەیدەویست مەرگی کچەکەی بدینێ.

ئەنجام ئاگا مەمنوون ژنەکەی و کچەکەی بە جێهێشت و چوو بۆ لای کاڵخاس، ئێ بەڵکو ڕێگەیەکی دیکەی بۆ بدۆزێتەوە و کیژە ئازیزەکەی ڕزگار بکات.

هەر کە ئاگامەمنوون لە بەر چاو ون بوو، ئەخیل پەیدا بوو، هاتبوو تا پاشای میکینا ببینێ و داوای لێبکات کە پێویستە بە پەلە بەرەو تروادە وەڕێبکەون، چونکە مانەوە لە ئەڤلیدا بە بێکار بێزاری کردوون، هەروەها مرمیدونەکانیش بێزار بوون و داوا دەکەن یا بچنە شەڕ یا بۆ نیشتمان و زێدی خۆ بگەڕێنەوە. وەختایەک کلیتیمنسترا

کەسایەتی ئەو پیاوەی بۆ دەرکەوت کە هەواڵی مێردەکەی دەپرسی، وەکو خوازگاری کچەکەی بە گەرمی پێشوازی کرد. ئەخیل سەری لەمە سوڕما، چونکە پێشتر بە ئاگامەمنوونی نەگوتبوو کە حەز دەکات خزمایەتی لە گەڵ بکات و ببێت بە زاوای. ژنە کە زانی ئەخیل بیری لەوە نەکردووەتەوە زەماوەند دەگەڵ کیژەکەیدا بکات، زۆر تەریق بووەوە، شڵەژاو نەیدەزانی چ بڵێت. لەو کاتەدا قوچاغی دووەم، وەژوور کەوت، کە ئاگا مەمنوون بە پەیامی دووەمەوە بۆ میکینای ناردبوو و بە کلیتیمنسترای گوتبوو کە بۆ چی مێردەکەی داوای لێکردبوو کە دەگەڵ کیژەکەیدا بۆ ئەڤلیدا بێت، ژنەکەی لە مەرگ و تیا چوونی کیژەکەی دڵنیا بوو زۆر ترسا. کێ لەم مەینەتەدا پشتیوانی لێدەکرد؟ ژنەی تاین لە بەردەم ئەخیلدا بە چۆکا هات، باوەشی بە هەر دوو لاقیا کرد، لێی پاڕایەوە کە پشتیوانی لێبکات و بە ڤیتیدای دایکی سوێندی دا. ڤیتیدای کیژی سەربەرزی نیریوس. قارەمان، واتە ئەخیل بەزەیی بە خەمینی و نائومێدی ئەو دایکەدا هاتەوە و سوێندی بە نیریوسی پیرە خواوەندی دەریا بۆ خوارد کە پشتیوانی دەکات و نایەڵێت هیچ دەستێکی بەد بۆ کیژەکەی ببرێ. ئیدی ئەخیل لە خەرگاکەی ئاگامەمنوون وەدەرکەوت و چوو بۆ خەرگاکەی خۆی. ئەوسا ژنەکەی بە توندی کەوتە سەرزەنشتی مێردەکەی چونکە لێبڕابوو کچەکەی بکات بە قوربانی.

ئاگامەمنوون دەبوایە چ وەڵامێک بداتەوە؟ هەڵبەتە قەراری بە قوربانی کردنی کیژەکەی قەراری وی نەبوو، بەڵام نەیدەتوانی هیچ ناڕەزاییەک دەر ببڕێت، بۆیە هەر ئەوەندەی گوت کە ئەگەر ملی بۆ پاڕانەوەو لالانەوەی ژنەکەی بدابایە، هەنگێ یونانیەکان تووڕە دەبوون و خۆی و هەموو کەسوکاریان دەکوشت، بۆیە قوربانی دان بە کیژەکە لە بەرژەوەندی هەموو یوناندا بوو.

ئیدی هەرا و زەنا لە سەربازگەی یونانی بەرپا بوو، هەموو خرۆشان. مرومیدونەکان کە زانیان ئەخیل بەرهەڵستە و نایەڵێت کیژەکە بکرێ بە قوربانی و گوایە بە تەمایە بیخوازێت، چیوای نەما بەردبارانی بکەن و بیکوژن. ئاپۆڕای جەنگاوەرەکان، هەڵیانکێشایە چەک و هێرشیان بەرەو خەرگاکەی ئاگامەمنوون برد، لێ ئەخیلیش بە خۆ و شمشێر و مەتاڵەوە لە بەر دەرگای خەرگایەکە ڕاوەستا و ئامادە بوو تا دوا دڵۆپی خوێن بەرگری لە یەڤگینیا بکات.

هەنگێ یەڤگینیا، هاتە پێشەوە و ئەو جەنگەی کە خەریک بوو دەقەوما، یەکلایی کردەوە. بە دەنگی بەرز ڕایگەیاند کە ئامادەیە بە مەحز و ڕەزای خۆی و بە پێی خۆی بۆ کوشتگەکە بڕوات و خۆی لە پێناوی دۆزە هاوبەشەکەدا فیدا بکات، چونکە نایەوێ دژی ویست و مەشیەتی ئەرتیمیدای سەربەرزی کیژی زیوس بوەستێتەوە، با ببێت بە قوربانی، با ببێ بەو مونومێنتەی کە لە دوای داگیرکردنی تروادە لە لایەن یونانیەکانەوە، وەکو یادگار دەمێنێتەوە. بەم کارە توانی قەناعەت بە ئەخیل بکات کە وازی لێ بێنێ، بەرگری لێنەکات، تا شەڕی براکوژی هەڵنەگیرسێت و برا برای خۆی نەکوژێت. ئەخیل هەرچەندە زۆری خەفەت خوارد لێ بە گوێی ئەو کچە بە جەرگەی کرد، کە بەو هەڵوێستە قارەمانیەی خۆی تیری خۆشەویستی لە جەرگی دا.

کیژەکە بەوپەڕی ئارامی و دلێرییەوە چوو بو ئەو شوێنەی کوشگەکەی بە ناوی خوا بانوو ئەرتیمیدا وە لێ دامەزرابوو. بەوپەڕی سەرفرازی و بەو پەڕی جوانییەوە بە نێو ڕیزی سەربازانی بێ شوماردا ڕۆیی تا لە لایکوشتگەکەوە ڕاوەستا. ئاگامەمنوون بەدەم تەمەشا کردنی کیژەکەیەوە لە هۆڕژنی گریانی دا، چمکێکی بالاپۆشە درێژەکەی دا بە سەر و چاوی خۆیا تا مەرگی کچەکەی نەبینێ. لێ یەڤگینیا بێ ترس لە پاڵ کوشتگەکەدا ڕاوەستا. هەمووان لە سەر داوای خیفزان کالفینی، بێدەنگ بوون. ئیدی کالخاسی خیفزان کێردی قوربانیەکانی لە کێلان دەرهێنا و لە زەمیلەیەکی زێڕی نا، ئیدی تاجە گوڵینەیەکی نایە سەر کیژە پاکیزەکە کە نیشانەی ئەوە بوو قوربانیەکەبۆ کوشتگەکە ( مذبح ) دەبرێت. ئەخیل لە نێو جەماوەری جەنگاوەرەکانەوە هاتە دەرەوە، جامێک ئاوی پیرۆزی برد، ئاردی پیرۆزی تێکەڵ بە خوێ و نمەکی برد، لە هەوەڵەوە یەڤگینیا و کۆشتگەکەی ئاوپرژێن کرد، ئەوسا سەری کیژێی ئارد پرژێن کرد، بە دەنگی بەرز هاواری خوا بانوو ئەرتیمیدای کرد و لێی پاڕایەوە، کە لەشکر و قۆشەنەکە بە سەلامەتی بگاتە کەنارەکانی تروادە و لە شەڕەکاندا بە سەر دوژمندا سەر بکەون. کالْخاس کێردی قوربانیانی بە دەستەوە گرت. ئامادەبووان لە ترسا وشک بوون، یارۆی خێفزان کێردەکەی بەرز کردەوە، تا لە یەڤگینیای بدات، دەمی کێردەکە بەر یەڤگینیا کەوت، بەڵام کیژێ نەکەوتە سەر ئەرز و بە دەم ناڵەناڵی مەرگەوە لە خوێنی خۆیدا بگەوزێت، نەخێر! ئیدی پەڕەجووە گەورەکە ڕوویدا، ئەرتیمیدا یەڤگینیای قوربانی ڕفاند و لە جیاتی ئەو مامزێک ( ئاسک ) لە سەر کوشتگەکەدا

کەوت کە کێردی خیفزانەکەی وێکەوتبوو، ئیدی لە خوێنە گەرمەکەی خۆیا دەگەوزا و بە دەم لەقەفرتێی مەرگەوە کوشتگەکەی لە خوێن هەڵکێشا.
جەنگاوەرەکان کە ئەم پەرجووەیان بینی حایر و حەپەساو هاواریان لێ بەرز بووەوە. کالْخاس شاد و شەنگوڵ، بە دەنگی بەرز هاوای کرد:

- ئەمە ئەو قوربانیە بوو کە ئەرتیمیدای –کیژی زیوسی بروسکە وەشێن داوای کردبوو.

دەیسا گەلی یونانیان کەیف و شادی بکەن. مژدەتان لێ بێ خوا بانوو بەلێنمان دەداتێ کە بە سەلامەتی دەگەین و بە سەر ترواددەییەکاندا سەر دەکەوین.
ئەلهەقی، ئەو مامزەی ئەرتیمیدا ناردبووی هێشتا بە تەواوەتی نەسووتابوو و تەواو دانەمرکابووەوە کە ئاراستەی بایەکە گۆڕا و بە قازانجی دەریاوانی شکایەوە. ئیدی یونانیەکان بە هەشتاو کەوتنە خۆ تا خۆیان بۆ سەفەرە دوور و درێژەکەیان تەیار و ئامادە بکەن. ئیدی خۆشی و شادی نیشتە سەر سیمای خێڵی یونانیان، لێ ئاگامەنوون بە هەڵەداوان بۆ خەرگاکەی خۆی ڕۆیی تا کلیتیمنسترا لە ڕووداوەکە ئاگادار بکاتەوە و هانی بدات کە بۆ میکینا بڕواتەوە.
لێ خوابانوو ئەرتیمیدا، بە هەشتاو یەڤگینیای بۆ کەناری بونت ئیفکینی، بۆ تافریدا ( تافریدا: چیای قرمی ئێستایە )ی دوورەدەست و لەوێندەر بوو بە ڕەبەنیتە و خیفزانی پەرستگەکەی خوابانووی سەربەرز.

## ١١- سەفەری یونانیان بۆ کەنارەکانی ترواده، فیلوکتیت

( لە تراجیدیای " فیلوکتیت " ی سوفوکلەوە وەرگیراوە )

کەشتییەکان بەدەم بای گونجاوەوە بەرەو ترواده بە ناو دەریا کەوتن. تا کەنارەکانی " لیمنوس " یان لێ دەرکەوت کە دوڕگەی " خریس " ی لێبوو ( دوڕگەی خریس دەکەوێتە باکووری دەریای ئیجە ) دوڕگەی خریس هیچ ئاوەدانیەکی تیا نەبوو جگە لە کوشتگەیەک کە بە ناوی خریسای خوا بانووی دەریاوە ڕۆنرابوو. خریسای خوا بانوو خاوەن و پارێزەری دوڕگەکە بوو. دەبوا یونانیەکان بگەڕێن و ئەو کوشتگەیە بدۆزنەوە و لە سەری قوربانیەک بۆ خوا بانووی دوڕگەکە بکەن. ئیدی قەدەریان وابوو،تا بە کەنارەکانی خریسدا نەڕۆن و لەوێندەر قوربانی پێشکەش نەکەن، نەتوانن ترواده بگرن. هەڵبەتە کوشتگەکە لە لایەن " یاسون " ی

قارەمانەوە ڕۆنرابوو، وەختایەک لە گەڵ هاوڕێ ئارگوناتەکانیا بە دەریادا دەڕۆن بۆ کالخیدای دوورەدەست تا کەوڵی زێڕین بێنن، لەوێندەر دروستی کردبوو. دوای ئەو هەرقلی کوڕی زیوس، وەختایەک بەڕێوەدەبێ بۆ ترواده تا تۆڵەی ئەو سوکایەتیە بکاتەوە کە لە لایەن " شالاومیدونت " ەوە پێی کرابوو، لەوێندەر، لە سەر ئەو کوشتگەیە قوربانی خۆی پێشکەش کردبوو. فیلوکتیت کە هاوڕێی هەرقل بوو، شوێنی کوشتگەکەی دەزانی، خۆبەخش پێش خێڵی یونانیان کەوت و فەرماندە یونانیەکان بەرەو ئەوێندەر دووی کەوتن. ئیدی بە نێو گیا و ڕووەکێن کێوی کەوتن تا کوشتگەکەیان لێ بەدیار کەوت، تەواو دارِمابوو، پایەکانی خەریک بوون دەکەوتن، قارەمانەکان لێی نزیک بوونەوە و لە ناکاوا لە نێو گیا و ڕووەکەکانەوە ئەژدیهایەکی زەلامیان لێ پەیدا بوو و بە پێی " فیلوکتیت "ی قارەمانیەوە دا، هاوارێکی کرد و کەوتە سەر ئەرزەکە. قارەمانەکانی دی بە هەشتاو گەیینە سەری، بەڵام بێهودە، ژاری ئەژدیهاکە لە برینەکەیەوە چوو بوو، ئازارێکی وای تووش بوو کە بەرگەی نەدەگرت، برینەکە زوخ و کێمێکی ئەوتۆی لێدەهات، کەس خۆی لەبەر بۆگەنیەکەی نەدەگرت. دوای ئەوەی بۆ ناو کەشتیەکە گەڕانەوە، ئازار و ژان زۆری بۆ فیلوکتیت هێنا، شەو و ڕۆژ ناڵە و هاواری نەدەبڕایەوە، یونانیەکان لە بەر ناڵە و هاواری ئەو خەویان لێنەدەکەوت، ئیدی خێڵ و قەوم تەواو لێی بێزار بوون، بۆن بۆگەنی برینەکەی سەرداری بێ سەر دەکرد. ئەنجام بە ڕاوێژی ئودیسیوس، هەمووان هاتنە سەر ئەوەی بریندارە کلۆڵەکە، لە شوێنێکا لە سەر کەنارەکە دابنەن. کاتێ بەلای دوڕگەی لیمنوس دا تێپەڕین فیلوکتیت، سووکە خەوێکی لێکەوت، ئودیسیوس ئەمری کرد هەڵی بگرن و بیخەنە سەر کەنارە چۆڵ و هۆڵەکە، ئیدی " فیلوکتیت " یان بە تاقی تەنێ لەوێ، لە نێو تاوێرانا بە جێهێشت. جلەکانی و تیر و کەوانەکە و بڕێ خوراکیان لایەوە دانا، بەوجۆرە یونانیەکان دەستبەرداری ئەو پاڵەوانە بوون کە بە بێ زەبری تیر و کەوانەکەی ئەو ترواده نەدەهاتە گرتن. ئیدی فیلوکتیت، نۆ دانە ساڵی ڕێک لەو دوڕگە و گراڤە چۆڵ و هۆڵەدا تالاوی ژینی چەشت تا یونانیەکان ناچار بوون شاندی بۆ لا بنێرن و داوای کۆمەک و سەرکەوتنی لێبکەن، ئەوە لە ساڵیدەیەمی گەمارۆی ترواده‌دا بوو.

یونانیەکان، ڕێگای دووریان گرتەبەر، ئەنجام لە بەستێن و کەنارەکانی ترواده نزیک بوونەوە کە لەوێندەر جۆرەها تەنگانە و ئاستەنگ و مەترسی و شاکاری شکۆدار چاوەڕوانی دەکردن.

## ١٢- نۆ ساڵی یەکەمی گەمارۆی ترواده

( لە کۆمەڵێک نووسین و بەرهەمی نووسەرانی کۆنەوە وەرگیراوە، لێ تابلۆی کوشتنەکەی بالامید لە قەسیدەی " گۆڕانکاریان " ی ئوفیدی یەوە وەرگیراوە. )

یونانیەکان، بە کۆتایی هاتنی سەفەرەکەیان خۆشحاڵ بوون، بەڵام کە لە کەنارەکانی ترواده نزیک بوونەوە، بینیان سوپایەکی گەورەی ترواده‌ییەکان بە سەرۆکایەتی هیکتۆر لە بەردەمیاندا وەستاوە، هیکتۆر کوڕە گەورەی پیر پریام بوو. چۆن دابەزنە سەر کەنارەکان لە کاتێکا سوور دەیانزانی، مەرگ چاوەڕوانی یەکەم کەسیانە کە پێی بە عاردی دەکەوێ. ئیدی دوو دڵ بوون لەوەی کە دابەزن، پاڵەوانێکیان تیا بوو نێوی برتیسیلای بوو، ئەم پیاوە تینوی شۆرەت و نێوبانگ بوو. ئامادە بوو یەکسەر خۆی هەڵداتە سەر کەنارەکە و دەست بە شەڕ بکات، بەڵام حەزی نەدەکرد یەکەم کەس بێ کە دابەزێتە سەر کەنارەکە، ئاگای لە پێشبینیە ترسناکەکە هەبوو، وەکو چۆن " ئودیسیوس " ش ئەمەی دەزانی، ئەوە بوو مەتاڵەکەی هەڵدایە سەر کەنارەکە، بە گورجی و لێهاتووانە لە کەشتیەکەوە خۆی بۆ سەر مەتاڵەکە هەڵدا. بروتیسیلای بینی، وایزانی کەوتە سەر خاکی ترواده نەک سەر مەتاڵەکەی خۆی، ئیدی بەوجۆرە وای خەیاڵ کرد کە یەکەمین یونانی دابەزی و بڕایەوە، ئیدی گیانی ڕیسککاری و خولیای شۆرەت و نێوبانگ دای لە کەللەی و نیشتمان و لاودامیای ژنی کە ژنێکی جوان و گەنج بوو لەبیر بردەوە، خۆی هەڵدایە سەر کەنارەکە و بە شمشێری ڕووتەوە پەلاماری دژمنی دا. هیکتۆر ڕمە قورسەکەی بادا، جەزرەبەیەکی کوشندەی لێدا و تاڵاوی مەرگی پێ نۆشت، ئیدی بە کوژرانی تەختی سەر ئەرزەکە بوو و یەکەم کەس بوو کە بە خوێنی خۆی خاکی تروادەی ئاو دا. یونانیەکان، پێکڤە و وەکو یەک جەنگاوەر هێرشیان بۆ سەر دژمن برد، جەنگێکی بەترەف و قورس بەرپا بوو. ترواده‌ییەکان شکان، بۆ ئەو دیوی حەساری مکوومی شارەکەیان پاشەکشەیان کرد. ڕۆژی دوایی ئاگربەس لە نێوان هەردوولادا ڕاگەیەنرا، تا جەندەکی کوژراوەکانیان کۆ بکەنەوە وبە خاکیان بسپێرن.

یونانیەکان پاش ئەوەی کوژراوەکانی خۆیان ناشت کەوتنە بیناکردنی سەربازگە قایمەکەیان، کەشتیەکانیان هێنانە سەر کەنارەکان، ئیدی لە چیای سیگیونەوە تا چیای روبیتون بە کەنارەکەدا بڵاو بوونەوە، دیوارێکی بەرزیان لە نێوان خۆیان و ترواده‌ییه‌کانا دروست کرد. خەنەکێکی قووڵیان لە پشت دیوارەکەوە لێدا، ئیدی ئەخیل و " ئایاکس تیلامونید " هەریەکەیان لە دیوێکی سەربازگەکەوە خێوەتی خۆیان هەڵدا تا بتوانن چاودێری دژمن بکەن و دەرفەتی ئەوەیان نەدەن لە ناغافڵ پەلاماری سوپاکەیان بدەن. لە ناوەندی سەربازگەکەدا خەرگا نایابەکەی شا ئاگامەمنوون هەڵدرا، هەڵبەتە پاش ئەوەی یونانیەکان بە فەرماندەی گشتی لەشکر و سوپاکانیان هەڵبژارد، لە نزیکی خەرگاکەوە ( خەرگا: خێوەتی زۆر گەورەی گەورە پیاوان ) مەیدانی کۆبوونەوەی گشتی دیاری کرا. بەڵام ئودیسیوسی بەردەبار خێوەتەکەی خۆی لە نزیکی ئەو مەیدانەدا هەڵدا، بۆ ئەوەی لە هەر کاتێکا بیەوێ بچێت بۆ کۆبوونەوە، بۆ ئەوەی هیچ بویەرێکی ئەوێی لێ شاراوە نەبێت. هەرچەندە لە سەرەتای هێرشەکەوە حەزی نەدەکرد بەشداری شەڕ بکات، لێ زۆری پێنەچوو بوو بە دژمنی سەرسەختی ترواده‌ییه‌کان و سوور بوو لە سەر ئەوەی بە هەر نرخێ بووە، بە هەر قوربانی و فیداکارییەک بووە، شارەکەیان وێران بکرێت.

یونانیەکان، هەرکە لە بینای سەربازگەکەیان بوونەوە و سەنگەرەکانیان قایم کرد، شا مینیلاوس و " ئودیسیوس "ی بەردەباریان بۆ دان و ستان بۆ لای ترواده‌ییه‌کان نارد. ئەنتینوری دانا پێشوازی لە هەر دووکیان کرد و لە ماڵەکەی خۆیدا سفرە و خوانێکی نایابی بۆ ڕازاندنەوە، لە ناخی دڵەوە حەزی بە سوڵح و ئاشتەوایی و جێبەجێ کردنی داواکارییەکانی مینیلاوس دەکرد. کە پریام پاشا بە هاتنی شاندەکەی زانی، داوای کۆبوونەوەیەکی گشتی کرد تا گفتوگۆ لەبارەی داواکاریەکانەوە بکرێت. مینیلاوس و" ئودیسیوس " ش لە کۆبوونەوەکەدا بەشدار بوون. مینیلاوس وتەیەکی کورتی ڕوون و ڕەوانی بە گوێی ترواده‌ییه‌کاندا دا، داوای کرد هیلینی ژنی و ئەو سەروەت و سامانەی کە پاریس تاڵانی کردبوو، بۆ بگێڕنەوە. پاش ئەو ئودیسیوس قسەی کرد، بە فەساحەت و بەلاغەتی خۆی هەموو ترواده‌ییه‌کانی سەرسام کرد، لە وتەکەیدا داوای لێکردن کە داواکارییەکانی مینیلاوس جێبەجێ بکەن، ترواده‌ییه‌کان قەناعەتیان بە زەرورەتی جێبەجێ کردنی هەموو داواکارییەکان هێنا بە تایبەتی کە

هیلینی شاجوان، پەشیمانی خۆی لەو سەرکێشیە نابەجێیە و بەجێ هێشتنی ماڵی مێردە قارەمانەکەی ڕاگەیاندبوو. ئەنتینور، دوای لە عیل و عەشیرەتی خۆی کرد کە گوێ لە دەنگی هەق بگرن و مل بۆ داواکاری یونانییەکان بدەن، چونکە ئەو کارەسات و تراجیدیا خوێناویانەی لە بەرچاو بوون کە لە شەڕی نێوان ئەم دوو لایەنەدا دەکەوتەوە. لێ کوڕانی پریام دژی بیرۆکەی سوڵح و ئاشتەوایی دەگەڵ یونانییەکاندا وەستانەوە. لە هەموویان تیژتر پاریس بوو کە بە هیچ کلۆجێ بەوە قاییل نەبوو کە هیلین و دەستکەوتەکانی دیکەی لێ بسەنرێتەوە. براکانیشی پشتیوانی ئەم هەڵوێستەیان کرد، ئەوە بوو دەمی " ئەنتیماخ "ی چەور کرد، کە نەک هەر دژایەتی سوڵحی دەکرد، بەڵکو داوای ئەوەشی دەکرد مینیلاوس بگرن و ئیعدامی بکەن. بەڵام پریام و هیکتۆر دژی ئەو بیرۆکەیە وەستانەوە، پێیان ناخۆش بوو ئەو شاندە دوو قۆڵییەی کە سایە وسیبەری زیوسی بروسکە وەشێنیان بەسەرەوە بوو، تەوهین بکرێن، سووکایەتیان پێ بکرێت. بەوجۆرە ئاژاوە کەوتە ناو کۆبوونەوەکەو نەگەیینە بڕیارێکی یەکجارەکی.

هەنگێ " گیلین "ی خیفزان، کوڕی پریام بوو، هاواری لە ترۆادەییەکان کرد کە لە شەڕی یونانیەکان نەترسن، چونکە خواوەندان سۆزیان داوە یارمەتی ترۆادەییەکان بدەن. ترۆادەییەکان باوەڕیان بە پێشبێنییەکەی کرد، داواکارییەکانی مینیلاوسیان ڕەفزکرد، دوو نێردراوەکەی یونانیەکان دەبوایە بە دەستی بەتاڵ بگەڕێنەوە و ڕێگە بە شمشێر بدرێت کە مەسەلەکە لە نێوان هەر دوولادا یەکلایی بکاتەوە.

ترۆادەییەکان، لە نێو شوورە و حەساری شارە قایمەکەیاندا سەنگەریان گرت، کەس زاتی نەدەکرد لە شار بێتەدەرێ، بەڵام یونانییەکان، شاریان گەمارۆدا، هێرش لە سەر هێرشیان بۆ سەر شوورە و دیوارەکان دەبرد، هەموو جارێ بە ناکامی دەگەڕانەوە. ئیدی ڕوویان کردە گوندەوار و ئاوەدانییەکانی دەوروبەری شار، بە ئارەزووی خۆیان چی خوا پێ ناخۆش بوو دەیانکرد. ڕوویانکردە داگیرکردنی هەموو ئەو شار و باژێرۆکانەی کە هاوپەیمانی ترۆادەییەکان بوون. ئیدی لە دەشت و لە دەریاوە هێرشیانبۆ دەکردن. ئەخیل لە میانی ئەو هێرش و پەلامارانەوە قارەمانیەتی یەجگار گەورە و باوەڕ نەکردەنینواند. یونانییەکان چوونە ناو دوورگەێن تینیدس، لیسیوسەوە، هەر دوو شاری بیداس و لیرنیس و هەندێ شاری دیکەیان و زۆر شاریان وێران کرد.

هەروەها شاری تیبەشیان گرت ( شارێکە هاوناوە لەگەڵ بەناو بانگترین شاری دەڤەری بیوتیا لە یونان ) کە لە ژێر فەرمانڕەوایی شا ئیستیونی بابی ئاندروماکی – ژنی هیکتۆرا بوو، ئەخیل لە ڕۆژێکا هەر حەوت براکەی ئەندروماکی کوشت، هەروەها بابی ئەندروماکی کوشت. بەڵام لە ترسی غەزەبی خواوەندان، جەندەکی شای کوژراوی نەشێواند، بەڵکو بە خاکی سپارد * ( * : یونانیەکان باوەڕیان وابوو گیانی ئەو مردووانەی نایەنە ناشتن، بۆ هەمیشە سەرگەردان دەبن و ناحەوێنەوە و ئۆقرە ناگرن. بۆیە گەورەترین سووکایەتی بە مردوو، ئەوەیە کە لە ناشتن مەحرووم بکرێت) . بەڵام داکی ئەندروماک وەکو کەنیزەک بۆ ئوردوگا و سەربازگەی یونانیەکان برا، ئیدی ئەخیل تیبەی بۆ خۆی حەڵاڵ کرد، هەرچی شتی بە نرخی تیابوو تاڵانی کرد، هەروەها خریسییدای نازدار، کیژی خریسی خیفزانی خواوەند ئەپولونیشی، بە دیلی برد، کە یونانیەکان بە دیاری پێشکەش بە ئاگامەمنوونیان کرد.

ئیدی یونانیەکان شەلم کوێرم هیچ نابوێرم، هەر چیەکیان لە دەوروبەری تروادە بەردەست دەکەوت وێرانیان دەکرد، تەڕ و وشکیان پێکەوە دەسووتان، کە چی هیچ یەکێک لە ڕۆڵەکانی شار، زاتی ئەوەی نەدەکرد لە شوورەی شار بێتەدەرێ، هەر کەسێک ئەو ڕیسکەی بکردایە یا دەکوژرا، یا بە دیلی و سەر شۆڕی دەگیرا و لە بازاڕی کۆیلاندا دەفرۆشرا.

بەوجۆرە قەدەری ترووادەییەکان ئەوە بوو لە ماوەی ئەو نۆ ساڵەی گەمارۆی شارەکەیانا جۆرەها ئازار و تاڵاو بنۆشن و شینی گەلێک لەو پاڵەوانانەیان بکەن کە لە مەیدانی شەڕەکاندا هاتنە کوشتن، هێشتاش ساڵە هەرە دژوار و سەختەکە نەهاتبوو، ساڵی دەیەمیان لە پێش بوو، ساڵە هەرە دژوارەکە، ساڵی کەوتنی ترووادە.

یونانیەکانیش، لە ماوەی ئەم نۆ ساڵەدا، تاڵاوی زۆریان چەشت و کول و کۆڤانی فرەیان بە سەردا هات، زۆریان لێکوژرا، پاڵەوانێکی فرەیان بە شیری دژمن کوژران، هەروەها بالامید، قارەمانە بلیمەت و بەردەبارەکەیان کوژرا، بەڵام بە دەستی دژمن نەکوژرا، بەڵکو ئودیسیوسی بلیمەت بە ڕق و کینە کوشتی. ئەم بالامیدە کەسێکی ئەقڵمەند بوو، ئامۆژگاری و شیرەتێن بە سوودی پێشکەش بە نەتەوەکەی خۆی کرد، خزمەتی ئەوتۆی پێشکەش دەکردن کە بە پارە نەدەکرا، بریندار و نەخۆشەکانی بە گیا دەرمانی چارەسەر دەکرد، بورج و منارەیەکی بۆ یونانیەکان دروستکرد. تا

ئەوانەی لە سەربازگەکە وەدەر دەکەوتن، لە گەڕانەوە و شەوی تاریکا ڕێگەیان لێ گوم نەبێت. بۆیە نەتەوەکەی قەدریان دەگرت و خەڵکی گوێیان لێدەگرت و بە گوێیان دەکرد، لە بەر ئەوە ئودیسیوس ڕقی لێ هەڵگرت، کە دەی بینی یونانیەکان بە گوێی دەکەن و ڕێزی دەگرن، ئەمەی لە بەر گران بوو و ئێرەیی پێدەبرد. هەروەها ئودیسیوس ئەوەشی لەبیر نەچووبوو کە چۆن بالامید، وەختێ ئەو، واتە ئودیسیوس خۆی لە شێتی دابوو تا بۆ شەڕی تروادە نەڕوات، چۆن نەخشەکەی کەشف کردبوو، ئەم یادگارییەش هۆیەک بوو بۆ هەڵگیرساندنی ڕق و کینەی لە بالامید، ئیدی لە بیانوویەک دەگەڕا تا بالامید بکوژێت، ئەم هەلە کاتێبۆ ئودیسیوس هەڵکەوت کە بالامید داوای لە قەومەکەی کرد کە کۆتایی بە شەڕ بێنن و بۆ زاگە و زێدی خۆ بزڤڕنەوە، ئیدی ئەمە بوو بە بیانووی دەستی ئودیسیوس تا نەخشە غەدرناکەکەی خۆی جێبەجێ بکات. کیسەیەک پارەی هەڵگرت و بردی لە خێوەتەکەی " بالامید "دا شاردییەوە. ئیدی بانگەشەی ئەوەی لە ناو خەڵکیدا بڵاوکردەوە کە بالامید لە خۆڕایی داوای ئەوە لە سوپا و قۆشەن و جەنگاوەرەکان ناکات کە کۆتایی بە شەڕ بێنن و گەمارۆی سەر ترواده هەڵگرن، بۆیە ئەو داوایە لە جەنگاوەران دەکات چونکە بەرتیلی لە شا پریام وەرگرتووە. دیارە ژمارەی ئەوانەی کە لەم داوایەی بالامیدی قارەمان پەست و ناڕازی بوون کەم نەبوون، چونکە ئەگەر بە گوێی ئەویان کردبا، هەر هەموو ئەو دەستکەوتە زۆرەیان لە کیس دەچوو کە لە دڵی خۆدا بە تەما بوون لە کاتی کەوتنی تروادەدا بە دەستی بێنن، لە بەر ئەمە نەخشە و پلانەکەی ئودیسیوس لە لای ئەوانە لایەنگری هەبوو، کاتێ کە ئودیسیوسی بەردەبار هەستیکرد، خەڵکانێکی زۆر باوەڕ بە خیانەتەکەی بالامید دەکەن، ئیدی لێبڕا بە بەڵگەی بنجبڕەوە خیانەتەکەی بالامید بسەلمێنێ، ئیدی دەنگۆی بڵاو کردەوە کە پریام بەرتیلی بە بالامید داوە، چوو بۆ لای ئاگامەمنوون و پێی گوت کە بالامید لە ڕێگای دیلێکی فریجیاییەوە پەیوەندی بە دژمنەوە کردووەو ئەو فریجییە لە لایەن جەنگاوەرەکانی ئودیسیوسەوە کاتێ کە ویستوویەتی لە سەربازگەی یونانییەکان وەدەربکەوێ، کوژراوە.

هەروەها ئودیسیوسی دانا، بە زمانی پریامەوە نامەیەکی بۆ بالامید ڕازاندەوە، کە ئاماژەی تیا بوو بۆ ئەو زێڕەی پاشای تروادی بۆی ناردبوو، تا قەناعەت بە یونانیەکان بکات گەمارۆی سەر ترواده هەڵگرن و بۆ وڵات بگەڕێنەوە، ئیدی ئودیسیوس ئەمری بە

دیلە فریجییەکە کرد کە نامەکە بۆ پریام بەرێ، کە لە سەربازگەکە وەدەر کەوتبوو، پیاوانی ئودیسیوس، پەلاماریان دابوو و کوشتبوویان و نامەکەیان بۆ ئاغایان بردبوو کە بە پەلە هێناویەتی بۆ ئاگامەمنوون. ئیدی ئاگامەمنوون ئەمری کردبوو هەموو فەرماندەکانی سوپا، کە یەکێک لەوانە بالامید بوو بێن بۆ لای، دیارە بالامید هەرگیز گومانی بۆ ئەو داوە نەچووبوو کە بۆی نرابووەوە. لەوێ ئودیسیوس بە بەرچاوی هەمووانەوە تۆمەتی خیانەتی بە ڕوویدا دا و ئیدی هەموو هەوڵێکی پاڵەوان بۆ پاکانە بە فیڕۆ چوو و نەیتوانی  قەناعەت بە فەرماندەکان بکات کە نەک خیانەت و ناپاکی نەکردووە و تەنانەت بیریشی لە خیانەت نەکردووەتەوە، ئەوەی کە زیاتر ئیحراجی کرد ئەوە بوو کە ئودیسیوس پێشنیازی کرد کە خێوەتەکەی بپشکنن، کە خێوەتەکەیان پشکنی، کیسەیەک زێڕیان لە خێوەتەکەیا دۆزییەوەو ئەمەش نیشانە و بەڵگەی بێ چەند و چوونی خیانەتەکەی بوو، یەکسەر دادگاییان بۆ دانا و قەراری دادگا ئەوە بوو تا دەمرێت بەردبارانی بکات. ئیدی هەر هەوڵێکی بالامید بۆ قەناعەت پێکردنی یونانیەکان کە بێ تاوانە بە فیڕۆ چوو، ئیدی کەس ئامادە نەبوو گوێ لەم تۆمەتبارە – بێتاوانە بگرێت، ئیدی کۆت و زنجیری قورسیان لە دەست و لاقی بەست و بۆ کەناری دەریایان برد و دەستیان بە جێبەجێ کردنی قەرارەکەی دادگا کرد و تاقە ئوفێک لە قارەمانەوە نەهات و لە دوا هەناسەدا و بە چپەوە تەنیا ئەم قسەیەی کرد:

- حەیف و مخابن بۆ تۆ ئەی حەقیقەت، کە لە پێش منا مردیت!

بەوجۆرە بە ئەخلاقترین و دوربین ترین قارەمانی ناو قارەمانانی یونان مرد و، ئەو خزمەتە زۆرەیکە پێشکەش بە نەتەوەکەی خۆی کردبوو شەفاعەتی بۆ نەکرد و فریای نەکەوت، بەڵام پیاو کوژەکان، باجێکی گەورەی ئەو کارە دزیوەی خۆیان دا، ناوبلیوس، پاشای ئەیوبیا و بابی بالامید، لە تۆڵەی کوشتنی کوڕە بێتاوانەکەی دا جۆرەها تۆڵەی لێکردنەوە.

ئودیسیوس هەر بە کوشتنی بالامیدەوە نەوەستا، بەڵکو حوکمی سەرگەردانی هەمیشەیشی بە سەردا سەپاند و ئەمری کرد کە جەنازەکەی نەنێژن و لە کەناری دەریا فڕێی بدەن تا ببێت بە خوراکی دڕندان و سیسارکە کەچەڵە و دالاشان. بەڵام " ئایاکس تیلامونید "ی قارەمان دژی ئەو ئەمرە وەستایەوە و هەموو ڕێ و ڕەسمێکی ناشتنی بۆ جەنازەکە بەرپا کرد و بەو پەڕی ڕێز و شکۆ و جەلالەوە جەنازەی

قارەمانەکەی ناشت، چونکە ئایاکس، قەناعەتی بە خیانەتی قارەمانە کوژراوەکە نەبوو و کەمترین گومانی لە بێتاوانی و پاکی وی نەبوو.

## ١٣- دژایەتی نێوان ئەخیل و ئاگا مەمنوون
## ( لە ئیلیادەی هومیرۆسەوە )

نۆ دانە ساڵ بە سەر گەمارۆی ترواده لە لایەن یۆنانیەکانەوە بووری، ساڵی دەیەمی ئەو شەڕە دژوارە دەستی پێکرد. لە سەرەتای ساڵەوە خریس، خیفزانەکەی ئەپولون، چوو بۆ سەربازگەی یونانیەکان، لە هەموویان پاڕایەوە کە لە بری سەربەهایەکی گەورەدا خریسییدای کچی بدەنەوە، خێڵ گوێیان لە یارۆی ڕەبەن گرت و هەموو قاییل بوون کە کیژەکەی بدرێتەوە و سەربەها زۆرەکەی لێوەرگیرێ، کەچی ئاگامەمنوون زۆر تووڕە بوو و ڕویکردە کابرای ڕەبەن و گوتی:

- پیرەمێرد بڕۆ شەڕم لێ لادە، نەخەڵەتابی جارێکی دی لە دەوروبەری کەشتیەکانما بەدیار بکەوی، دەنا با ڕەبەن و کاهینی خواوەند ئەپولونش بی، ئوباڵت لە ملی خۆت. کیژەکەت بۆ ناگێڕمەوە، هەتا ماوە دەبێ کوێلە و کەنیزەکی من بێ. ئەگەر دەتەوێ بە سەلامەتی لە کوێوە هاتووی لەوێوە بگەڕێیتەوە، ئاگادار بە تووڕەم نەکەیت.

ترس لە سەراپای خریسی ڕەبەن و کاهین نیشت، ئیدی بە نائومێدی لە سەربازگەکە وەدەر کەوت، خۆی بکێش کرد تا گەییە کەناری دەریاکە لەوێندەر هەر دوو دەستی بۆ ئاسمان بەرز کردەوە، لە خواوەند ئەپولون کوڕی لاتونە بەم شێوەیە پاڕایەوە:

- ئەی خواوەندی زێڕین تیر، گوێ لە پاڕانەوەی خزمەتکارە ئەمینەکەت بگرە و تووڕەیی تیرەکانت بە سەر یونانیەکاندا دابارێنە چونکە زۆریان تەوهین کردووم.

هەرکە خواوەند ئەپولون، گوێی لە پاڕانەوەی خریسی ڕەبەن و کاهین بوو، بە هەشتاو وەکو بروسکە لە لوتکە ئولەمپەوە داگەڕا، تیردانەکەی بە سەر شانیەوە دەدرەوشایەوە، تیرە زێڕینەکان لە ناو تیردانەکەیا بە ڕینگ و هۆڕ بە یەکیاندا دەدا، بەرەو سەربازگەی یونانیەکان چوو، ئاگری تووڕەیی لە چاوانی دەباری، کە گەییە سەربازگەکە، یەکێک لە تیرەکانی دەرهێنا و گرتیە ئاخییەکان، ژێی کەوانەکە ناڵەیەکی لێوەهات، تیری یەکەم و دووەم و سێیەم و چوارەمی لێوە دەرپەڕی، ئیدی تیران وەکو تەرزە و تەیرۆکان داباریں، مەرگ و وێرانیان پێوەبوو، ئیدی تاعوون لە

سەربازگەکەدا بڵاو بووەوە وجەنگاوەرێکی زۆری لە ناو برد، بڵێسەی ئاگر لێرە و لەوێ بەرز بووەوە و تاپۆی فەنا و مردن باڵی بە سەر هەموو سەربازگەکەدا کێشا. تاعوون، نۆ ڕۆژ و نۆ شەو بەردەوام بوو، لە ڕۆژی دەیەما ئەخیل، - بە هاندانی خوا بانوو هیرا – داوای لە سەربازگەی یونانیەکان کرد کۆبوونەوەیەک بکەن تا ڕێگەیەک بدۆزنەوە، بتوانن غەزەبی خوا لە سەر خۆیان سووک بکەن، وەختایەک قارەمانەکان کۆبوونەوە، ئاوڕی لە کوڕی ئەتریوس دایەوە و گوتی:

- هیچ چارێکمان نییە تەنیا ئەوە نەبێ کە بلەز بۆ وڵات بگەڕێینەوە. ئەی کوڕی ئەتریوس، تۆ بە چاوی خۆت دەبینی قارەمانەکان دەکوژرێن و داسی تاعوون دەیاندورێتەوە. بەڵام پێموایە باشتر وایە، لە پێشا داوا لە خیفزانەکان بکەین تا پێمان بڵێن بە چی خواوەند " ئەپولون " مان تووڕە کردووە، بۆچی ڕووی کەوانە زێوینەکەی تێکردووین، بۆچی ئەم تاعوونە ترسناکەی بۆ سەر سەربازگەکەمان ناردووە.

هەرکە ئەخیل لە قسەکانی بووەوە، کالخاسی خیفزان و ڕەبەن هەستا. زۆر ئارەزوو و ویستی خواوەندانی بۆ قەوم و قیلەی خۆی کەشف کردبوو، گوتی ئامادەیە پێشبینی هۆی تووڕەبوونی خواوەندی کوشندە تیر بکات، بەڵام تا ئەخیل بەڵێنی ئەوەی نەداتێ کە لە شا ئاگامەمنوونی دەپارێزێت ئەو کارە ناکات. ئیدی ئەخیل دڵنیای کردەوەو سوێندی بە خواوەند ئەپولون خوارد کە زەمانەتی دەکات، هەنگێ کالخاسی خیفزان گوتی:

- کوڕی لاتونەی مەزن بۆیە لێمان چووە بە قینا، چونکە ئاگامەمنوون بێ ڕێزی بە کاهین و ڕەبەنەکەی ئەو کردووە و لە سەربازگەکە وەدەری ناوە و سەربەها گەورەکەی لە بری ئازاد کردنی کیژەکەی، ڕەفز کردووە، دیارە ئەپولون لێمان نابورێ تا کیژە چاو ڕەشەکە بۆ بابی نەگێڕینەوە و سەد سەر گا بۆ ئەپولون نەکەینە قوربانی.

ئاگامەمنوون گوێی لە قسەکانی یارۆی خیفزان بوو، زۆر لەو و لە ئەخیل تووڕە بوو، بەڵام کە دڵنیا بوو لەوەی هیچ چارێک نییە و دەبێ کیژێ بە بابی بدرێتەوە، هەنگێ قاییل بوو، بەڵام بەو مەرجەی لە جیاتی کیژی ناقبری قەرەبوو بکرێتەوە. ئیدی ئەخیل لە سەر ئەم خۆپەرستی و تەماعکارییە کەوتە لۆمە و سەرزەنشتی ئاگامەمنوون.

ئاگامەمنوون بە جارێ دەهری بوو، خرۆشا، کەوتە هەڕەشەیئەوەی بە پێی توانا و دەسەڵاتی خۆی دەتوانێ قەرەبووی خریسییدا بکاتەوەو لە بری خریسییدا، بەشە دەستکەوتی ئەخیل یان ئایاکس یان ئودیسیوس، لەو تاڵانیانەی کە کردبوویان بە تۆبزی بۆ خۆی ببات، ئەخیل زۆر تووڕە بوو، هاواریکرد:

- ئەی تەماعکاری چاوچنۆکی بێ شەرم و حەیا، تۆ هەڕەشەی ئەوەمان لێدەکەی بەشە دەستکەوتەکانی مە داگیر بکەیت، لە کاتێکا هیچ یەکێک لەمە بە ئەندازی تۆ دەستکەوتمان نەبووە، ئێمە تەنیا لەبەر ئەوە بۆ ئێرە هاتووین تا پشتیوانی لە خۆت و لە براکەت بکەین. لە جیاتی چاکە ئەوەتا هەڕەشەی ئەوە دەکەیت، ئەو دەستکەوتانەم لێ داگیر بکەی کە بە هێزی بازووی خۆم بەدەستم هێناوە. نا باشتر وایە تا زووە بۆ فیتا، بۆ وڵاتەکەی خۆم بگەڕێمەوە، نامەوێ لە سەر حیسابی من دەستکەوت و تاڵانی زیاترت دەست بکەوێ.

ئاگامەمنوون، بە دەنگێک کە لە تووڕەییدا دەلەرزی بەرسڤی دایەوە: - جا چییە، بۆ وڵاتی خۆت بگەڕێوە. ئەوەندەی ڕقم لە تۆیە ڕقم لە هیچ پاشایەک نییە. تۆ تاقە کەسیت کە تۆوی دووبەرەکی دادەچێنی. من لێت ناترسم، جا گوێ بگرە بزانە چیت پێ دەڵێم: من خریسییدا، مادام ویستی ئەولونی لە سەرە، بۆ بابی دەگێڕمەوە بەڵام لە جیاتی ئەو بریسییدای کەنیزەکی تۆ بۆ خۆم دەبەم و هەنگێ بۆت دەردەکەوێ کە چ توانا و دەسەڵاتێکم هەیە. جا با هەموو ئەوانەی بە خەیاڵی خاوی خۆیان، خۆ بە هاو توانا و هاو هێزی من دەزانن، ئەمە چاک بزانن و وەکو گوارە لە گوێی بکەن.

وەختایەک ئەخیل گوێی لە قسەکانی ئاگامەمنوون بوو، لە ڕادەبەدەر تووڕە بوو، بەلەز وبەز دەستی بۆ دەسکی شمشێرەکەی برد، بەڵام کاتێ کە شمشێرەکەی تا نیوە هەڵکێشا و خۆی تەیار کرد کە پەلاماری ئاگامەمنوون بدات، هەستیکرد بە ئاستەم دەستێک بە سەر قژیا هات، ئاوڕی دایەوە و ترسی لێنیشت، ئەسینا – پالادا کیژی خواوەندی بروسکە لە بەر دەمیا وەستابوو، ئەسینا لەم نەبێ، لە هەموو ئەوانی دی پەنهان بوو، هیرا ناردبووی، چونکە هیرا حەزی لە مەرگی قارەمانەکان نەبوو. ئەخیل و ئاگامەمنوون بۆ ئەو وەکو یەک بوون، ئەخیل لە بن لێوانەوە بە خوا بانوو ئەسینای گوت:

- کیژی زیوس، چی تۆی لە لووتکەی ئوڵەمپەوە گەیاندە ئێرە؟ بۆ ئەوە هاتووی تا بە چاوی خۆت ڕیسوایی من لە بەردەم ئاگامەمنووندا بدینی؟ ئەسینا – پالادا بەرسقی دایەوەو گوتی:

- نەخێرقارەمانی گەورە، من بۆ ئەوە نەهاتووم، بەڵکو بۆ ئەوە هاتووم هێورت بکەمەوە، ئەگەر گوێ لە مەشیەتی خوا بانوو دەگری، شمشێرەکەت لە کێلان بنەوەو لە بری ئەو زمانت بە کار ببە، بە پەیڤ و وشە توندەکانت سەرزەنشی ئاگامەمنوون بکە و باوەڕ بە وتەکانی من بکە، دوای ماوەیەکی کەم لێرەدا، لەم شوێنەدا، کۆبوونەوەیەکی دی دەکرێت، تا تەوازیت بۆ بێنێتەوەو هێندەت دیاری و سەوقاتی دەدەنێ، کە چەند قاتی بەهای ئەو شتانە بکاتەوە کە ئێستا لێتی دەسەنن. ئیدی خۆت هێور بکەوە و مل بۆ مەشیەتی نەمران بدە.

ئەخیل ملی بۆ قسەکانی خوا بانوو دا، شمشێرەکەی لە کێلان نایەوە و ئەسینا – پالادا لە شەقەی باڵی دا و بۆ مەڵبەندی خواوەندی ئوڵەمپی ڕەخشان زڤڕییەوە.

ئیدی ئەخیل دەمی لە ئاگامەمنوون بووەوە، بە ئارەزووی خۆی بەر دەمرێژی جنێوی دا، بە موعتەدی و بەد ڕەوشت و ترسنۆک و سەگی ناوبرد. ئەوسا سەوڵەجانەکەی فڕێ دایە سەر ئەرزەکە وسوێندی خوارد کە ڕۆژێک دێت یونانیەکان هەست دەکەن چەندیان پێویست بەوە، بەڵام ئەو کاتە ئاگامەمنوون چەندیش لە ئەخیل بپاڕێتەوە، دادی نادات. ئیدی هەوڵە ناوبژیوانیەکانی نەستووری پیر، پاشای بیلوس، نەیتوانی ئاشتیان بکاتەوە، چونکە ئاگامەمنوون گوێی لێنەگرت، ئەخیلی قارەمان دانەمرکایەوە، بەڵکو لە گەڵ باتروکلی هاوڕێی دا، وەدەرکەوتن و بە دڵی پڕ لە ڕق و تووڕەیی بۆ خێوەتەکانی خۆیان گەڕانەوە.

بەڵام ئاگامەمنوون، ئەمری کرد کە یەکێک لە کەشتیە لەزگینەکانی بۆ ناو دەریا داگرن و بە ناوی خواوەند ئەپولونەوە، کیژە جوانەکەی خریسی ڕەبەن وخیفزانی بۆ بەرنەوە. ئیدی دەبوایە کەشتیەکە بە سەرکردایەتی " ئودیسیوس "ی دانا و بەردەبار بۆ تیبە، بۆ شاری ئیستیون بڕوات، سەبارەت بە یونانیەکانیش ئاگامەمنوون ئەمری پێکردن کە بە نرخترین قوربانی پێشکەش بە ئەپولون بکەن، تا تووڕەییەکەی دابمرکێتەوە.

کەشتیەکە بەوپەڕی خێرایی خۆیەوە، بە سەر پێل و شەپۆلانی بێ کۆتایی دەریا کەوت، دوای ماوەیەکی کەم گەییە دەوروبەری بەندەری تیبە، یونانییەکان چارۆکەو بایەوانەکانیان دادایەوە و کەشتیەکەیان بەرەو بەندەرەکە برد، لەوێ ئودیسیوس لە گەڵ چەند سەربازێکا دابەزی، دەستی خریسییدای گرت و بۆ لای بابی برد و گوتی:

- ئەی ڕەبەن و خیفزانی بەڕێز و شکۆ، من لە لای ئاگامەمنوونەوە بە ئەمری ئەو هاتووم تا کیژەکەت بۆ بگێڕمەوە و هەروەها سەد سەر گام بۆ هێناوی تا بیکەی بە قوربانی بۆ خواوەند ئەپولونی مەزن، کە لێمان چووە بە قینا.

یارۆی ڕەبەنی پیر، بە گەڕانەوەی کیژەکەی خۆشحاڵ بوو، بەوپەڕی میهرەوە باوەشی پێداکرد و ئەوسا دەستی بە پێشکەشکردنی قوربانیەکان بە ئەپولون کرد و بە دەم پاڕانەوەوە ڕووی تێکرد و گوتی:

- ئەی خاوەن تیرێن زیوین گوێم لێبگرە، چۆن زۆرجاران گوێت لە پاڕانەوە و نزام گرتووە! ڕق و غەزەبی خۆت لە سەر تیرەی یونانیان هەڵگرە، ئەم بەڵای تاعوونە کە بۆت ناردوون، لە سەریان لابە.

ئەپولون، دوعا و نزای ڕەبەن و خیفزانە پیرەکەی خۆی قەبووڵ کرد و تاعوونەکەی لە سەر سەربازگەی یونانیەکان لابرد، وەختێ عێل و عەشرەت لە پێشکەشکردنی قوربانی بوونەوە، لە تیبە ئاهەنگ و کەڕنەڤاڵێکی نایابیان سازدا، غولامان جامی تەژییان پێشکەش بە میوانان کرد، ئیدی دەنگی سروود بێژان، بە مەدح و ستایشی ئەپولون بەرزبووەوە، دەعوەت و ئاهەنگەکە تا خۆرئاوا بەردەوام بوو، بۆ بەیانی دوای ئەوەی ڕۆژهەڵاتو هەموو دڵنیا و سەر ڕەحەت ، دوی ئودیسیوس کەوتن و بەرەو سەربازگە و ئوردوگا گەورەکەیان گەڕانەوە. ئەپولون، بایەکی نەرم و لەباری نارد، کەشتیەکەی وەکو نەورەسێکی سپی بە ناو دەریاکەدا ڕادا. زۆری پێنەچوو گەییەوە کەنارەکانی سەربازگەکە، نوقم وانەکان گرتیانەوەو لە دەریاکەیان دەرهێنا وخستیانە سەر زەوییەکە و هەموو بەرەو خێوەتەکانی خۆیان بڵاوەیان لێکرد.

لەو کاتانەدا کە ئودیسیوس لە تیبە بوو، ئاگامەمنوون هەڕەشەکەی خۆی لە ئەخیل جێبەجێ دەکرد، هەر دوو قوچاغەکەی خۆی " تالفیبیوس و ئیفریبات" ی بانگکرد و ناردنی تا برسییدای بۆ بێنن، بە نەبەدڵی بەرەو خەرگاکەی ئەخیل ڕۆیشتن، سەیریان کرد ئەخیل لەوێندەر دانیشتووە و زۆر بە قووڵی لە فکران ڕاچووە، لێی چوونە پێشەوە

ترس و شەرم دایگرتن، نەیانتوانی تاقە وشەیەک بدرکێنن، بۆیە کوڕەکەی بیلیوس، هەڵیدایە و گوتی:

- سڵاوتان لێ بێ ئەی قوچاغان. دەزانم ئێوە هیچ خەتایەکتان نییە، ئێوە مامورن و ماموران گلەییان لە سەر نییە، خەتا، تەنیا و تەنیا خەتای ئاگامەمنوونە. ئێوە بە دووی بریسییدا هاتوون، هاوڕێم پاتروکل، ئەو کەنیزەکەیان بدەیە، با بە شایەدبن، کە وەختی تۆڵە درەنگ یان زوو هەر دێت و بەڕێوەیە، ئەو کاتە نزیکە کە پێویستیان بە هێزی بازووی من بێ تا مەترسی لە سەر یونانیەکان دوور بخەمەوە. کاتێ کە ئاگامەمنوون گومڕا دەبێ و ناتوانێ بەرگری لە تیرەی یونانیان بکات و فریایان بکەوێ.

ڕوندک بە چاوانی ئەخیلدا هاتە خوارێ. لە هاوڕێکانی دابڕا و بەرەو کەنارە چۆڵ و هۆڵەکان ڕۆیی، ڕووەو دەریا هەر دوو باسکی کردنەوە و هاواری بۆ ڤیتیدای دایکی کرد و بە دەنگێکی بەرزی خەمناک گوتی:

- دایە گیان، بۆچی زیوسی بروسکەوان لێم چووە بە قینا و لە هەر شکۆ و شانازیەکم بێبەش دەکات، لە کاتێکا تۆ منت لە پێناویژیانێکی کورتا هێناوەتە دنیا. بەڵێ لە هەر شکۆ و شانازییەکی بێبەش کردووم، ئەوەتا ئاگامەمنوون بە ڕۆژی ڕوناک کەرامەتی شکاندووم، ئەو دەسکەوتانەم لێ زەوت دەکات کە بە قارەمانیەتی خۆم بە دەستم هێناون، دایکە گیان، گوێت لێمە!

ڤیتیدا، گوێی لە بانگەوازی کوڕە ئازیزەکەی بوو، لە کۆشکە جوانەکەی بیلیوس وەدەرکەوت و لەقووڵایی گێژاڤی قووڵی ئاوەکەوە دەرچوو، ئیدی بلەز وبەز بە سەر شەپۆلە کەفکردووەکانا وەکو هەور بۆی دەرچوو، نەوەستایەوە تا خۆی گەیاندە کوڕە ئازیزەکەی و بە سینگی خۆوەی گوشی و گوتی:

- خێرە بەو ئاوایە ڕوندکان هەڵدەڕێژی کوڕە ئازیزەکەم! دەی گرێی دڵی خۆتم بۆ بکەوە بزانم چیتە.

ئەخیل باسی ئەو سووکایەتیەی بۆ داکی گێڕایەوە کە ئاگامەمنوون دەرهەق بە ئەو کردبووی. لە دایکی پاڕایەوە کە بە پەلە بۆ ئوڵەمپی درەخشان بڕوات و داوا لە زیوس بکات بە توندی سزای ئاگامەمنوون بدات و تروادەییەکان سەر بخات و تەنگ بە یونانییەکان هەڵچنن و تا دەوروبەری کەشتیەکان ڕاویان بنەن بۆ ئەوەی فەرماندەی

گشتی تیبگات کە چ هەڵە و نابەجاییەکی کردووە. ئەخیل دایکی دڵنیا کرد کە زیوس لە قسەی ئەو دەرناچێ و داواکەی ڕەتناکاتەوە وئەوەندەی بەسە ئەوەی بیر بخاتەوە کە چۆن کاتێ ئوڵەمپ نشینەکان تەگبیریان لێکرد و لێبڕان لە خوایەتی بخەن و کۆت و زنجیریان کرد، ڤیتیدا فریای کەوت و چوو بۆ لای بریاریوسی سەد بازوو تا بە هانای مەزنی خواوەندانەوە بێت، کە بریاریوسی سەد بازوو پەیدا بوو، دڵی هەمووان دالەرزی و ترسیان لێنیشت و نەوێران دەست لە زیوس بەرز بکەنەوە. گەر ڤیتیدا ئەم چیرۆکە بیر زیوس بخاتەوە هەنگێ زیوس هیچ داواکارییەکی ئەو ڕەت ناکاتەوە.
ڕوندک بە چاوانی ڤیتیدا هاتە خوارێ و ڕووی کردە کوڕەکەی و گوتی:
- ئێی کوڕە ئازیزەکەم، بۆچی بۆ ئەم هەموو نسیبەت و بەلآیانەم هێنایتە دنیاوە! بەڵێ، ژیانت درێژ نابێت و بێگومان زۆرت بە بەرەوە نەماوە. تۆ بە بەرچاوی منەوە هەم تەمەنت زۆر کورتە و هەم بەد شانسترین خەڵقەندەیت. ئێ کوڕەکەم، خۆت بەم ڕادەیە خەفەتخان مەکە، هەر ئێستا بۆ ئوڵەمپی درەخشان دەڕۆم تا لە زیوسی بروسکەوان بپاڕێمەوە تا بە هانامەوە بێت و دەستی کۆمەک و یارمەتیم بۆ درێژ بکات. تۆش، بۆ خەرگاکەی خۆت بزڤڕەوە و کونجی قەناعەت بگرە و بەشداری شەڕ مەکە. زیوس، حاڵی حازر لە ئوڵەمپ نییە و هاوڕێ دەگەڵ هەموو نەمراندا چووە بۆ دەعوەتی ئەسیوبییەکان ( ئەسیوبییەکان، بە گوێرەی باوەڕی یونانیەکان گەلێکن لە سەمتی باشووری زەویدا دەژین.) دوای دوازدە ڕۆژی دی دەگەڕێتەوە، هەنگێ بۆ لای دەڕۆم، خۆم داوێمە سەر پێیەکانی، بەڵکو ئەمە خوایە قەناعەتی پێبکەم.
ڤیتیدا، کوڕە خەمبارەکەی بە جێهێشت، ئەخیل لە جێی خۆی هەستا و چوو بۆ خێوەتی هاوڕێ مارمیدونە ئازاکانی. ئیدی لەو ڕۆژەوە نە بەشداری کۆبوونەوەی فەرماندەکانی دەکرد و نە بەشداری شەڕی دەکرد، هەرچەندە خەریک بوو سووی لە بۆ شەڕ دەبووەوە، بەلآم وێڕای ئەوەش بە تەنیا و گۆشەگیری سووچی خەرگاکەی خۆی گرت.
یازدە ڕۆژ بووری، ڕۆژی دوازدەیەم ڤیتیدا، لە گێژەن و گێژاوی دەریا وەدەرکەوت، تەم و مژی بەیانی تێ ئالآبوو، بەرەو ئوڵەمپی درەخشان ڕۆیی، لەوێ خۆی هاوێشتە سەر پێی زیوس، باوەشی بە هەر دوو لاقیا کرد، ئەوسا هەر دوو باسکی بەرزکردنەوە و ڕدێنە چڕەکەی گرت و گوتی:

- ئەی باوکی گەورەمان، دەستی یارمەتی بگەیەنە کوڕەکەم. ئەوەت وەبیر بێتەوە کە ڕۆژێک لە ڕۆژان یارمەتیم داوی.
ترواده‌ییه‌کان سه‌ر بخه‌، به‌ ڕاده‌یه‌ک سه‌ریان بخه‌ که‌ یونانیه‌کان به‌ ناچاری په‌نا بۆ کوڕه‌که‌م به‌رن و داوای یارمه‌تی لێبکه‌ن و زۆر مه‌منوون و منه‌تباری ببن.
زیوس، به‌ر له‌وه‌ی وه‌ڵامی ڤیتیدا بداته‌وه‌ ماوه‌یه‌کی زۆر بێده‌نگ بوو. ئه‌نجام هه‌ناسه‌یه‌کی قووڵی هه‌ڵکێشا و گوتی:
- ڤیتیدا تۆ به‌م داوایه‌ت هیرام لێ ده‌هاڕوژێنی و بێگومان ڕقم لێ هه‌ڵده‌گرێ، حاڵی حازر و بێ ئه‌وه‌ش لێم په‌سته‌ چونکه‌ داشداری ترواده‌ییه‌کان ده‌که‌م، بۆیه‌ پێم باشه‌ جارێ له‌ چیای ئوڵه‌مپ دوور بکه‌ویته‌وه‌، تا هیرا چاوی پێت نه‌که‌وێ، به‌ڵێنت ده‌ده‌مێ که‌ داوایه‌که‌ت جێبه‌جێ ده‌که‌م، ئه‌مه‌ش نیشانه‌ی به‌ینمان بێت.
هه‌رکه‌ زیوس له‌ قسه‌که‌ی بووه‌وه‌، برۆی وێک هێنانه‌وه‌و چاره‌ی به‌ یه‌کا دا، مووی سه‌ری گرژبوون، سه‌رانسه‌ری ئوڵه‌مپ خرۆشا، ئیدی ڤیتیدا به‌م نیشانه‌یه‌ ئاسووده‌ و دڵنیا بوو، به‌ هه‌شتاو له‌ لوتکه‌ بڵنده‌که‌وه‌ داگه‌ڕا تا دووباره‌ خۆی به‌ ناو پێل و گێژاڤه‌کاندا بکاته‌وه‌.
لێ زیوس چوو بۆ سه‌ر ئه‌و خوانه‌ی که‌ نه‌مره‌کانی کۆ کرده‌وه‌، هه‌موو ده‌سته‌ و نه‌زه‌ر له‌ به‌ری هه‌ستان، هه‌رکه‌ جێگیر بوو و له‌ سه‌ر عه‌رشه‌ زێڕێنه‌که‌ی ڕۆنیشت، هیرا که‌ به‌ سه‌ردانه‌که‌ی ڤیتیدای زانی بوو، لێی نزیک بووه‌وه‌ و گوتی:
- پێم بڵێ هه‌ی فێڵ باز، ئه‌وه‌ قسه‌ت له‌ گه‌ڵ کێدا ده‌کرد. وادیاره‌ تۆ فێری ئه‌وه‌ بووی بیر و نه‌خشه‌کانتم لێ بشاریته‌وه‌. زیوس به‌رسڤی دایه‌وه‌:
- هیرا، به‌ ته‌مای ئه‌وه‌ نه‌بی ئاگاداری هه‌موو ئه‌و بیرانه‌ بیت که‌ له‌ مێشک و هزرمدان. به‌ڵام ئه‌و بیرانه‌ی که‌ بشێت لێیان به‌ ئاگابیت، پێش هه‌موو که‌س به‌ تۆیان ده‌لێم. به‌ڵام هه‌ولی ئه‌وه‌ نه‌ده‌یت نهێنییه‌کانم که‌شف بکه‌یت و له‌و باره‌یه‌وه‌ پرسیارم لێ مه‌که‌.
هیرا گوتی:
- ئا، ئه‌ی هه‌وره‌وان. تۆ به‌ خۆت ده‌زانی من قه‌ت ڕۆژێ له‌ ڕۆژان هه‌وڵی ئه‌وه‌م نه‌داوه‌ په‌ی به‌ نهێنییه‌کانت ببه‌م، تۆ هه‌میشه‌ به‌ته‌نیا و بێ پرس و به‌شداری هیچ که‌سێک قه‌راری خۆت ده‌ده‌ی. به‌ڵام من ده‌ترسم ڤیتیدا ئه‌مڕۆ هاتبێته‌ بن کلێشه‌ته‌وه‌و

قەناعەتی پێکردبیت تۆڵەی کوڕەکەی بۆ بسەنی و ژمارەیەک لە یونانیەکان لە ناو بەریت، دەزانم بەڵێنت داوەتی کە داواکەی جێبەجێ بکەیت.

زیوس، مۆڕەیەکی لە ژنەکەی کرد و ئەمری پێکرد دەمی تێک بنێت و ئەگەر دەیەوێ لە سزا بە دوور بێ، بە گوێی ئەم بکات. هیرا ترسا، بە سەر عەرشە زێڕینەکەیدا داڕوخا، ئیدی بە هۆی ئەم ناکۆکییەی نێوان هەر دوو خواوەندی گەورەوە ترس لە هەموو خواوەندەکانی دی نیشت. هیفستوسە لەنگ هەستا و کەوتە لۆمە کردنیان کە لە سەر بەشەرانی فانی دژایەتی یەکدی دەکەن و گوتی:

- ئەگەر ئەم بایە لەم کونەوە بێت، بەردەوام لە سەر بەشەرێن فانی بە شەڕ بێن، زۆری پێناچێت کۆڕ و خوانی خواوەندان لە هەر خۆشی و شادییەک خاڵی دەبێت.

ئەوسا ئاوڕی هیرای دایەوەو تکای لێکرد لە ویستی مێردەکەی دەرنەچێت، چونکە ئەگەر تووڕە بێت، زۆر بە توندی سزای دەدات و لەوەیە هەموو خواوەندەکان لێ بخات و تڕۆیان بکات. هیفستوس ئەو ڕۆژەی بیری دایکی خستەوە کە چۆن زیوس لە لوتکەی ئۆلەمپەوە ئەوی هەڵدایە خوارەوە، چونکە زیوس لە دایکی تووڕە بووبوو، ئەم ویستبووی یارمەتی دایکی بدات. ئیدی هیفستوس، پەرداخێکی تەژی نکتار کرد و پێشکەش بە هیرای کرد و بزە نیشتە سەر سیمای، بەڵام هیفستوس بە شەلەشەل بە نێو خواوەندەکان کەوت و پێکەکانی بۆ تەژی نکتار دەکردن. ئیدی کە دەیان بینی چۆن بە سەر مێز و خوانە گەورەکەیا دادەنەوێتەوە هەموو دەستیان بە پێکەنین کرد، سەر لە نوێ ئارامی باڵی بە سەر کۆڕ و مەجلیسەکەیانا کێشایەوە و ئیدی تاکو بەیانی ڕۆژ گزنگی دا، لە کۆڕ و بەزمەکەیان بەردەوام بوون و گوێیان لە ئاوازی گیتارەکەی ئەپولون و سترانێن خوا بانووی هونەر گرت. کە لە بەزمی خۆیان بوونەوە، بڵاوەیان لێکرد و هەر کەسە و چووە ناو جێگای خۆیەوە و هەموو مەڵبەندی ئۆڵەمپ، چووە خەوێکی قووڵەوە.

## ١٤- کۆبوونەوەی گشتی. تیرسیت
### ( لە ئیلیادەی هومیرسەوە )

خواوەندانی نەمر، لە سەر ئۆڵەمپ چوونە خەوێکی قووڵەوە، ئەم خەوە هەر دوو سەربازگەی یونانیەکان و ترۆادەی بە شکۆیشی گرتەوە. بەڵام زیوس، تاقە خواوەند

بوو کە نەخەوت، چونکە لە سێ و دووی ئەوەدا بوو، چ نەخشەیەک دابنێ تا تۆڵەی ئەو بێ ڕێزییە بکاتەوە کە بە ئەخیل کرابوو. ئەنجام بڕیاری دا خەونە درۆینەیەک بە سەر ئاگامەمنووندا بسەپێنێ، ئیدی خواوەندی خەوی بانگ کرد و ئەمری کرد، بۆ سەربازگەی یونانیەکان بڕوات، پێی گوت:

- ئەی مەرگی خاپینۆک بە پەلە لە شەقەی باڵە تیژەکانت بدە و بڕۆ لە بەردەم ئاگامەمنووندا قوت ببەوە، بچۆ خەونی و هانی بدە کە یونانیەکان بۆ شەڕ ببات، تێی بگەیەنە کە ئەمڕۆ هەلە و دەتوانێ تروادە بگرێت، چونکە هیرا داوای لە نەمرانی ئوڵەمپ کردووە، یارمەتی لە ترواده ببڕن و ئەو شارە مەزنە لە مەترسیدایە.

خواوەندی خەونان بلەز بۆ سەر زەوی داگەڕا، چووە کلێشەی نەستووری پیرەوە، کە ئاگامەمنوون زۆر ڕێزی دەگرت، چووە خەونی فەرماندەی یونانیەوە، ئیدی لە فەرمانەکەی خوای بروسکەی ئاگادار کردەوە. ئاگامەمنوون لە خەو ڕاپەڕی، هێشتا قسەکانی خواوەندی خەون لە گوێیدا دەزرینگانەوە. هەستا و جلە نایابەکانی لەبەر کرد. سەوڵەجانە زێڕینەکەی هەڵگرت و بە هەشتاو چوو بۆ ئەو شوێنەی کە کەشتی یونانیەکان مۆڵیان تیا خواردبوو. بەیان خەریک بوو لە ئاسۆوە دەنگاوت و مژدەی هەڵاتنی هیلیوس، خواوەندی خۆری بە ئاسمان ڕاگەیاند، ئاگا مەمنوون پەیکەکانی بانگ کرد و ئەمری پێکردن کە جاڕ بدەن تا جەنگاوەرەکان بێن بۆ کۆبوونەوەی گشتی. بەڵام سەبارەت بە فەرماندەکان، ئەوا لە نزیک کەشتیەکەی نەستوور کۆی کردنەوە و ئەو خەونەی بۆ گێڕانەوە کە زیوسی بروسکەوان ناردبوویە خەونی.

فەرماندەکان هەموو خۆیان بۆ شەڕ ئامادە کرد، بەڵام ئاگامەمنوون ویستی بەر لەوەی بەرەو شوورە و حەسارەکانی تروادە بڕوات، پیاوەکانی تاقی بکاتەوە. بڕیاری دا بیرۆکەی گەڕانەوە بۆ وڵاتیان بخاتە بەردەم. لە کاتێکا فەرماندەکان لە کۆبوونەوەدا بوون، سەربازەکان بەرەو مەیدانی کۆبوونەوە پەل دەبوونەوە. ژمارەی فەوجەکانیان ئەوەندە زۆر بوو لە تۆ وایە پووره هەنگن و لە شکەفتی کێوانەوە هاتوونەتە دەرێ. تەنانەت دەنگی جاڕچییەکان بە ئاسانی نەیاندەگەیشتێ تا داوای بێدەنگیان لێبکەن تا گوێیان لە وتەی ئەو شا فەرماندانە بێ کە لە نەوە ونەتیرەی زیوس بوون. ئەنجام هەرکەسە وشوێنی خۆی گرت وبێدەنگی بەرقەرار بوو.ئاگامەمنوون کۆبوونەوەکەی کردەوە، لە وتەکەیا باسی دژواری شەڕی کرد، باسی ئەو شەڕە بێهودانەی کرد کە

یونانیەکان لە نزیکی شوورە وحەسارەکانی ترواددا کردبوویان، ئامازەیبۆ ئەوە کرد، دوای ئەوە دەرکەوت ئەم شارە لە گرتن نایەت، هیچ چارێک نییە ئەوە نەبێت بۆ نیشتمان بگەڕێنەوە. یونانیەکان بە وردی گوێیان لە وتەکەی ئاگامەمنوون گرت. لە ناکاوا ئاپۆڕای خەڵکەکە بە جارێ خرۆشا، دەتگوت دەریایە و بای باشوور ورۆژهەڵات لێی داوەو هاتووەتە خرۆشان و شەپۆلدان. سەربازەکان بەدەم هاواری بەرزەوە بەرەو کەشتیەکان هڕوژمیان برد، ئەرزەکە لە ژێر پێیاندا کەوتە لەرزین. تەپ و تۆز بەری ئاسمانی گرت، دەنگی هاوار لە سەرانسەری سەربازگەکەدا دەنگی دایەوە، ئیدی کوڕ ئەو کوڕە بوو زووتر کەشتیەکەی خۆی بخاتە ئاوەکەوە و بەوپەڕی تاسە و ئارەزووەوە بەرەو وەڵاتی خۆی بزقڕنەوە.

دەنگی هاوار لە هەر گۆشەیەکی ئوڵەمپیشدا دەنگی دایەوە، هیرا ترسی لێنیشت کە یونانیەکان دەست لە گەمارۆی تروادە هەڵگرن، بە پەلە ئەسینا – بالادی نارد بۆ سەربازگەکەیان تا لەو کارەیان ژێوان بکاتەوە، ئەسینا وەکو باهۆز بۆی دەرچوو، خۆی گەیاندە سەربازگەکە، چووە بەردەم ئودیسیوس و پێی گوت:

- باشە کوڕی " لایرت " ی بەخشندە، ئێوە بە ڕاستی بە تەمان بۆ وڵات بگەڕێنەوە. یانی هیلینی نازدار لە ترواده بە جێ دەهێڵن تا پریام و خەڵکی ترواده پێی شادبن. خێرا، بە پەلە هەڕە قەناعەت بە سوپاکان بکە کە لەم قەرارە ژێوان ببنەوە.

ئودیسیوس، هەرکە گوێی لە قسەکانی ئەسینا بوو کە بە دەنگێکی دلێر و سامناک دەیدوێنێ، بە هەشتاو بۆ لای کەشتیەکان ڕۆیی، لەوێ ئاگامەمنوونی بینی، سەوڵەجانەکەی لە دەستی ڕاپسکاند، کە ڕەمزی فەرماندەی گشتی بوو، کەوتە هەوڵدان کە هەمووان، بە فەرماندە و سەربازانەو بێنێتە ڕەدا و دەستبەرداری کەشتیەکان ببن و نەیانخەنە ئاوەوەو سەر لە نوێ بۆ کۆبوونەوەکە بزقڕنەوە. بە سەوڵەجان کەوتنە وێزەی ئەوانەی دەنگیان بەرز دەکردەوەو ڕژد بوونلە سەر ئەوەی لە ترواده دوور بکەونەوە. دووبارە لەشکرەکان بۆ شوێنی کۆبوونەوە گەڕانەوە، دەنگ و هەرا و زەنایان دەگەییە کەشکەڵانی ئاسمان، لە تۆ وایە پێل و شەپۆلی دەریایەکی خرۆشاوە و خۆی بە تاوێرێن کەنارا دەکێشێ و وەکو هەورە تریشقە دەنگدەداتەوە. ئەنجام هەمووان گەڕانەوە شوێنی خۆیان و بێدەنگ بوون، تەنیا تیرسیت نەبێت. ( تیرسیت: هۆمیرۆس تابلۆ و دیمەنی تیرسیت لەو ڕوانگە و گۆشەنیگا ئەرستوکراتیەوە

پێشکەش دەکات کە شاعیر گوزارشتی لێدەکرد؛ بڵامئەو سەربازە سادەیە لە ڕاستیدا گوزارشتی لە بۆچوونی ئەو سەربازانە دەکرد کە شەڕی ترووادەیان زۆر بە لاوە گرینگ نەبوو، و هەموو خەم و خەیاڵیان ئەوە بوو زۆر بە پەلە بۆ وڵات بگەڕێنەوە. ) کە سوور بوو لە سەر ناڕەزایی و هاواری خۆی، زۆرجار ڕێگەی بە خۆی دەدا هێرش بکاتە سەر پاشاکان و لێیان بخوێنێ، زۆری ڕق لە ئودیسیوس و پاڵەوان ئەخیلی کوڕی ڤیتیدا بوو. بەڵام ئەمجارەیان ڕوویکردە خودی ئاگامەمنوون و پێی گوت کاتی ئەوە هاتووە قەناعەت بەو هەموو دەسکەوت و سەروەت و سامانە بکات کە وەکو سەربەهای دیلە ترووادەییە دەوڵەمەندەکان، ئەوانەی کە سەربازانی یونانی بە دیلیان گرتبوون، بکات. ئەنجام داوای لە لەشکرەکان کرد بلەزوبەز بۆ ئاخی وڵات بزڤڕنەوەو ئاگامەمنوون بە تەنیا لە بن دیوارەکانی تروادە بەجێ بێڵن تا پاشانبزانێ کە سەربازەکان لە شەڕا یارمەتیان داوە یان نا، بزانێت بە ڕاستی وەفاداری بوون یان نا. تیرسیت، لە سەر سەرزەنشت کردنی ئاگامەمنوون ڕۆیی، گلەیی ئەوەی لێکرد کە بێ ڕێزی بە ئەخیل کردووە، هەروەها ئەخیلیشی لە تانە و تەشەران نەبوارد. بە ڕژد و نەفس نزمی ناو برد، ئودیسیوس یەکێک بوو لەوانەی زۆر بە وردی گوێی لە هێرش و تانە و تەشەرەکانی تیرسیت گرت، لە کۆتایی قسەکانیا، چوو بۆ لای و بە دەنگێکی نەوی پێی گوت:

- سەرزەنشتی پاشایان مەکە کەودەن، نەخەڵەتابی باسی گەڕانەوە بۆ وڵات بکەی! کێ چوزانێ ئێمە چیمان بە دەستەوەیە! باش گوێ بگرە، ئەگەر جارێکی دی گوێم لێ بێ تانە و تەشەر لە ئاگامەمنوون بدەی، دەتگرم، ڕووت و قووتت دەکەمەوە، زۆر خراپت حەسیر مەیدان دەکەم و بە گریان لە کۆبوونەوەکە وەدەرت دەنەم و بە چاوانی خوێناوییەوە بۆلای کەشتیەکانت دەنێرم، ئەم سەرە هی من نەبێ و بابی تیلماخ نەبم ئەگەر ئەوەت لە گەڵ نەکەم.

ئودیسیوس، ئەو قسانەی کرد، پاشان سەوڵەجانەکەی هەڵبڕی و بە پشتی " تیرسیت " یدا کێشا و لە تاو ئازار روندک زایبە چاوانی. شوێنی سەڵەجانەکە لە سەر پشتی خەتم بوو و سوور بووەوە، ڕەنگی لە ترسا زەرد هەڵگەڕا و بە ناو لەپ کەوتە سڕینی ڕوندکەکانی. ئیدی خێڵی یونانیان هەموویان دەستیان بە پێکەنین کرد و لە بەینی خۆیانا و بە دەم تەمەشا کردنی " تیرسیت " ەوە دەیانگوت: ( * - سەبارەت

بە پێکەنینەکە هەڵبەتە هەمووان پێکەنین. ڕاستە پاشا گەورەکان پێکەنین، بەڵام سەربازەکان، هاوڕێیانی تیرسیت، هاوسۆزی تیرسیتبوون و هەڵوێست و ڕەفتارەکەی ئەویان بە هەڵوسێت و ڕەفتاری خۆیان دەزانی، گوزارشت بوو لە خەون و خولیاکانی ئەوان.)

ئودیسیوس چ لە کۆڕ و کۆبوونەوەکانا و چ لە مەیدانی شەڕا، کاری زۆر گەورەی ئەنجام داوە، بەڵام ئەم کارەیان بە شاکاری ئەو دێتە ژماردن. بەڕاستی ئەم چەقاوە سووەی باش شکاندەوە، بە جۆرێ تەریقی کردەوە، کە جارێکی دی حەدی نەبێ بە گژ پاشایانی خۆشەویستی زیوسدا بچێتەوە.

بەڵام ئودیسیوس، ڕووی کردە ئەوانەی کۆبووبوونەوە، ئەسیناش لە شێوەی سەربازێکدا لە تەنیشتیەوە وەستا بوو. ئیدی دەستی بە دنەدانی جەنگاوەرەکان کرد کە بەردەوام بن لە گەمارۆدانی ترواده، چونکە ئەگەر هەر واو بە بێ گرتنی شارەکە، بۆ وڵاتی خۆ بگەڕێنەوە، شەرمەزاری هەم بە سەر فەرماندەکەیان و هەم بە سەر خۆیاندا دێنن. لە وتارەکەیا پرسی ئایا نامەردییان گەییوەتە ئەو ئاستەی وەکو منداڵان و بێوەژنان بە خوت وخۆڕایی پاشەکشە بکەن، باشە پێشبینییەکەی کالخاسی خیفزانیان بیرچووەوە کە دەبێ چاوەڕوان بکەن، ئەو نیشانە و ئامـاژەیەیان لە بیر چووەوە کە زیوس لە ئەڤلیدا نیشانی دان! یونانیان تەنیا لە ساڵی دەیەمدا بە ئامانجی خۆ دەگەن. ئەو وتە گەرمانە، دووبارە پیاوەکانی جۆش دایەوە، بە دەنگی بەرز هاواریان کرد، لە ناکاوا نەستووری پیرەمێردی خوایی ڕابوو، بێدەنگی باڵی بە سەر هەمووانا کێشا وئاپۆڕای خەڵکەکە بێدەنگ بوون. ئیدی پیرەمێرد ئامۆژگاری کرد کە شەڕی ترواده‌ییەکان بکەن و لە کاتی هێرشا لەشکرەکان بە گوێرەی نەژاد و خێڵان دابەش بکرێن بۆ ئەوەی هەر تیرە وهۆزێک پشتیوانی لە تیرە و هۆزی خۆی بکات. لەم حاڵەدا دەتوانرێ فەرماندەی بەهێز لە فەرماندەی لاواز جیا بکرێتەوە وخێڵی نەبەز لە خێڵی ترسنۆک جیا بکرێتەوە وهەروەها هۆ و سەدەمی ئەوەش بزانرێ کە بۆچی ئەم شارە نایەتە گرتن – ئایا ئەمە ویست ومەشیەتی خواوەندانی نەمرە، یان نەزانینی چۆنیەتی بەڕێوەبردنی جەنگە. ئاگامەمنوون بەم نەخشەیە قایل بوو و ئەمری بە سەربازەکان کرد کە بڵاوەی لێبکەن و بڕۆن نان بخۆن و پاشان خۆیان بۆ جەنگی یەکلاکەرەوە ئامادە

بکەن کە دەرفەتی ئیسراحەت بە کەس نادات. جا وای بە حاڵی ئەو کەسەی لای کەشتیەکان دەمێنێتەوە یان لە شەڕ هەڵدێت، دیارە سزاکەی زۆر توووند دەبێت و فرێ دەدرێتە بەر کسۆکان و سەرگەڕ ودالاشان.
هاواری سەربازان بەرز بووەوە، ڕێک لە خرۆشانی دەریا دەچوو کە دەکەوێتە شەپۆلدان و هەر شەپۆلێکی بە قەد چیایەک بەرز دەبێتەوە. دوای ماوەیەکی کەم ئاپۆڕاکە بڵاوەیان لێکرد و هەرکەسە و بە هەشتاو بۆ خێوەت و خەرگای خۆی ڕۆیی. ئیدی دووکەڵی ئاگرە پەراگەندەکان لە هەر چوارنکاڵی سەربازگەکەوە بەرزبووەوەو ئاسمانی سەربازگەکەی تەنی. ئیدی هەرکەسە و خۆی بۆ گەڕی داهاتوو ساز دەدا، هەروەها هەرکەسە و قوربانیەکی بۆ خواوەند کرد و لێی پاڕایەوە کە لە میانی ئەو شەڕە خوێناوییەدا بیپارێزێ و بە سەلامەتی دەرباز ببێت. بەڵام ئاگامەمنوون، گایەکی گەورەی بۆ زیوس کردە قوربانی و گایەکەی لە حوزووری قارەمانانی نێودارا سەر بڕی و لە زیوس پاڕایەوە کە سەری بخات و بەرلەوەی تاریکی باڵ بە سەر زەویدا بکێشێت، شارە قایم و عاسێیەکە بگرێت و خۆی بە کۆشکەکەی شا پریام دا بکات و با شاری ئەوەی بدات کە هیکتۆر بکوژێت و نێزە و ڕمەکەی بکات بە بەینی پەراسووەکانیا. بەڵام زیوسی گەورە، خودان بروسکە و تەشبریقان، دوعا و نزاکانی ئاگامەمنوونی قەبووڵ نەکرد، بەڵکو لەو ڕۆژەدا کۆمەڵێک بەڵا ومەینەتی بۆ ڕەخساند. هەرکە ڕێوڕەسمی قوربانی و زیافەت و خوانەکەی کە بەو بۆنەیەوە بەرپا کرابوو، تەواو بوو، نەستوور کەوتە هاندانی فەرماندەکان کە لەشکر و سوپاکان بەرەو مەیدانی شەڕ بەرن.
هەر فەرماندەیەک بە پەلە پەل خۆی گەیاندە هێزەکەی خۆی. جارچی بە دەنگی بەرز جاڕیان بۆ جەنگاوەرەکان دا. فەرماندەکە بە گوێرەی نەخشەی شەڕ دابەشیان کردن و بەرەو شوورە و حەسارەکانی شاریان بردن، ئیدی ئەرزەکە لە ژێر هەنگاوی سەربازان و سمی ئەسپاندا دەلەرییەوە، دەنگی ئەو هەرا وهەنگامەیە لە دۆڵی " سکاماندر " دا دەنگی دەدایەوە. ( سکاماندر: ڕوبارێک بوو بە تەنیشت ترواددا دەڕۆیی ) . سەربازەکان تینووی ڕووبەڕوو بوونەوەی دژمن بوون. ئەسینا – پالادا وەکو با بە نێو سوپاکانا دەسووڕایەوە، هانی سەربازەکانی دەدا کە خۆڕاگر و کۆڵنەدەر بن، ورەی بەرز دەکردنەوە وزاتی وەبەر دەخستن.

فەرماندەکان بە سواری گالیسکە پێش لەشکرەکان کەوتبوون و شا ئاگامەمنوون لە پێشی هەمووانەوە بوو، هێندە تووڕە وگرژ و مۆن بوو لە زیوس دەچوو. بەوجۆرە سوپا و لەشکرەکان بەیەک ڕەوت و ڕیز بەرەو شوورە و حەسارەکانی تروادە پێشڕەوی کرد.

## ١٥- دوئیلی نێوان مینیلاوس و پاریس
## ( لە ئیلیادەوە )

ئیریدا چووە کلێشەی " بولیت "ی کوڕی پریامەوەو بە لەز وبەز لە لوتکەی ئوڵەمپەوە داگەڕا، ترواده‌ییەکانی ئاگادار کردەوە کە سوپا و لەشکرێن بێ شومار لە سەربازگەی یونانیەکانەوە بەڕێوەن تا هێرشیان بەرنە سەر. ترواده‌ییەکان لەو کاتەدا لە کۆبوونەوەیەکی گشتیدا بوون کە هیکتۆر ئەمری بە هەڵوەشاندنەوەی کرد.

ئیدی ترواده‌یی و هاوپەیمانەکانیان لەز بلەز پریان دایە چەکەکانیان و بە گوێرەی نەخشەی جەنگ و شەڕ دابەشبوون و دەرگای شارەکەیان کردەوە، ئیدی سوپاکان کە سەراپا نقومی چەک بوون بەڕیز و یەک لە دووی یەک لە دەروازەکەوە وەدەرکەوتن، ئیدی وەکو قەتاری قورینگان بن و بە دەم فڕینەوە بقیڕێنن، بەو ئاوایە ڕووبەڕووی یونانیەکان هاواریان دەکرد کە بە بێدەنگیەکی سامناک لە شار نزیک دەبوونەوە، تەپوتۆز بەرز بووەوەو ئاسمانی مەیدانەکەی تەنی.

هەر دوو قۆشەن کەوتنە بەرانبەر یەک، بەڵام شەڕ دەستی پێکرد، پاریس لە نێو ڕیزەکانەوە هاتەدەرێ، کەوڵە پڵێنگێکی بە شانیا دابوو، تیردان و تیرەکانی لە پشتیەوە دەبریقانەوە، شمشێرە بڕندەکەی بە قەدیەوە دەبریسکایەوە، بە هەر دوو دەستان ڕمەکەی ( نێزە ) گرتبوو، هاواری لە یونانیەکان کرد کە یەکێک لە پاڵەوان و قارەمانەکانیان بنێرنە دوئێلی ئەو. مینیلاوس هەرکە چاوی پێی کەوت، بە خۆ وچەک وچۆڵەکانیەوە، خۆی لە گالیسکەکەی هەڵدایە خوارەوە و ڕووی گەشایەوە، بە جۆرێ دەیڕوانیە ڕەقیبەکەی لە تۆ وایە شێرە و دەڕوانێتە نێچیرەکەی.

که پاریس چاوی بە مینیلاوسی دژمنی کەوت، ترسی لێنیشت و لە ترسی مردن خۆی خزاندەوە نێو ڕیزەکان، هیکتۆر کە ئەو هەڵوێستەی لێ بینی کەوتە سەرکۆنەی و پێی گوت:

-تۆ تەنیا بە ڕواڵەت ئازایت. بریا لە بار دایکت چووبای و ئەم شەرمەزاریەت بە سەر نەهێنابا‌ین. گوێت لە پێکەنینی یونانیەکان نیە چۆن گاڵتەت پێدەکەن. یان ئازاییەکەت هەر ئەوەندە بوو کە هیلینی ژنی مینیلاوس بڕفێنێ و بۆ ئێرەی بێنی وبیکەی بە بار بە سەر خەڵکی ترواددەوە. لە مینیلاوس ترسایت؟ بۆت دەرکەوت مێردی ئەو ژنەی ڕەدووت خستووە چتۆ پیاوێکە! ئاخ ئەگەر ترواددەییەکان هەندێک جدیتربان، لە سەر ئەو کارەساتەی تۆ بە سەرت هێناون بەرد بارانیان دەکردیت. پاریس بەرسڤی براکەی دایەوە وگوتی:

- هیکتۆر گیان هەقی خۆتە سەرزەنشتم بکەیت. بەڵام خەمت نەبێ. من لە مەیدانی دوئێلدا ڕووبەڕووی مینیلاوس دەبمەوە، تۆ ئەمر بە سوپاکانت بکە با بوەستن. من لە پێناوی هیلینی نازدارا دەچمە مەیدانی ڕەقیبەکەم، کێهەمان سەرکەوت با هیلین بۆ ئەو بێ.

کە هیکتۆر گوێی لەو قسانەی براکەی بوو، بەرەو ناوەندی سوپای ترواددەییان چوو، سوپاکانی ڕاگرت، یونانیەکان ئامادە بوون تا بەر تیرانی بدەن، تەنانەت هەندێکیان کەوتنە بەرد باران کردنیشی. بەڵام ئاگامەمنوون پێشی گرتن و گوتی:

-کوڕانی یونان بوەستن، هێور بن پیاوانی ئاخییان. هیکتۆری خودە ڕەخشانڕووی دەمی لە ئێوەیە.

کە بێدەنگی بەر قەرار بوو هیکتۆر ڕایگەیاند کە پاریسی برای پێشنیاز دەکات ئەم کێشە و ئاریشەیەی لە سەر هیلین هەڵگیرساوە، بە دوئێل چارەسەر بکات. مینیلاوس بەرسڤی دایەوە و گوتی:

- گوێی بگرە هیکتۆر، کاتی ئەوە هاتووە ئەم جەنگە خوێناویە ڕابگرین. جا با ئێمە، من و پاریس ڕووبەڕووی یەک ببینەوە، کێهەمان مردنی لە چارە نووسرابوو با بمرێت، با لە سەر ئەمە ڕێک بکەوین، بەڵام با پریام بە خۆیسوێند بخوات و زەمانەتی ئەم ڕێکەوتنە بکات چونکە هەموو کوڕەکانی خاپینۆکن.

هەمووان ئەو پێشنیازەیان پێخۆش بوو، هیکتۆری پەیکی لە دووی بابی نارد.

لەو دەمەدا ئیریدا چووە کلێشەی لاودیکای، کیژی پریامەوە، چووە بەردەم هیلین و داوای لێکرد کە بێتە سەر بورجەکەی لای دەروازەی سکیە کە پیرانی ترووادە، بە سەرۆکایەتی پریام لەوێ کۆبوونەتەوە، تا دوئێلی نێوان پاریس و مینیلاوس بدینێ. هیلین جلە جوان و نایابەکانی لە بەر کرد و بە هاوڕێیەتی دوو کەنیزەکە شوێن ئیریدا کەوت. هیلین، مێردی یەکەمی و سپارتەی زاگەی ئازیزی خۆی بیرکەوتەوە و ڕوندک بە چاوانیا هاتە خوارێ. پیرانی ترووادە کە بەو هەموو شۆخ و شەنگییەوە دیتیان کە بەرەو لای ئەوان دەهات، لە بەینی خۆیاندا کەوتنە چپە دوو و گوتیان:

- نا، یونانی و ترووادەییەکان نەهەقیان نییە ئەم شەڕە دژوارە لە سەر ئەم نازدارە بکەن. لە جوانیا هاوتای خوابانووە نەمرەکان دەکاتەوە، بەڵام چەندیش جوان بێ باشتر وایە بۆ وڵاتی خۆی بڕواتەوەو ئەم شەڕە لە کۆڵ ئێمە و منداڵەکانمان بکاتەوە و نەبین بە خوراکی مەرگ و مردن.

بەڵام پریام هیلینی بۆلای خۆی بانگکرد و ناوی ئەو پاڵەوانانەی لێ پرسی کە لە سەر بورجەکەوە دەی بینین، ئیدی هیلین ئاماژەی بۆ لای پاڵەوانی دلێر ئاگامەمنوون، ئۆدیسیوسی بلیمەت و بەردەبار، ئایاکس تیلامونید، ئیدومینیوس – شای کریت کرد و ناوی هەمووانی بە پریام گوت. پریام بە جوانی و سەر و سیمای ئەو پاڵەوانانە سەرسام بوو، سەری لە چەکە جوانەکانیان سوڕما. ئەوسا پەیکەکەی هیکتۆر گەیی. شا پریام بلەز هەستا و ئەمری کرد گالیسکەکەی بۆ ئامادە بکەن، ئەوجا بە هاوڕێیاتی ئەنتینور لە دەروازەی سکیەوە بۆی دەرچوو.

ئاگامەمنوون و ئۆدیسیوس هەستان و چوونە پێشوازی پیرە پریام، قوربانی پێشکەش بە خواوەندی ئۆلەمپ کرا، سوێندی گەورە خورا کە پابەندی مەرجەکانی ڕێکەوتنەکە ببن. هەنگێ پریام ڕووی دەمی کردە هەر دوو قۆشەنەکە و گوتی:

- ئەی پاڵەوانانی نەبەز، پیاوانی ترووادە و وڵاتی یونان، من هەنووکە بۆ شارەکەی خۆم دەگەڕێمەوە، چونکە توانای ئەوەم نییە تەمەشای دوئێلی نێوان کوڕەکەم و شا مینیلاوسی دلاوەر بکەم. تەنیا زیوس دەزانێ کیهەیان دەکوژرێ.

پیرەمێرد، بلەز لە مەیدانی شەڕەکە دوور کەوتەوە، بەڵام هیکتۆر وئۆدیسیوس نەخشەی مەیدانی دوئێلەکەیان دەڕشت، ئەنجام بەردی بەختیان لە نێو کڵاو خودێک

نا. تەواو لەقاندیان تا بزانن کێ لەم دوو هەڤڕکە، یەکەمجار ڕمی خۆی باوێژێ، تیر وپشکەکە بۆ پاریس دەرچوو.
هەر دوو قارەمان هەڵیانکێشایە چەک، بەرەو مەیدانەکە چوون، ئاگر لە چاویان دەباری و ڕق و کینەیان لێ دەبووەوە. پاریس ڕمەکەی هاوێشتە مینیلاوس، بەڵام ڕمەکە بەر مەتاڵە قورس و ئەستوورەکە کەوت، مەتاڵەکە نەک هەر بە خۆی نەزانی و کون نەبوو، بەڵکو نووکی ڕمەکە چەمیەوە، مینیلاوس هاوای زیوسیکرد تا یارمەتی بدات و تۆڵە لە پاریس بکاتەوەو تا ببێ بە عیبرەت وچیدی پاداشتی چاکە بە خراپە نەدرێتەوە. ڕمەکەی بادا و کێشای بە مەتاڵە چەرمەکەی پاریس دا وکونی کرد و جل و بەرگەکەی پاریسی دڕی و ئەگەر پاریس خۆی لانەبردبایە، ڕزگاری نەدەبوو. مینیلاوس شمشێرەکەی هەڵکێشا وکێشای بە کڵاو خودەکەی پاریس دا، شمشێرەکە بوو بە چوار پارچەوە، کاتی مینیلاوس چەکەکەی بە دەستەوە نەما، لە ڕەقیبەکەی چووە پێشێ. کڵاوخودەکەی گرت وبەرەو سەربازگەی یۆنانییەکان ڕایکێشا، پەتی کڵاوخودەکەی بە جۆرێ لە ملی پاریس توووند بوو لەزگ بوو بخنکێ. چیوای نەمابوو مینیلاوس هەڤڕکەکەی بگەیەنێتە ناو سەربازگەی یونانیەکان، کە ئەفرودیتا بە هانای دۆستە ئازیزەکەیەوە هات و پەت و قایشی کڵاو خودەکەی پچڕی، پەت و قایشەکە بە دەستی مینیلاوسەوە مایەوە و پاریس بە پشتا کەوتە سەر ئەرزەکە. مینیلاوس پەلاماری دا کە بەر ڕمی بدات، لێ ئەفرودیتا فریای کەوت لە هەورێکی چریەوە پێچا و بە هەشتاو بۆ تروادەی بردەوە. مینیلاوس هەرچی کرد و کۆشا ڕەقیبەکەی بۆ نەدۆزرایەوە و نەدۆزرایەوە، ئیدی وەکو ئاژەڵێکی هۆڤی بە ناو ترواددەییەکاندا بۆ پاریس دەگەڕا، بەڵام شتاقیان پاریسیان پێ نیشان نەدا، هەرچەندە زۆریش ڕقیان لە پاریس بوو، هەنگێ شا ئاگامەمنوون بە دەنگە دلێرەکەی هاواریکرد:
- ترواددەییان و یونانیان گوێ بگرن. هەمووتان بە چاو خۆتان بینیتان کە مینیلاوس سەرکەوت. ئیدی هیلین و ئەو گەنج و سەروەت و سامانەمان بۆ بگێڕنەوە کە پاریس دەستی بە سەرا گرتوون، دەبێ سەرباری ئەوەش باجمان بداتێ.
بەڵام کەس وەڵامی دواکارییەکەی نەدایەوە. بەو جۆرە شەڕەکە بە دەقی خۆیەوە مایەوە.

## ١٦- پاندار لە سوێندەکەی ژێوان بووەوە.شەڕ
## ( لە ئیلیادەوە )

کاتێ مینیلاوس و پاریس بڕیاری دوئێلیان دا، خواوەندان لە کۆشکە بە هەیبەتەکانی زیوس دا، سەرگەرمی دەعوەت و زیافەت بوون.هیبا، خوابانووی گەنج، نکتاری لە پەرداخان دەکرد و ئوڵەمپ نشینان لێکدالێکدا هەڵیان دەدا و لە بەرزی ئاسمانەوە تەمەشای تروادەییەکانیان دەکرد. زیوس بە سوعبەتەوە بە هیرای دەگوت دوای ئەوەی مینیلاوس سەرکەوت، ئەو شەڕە خوێناوییەی نێوان تروادەیی و یونانیەکان ڕادەگرێت، بەڵام خوابانوو هیرا، پێی لێ داگرت کە ئەسینا بۆ سەربازگەی تروادەییەکان بنێرێ تا یەکێکیان هانبدات کە لە سوێندەکەی پاشگەز ببێتەوە، زیوس بە نەبەدڵی بە داواکەی قاییل بوو. ئیدی ئەسینا وەکو بروسکە لە چیای ئوڵەمپەوە داگەڕا و لە ناوەندی سوپای تروادەییاندا گیرسایەوە، ترادەییەکان حایر مان و لەم ئاماژەیە حاڵی نەبوون. ئایا نیشانەی ئەوە بوو دەست بە شەڕ بکرێ یان نیشانەی زیوس بوو بۆ سوڵح و ئاشتەوایی؟ بەڵام ئەسینا چووە پێستی " لاودوک " ی کوڕی ئەنتینورەوە و لە بانداری تیرەندازی بە نێوبانگ نزیک بووەوەو قەناعەتی پێکرد، کە یەکێک لە تیرەکانی بسرەوێنێتە مینیلاوس و بیکوژێت، باندار بە گوێی کرد، دەستی دایە یەکێک لە تیرە بڕندەکانی و داوای لە خواوەند ئەپولون کرد کە یارمەتی بدات و تیرەکەی هاوێشت، کەوانەکە گڤەی لێ هەستا و تیرەکە دەرچوو.ئەگەر ئەسینا، دەستی نەدابایە بەر تیرەکە و ئاراستەی ئەو شوێنەی جەستەی مینیلاوسی نەکردبا کە مەتاڵێکی دووباد دەیپاراست، بێگومان مینیلاوسی دەکوشت. تیرەکە، مەتاڵەکەی بڕی، چوو بە جەستەی پاڵەوان مینیلاوسدا، هەرچەندە زامەکەی قووڵ نەبوو، بەڵام خوێنێکی زۆری لەبەر ڕۆیی. ئاگامەمنوون کە بینی براکەی زامدارە، چاوی پەڕییەتۆقی سەری. لێ مینیلاوس دڵنیای کردەوە کە زامەکەی سووکە و مەترسیدار نییە. ئاگامەمنوون ئەمری کرد لە شوێن دوکتور ماهاون بنێرێن. ماهاون هات، زامەکەی معایەنە کرد، دەرمانی شفابەخشی لێدا، لە کاتێکا ئاگامەمنوون و قارەمانەکانی دی مژوولی چارەسەری زامەکە بوون، ترادەییەکان پەلاماری یونانیەکانیان دا. ئاگامەمنوون لەزبلەز خۆی گەیاندە سوپاکەی. کەوتە ڕێکخستنی ڕیزەکانی سوپا و بەرزکردنەوەی ورەی جەنگاوەرەکان.

یونانیەکان، بە کڕی وکپییەکی سامناک بەرەو پیری دژمنەکانیان دەچوون، هەموو کڕ وکپ، تەنیا دەنگی هاواری فەرماندەکان دەهات. بەڵام تروادەییەکان، بە دەم هاوار وبانگەوازی شەڕەوە هێرشیان بۆ بردن. ئەسینا – پالادا پێش سوپاکانی یونان کەوتبوو، " ئاریس "ی خواوەندی شەڕیش ڕێبەرایەتی سوپاکانی ترادەییەکانی دەکرد، شەڕی دەستەویەخە دەستی پێکرد، ئیدی هاواری سەرکەوتن و ئاه و ناڵەی بریندارانی لە حاڵی مەرگا، تێکەڵ بوون.
هێزی ترادەییان لە بەردەم گوشاری دژمنا پاشەکشەی کرد ویونانیەکان، بە یەکڕیزی هێرشیان دەبرد، ئەمە ئەپولونی داشداری ترادەییەکانی زۆر تووڕە کرد، دەنگی لێ هەڵبڕی:
- بۆ پێشەوە، ڕۆڵە نەبەردەکانی ترادە! وا وێنا نەکەن کە سینگی یونانیەکان لە تاوێران داتاشراوە، یان جەستەیان ئاسنە. تەمەشا کەن ئەخیلیان لە گەڵدا نییە، شانبەشانی وان شەڕ ناکات، لە خەرگاکەی خۆیدا، پاڵکەوتووە و مانی گرتووە.
خواوەندی تیرەنداز بەو هاوارە، ترادەییەکانی هێنایە جۆش، شەڕ گەرم بوو، خوێن ڕژا، قارەمانان کوژران، ئەسینا یونانیەکانی دنەدا، هاڕوژاندنی و لە شەڕەکەدا هێز و توانای بێ وێنەی بە شا دیومیدی کوڕی تیدیوس بەخشی، زۆری نەبرد کە ترادەییەکان کەوتنە پاشەکشە.
پانداری تیرەندازی بە نێوبانگ، کە عەگیدی پێشڕەوی شا دیومیدی بینی، تیر وکەوانەکەی هێنایە سەر پێ و تیرێکی خێواندێ. چوو بە شانیا، مەتاڵەکانی خڵتانی خوێنی ئاڵ بوون، سیماپاندار گەشایەوە ، وای زانی ڕەقیبەکەی خۆی کوشتووە و کەوتە بەرزکردنەوەی وورەی ترادەییەکان و ڕایگەیاند کە دیومیدی کوشتووە.
بەڵام دیومید، " سفینیل " ی قارەمانی بانگکرد و داوای لێکرد تیرەکە لە زامەکەی دەربێنێ و بۆی دەرهێنا. دیومید دووبارە لە ئەسینا پاڕایەوە، تۆڵە لەو کەسە بکاتەوە کە ئەو تیرەی لێدابوو. خوا بانوو هاتە بەر چاو وهێز وئازایەتیەکی لە ڕادەبەدەری بەبەرا کرد و ئەمری پێکردخۆی بە شەڕەکەدا بکات و جگە لە خواوەندانی نەمر، هەر کەسێکی دیکەی بێتە پێشێ، ڕایدەماڵێ، بۆی نییەچ کەسێک لە خواوەندانی نەمر، بریندار بکات تەنیا ئەفرودیتا نەبێت. قارەمان خۆی بە ناو جەرگەی شەڕەکەدا کرد، دەتگوت شیرێکی هۆڤیە و برینەکەی هێندەی دی دڕی کردووە و هاڕوژاندوویەتی.

که ئینیوسی قارەمان، دیومیدی بینی شەلم کوێرم بە ناو کەوتووە و باکی بە کەس نییە، خۆی بە ناو ڕیزی هێزەکاندا کرد، چاوی بۆ پاندار گێڕا، کە دیتیەوە داوای لێکرد بە دوو قۆڵی هێرش بۆ دیومید بەرن. پاندار خۆی هەڵدایە سەر گالیسکەکەی ئینیوس و بە دوو قۆڵی دەرپەڕین تا ڕووبەڕووی قارەمانانی یونانی ببنەوە.
وەختایەک سفینیل ئەو جووتە پاڵەوانەی ، واتە ئینیوس و پانداری بینی، ئامۆژگاری هاوڕێکەی کرد، کە پاشەکشە بکات و خۆی لە ڕووبەڕوو بوونەوەی ئەم دوو دلاوەرە بپارێزێت.
بەڵام دیومیدیقارەمان ئەو ئامۆژگارییەی ڕەفز کرد. گالیسکەکەی ئینیوس بە پەلە لێی نزیک دەبووەوە، پاندار ڕمەکەی بەرز کردەوە، لە دیومیدی دا، ڕمەکە مەتاڵەکەی بڕی و گەیبیەسەر ئەو قەڵغانەی کە جەستەی دەپاراست، پاندار گەشایەوەو وایزانی دژمنەکەی کوشتووە، بەڵام دژمنەکەی هەڵگەڕایەوەو ڕمێکی خێواندێ وپێکای و لە سەر گالیسکەکەی خستە خوارەوە، ئینیوس خۆی لە گالیسکەکە هەڵدایە خوارێ وخۆی دایەبەر قەڵغانەکەی وکەوتە بەرگری لە جەنازەی هاوڕێکەی. دیومید، دانەوییەوە، بەردێکی گەورەی لە عاردی هەڵگرت کە بە دوو زەلامی بەهێز هەڵنەدەگیرا، بە یەک دەست گرتی و تا هێز لە بازوویدا بوو خێواندیە ئینیوس و بەر ڕانی کەوت. ئینیوسی قارەمان بە سەر هەر دوو چۆکییا کەوت وئەگەر ئەفرودیتا فریای نەکەوتبا و بە جلەکانی خۆی نەیپاراستبا و بە هەشتاو لە مەیدانی شەڕەکەی دوور نەخستباوە لەگین بوو، هەر لەوێ بمردایە.
بەڵام دیومید پەلاماری ئەفرودیتاشی دا، ڕمە قورسەکەی لێ خستە کار و مەچەکی بریندار کرد، خوابانوو، هاوارێکی تیژی کرد و ئینیوسی لە باوەشی بەردایەوە و ئەپولون بە هانایەوە چوو و لە چڕە هەورێکی ڕەشەوەی پێچا و دیومید بە دەنگی بەرز کەوتە هەڕ و گیڤ لە خوا بانوو:
- هەیدێ بە کیژی زیوس، لە مەیدانەکە دوور کەوە! لە خەڵەتاندنی ژنانی لاواز تێر نەبوویت.
خوابانووی ڤیان لە مەیدانی شەڕەکە دوور کەوتەوە، دیومید دووبارە پەلاماری ئینیوسی دایەوە، سێ جەلان پەلاماری دا، هەر سێ جارەکە ئەپولون پێشی لێگرت، لە جاری چوارەما خواوەند تووڕە بوو و هاوارێکی ترسناکی بە سەریا کرد:

- ئاگات لە خۆ بێ کوڕی تیدیوس. وەرە دواوە و نەخەڵەتابی هێرشی سەر نەمران بکەی، دڵنیا بە فانیان چەند بە هێزیشبن هاوتای خواوەندان ناکەونەوە.
وەختێ دیومید، گوێی لەو قسە توونددانەی ئەپولون بوو، ترس دڵی داگرت و پاشە وپاش گەڕایەوە، ئەپولون، تینیوسی هەڵگرت و بۆ ترواده، بۆ پەرستگەکەی خۆی برد، لەوێندەر هەر دوو خوابانوو لیتا وئەرتیمیدای خوشکی ئەپولون کەوتنە پەرستاری و چارەسەری زامدارەکە. ئەپولون، لە مەیدانی شەڕەکە پەیکەر و هاوشێوەیەکی ئینیوسی قوت کردەوە کە شەڕێکی توندی لە دەور بەرپا بوو.
بەڵام ئەفرودیتای زامدار، لە مەیدانی شەڕەکەوە یەکسەر چوو بۆ بارەگای ئاریسی خواوەندی شەڕ، بە دەم گریان و فرمێسکەوە لێی پاڕایەوە کە گالیسکەکەی بە ئەمانەت بداتێ، ئیدی بە سواری گالیسکەکە بەرەو ئولۆمپی درەخشان ڕۆیی. لەوێندەر خۆی هاوێشتە سەر پێی دایکە دیونا و بە دەم فرمێسک ڕشتنەوە، هاواری ئازاری زامە کاریگەرەکەی بۆ کرد. دیوانا دەستی بە سەر باسکە ناسکەکانیا هێنا، زامەکەی ساڕێژ کردەوە، بەڵام هیراو ئەسینا گاڵتەیان پێدەکرد و بە زیوسی بروسکەوانیان دەگوت:
- تۆ بڵێی خوابانوو ئەفرودیتا، ژنێکی ئاخییایی دیکەی لە خشتە نەبردبێ تا ڕەدووی یەکێک لە ئاشقە ترواده‌ییەکانی بکەوێ؟ ڕەنگە لەو کاتەدا کە نەوازشی ئەو ژنە ئاخییاییەی کردبێ، دەستی ڕووشابێ.
بەڵام زیوس بزەیەکی کرد و ئەفرودیتای بۆ لای خۆی گاز کرد وگوتی:
- کیژە ئازیزەکەم، شەڕ و هەرایان ئیشی تۆ نییە، ئیشی تۆ زەماوەند و ڤیان و ئەو شتانەیە، شەڕ بۆ ئاریسی تووڕە وئەسینای جەنگاوەر دابنە.
لەوکاتەدا، شەڕێکی قورس لە دەوروبەری ئەو پەیکەر و هاوشێوەیەی کە ئەپولون دایڕشتبوو، گەرم بوو. ئەپولون وەکو باڵدارخۆی گەیاندە ئاریس، تکای لێکرد کە توونت و تیژی دیومید کەم بکاتەوە. خواوندی خەڵتانی خوین، بە گوێی ئەپولونی کرد، چووە کلێشەی قارەمانی تراقی " ئەکامانت " ەوە، کەوتە سووڕانەوە بەناو ترواده‌ییەکانا و هانی دەدان کە نەترسن و هێرش بەرن. ئاگری شەڕ سەر لە نوێ گەرم بوو. ئینیوس چاک بووەوە، زامەکەی ساڕێژ بووەوە، بۆ مەیدانی شەڕ گەڕایەوە، ترواده‌ییەکان کە بە ساغ وسەلامەتی بینیانەوە زۆر خۆشحاڵ بوون، ترواده‌ییەکان، داوی ئەوەی هێرش و شەڕ، پەراگەندەی کردبوون، یەکیان گرتەوە و یەکڕیز پەلاماری دژمنیان دا.

یونانیەکان چاوەڕوانی هێرشی ترواده‌ییەکانیان کە لە هەورە تریشقەی سەر چیایان دەچوو و ڕەشەباش نەیدەتوانی بیرەوێنێتەوە دەکرد. هەر دوو قارەمان ئودیسیوس و دیومید، یونانیەکانیان بۆ شەڕ هاندەدا، دووبارە شەڕ گەرم بووەوە و شا ئاگامەمنوون دەهات و دەچوو، سەراپا لە چەکا دەبریقایەوە. قارەمانان یەک لە دوای یەک دەکەوتن و تاریکی مەرگ دەنیشتە سەر چاویان.

هیکتۆر، لە ڕیزی پێشەوەی ترواده‌ییەکاندا دەجەنگی، ئاریسی خواوەندی جەنگ وخوابانووی شەڕان ئینیویو پشتیوانیان لێدەکرد.

کاتێ دیومید، ئاریسی خواوەندی جەنگی بەدی کرد، پاشەکشەی کرد و بانگی لە خێڵی یونانیان کرد:

- هاوڕێیان هیچ پێتان سەیر نەبێ کە هیکتۆر بەو هەموو قارەمانێتییەوە شەڕ دەکات، ئاریسی لە گەڵە. پاشەکشە بکەن و نەخەڵەتابن شەڕی خواوەندان بکەن.

گوشاری ترواده‌ییەکان لە سەر یونانیەکان زیادی کرد، " تلیبتولیم "ی گەنج و کوڕی هەرقل کوژرا، بە نێزەی ساربیدونی کوڕی زیوس کوژرا. بەڵام " تلیبتولیم " یش ڕانی ئەوی بریندار کرد، بە زەحمەتێکی زۆر هاوڕێیان ساربیدونیان لە مەیدانی شەڕەکە هەڵگرتەوە، تەنانەت پێش ئەوەی فریا بکەون و نێزەکە لە زامەکەی دەربێنن هەڵیانگرتەوە. وەختایەک زامدارەکە، هیکتۆری پاڵەوانی بەدیکرد تکای لێکرد، توندترین دەست لە دژمن بوەشێنێ. هیکتۆر دووبارە کەوتە هێرش و پەلامار، زۆر قارەمانی بە ڕمەکەی کوشت، ئیدی گوشاری ترواده‌ییان لە سەر دژمن توندتر بوو.

وەختێ هیرا ئەو حاڵەی بینی، ئەسینای بانگکرد، بە دوو قۆڵی خۆیان ئامادە کرد کە بچنە شەڕەکەوە تا ئاریس و پەلامارەکانی وی کۆنترۆڵ بکەن. بە کۆمەکی هیبا، ئەسپیان لە گالیسکە جوانەکەیان بەست. ئەسینا ،مەتاڵ و ئەسپابی شەڕی بەست، کڵاوخودە قورسەکەی لە سەری نا، ئەو باڵاپۆشەی لەبەر کرد کە سەری میدوزای پێوەبوو، بە خۆ و ڕمەکەی دەستیەوە خۆی هەڵدایە ناو گالیسکەکەی هیرا. وەختایەک هەر دوو خواوەند بە هەشتاو لە لوتکەی ئوڵەمپەوە دادەگەڕان، زیوسیان بە تاقی تەنیا لە لوتکەی ئوڵەمپا بینی. هیرا ئەسپەکانی ڕاگرت، بانگی لێکرد:

- باشە تۆ دیمەنی ئاریسی خرۆشیاگت لا ناخۆش نییە، کە بەو جۆرە قارەمانان دەکوژێت؟ من هەستدەکەم ئەپولون و ئەفرودیتا زۆریان کەیف بەو دیمەنە دێت. باشە لێم تووڕە دەبیت ئەگەر من سنوورێک بۆ خواوەند ئاریس دابنەم و جڵەوی بکەم.
خوای خواوەندان بەرسڤی دایەوە:
- بڕۆ، با ئەسینا – پالادا ڕووبەڕووی ئاریس ببێتەوە، جگە لەو هیچ کەسێک ناتوانێ خەمباری بکات.
خوابانوو هیرا، ئەسپەکانی تاودا تا گەییە خاڵی یەکانگیری هەر دوو ڕوباری سیمیوس و سکاماندر، هەر دوو خوابانوو، لەوێندەر لە گالیسکەکە دابەزین، ئەسپەکانیان بەستەوەو لە پەڵە هەورێکی ڕەشیانەوە پێچانەوە. هیرا چووە کڵێشەی ستینتورەوە، کە پیاوێکی دەنگ گەورە بوو، یونانیەکانی هاندا کە خۆڕاگر بن و لە شەڕا بەردەوام بن، پاشان لە دیومید نزیک بووەوە کە خەریک بوو دەستی بەو زامەوە دەنا کە پاندار پێوەی نابوو، ئەوسا کەوتە لۆمەی کە لە شەڕی تروادەییەکان دواکەوتووەو ئەگەر بابی، واتە تیدیوسی قارەمانی نەبەز لە جیاتی ئەو بوایە هەرگیز کاری وەهای نەدەکرد ، بەڵام دیومید بەرسڤی خوابانوو هیرای دایەوە و گوتی:
- نا، نەخێر ئەی کیژی زیوس، ئەی چاو گەش، من لە شەڕی تروادەییان ناترسم، بەڵکو من بەردەوام ئەو ئاگادارییەی تۆم لە بیرە کە ئامۆژگاریت کردم خۆم لە شەڕی خواوەندانی نەمر دوور بگرم.
ئەسینا گوتی:
- گوێ مەدەیە ئەی کوڕی تیدیوس و هەڵبژاردەی ئەسینا، ئێستاش نەچووە بچێ، هەرە پێش و نە لە ئاریس بترسە و نە لە نەمرەکانی دی، من پشتیوانیت لێدەکەم و دەست بە باڵتەوە دەگرم. هەڕە پەلاماری ئاریس بدە، ئەو ماوەیەکی کەم لەمەپێش سۆزی دا کە یارمەتی یونانیەکان بدات کەچی ئەوەتا داشداری ترواددەییەکان دەکات.
ئەسینا، بە هاوڕێیەتی سفینیل خۆی بە گالیسکەکەی دیومیدا کرد، تەوەری گالیسکەکە کە لە دار بەڕوو دروستکرابوو لە ژێر قورسایی خوابانووی سەربەرزا کەوتە جیرەجیر، لە کاتێکا ئاریس مژوولی داماڵینی چەک و مەتاڵەکانی پاڵەوانی کوژراو بریفانت بوو، ئەسینا، ئەسپەکانی بەرەو لای ئەو تاودا، ئاریس، دیومیدی قارەمانی بەدی کرد کە لە تەنیشت ئەسیناوە دانیشتووە، ئیدی وازی لە ڕووتکردنەوەی کوژراوەکە هێنا، تا بە

نێزەو ڕمان بەربێتە کوڕەکەی تیدیوس. بەڵام ئەسینا ڕمەکەی لێ دوور خستەوە، لە ڕێڕەوی خۆی لایدا، ئەسینا، هێزێکی چەندین چەنانەی بە هەڵبژاردە و دەستە گوڵەکەی خۆی بەخشی، بە ڕمەکەی ئاریسی بە سەختی بریندار کرد و ڕمەکەی لە زامە قووڵەکە دەرهێنایەوە. ئاریس هاوارێکی سامناکی کرد، کە هاوتای هاواری دە هەزار جەنگاوەر دەبوو. جەنگاوەرانی تروادە و یونان لە ترسی هاوارە سامناکەکە پەراگەندە بوون. ئاریس، لە توێی هەورێکی خەستا بە هەشتاو بەرەو ئوڵەمپی درەخشان ڕۆیی، لەوێ، لەلای زیوسی بابی، کەوتە گلەیی لە ئەسینا – پالادا کە پشتیوانی لە دیومید کرد تا ئەمی بریندار کرد. زیوس مۆڕەیەکی سامناکی لێکرد، چونکە زۆری لێ پەست بوو کە خۆی بەو شەڕە خوێناویانەوە مژوول کردبوو و پێی گوت ئەگەر کوڕی نەبوایە، حەزی دەکرد بیخاتە قووڵایی و ناخی تاریک و نوتەکی تاتارەوە. ئیدی ئاریس وازی لە گلەیی و سکاڵا هێنا. ئەوسا زیوس، ناردی بە شوێن " باون "ی دکتۆری خوایی دا، زاەکەی خواوەندی معایەنە کرد وساڕێژی کرد. هەنگێ هیبا هاتە بەرەوە، ئاریسی شۆرد، نایابترین جلکی لەبەر کرد، ئەوسا هەر دوو خوا بانوو هیرا وئەسینا بۆ ئوڵەمپی درەخشان زڤڕینەوەو بەو شێوازە توانیان سنوورێک بۆ ئاریسی تینووی خوێنی شەڕان، دابنەن و جڵەوی بکەن.

شەڕ، بە شێوەیەکی دڕندانە لە دەوروبەری شوورەو حەسارەکانی تروادە بەردەوام بوو، یونانیەکان توانیان تەنگ بە ترواده‌ییەکانی دژمنیان هەڵچنن. گەلێک لە قارەمانانی شار بە دەستی ئایاکس، دیومید، مینیلاوس و ئاگامەمنوون و قارەمانانیدیکەی یونان کوژران و یونانیەکان چەک و مەتاڵە نایابەکانیان لە کوژراوەکان داماڵی و بە تالانیان برد. خیفزان " هیلین "ی کوڕی پریام کە هەستیکرد بەزین و شکستی ترواده‌ییەکان نزیکە، کەوتە پاڕانەوە لە هیکتۆری خودە پرشنگدار و ئینیوسی کوڕی ئەفرودیتا، ورەی ترواده‌ییەکان بەرزبکەنەوە و لەزبلەز بۆ تروادە بگەڕێنەوەو قوربانی زۆر بۆ خوا بانوو ئەسینا بکەن تا دڵی نەرم بێت، هیکتۆر بە گوێی براکەی کرد و کەوتە هاندانی هێزەکانی خۆیان کە ورە بەر نەدەن و بەردەوام بن لە سەر بەرگری و بەرخۆدان.

## ١٧- هیکتۆر لە تروادەدا

# ماڵاوایی هیکتۆر و ئەندروماک لە یەکدی
## ( لە ئیلیادەوە )

هیکتۆر، لە دەروازەکانی سکیەوە خۆی بە ترواددا کرد، ئیدی ژنان و منداڵان دەوریان دا و لە حاڵ و باڵی مێرد و بابی خۆیاندەپرسی. لێ هیکتۆر هیچی نەگوت، بەڵکو داوای لێکردن نوێژ و نزا بۆ خواوەندانی ئولەمپ بکەن، بە هەشتاو بۆ کۆشکەکەی بابی، پریام ڕۆیی، کە هیکوبای داکی بە گەرمی پێشوازی لێکرد و لێبڕا شەرابی بۆ بێنێ تا پشوویەک بدات و گوڕ و تینێکی تێ بگەڕێت. لێ داوای بووردنی لە داکی کرد، پێی گوت واز لە خواردن و خواردنەوە بێنێ و ژنانی تروادە خڕ بکاتەوە و دیاری گرانبەها بۆ ئەسینا –پالادا بەرن، با چەرچەفێکی گرانبەهای بە نەخش و نیگاری تیا بێ و داوای لێبکەن، سنوورێک بۆ زەبر و زەنگی دیومید دابنێت. ئیدی داکی بەپەلە ڕۆییتا داواکەی کوڕەکەی جێبەجێ بکات، بەڵام خۆی بە هەشتاو چوو بۆ ماڵی پاریسی برای.

پاریس لەو کاتەدا خەریکی تاقیکردنەوەی چەکە بە نرخەکانی بوو، هیلین خەریک بوو کاروباری بە سەر کارەکەر و کەنیزەکەکانیا دابەش دەکرد. هیکتۆر بە توندی کەوتە گلەیی لە براکەی کە بێ خەم و خەیاڵ دانیشتبوو و وێرانی هەڕەشەی لە شار دەکرد، پاریس بەرسڤی دایەوە کە خەریکە خۆی بۆ شەڕ ئامادە دەکات و هیلین هانی دەدات کە بۆ شەڕەکە بچێت. هیلین، بە ڕووی خۆش و زمانی شیرینەوە خێر هانینی هیکتۆری کرد و خوڵکی کرد کە دانیشێت و پشوویەک بدات و ماندوویەتی ئەو تەنگانەیەی لێ بڕەوێنێتەوە. بەڵام سەبارەت بە پاریسی مێردی، کەوتە سەرزەنشت کردنی کە بێخەم و خەیاڵ دانیشتووە و شەرم لە خۆی ناکات، هەروەها کەوتە لۆمە کردنی خۆی کە بووەتە مایەی ئەو هەموو بەڵایەی بەسەر ترواددا هاتووە، بەڵام سەبەبکاری ئەسڵی ئەو بەڵایانە پاریسە نەک ئەم ( هیلین ). بە هەر حاڵ هیکتۆر داوای بوردنی کرد کە لە ماڵی براکەی ماتەڵ بووبوو، بە هەشتاو ڕۆیی تا بەر لەوەی بۆ مەیدانی شەڕ بڕواتەوە، ژنەکەی و کوڕەکەی ببینێ کە نەیدەزانی جارێکی دی دەیانبینێتەوە یان نا، کە ئاخۆ بە سەلامەتی لە شەڕ دەگەڕێتەوە یان قەدەری خواوەندان ئەوەیە بمرێت.

هیکتۆر، چوو بۆکۆشکەکەی خۆی، بەڵام ژنەکەی و کوڕەکەی لەوێ نەبوون، کارەکەرەکان پێیان گوت ژنەکەی بە دەم گریانەوە کوڕەکەی بۆ سەر دیوار و شوورەکانی شار بردووە.
هیکتۆر لەزبلەز بەرەو دەروازەی سکیە ڕۆیی، لەوێ تووشی ژنەکەی بوو، دایەنەکە، "ئەستیناکس "ی بە باوەشەوە بوو و لە پشت ئاندروماکەوە وەستابوو، ئەستیناکسی کوڕی هیکتۆر ئەوەندە جوان بوو، لە یەکەم ئەستێرەی بەرەبەیان جوانتر بوو.
ئاندروماک دەستی مێردەکەی گرت، لە بەردەمیا کەوتە گریان و گوتی:
- ئەی مێردە ئازیزەکەم، ئەم ئازایەتی و کەڵەمێردیە بە فەوتانت دەدا. تۆ بەزەییت بە من و بە کوڕەکەتا نایەتەوە، بەم زووانە، پاش ئەوەی دژمن دەتکوژن، بێوەژن دەکەوم، باشتر وایە لە دوای تۆ نەژیم، تۆ بە خۆت دەزانی جگە لە تۆ کەسم نییە، تۆ بۆ من باوک و دایک و مێردی. بەزەییت بە من و بە منداڵە چکۆلەکەتا بێتەوە. مەچۆ بۆ شەڕ، بەڵکو ئەمر بە سوپاکەت بکە لای دار تووەکە، تووە هەنجیرییەکە، سەنگەر بگرن، مەگەر تەنیا لەوێوە بتوانرێ شوورەو حەساری ترواده بشکێنرێ.
لێ هیکتۆری خودە ڕەخشان بەرسڤی دایەوەو گوتی:
- منیش ترسم لەوێ هەیە. بەڵام شەرمەزارییەکی گەورەیە بۆ من کە خۆم بدەمە پەنا دیواران و خۆم لە شەڕ بدزمەوە. من چاک دەزانم، ترواده شکست دێنێ، بەڵام ئەوەی نیگەرانم دەکات ئەمە نییە، بەڵکو چارەنووسی تۆیە، زۆرم لە بەر گرانە ببی بە دیلی یەکێک لە یونانیەکان و لە وڵاتی غەریباتیدا ببی بە کوێلەی ژنێکی غەریب، تەون و جۆڵایی بۆ بکەیت و ئاوی بۆ ببەی. هەنگێ تەمەشات بکەن و تۆ فرمێسک هەڵڕێژیت و ئەوان بڵێن: ئەمە ژنی هیکتۆر، ژنی ئازاترین قارەمانانی ترواده بوو و بەمە هێندەی دی خەمبار ببیت. نا، باشترین شت ئەوەیە بەرلەوەی بە بەرچاوی خۆمەوە بە دیلی بتبەن، پێش ئەوەی گوێم بە گریانی تۆ بزرینگێتەوە، بمرم.
پاشان هیکتۆر لە کوڕەکەی نزیک بووەوە تا لە هەمیزی بگرێت، لێ منداڵە زیڕاندی و خۆی بە باوەشی دایەنەکەوە قرساند، لەو چەپکە یاڵە ئەسپەی بە سەر خودەکەی باببیەوە دەدرەوشایەوە، ترسا. هیکتۆر کڵاو خودەکەی داکەند و لە سەر ئەرزەکەی دانا و کوڕەکەی لە باوەش گرت، ماچی کرد، ئەوسا بۆ ئاسمانی بەرز کردەوە و کەوتە پاڕانەوە لە زیوس و لە هەموو خواوەندەکان و گوتی:

- تۆ ئەی زیوس، ئەی خواوەندانی نەمرێن ئۆلەمپ! لێتان دەپاڕێمەوە کە ناو و نێوبانگ لە نێو کوڕانی وڵاتەکەیا بە کوڕەکەم ببەخشن، وەکو ئەمەتان بە بابی بەخشی، با بەهێز و توانا و بە جەرگ ونەبەز بێ، با پاشا و فەرمانڕەوای ترواده بێ، با کاتێ کە دەیبینن لە مەیدانی شەڕ دەگەڕێتەوە بڵێن لە پیاوەتی و مەردایەتیدا پێشی بابی داوەتەوە. با دژمن خۆی لە بەری نەگرێ و با ببێ بە ڕوناکی چاوی دایکی.
بەوجۆرە هیکتۆر لە خواوەندان پاڕایەوە، ئەوسا منداڵەکەی بۆ دایکی گێڕایەوە، دایکی لە هەمێزی گرت و بەدەم ڕوندک هەڵوەراندنەوە، بە ڕووی مێردەکەیا پێکەنی، مێردەکەی بەزەیی پێیدا هاتەوە. دڵە خەمبارەکەی بۆی هاتە جۆش، لێی نزیک بووەوە و لە باوەشی گرت و گوتی:
- خەم مەخۆ ئازیزەکەم، کوڕ نییە بتوانێ هەواڵەی هادیسم بکات، مەگەر خواوەندان ئەمەیان لە چارەم نووسی بێت. کەس ناتوانی لە قەدەر و چارەنووسی خۆی هەڵێت، نە ئازاو نە ترسنۆک. گیانەکەم هەستە بۆ ماڵ بڕۆرەوە، خۆت بە تەون و چنینەوە خەریک بکە و کاروباران بە سەر کەنیزەک و کارەکەراندا دابەش بکە، ئێمەی پیاوانیش دەڕۆین و بە کاروباری شەڕان ڕا دەگەین، کە بەشێکی گەورەی ئەم کارە لە ئەستۆی مندایە.
هیکتۆر، کڵاو خودەکەی لە سەری نا و بە هەشتاو بەرەو دەروازەی سکیە ڕۆیی، " ئاندروماک " یش بەرەو ماڵ ڕۆیی، ناوبەناو بەدەم ڕێکردنەوە ئاوڕی دەدایەوە تا تەمەشای مێردەکەی بکات کە سات بە سات دوورتر دەکەوتەوە. کە ئاندروماک بە دەم گریان و ڕوندک ڕشتنەوە گەییەوە ماڵێ، هەموو کەنیزەک و کارەکەرەکان لە گەڵیا کەوتنە گریان، چونکە باوەڕیان نەدەکرد هیکتۆر جارێکی دی بە زندوویەتی و سەلامەتی بۆ ماڵ بگەڕێتەوە.
پاریس لە بەر دەروازەکەدا تووشی هیکتۆر بوو، پاریس خۆی لە ئەسپابی شەڕ دابوو، مەتاڵە مسینەکانی لە بەر تیشکی هەتاوەکەدا دەدرەوشایەوە، هیکتۆر پێی گوت:
- ئەی برایەکەم، من چاک دەزانم کە هیچ پیاوێکی بە ئینساف ناتوانێ نکۆڵی لە شاکارە زۆرەکانی تۆ بکات، کەچی تۆ زۆرجار بە بێ مەیلیو بە نەبەدڵی بۆ شەڕ دەڕۆیی. زۆرم پێناخۆشە کە هەندێک لە تیرە و تایفەکەی خۆت گلەییت لێدەکەن. بەڵام گوێی مەدەیە، پێ هەڵگرە با خۆ بگەیەنینە جەنگاوەرەکان.

## ١٨- بەردەوامی شەڕ
## دوئێلی نێوان هیکتۆر و ئایاکس
## ( لە ئیلیادەوە )

هیکتۆر و پاریس لە دەروازەی سکیەوە وەدەرکەوتن. تروادەییەکان بەدەم تەماشا کردنی جووتە قارەمانی براوە، وەدەرکەوتن، لە تۆ وایە تین و تاوێکی تازەیان تێگەڕا، بە گیانێکی تازەوە لە گەڵ ئەوانا بۆ شەڕ دەچوون. گەلێک لە قارەمانان بە شمشێری هیکتۆر و پاریس و گلافک کوژران. یونانیەکان کەوتنە پاشەکشە. ئەسینای چاوگەش، کیژی زیوس تەماشای ئەو ڕەوشەی کرد، بە هەشتاو بەرەو ترادەی پیرۆز پەل بووەوە، لە لای دار تۆوە بەرزەکە، تووە هەنجیریەکەی قەراخ کێڵگەکەدا، کە تەمەنی سەد ساڵ دەبوو، ئەپولونی خواوەند تووشی خوا بانوو ئەسینا بوو کە لە چیای ئوڵەمپەوە داگەڕابوو تا بچێتە هیمدادی یونانیەکان، ئەپولون توانی قەناعەتی پێبکات کە شەڕەکە بوەستێنرێ ، ئەسینا قابیل بوو، بە دوو قۆڵی ڕێککەوتن کە شەڕەکە ڕابگرن و ئیلهامی ئەوە بخەنە دڵی هیکتۆرەوە کە داوا لە مەزنترین قارەمانی یونان بکات بێتە دوئێلی ئەم. هەرکە جووتە خواوەند لە قەرارەکەیان بوونەوە، کە ئەو حاڵەتە لەبەر چاوی خیفزان " گیلین "ی کوڕی پریام بەرجەستە بوو، لە هیکتۆری برای نزیک بووەوە و ئامۆژگاری کرد کە گەورەترین قارەمانی یونانیان بۆ دوئێل بانگ بکات، هەنگێ پێی گوت کە گوایە گوێی لە دانیشتوانی ئاسمان بووە کە حەزیانکردووە ئەم ڕێگەیە بگرێتەبەر و قەدەری هیکتۆر ئەوە نییە کە لەم دوئێلەدا بێتە کوشتن.

هیکتۆر، دەم و دەست شەڕەکەی ڕاگرت، تروادەییەکان دەستیان لە شەڕ هەڵگرت، ئاگامەنوون بەرەو ڕووی هیکتۆر ڕۆیی، دەنگی شەڕ کپ بوو، سەربازان، لە عاردی ڕۆنیشتن. شەڕ شەکەت و ماندووی کردبوون، ئەسینا و ئەپولون لە شێوەی دوو هەڵۆی هۆڤیدا دابەزین، لە سەر دار تووە کۆنەکە نیشتنەوە، بە سەرسامی تەماشای هەر دوو قۆشەنی ترادەیی و یونانەکانیان دەکرد. بێدەنگی و ئارامی باڵی بەسەر هەمووواندا کێشا. هیکتۆر هەستا، بە دەنگێکی بەرزی ڕوون و ڕەوان هاواریکرد، کە یەکێک لە پاڵەوانەکانی یونان بۆ دوئێل بێتە پێشەوە، سۆزی دا کە ئەگەر هەڤڕک و ڕەقیبەکەی کوشت، سوکایەتی بە تەرم و جەنازەکەی نەکات، چەک و ئەسلەحەکەی لێ

دانەماڵێت، داوای کرد کە ئەگەر قارەمانە یونانیەکە ئەمی کوشت، هەمان کار لە گەڵ جەنازەکەی ئەمدا بکات. یونانیەکان گوێیان لە مەیدانخوازیەکەی هیکتۆر بوو، بەڵام خۆیان لە بێدەنگی دا، کەس زاتی نەکرد ڕووبەڕووی قارەمانە تروادەییەکە ببێتەوە. مینیلاوس زۆر توورە بوو، قین بەرۆکی گرت، لێبڕا کە خۆی بچێتە مەیدان، بەڵام ئاگامەمنوون ڕێی پێنەدا، دەترسا بە شمشێری هیکتۆر بکوژرێ کە خودی ئەخیل دەترسا بچێتە مەیدانی ئەو. پیرە نەستوور کەوتە سەرکۆنەی یونانیەکان، هەرکە لە قسەکانی بووەوە، حەوت قارەمان هاتنە مەیدان: شا ئاگامەمنوون، دیومید، برایانی ئایاکس، ئیدومینیوس، ئیڤریبیل و ئودیسیوس. نەستوور پێشنیازی کرد لە بەینی خۆیاندا تیروپشک بکەن، کە پشکەکان خرانە نێو کڵاوخودێکەوە، نەستوور کەوتە گێژدانی تا پشکەکە لە سەر ناوی یەکێک لەو قارەمانانە بگیرسێتەوە.
یونانیەکان لە خواوەندان پاڕانەوە کە پشکەکە بۆ ئایاکس تیلامونید یان دیومید یان ئاگامەمنوون دەربچێت، ئیدی لە سەر ناوی ئایاکس گیرسایەوە، ڕووی گەشایەوە، مەتاڵەکانی لەبەر کرد و حازر و ئامادە چووە پێشی پێشی یونانیەکان و بە هەیبەت و سام، بە هەنگاوی بتەوەوە، بە هەمان سام و هەیبەتی ئاریسەوە بەرەو دژمنەکەی چووە پێشەوە، بە دەستێکی مەتاڵێکی مسکفتی زۆر گەورەی هەڵگرتبوو، بەدەستەکەی دیکەشی ڕمێکی گەورەی هەڵگرتبوو، ترسی خستە دڵی ترواددەییەکانەوە، هیکتۆریش ترسی کەوتە دڵ. جووتە قارەمان بەرانبەریان لێکدی گرت و مۆڕەیان لێکدیدەکرد، هیکتۆر یەکەم جەزرەبەی وەشاند، بەڵام جەزرەبەکەی مەتاڵەکەی ئایاکسی تێک نەشکاند. ئایاکس ڕووی ڕمەکەی کردە هیکتۆر، ڕمەکە مەتاڵەکەی بڕی و جلەکانی بڕی، ئەوەی هیکتۆری لە مەرگی مسۆگەر ڕزگار کرد ئەوە بوو خۆی بەلادا دا. هەر دوو قارەمان ڕمەکانیان هەڵکێشایەوە و دووبارە پێکا هەڵچوونەوە، هیکتۆر ڕمی دووەمی گرتە دژمنەکەی، نووکی ڕمەکەی خوار بووەوە، بەڵام جەزرەبەکەی ئایاکس دووبارە مەتاڵەکەی هیکتۆری بڕی و بە سووکی ملی بریندار بوو، بەڵام دوئێلەکە بەمە کۆتایی نەهات، هیکتۆر، تاوێرێکی گەورەی لە عاردی هەڵگرت، کێشای بە زرێکەی ئایاکس دا، مسەکەی کەوتە تەقوهوڕ. ئەوسا ئایاکس بەردێکی لەوەی هیکتۆر گەورەتری هەڵگرت و تا هێز لە بازوویا هەبوو کێشای بە مەتاڵەکەی هیکتۆرا، تێکی شکاند و لاقی هیکتۆر زامدار بوو و کەوتە سەر ئەرزەکە، لێ ئەپولون، خێرا فریای کەوت و ڕزگاری کرد.

هەر دوو قارەمان دەستیان دایە شمشێر، خۆ ئەگەر خیفزانان فریا نەکەوتبان و سەوڵەجانیان لە نێوانیاندا دانەنابا و هاواریان لێنەکردبان یەکتریان پارچەپارچە دەکرد. خواوەندان هاواریان لێکردن:

- ئەی قارەمانان بەسە، ئێمە هەموو شایەدین کە ئێوە دوو قارەمانی هاوکوفن و " زیوس " ش هەمان ڕێز و حورمەتی بۆتان هەیە. ئەوا شەو داهات و کاتی ئیسراحەتە.

ئایاکس، هاواری لە داوەر وخیفزانی تروادەییەکان کرد: ئەوەی تۆ دەیڵێیت، دەبوایە ئەو بیڵێت چونکە دەستپێشکەرییەکە لەوەوە بوو، بەڵام من ئامادەم بۆ وەستانی شەڕەکە ئەگەر ئەو بیەوێ و قابیل بێت.

هیکتۆر بلەز بەرسڤی دایەوە: - ئەی تیلامونید، خواوەندان بەهرەیان داویتەتێ، باڵای بەرز و هاوسەنگی ئەقڵ و هێزیان پێ بەخشیوی، تۆ ئابڕوومەندترین قارەمانی یونانی. با کۆتایی بە دوئێلی ئەمڕۆمان بێنین، دەتوانین دوایی لە مەیدانی شەڕدا ڕووبەڕووی یەکدی ببینەوە، بەڵام با بە سەر ودیاری ماڵاوایی لە یەکدی بکەین کە یادگاری ئەم ڕووبەڕوو بوونەوەیەمان بێ. با قارەمانانی ترواده و یونان ئەوەیان لە یاد بمێنێ کە جووتە قارەمان بە گیانی ڕق و دژمنایەتی ڕووبەڕووی یەکدی بوونەوە و بەگیانی ئاشتی و دۆستایەتی لێکدی دابڕان.

هیکتۆر دوای ئەو قسانە شمشێرە زێوکفتەکەیهەڵگرت و پێشکەش بە ئایاکسی کرد، " ئایاکس " ش کەمەربەندە قرمزیە گرانبەهاکەی لە کەمەری کردەوە و پێشکەش بە هیکتۆری کرد. بەوجۆرە دوئێلی هەر دوو پاڵەوانەکە کۆتایی هات. ترواده‌ییەکان زۆر خۆشحاڵ بوون کە فەرماندەکەیان بە سەلامەتی لە شەڕی ئایاکسی دلێر ڕزگار بوو و بە ئاهەنگێکی گەروەوە بۆ ترواده‌یان بەڕێ کرد. یونانیەکانیش کە ڕادەی هێز و توانای ئایاکسی قارەمانی خۆیان بینی زۆر خۆشحاڵ بوون، ئیدی شا ئاگامەمنوون لە سەر شەرەفی ئەو زیافەت و سفرە وخوانێکی ئاواو ئاوەدانی بەرپا کرد و هەموو قارەمانەکانی دەعوەت کرد و ئاهەنگ و سفرە و خوانەکە تا دنیا تاریک بوو، هەر بەردەوام بوو.

کە زیارەت وخوانەکە تەواو بوو نەستووری پیرەمێرد، داوای لە عێل و عەشیرەتی خۆی کرد، بۆ ماوەی یەک ڕۆژ شەڕ ڕابگرن، تا تەرم و جەنازەی ئەو قارەمانانە بنێژن

کە لە شەڕا کوژرابوون و تا دیوار و شوورەیەک لە دەوری سەربازگە و کەشتیەکاندا بکێشن.
ئەنجوومەنی جەنگی ترواده‌ییەکانیش کۆبوونەوەیان کرد، لەو کۆبوونەوەیەدا گەنگەشەی ئەوەیان کرد کە چی بکەن و چی نەکەن. ئەنتینور پێی باش بوو هیلین و گەنجە دزراوەکان بۆ یونان بگێڕدرێنەوە، بەڵام پاریس ئەم پێشنیازەی ڕەفز کرد، بەوە قاییل بوو کە گەنجە دزراوەکان، بە زیادەوە، بە کۆمەڵێک گەنجی خۆشیەوە بۆ یونانیەکان بگەڕێنرێتەوە. شا پریام پێشنیازی کرد، کە سبەی بەیانی نوێنەرێک بۆ لای یونانیەکان ڤرێبکەن و ئەو ئاکامەی کۆبوونەوەکەی خۆیانیان پێ ڕابگەیەنن، ئەگەر قاییل بوون ئەوا سوڵح دەکەن، ئەگەر نا ئەوا با شەڕ بەردەوام بێ تا خواوەندان لایەکیان سەردەخەن. کە ڕۆژ بووەوە، پەیک و نوێنەری ترواده‌ییان بەرەو لای یونانیان بەڕێ کەوت، تا پێشنیازی ترواده‌ییەکانیان پێ ڕابگەیەنن. بەڵام یونانییەکان پێشنیازەکەیان ڕەفز کرد، تەنیا بەوە قاییل بوون کە شەڕ بۆ ماوەی یەک ڕۆژ ڕابگیرێ تا فریای ناشتنی تەرمی کوژراوەکان بکەون.
هەر دوو لا، کەوتنە هەوڵی ئەوەی بەر لە هەڵاتنی ڕۆژ کوژراوەکانیان بنێژن، جەنازەکانیان بۆ فڕنەکان برد و ئاگریان تێ بەردان. لە زەرفی یەک ڕۆژا، یونانیەکان حەسارێکی بەرزی فره بورج و قوللەیان لە دەوری سەربازگەکەیان دروستکرد، خەندەکێکی قووڵیان لە بەردەم حەسارەکەدا هەڵکەنی. خواوەندانی ئۆڵەمپ سەریان لەم کارە گەورەیە سوڕما. بەڵام خواوەند پوسیدون ڕقی لە یونانیەکان هەڵگرت، چونکە لە کاتی دروستکردنی حەسارەکەدا هیچ قوربانیەکیان پێشکەش بە خواوەندان نەکرد، لێ زیوس دڵنیای کردەوەو ژێراوژێر ئۆکەی داێی کە پاشان حەسارەکە بڕوخێنێ و بە زیخ و لمی کەنارەکە پڕی بکاتەوە.
وەختایەک یونانیەکان لە کارەکەیان بوونەوە، کەوتنە ئامادەکردنی شیڤ، لەو کاتەدا کەشتیەکان لە لیمنوسەوە گەیینە جێ، خواردنەوەیان بار کردبوو، زۆریان دڵ پێخۆش بوو، بە پەلە کەوتنە کڕینی خواردنەوە وشەرابان، ئیدی سفرە وخوانیان ئاوەدان کرد، لێ ئاهەنگ و کەڕنەڤاڵەکە بە ئارامی نەڕۆیی، ئیدی تەشبریق و هەورە بروسکە دەستی پێکرد، دیار بوو هەڕەشەی کارەساتی زۆری پێ بوو، ئەمە نیشانە و ئاماژەی زیوس بوو، ئیدی ئامادەبوون ترسیان لێنیشت، مەی لە پەرداخەکانیان دەڕژا، کەس

زاتی نەدەکرد دەم بۆ بادە و شەراب بەرێ بە بێ ئەوەی بە ناوی زیوسەوە شتێکی لێ بڕێژێ. ئەنجام ئاهەنگ و کەڕنەڤاڵەکە تەواو بوو، هەموو سەربازگەگە خەو بردییەوە.

## ١٩- سەرکەوتنی ترواده‌ییەکان
## ( لە ئیلیادەوە )

بەیانی زوو کاتێ ئیوس، خواوەندی ئەلەند و سپێدە، بەڕووی ئاسمانەوە هەڵهات، ڕۆژهەڵات، لە ڕۆشناییەکی سوورباوا هەڵکشا. زیوس هەموو خواوەندەکانی ئوڵەمپی لە کۆشکە بە شکۆکەی خۆیدا کۆکردنەوە و پێی گوتن:

- نەمران گوێ لە من بگرن! کەستان نەخەڵەتابن لە لوتکەی ئوڵەمپەوە دابەزن تا یارمەتی یونانیان یان ترواده‌ییان بدەن. هەرکەسێک سەرپێچی ئەم ئەمرەم بکات، دەیخەمە ناو تارتاری بێ بنەوە تا لەوێ بزانێ کە چ هێز و توانایەکم هەیە و لە هەر هەمووتان بەهێزترم. ئەگەر ویستتان ڕادەی هێز و توانای من بزانن، ئەوا زنجیرێکی زێڕین هەڵگرن و بۆ سەر ئەرزی شۆڕبکەنەوە وهەر هەمووتان لەوێ بوەستن و هەوڵبدەن بە هەمووتان ڕایبکێشن بۆ ئەوەی لە سەر چیای ئوڵەمپ بم جوڵێنن، بزانن منتان بۆ دەجوڵێت. بەڵام من بە تاقە دەستێک زنجیرەکە دەگرم و ڕایدەکێشم و هەر هەمووتان، لە گەڵ زەویدا بە دەریا و بۆنەوەرانی سەریەوە بۆ ئاسمان ڕادەکێشم.

هەڕەشە و قسەکانی زیوس دڵی هەموو خواوەندەکانی هێنایە لەرزین. خوابانوو ئەسینا وەڵامی دایەوە و گوتی:

- ئەی بروسکەوانی مەزن، هەموومان ڕادەی هێز و توانای تۆ دەزانین، بەڵام هەموومان بەزەییمان بە یوناندا دێتەوە. یانی بەڕاستی دەستبەرداریان بین تا تیا بچن؟ زیوس بەرسڤی دایەوە:

- دڵنیابە کچەکەم، بە نیاز نیم هەموویان لە نێو بەرم.

زیوس، پاش ئەوەی لە قسەکانی بووەوە، گالیسکەکەی لە ئەسپە یاڵ زێڕینەکان بەست. سەوڵەجانە زێڕینەکەی بەدەستەوە گرت وبە جل وبەرگە زێڕینەکەیەوەو لە سەر گالیسکەکە هەستایە سەر پێیان، دەی لە ئەسپەکان کرد، ئەسپ بە بەینی ئەرز و ئاسمانا، بە یورغە بەرەو چیا بەرزەکانی ئیدایان برد ( ئیدا: چیایەکە دەکەوێتە ئاسیای بچووکەوە، لە ڕۆژهەڵاتی ترواده‌و لە باشووری ڕۆژئاوای فریجیادایە ) . لەوێ

لە سەر لوتکە بەرز و قایمەکەوە تەمەشای یونانیەکان و ڕۆڵەکانی تروادەی دەکرد کە خۆیان بۆ شەڕ تەیار دەکرد.

هەر دوو سوپا، لە مەیدانەکە ڕووبەڕووی یەکدی بوونەوە، شەڕێکی دژوار هەڵگیرسا کە تا نیوەڕۆ درێژەی کێشا، زیوس دەستی دایە شایەن و تەرازوویەکی زێڕین و، بەشی تروادەیی و یونانیەکانی خستە دووتای تەرازووەکەوە، تاکی تروادەییەکان تا حەوێقی ئاسمان بەز بووەوە و تاکی یونانیەکان تا سەر ئەرز نەزم بووەوە. هەڕەشەی نەمانیان لە زۆربەی تروادەییەکان دەکرد.

هەنگێ دەنگی بروسکە و تەشبریق لە لوتکەی چیا بەرزەکەوە بەرز بووەوە، مەزنی خواوەندان بروسکەیەکی سرەواندە سەربازگەی یونانیەکان، جەنگاوەرەکان بە جارێ زراویان تۆقی، کەوتنە هەڵاتن و بەرەو شوورە وحەساری سەربازگەکەیان هەڵاتن تا خۆ بدەنە پاڵ شوورەو حەسارەکە، کەس لە مەیدانی شەڕەکە نەما جگە لە نەستوور، یەکێک لە ئەسپەکانی بە تیری هیکتۆر بریندار بوو، ئەسپەکە هەستایە سەر هەر دوو پاشوو، خاوەنەکەی بێهودە هەوڵیدەدا قایش و قروش و پەتەکانی ببڕێت، هیکتۆر خەریک بوو بە گالیسکەکەی لێی نزیک دەبووەوە، لەزگ بوو پیرەمێرد بە جەزرەبەیەکی هیکتۆر بکوژرێ ئەگەر دیومید بە هەشتاو بە هانایەوە نەچووبا و هاواری لە ئودیسیوس نەکردبا بەگەڵی بکەوێ و بچنە کۆمەکی نەستووری پیرەمێرد، بەڵام ئودیسیوس گویی لە هاوارەکەی نەبوو، ئیدی دیومید، پیرەمێردی ڕاڕفاند ولە گالیسکەکەی خۆی نا و دەرپەڕی تا ڕووبەڕووی هیکتۆر ببێتەوە، ڕمێکی خێواندێ، بەڵام پیرە ڕم سەری کردونەی پێکا، ڕمەکە بەر سینگی گالیسکە چیەکەی هیکتۆر کەوت و کوشتی، ئەسپەکان جەنەیان گرت، خێرا " ئەرحیبتولیم " ی پاڵەوان سەرکەوتە سەر گالیسکەکە وجێی گالیسکەچیەکەی گرتەوە. ئەگەر هەڵاتووەکان هەڵمەتەکەی دیومیدیان بدیتبایە دەوەستانەوە، لێ زیوس بروسکەیەکی ڕەخشانی سرەواندە بەردەم ئەسپەکانی، بروسکەکە تەقییەوەو تیشکێکی سامناکی لێ بەرز بووەوەو کردیە کارێک ئەسپەکان بۆ دواوە بگەڕێنەوە، بۆیە نەستوور تکای لە دیومید کرد کە مەیدانی شەڕەکە چۆڵ بکات، چونکە زیوس سەرکەوتنی لە چارەی ئەم نەنووسیوە. هەرچەندە دیومید سوور بوو لە سەر شەڕ، بەڵام بە گوێی نەستووری کرد و سەری ئەسپەکانی بەرەو ئاپۆڕای یونانیە هەڵاتووەکان بادایەوە. بەڵام تروادەییەکان

هاواریان لێدەکردن و بەر تیریان دەدان و تیری ترواده‌ییەکان وەکو بارانی بوهار بە سەریاندا دەباری. هیکتۆر بە دیومیدی دژمنی پێدەکەنی کە قوچانی و لە بەر ئەم هەڵات. دیومید سێ چەلان هەوڵیدا بۆ مەیدانی شەڕ بزڤڕێتەوە، بەڵام زیوس سێ بروسکەی خێواندێ، هیکتۆر بۆی دەرکەوت کە زیوس دەیەوێ ترواده‌ییەکان بەسەر بخات، بۆیە کەوتە هاندانی عێل و عەشیرەتی خۆی کە دووی دژمن بکەون و لێیان نەبنەوە، هەڕەشەی ئەوەی دەکرد هەرکاتێ سەربازگەکەی دژمن بگرن، هەموو کەشتیەکان دەسووتێنن، هیرا ئەم هەڕو گیڤەی هیکتۆری پێ قووت نەچوو، ڕقی لێ هەڵگرت، ئیدی هیرا لە خواوەند پوسیدون پاڕایەوە کەدەستی هاوکاری بۆ یونانیەکان درێژ بکات، لێ سوڵتانی دەریایان، تکا و ڕجاکەی قەبووڵ نەکرد.

شەڕ گەییە نزیکی شوورەو حەساری دەوری سەربازگەی یونانیەکان. هیرا، ئیلهامی دایە ئاگامەمنوون کە عیل وعەشرەتی خۆی هانبدات و ورەیان بەرزبکاتەوە، سەرکەوتە سەر کەشتیەکەی ئودیسیوس وڕویکردە جەنگاوەرەکان و کەوتە هاندانیان کە ئازایانە خۆ بگرن و نەترە بەر نەدەن، هەروەها کەوتە پاڕانەوە لە زیوس کە بە هانای یونانیانەوە بێت و نەیەڵێت بە دەستی ترواده‌ییەکان بکوژرێن و تیا بچن. ئیدی مەزنی خواوەندان بەزەیی پێدا هاتەوەو نیشانەی خۆی بۆ یونانیەکان نارد. هەڵۆیەک بە ئاسمانی کوشتگەکەی زیوسەوە بەدیار کەوت، کەڵە کێویەکی بە چنگەکانی هەڵگرتبوو، فڕێی دایە سەر کوشتگەکە ( مذبح ). وەختایەک یونانیەکان ئەم نیشانەیەیان بینی، ورەیان وەبەر هاتەوەو خۆیان بۆ ڕووبەڕوو بوونەوەی هێرشی دژمن ئامادە کرد. شا دیومید لە هەر هەمووان بەهێز و تواناتر بوو، لە هەمووان پتر لە سەر شەڕ و کوشتار ڕژد بوو، گەلێک قارەمانی کوشت، ئەوانی دیکەش شێر ئاسا شانیان دایە بەر شەڕ، تیفکر، برای ئایاکس تیلامونید لە هەمووان دیارتر بوو، بە تیران بەربووە ترواده‌ییەکان و قارەمان لە سەر قارەمانی لێدەخستن، هەر لەو شەڕەدا گورکیفیون، کوڕی پریامیشی کوشت. وەکو چۆن گوڵەباخ لە ژێر قورسایی ئاونگا لار دەبێتەوە، بەو ئاوایە سەری بە کڵاو خودی گورکیفیون خوار بووەوە و کەوتە سەر ئەرزەکە. هەروەها تیفکر، قارەمان " ئەرخیتبولیم "ی گالیسکەچی و هاوڕێی هیکتۆریشی کوشت.

هیکتۆر بە جارێ دەهری بوو، ڕق و تووڕەیی لێدەباری، پەلاماری تیفکری دا، تاوێرێکی قورسی سرەواندێ، ڕێک بەر شان وملی کەوت. قارەمانی یونانی ناڵەی لێ بەرز بووەوە، هیکتۆر لە هەوڵی ئەوەدا بوو پڕی بداتێ و بیکوژێت، بەڵام ئایاکسی برای فریا کەوت و مەتاڵەکەی بە سەر براکەیدا دا و ئەمری بە چەکدارەکانی خۆی کرد و برا بریندارەکەیان بۆ لای کەشتیەکان گواستەوە.

زیوس، سەر لە نوێ کەوتە هاندانی ترِوادەییەکان بۆ شەڕ، ئیدی تەنگیان بە دژمنەکانیان هەڵچنی و گەیاندیاننەوە لای کەشتیەکان. هیکتۆر، دەهات و دەچوو، ترس و خۆفی لە ڕیزی دژمناندا بڵاو کردەوە.

هیرا هێندەی دی دڵی بە یونانیەکان سووتا، ئەسینای هاندا کە فریایان بکەوێ و ئەرکی سەر شانیان سووک بکات. ئەسینا، تەدارەکی شەڕی لە خۆدا، هاوڕێ دەگەڵ هیرا، لە ترۆپکی ئوڵەمپی سەربەرزەوە داگەڕا، زیوس بینیانی کە لە لوتکەی ئوڵەمپەوە بۆ دوندە بەرزەکانی ئیدا دادەگەران، خێرا ئیریدای پەیکی خواوەندانی نارد تا ئەمریان پێبکات بوەستن و لە غەزەبی مەزنی خواوەندان ئاگاداریان بکاتەوە.

جووتە خوا بانوو لە ترسا دڵیان دالەرزی، بە دڵی خەمناکەوە ڕێ و ڕێ بۆ ئوڵەمپ زڤڕینەوە، دوای ماوەیەکی کەم، خواوەندی بروسکەوان بۆ ئوڵەمپ گەڕایەوە، کە هۆی خەمینی جووتە خوابانووەکەی پرسی، وەڵامیان دایەوە کە بەزەییان بە چارەنووسی یونانیەکاندا دێتەوەو خەمباری ئەوانن، زیوس گوتی تا ئاگامەمنوون لە گەڵ ئەخیل دا ئاشت نەبێتەوەو لە بری ئەو سووکایەتی و بێ ڕێزییەی بە ئەخیلی کردووە، دیاری وسەوقاتی بەهاداری بۆ نەنێرێت، سەرکەوتنی ترِوادەییەکان هەر بەردەوام دەبێت.

هەتاو بەرەو ئاوابوون ڕۆیی، شەوی تاریک باڵی بە سەر زەویدا کێشا و شەڕی خوێناوی ڕاوەستا. ترِوادەییەکان، بە گوێی هیکتۆری فەرماندەیان کرد، بۆ شارە پیرۆزەکەیان نەگەڕانەوە، بەڵکو بۆ خەوتن و ئیسراحەت لە مەیدانەکەدا مانەوە، پاراستنی شارەکەیان بە گەنجان و پیرەمێران سپارد. هیکتۆر، بە تەمای ئەوە بوو سەرکەوتنی یەکجارەکی بە سەر دژمندا بە دەست بێنێ و لە خاکی وڵاتەکەی وەدەریان بنێ. ترِوادەییەکان ئاگرێکی زۆریان لە مەیدانەکەدا کردەوە، لە تاریکی شەوەکەدا وەکو ئەستێران دەدرەوشانەوە.

## ٢٠- ئاگامەمنوون داوای ئاشتەوایی لە گەڵ ئەخیلدا دەکات
## ( لە ئیلیادەوە )

ئاگامەمنوون، بە سەرکەوتنی دژمن زۆر قەڵس بوو، جارچیانی نارد تا جارڕبدەن و فەرماندە سوپاییەکان بۆ کۆبوونەوە بانگبکەن، هەرکە کۆبوونەوە، ئاگامەمنوون پێی گوتن جگە لە پاشەکشە و گەڕانەوە بۆ وڵاتی یونان هیچ چارێکی دیکە نییە. وا دیارە ئەمە ویست ومەشیەتی زیوسە. بەڵام دیومید بە تووڕەیی بەرسڤی دایەوە و گوتی: ئەگەر حەز دەکات دەتوانێ بە تاقی تەنیا بگەڕێتەوە، بەڵام فەرماندەکانی دی دەمێننەوەو درێژە بە شەڕ دەدەن تا تروادە دەکەوێ. هەروەها نەستووریش بیرۆکەی گەڕانەوەی ڕەت کردەوەو پێشنیازی بۆ ئاگامەمنوون کرد، کە زیافەت و خوانێک بەرپا بکات، تا فەرماندەکان لەوێ گەنگەشەی ڕەوشەکە بکەن و بڕیار بدەن کە چی بکەن و تا ئەوان لە گەنگەشە و گفتوگۆ دەبنەوە، پاسەوانان ئێشکی سەربازگەکە بگرن.

بەوجۆرە حەوت سەد گەنج بە فەرماندەیی حەوت فەرماندە دەرچوون بۆ ئێشکگرتنی سەربازگەی یونانیەکان، باقی فەرماندەکان لە خەرگاکەی ئاگامەمنووندا مانەوە، لە کاتی زیافەت و خوانەکەدا نەستوور پێشنیازی بۆ ئاگامەمنوون کرد کە لە گەڵ ئەخیلدا ئاشت ببێتەوە. ئاگامەمنوون بە پێشنیازەکەی پیرەمێرد قاییل بوو، بە بەرچاوی هەمووانەوە ڕایگەیاند کە ئامادەیە سەروەت و سامانێکی زۆر لە قەبەڵی ئەخیل بکات، بریسییدای بۆ بگەڕێنێتەوەو هەرکە بۆ وڵات گەڕانەوە یەکێک لە کچەکانی خۆی بداتێ و چەند شارێکی ئاوا و ئاوەدان بکات بە جیازی کیژەکەی. میرو فەرماندەکان، ستایشی قەراری ئاگامەمنوونیان کرد. هەموو ڕێکەوتن کە ئایاکس تیلامونید و ئودیسیوس و فینیکس و هەر دوو پەیک ئیڤریبات و گودیس ڤرێبکەن تا دان و سان دەگەڵ ئەخیلدا بکەن، ئەخیل هەموو ئەوانەی خۆشدەویست و ڕێزی تایبەتی بۆیان هەبوو. نەستوور کۆمەڵێک ئامۆژگاری بە سوودی شاندەکەی کرد. شاندەکە گەییە خەرگاکەی ئەخیل، سەیریان کرد لە ژوورەوە دانیشتووە، بە دەم گیتار ژەندنەوە گۆرانی قارەمانیەتی قارەمانان دەڵێت، " پاتروکل " هاوڕێی لە لایەوە دانیشتووە. ئەخیل پێشوازی گەرمی لە قارەمانەکان کرد، سفرەو خوانێکی شایستەی بۆ ڕازاندنەوە، کە لە نانخواردن بوونەوە، ئودیسیوس سەری قسەیدامەزراند و هەوڵیدا قەناعەتی پێبکات کە لە گەڵ ئاگامەمنووندا سوڵح بکات و باسی ئەوەی بۆ کرد کە

چۆن ترواده‌ییه‌کان به‌ ڕێبه‌ری هیکتۆر ته‌نگ به‌ یونانیه‌کان هه‌ڵده‌چنن وحاڵیان به‌ ده‌ست ترواده‌ییه‌کانه‌وه‌ بێ حاڵه‌، هه‌روه‌ها ئه‌و دیاری و سه‌وقاتیانه‌شی بۆ ژمارد که‌ ئاگامه‌منوون ئاماده‌یه‌ به‌ ناوی سوڵح و ئاشته‌واییه‌وه‌، پێشکه‌ش به‌می بکات وئه‌و ئامۆژگاریانه‌شی بیرخسته‌وه‌ که‌ باوکی له‌ کاتی شه‌ڕه‌که‌دا کردبووی و پێی گوتبوو هه‌میشه‌ خۆی له‌ دووبه‌ره‌کی و دژایه‌تی دوور بگرێ. لێ ئه‌خیل، قاییل نه‌بوو سوڵح له‌ گه‌ڵ شای میکینادا بکات، ئه‌و بێ ڕێزیه‌ تاڵه‌ی بیر نه‌چووبووه‌وه‌ که‌ شای میکینا پێی کردبوو، هه‌ر وه‌ها گوتی، ئه‌گه‌ر ئاگامه‌منوون به‌ ئه‌ندازه‌ی هه‌موو سه‌روه‌ت و سامانی تیبه‌ی میسریش دیاری و سه‌وقاتی بداتێ، هه‌ر سوڵح و ئاشته‌وایی له‌ گه‌ڵدا ناکات. ڕژد بوو له‌ سه‌ر هه‌ڵوێستی توندی خۆی و به‌ڵکو هه‌ڕه‌شه‌ی ئه‌وه‌شی کرد که‌ بۆ ڤتیا ده‌گه‌ڕێته‌وه‌. هه‌نگێ فینیکس هاته‌ قسان و ئه‌ویش لای خۆیه‌وه‌ و له‌ په‌رۆشیا بۆ چاره‌نووسی یونان، هه‌وڵیدا ئه‌خیل بێنێته‌ ڕه‌دا، سوێندی دا که‌ هه‌مان ڕه‌فتاری میلیاگر دووباره‌ نه‌کاته‌وه‌ که‌ له‌ شه‌ڕی نێوان کوریت و ئیتولییه‌کاندا کردی. لێ ئه‌خیل به‌ تاقه‌ وشه‌یه‌کیش وه‌ڵامی نه‌دایه‌وه‌. ئیدی ئایاکس به‌ ناچاری هه‌ستا و داوای له‌ ئودیسیوس کرد به‌ په‌له‌ بڕۆن و دوا وه‌ڵام بۆ قاره‌مانه‌کان به‌رنه‌وه‌، به‌ڵام دوا هه‌وڵی خۆیان له‌گه‌ڵ ئه‌خیل دا داو ئه‌خیل له‌ که‌ری شه‌یتان نه‌هاته‌ خوارێ. دوا قسه‌ی ئه‌وه‌ بوو که‌ ئه‌و ئاماده‌ نییه‌ ڕووبه‌ڕوو به‌ره‌نگاری هیکتۆر ببێته‌وه‌ تا هیکتۆر که‌شتی یونانیه‌کان نه‌سووتێنێ و ئاگره‌که‌ نه‌گاته‌ که‌شتی و خه‌رگاکه‌ی ئه‌خیل.

هه‌موو پاڵه‌وانه‌کان به‌ بێده‌نگی له‌ خه‌رگاکه‌ی ئه‌خیل وه‌ده‌رکه‌وتن، ته‌نیا فینیکس له‌ گه‌ڵیا مایه‌وه‌. کاتێ گه‌یینه‌وه‌ لای ئاگامه‌منوون ئایاکس و ئودیسیوس وه‌ڵامه‌که‌ی ئه‌خیلیان گێڕایه‌وه‌، قاره‌مانه‌کان به‌ خه‌مینی گوێیان لێگرتن. دیومید پشنیازی کرد که‌ ده‌ستبه‌رداری ئه‌خیل ببن، چونکه‌ وه‌عد و به‌ڵێنه‌ چه‌وره‌کانی ئاگامه‌منوون بوغرای کردووه‌. پێشنیازی کرد که‌ هه‌مووان، دوای ئه‌وه‌ی تێروپڕیان خوارد وخوارده‌وه‌، بڕۆن بخه‌ون وداوای لێکردن، زۆر چاک خۆیان بۆ شه‌ڕه‌ خوێناویه‌که‌ی سبه‌ینێ ئاماده‌ بکه‌ن.

## ٢١- ئودیسیوس و دیومید بۆ جاسووسی به‌سه‌ر سه‌ربازگه‌ی دژمنه‌وه‌، ده‌رده‌چن

( له‌ ئیلیاده‌وه‌ )

سەربازگەی یونانیەکان، جگە لە ئاگامەمنوون، هەر هەموویان خپ خەوتن. بە تاقی تەنیا هەناسەی هەڵدەکێشا، دیل و ئەسیری هزر و بیرە خەمناکەکانی خۆی بوو، لە خۆیا غەرق بووبوو. تەمەشای سەربازگەی دژمنانی دەکرد، بڵێسەی ئاگر بە هەر چوار نکاڵیا بەرز دەبووەوەو دنیای دەکرد بە چراخان. ئیدی لە هەموو ئالیەکەوە دەنگی نای و قاقای پێکەنین بەرز دەبووەوە. ئەوسا تەمەشایەکی سەربازگەکەی یونانیەکانی کرد، خەم دایگرت، لەزگ بوو دەست بنێتە قژی خۆی و بکەوێتە ڕنینەوەی. ئەنجام ئاگامەمنوون لە ناو جێگاکەی وەدەر کەوت، فەروە شێرێکی گەورەی بە شانیا دا، ڕمەکەی هەڵگرت و چوو بۆ لای نەستوور، تا تەگبیر و ڕاوێژی پێبکات کە چۆن، عێل و عەشیرەتەکەی لە فەوتان دەرباز بکات. لە ڕێگا تووشی مینیلاوسی برای بوو کە ئەویش خەوی زڕا بوو، بیری لە چارەنووسی کارەساتباری ئەو خەڵکە دەکردەوە کە لە پێناوی ئەودا، دیار و دەڤەر وکەس وکاری خۆیان بە جێهێشتبوو. جووتە برا لە سەر ئەوە ڕێکەوتن کە کۆبوونەوەیەکی گشتی بکرێت، مینیلاوس چوو بۆ بانگکردنی میر و فەرماندەکان و ئاگامەمنوونیش بە هەشتاو بۆ نک نەستوور ڕۆیی. نەستوور، گوێی لە دەنگی نزیک بوونەوەی هەنگاوەکانی بوو، بەڵام لە تاریکیەکەدا نەیناسییەوە، داوای لێکرد ناوی خۆی بڵێت، کە یەکسەر خۆی ناساند. ئاگامەمنوون خۆی بە خێوەتەکەی پیرەمێردی بەردەبار و حەکیما کرد، گرێی دڵی خۆیبۆ کردەوە، داوای لێکرد لە گەڵیا بۆ کۆبوونەوەکە بچێت، نەستوور بە گویی کرد و بە دوو قۆڵی بۆ لای ئودیسیوس و پاشان بۆ لای دیومید چوون، کە سەری نابووە سەر مەتاڵە گەورەکەی و ڕمەکەی لە تەنیشت خۆیەوە چەقاندبوو وخەو بردبوویەوە. بێداریان کردەوەو هەموو فەرماندەکانی دیکەیان لە کۆبوونەوەکە ئاگادار کردەوە، ئەوسا بە دوو قۆڵی ڕۆیشتن، تا بە سەر پاسەوان و ئێشکگرەکاندا بسووڕێنەوە، بینیان هەموو بێدار وئاگادار ، چاویان بڕیوەتە تاریکی شەوەکە نەبا دژمن غافڵگیریان بکات وشەبەیخونیان بکەنە سەر. فەرماندەکان لە خەنەکەکە پەڕینەوەو لە بەردەم سەربازگەکەدا و لە سەر ئەرزەکە ڕۆنیشتن. نەستوور پێشنیازی کرد کە شۆڤار وجاسووس بۆ سەربازگەی دژمن بنێرن تا بزانن بە نیازی چین وئایا پەلاماری دژمنەکانیان دەدەن یان بۆ شارەکە دەگەڕێنەوە. پاڵەوانی سەربەرز دیومید، چووە ژێر باری ئەم ئەرکە ترسناکە و داوای کرد یەکێک لە قارەمانەکان بە گەلی بکەوێ، لە جیاتی یەکێک چەند کەسێک

خۆبەخشانە هاتنە بەرەوە، وەختێک ئاگامەمنوون داوای لێکرد لە نێوان ئەوانەدا یەکێکیان هەڵبژێرێ، ئودیسیوسی، دەسکە گوڵ وهەڵبژاردەی ئەسینا – پالادای هەڵبژارد، دڵنیا بوو کە بە هۆی فەند و مانۆڕەکانی ئودیسیوسەوە، بە سەلامەتی دەرباز دەبن. جووتە قارەمان، کە بە بێ چەک بۆ کۆبوونەوەکە هاتبوون، ئەو چەک و چۆڵەیان لە خۆ دا کە ئامادەبووان دایاننێ.

وەکو چۆن یونانیەکان شۆڤار وجاسووسی خۆیان بۆ سەربازگەی ترووادەییەکان نارد، ترووادەییەکانیش، دەیانویست توانای دژمنەکانیان تاقیبکەنەوەو بزانن تا چ ڕادەیەک بەرگریان پێدەکرێ. دولون، کوڕی ئیڤمیدی مەنشوور بە قوچاغی، ئەم ئەرکەی لە ئەستۆ گرت. لێبڕا دزە بکاتە ناو سەربازگەی یونانیەکان و خۆی بگەیەنێتە نک کەشتیەکانی دژمن و لەوێ، گوێ هەڵخات و بزانێ فەرماندەکانیانلە کۆبوونەوەکەدا چ دەڵێن. بەوجۆرە چەکی لە خۆ دا، کەوڵە گورکێکی بە شانیا دا و لەزبلەز بۆ سەربازگەی دژمن ڕۆیی، بەڵام هەرکە بەشیکی کەمی ڕێگاکەی بڕی، دیومید و ئودیسیوس بینیان، خۆیان بە عاردیدا دا تا کەمێک لەوان ڕەتبوو. ئەوجا وەکو جووتێ تاژی کە دوای کەروێشکێک یان ئاسکێک کەوتبن بەو ئاوایە دووی کەوتن.

دیومید، هەڵیکێشایە ڕمەکەی و هاواریکرد: بوەستە دەنا بەم ڕمە دەتکوژم.

ڕمەکەی بە سەر شانی دولوندا هەڵدا، ترسی خستە دڵییەوە، کابرا لە جێی خۆی چەقی و لە ترسا سپی بوو، جووتە قارەمانی یونانی چوونە پێشەوەو توودن گرتیان، کەوتە پاڕانەوە لێیان کە نەیکوژن و لە گیانی خۆشبن. لە گەڵیا کەوتنە پرس و جۆ کە بۆچی بۆ سەربازگەی یونانیەکان هاتووە، کێ ناردوویەتی، هێزەکانی ترووادەییەکان و هاوپەیمانەکانی چۆن دابەش بوون، دولون بە ئومێدی ئەوەی بەزەییان پێیدا بێتەوەو نەیکوژن هەموو شتێکی پێگوتن، هەروەها باسی ئەوەشی بۆ کردن کە تراقیەکان و ریسی پاشایان لە کوێن و لە کوێ سەنگەریان گرتووە. ڕیسی پاشایان ئەسپە نایاب و چەکە زێڕینەکانی لە کوێ داناوە، بەڵام یارۆی ترووادەیی بە ئاواتی خۆی نەگەیی و یونانیەکان بەزەییان پێدا نەهاتەوە، چەکیان کرد، رووتیان کردەوە، کڵاو خودەکە و کەوڵە گورگەکە و چەکەکەیان لێ سەند، ئودیسیوس ئەو تاڵانیانەی لە شوێنێکا شاردەوە، کە بتوانن لەو سەرەوە بەوێدا بگەڕێنەوەو لە گەڵ خۆیاندا بیبەن، ئیدی بە دوو قۆڵی لە گەڵ هاوڕێکەی دا بۆ سەربازگەی تراقیەکان ڕۆیشتن.

جووتە قارەمان، دزەیان کردە ئەو شوێنەوە کە شا ڕیس لە پاڵ ئەسپەکانیا پاڵ کەوتبوو، وەکو چۆن شێر بە ناو مێگەلێک مەڕ و بزنی ئارام دەکەوێ، دیومید بەو ئاوایە پەلاماری تراقیەکانی دا کە هەموو هەڵاژابوون، دوازدە مێردی لێ خستن و شا " ڕیس " شی کوشت. بەڵام ئودیسیوس، قایش و قروش و هەوساری ئەسپەکانی کردەوەو لە سەربازگەکەی بردنە دەرەوە، دیومید لێبڕا گالیسکەکە و چەکە زێڕینەکانی ناوی بەرێتە دەرێ، بەڵام ئەسینا – پالادا هاتە بەرچاوی و گوتی:

- ئەی کوڕیتیدیوس بیر لە گەڕانەوەی خۆت بکەوە. کاتی ئەوە هاتووە بگەڕێیتەوە، دەنا ئەگەر یەکێک لە خوابانوو دژبەرەکانت تروادەییە هێرشبەرەکان بێدار بکاتەوە، ناچار دەبی هەڵێیت و بە گوێ پچڕ گوێ پچڕ دەرباز دەبیت.

دیومید بە گوێی کرد، بە هەشتاو سواری یەکێک لە ئەسپەکان بوو و" ئودیسیوس "ش سواری ئەسپەکەی دی بوو، بە چوار ناڵە بەرەو سەربازگەی یونانیەکان پەل بوونەوە.

ئەپولون، خوابانوو ئەسینا – پالادای بینی چۆن یارمەتی دیومید و ئودیسیوسی دەدا، بە هەشتاو خۆی گەیاندە سەربازگەی ترواده‌ییەکان و هیبوکونت، زاوای ڕیسی بێدار کردەوە. هیبوکونتی قارەمان لە خەو ڕاپەڕی، تەمەشای مەڕبەندی ئەسپەکانی کرد، بینی خاڵییە، کەوتە بانگکردنی ڕیس، لێ کەس بەرسڤی نەدایەوە، ئیدی لە سەربازگەکەدا نەفیر عامی کرد. ئاپۆڕای جەنگاوەران خڕ بوونەوە، بە چاوی پڕ ترسەوە دەیانڕوانیە ئەو کارەی کە دیومید وئودیسیوس کردبوویان، بەڵام ئەم جووتە، چەک و ئەسڵەحەکەی " دولون " یان کە لە سەر ڕێگای خۆیان شاردبوویانەوە، هەڵگرت و بەرەو سەربازگەکەی خۆیان بۆی دەرچوون کە پاشایانی یونان لەوێندەر چاوەڕوانیان دەکردن. ئودیسیوس چیرۆکی کوشتنی ڕیس و دوازدە تراقیەکەی کە بە دەستی دیومید هاتبوونە کوشتن، بۆ گێرانەوە. هەروەها بە تالآن هێنانی ئەسپە عەنتیکەکانیشی بۆ گێڕانەوە. جەنگاوەرەکان ستایش و ئافەرینی جووتە قارەمانیان کرد و کەیف و شادی باڵی بە سەر هەموونددا کێشا. هەر دوو ئەسپەکەی "ڕیس" یان لە بەر خێوەتەکەی دیومیدا بەستەوە، بەڵام چەک و ئەسڵەحەکەی دولون، ئودیسیوس بردی بۆ ناو کەشتیەکەی خۆی.

## ٢٢- شەڕ لە نزیکی سەربازگەی یونانیاندا

( لە ئیلیادەوە )

هەرکە بەیان ئەنگاوت و دنیا ڕوناک بووەوە و هەتاو گزنگی دا ئیدی زیوس، خوا بانووی دوو بەرەکی بۆ سەربازگەی یونانیەکان نارد، خوا بانووی نێوبراو خۆی گەیاندە سەر کەشتیەگەورەکەی ئودیسیوس و تا هێز لە گەروویا بوو هاواری کرد، هاوارەکەی هاوار نەبوو، لە هەر چوار نکالا دەنگی دایەوە، کەڵکەڵەی شەڕێکی سەیری لە لای هەمووان هاڕوژاند. ئاگا مەمنوون قارەمانەکانی بۆ شەڕ هاندەدا، سەراپای لە چەکی نایابدا نقوم بوو، ڕمە درێژەکەی بادەدا، قارەمانانی یونان بە پێیان تاویاند دەداو بە پیری شەڕەوە دەچوون، ترواده‌ییەکان بەوپەڕی ئازایەتی ڕووبەڕوویان دەوەستانەوە، هیکتۆری قارەمان لە پێش هەموویانەوە بوو، قارەمانەکان وەکو گورگی هار بە مەیدانەکەدا دەسووڕانەوەو هێرشیان دەبرد، خوابانووی دوو بەرەکی و ناکۆکی کە دیمەنی خوێنی دەبینی دەگەشایەوەو لە کەیفان لە پێستی خۆی نەدەهێوری. بەڵام باقی خواوەندەکانی دی، بەرەو ئوڵەمپی ڕازاوە پاشەکشەیان کرد و خزانە ژوورە جوانەکانی خۆیانەوە، زۆریان پێناخۆش بوو کە مەزنی خواوەندان یارمەتی تروادەییەکانی دەدا. بەڵام زیوس بە خۆشییەوە دەیڕوانیە دیمەنی ئەو شەڕەی کە ئاگامەمنوون دەیکرد و بە ڕمە قورسەکەی ژمارەیەک قارەمانی خست و دوانی لە کوڕەکانی پریام کوشت کە بریتی بوون لە ئەیس و ئەنیتیڤ، ئەم دووە پێکەوە لە ناو یەک گالیسکەوە دەجەنگین، ئاگامەمنوون تۆزیک لەوەپێش لە سەربازگەی یونانیەکان بینی بوونی، کە ئەخیل دوای ئەوەی لە بناری ئیدا ئەسیری کردبوون، دابوونیە پێش. ئیدی تروادەییەکان نەیانتوانی بوو جووتە برا ڕزگار بکەن و پێکەوە مردن، هەروەها ئاگامەمنوون دوو کوڕەکەی " ئەنتیماخ "ی کوشت و بەوە تۆڵەی لە باوکیان کردەوە کە پاریس دەمی چەور کردبوو وفتوای کوشتنی مینیلاوسی دابوو، کاتی کە مینیلاوس بە نوێنەرایەتی بۆ تروادە چووبوو، جووتە برا لە قارەمان پاڕابوونەوە کە لە گیانیان خۆش بێ و ڕەحمیان پێبکات بەڵام بێهودە، دوای ئەوە ئاگامەمنوون خۆی بە سەختترین قوڵی شەڕەکەدا کردبوو، ئیدی سەفدرِ خۆی بە شەڕەکەدادەدا و قارەمانانی دژمنی دەکوشت، وەکو چۆن ئاگر بە ناو پوش دەکەوێ و تەڕو وشک پێکڤە دەسووتێ، بەو ئاوایە لە دژمنی دەخست. گالیسکان، وەکو هەورە بروسکە خۆیان بە ناو جەرگەی شەڕەکەدا دەکرد، ئاگامەمنوون بە ڕمەکەی پێشوازی قارەمانانی سەر گالیسکەکانی

دەکرد وهەواڵەی دۆزەخی دەکردن، بەوجۆرە ئاپۆڕای ترووادەییەکان پەشۆکان، پەرێشان و شپرزە هەڵاتن، بەڵام لە لای ڕوباری سکیە وەستانەوە.
زیوس کە شکست و پاشەکشەی ترووادەییەکانی بینی ئەمری بە خوابانوو ئیریدا کرد، بڕوات بە هیکتۆر بڵێت هەرکە ئاگامەمنوونی بە برینداری بینی، بچێتە شەڕەکەوە و زیوس هێز و توانایەکی ئەوتۆی دەداتێ کە بتوانێت یونانیەکان، لە لای کەشتیەکانیشیان ڕاو بنێ. خوابانووی ناڤبری بۆ لای هیکتۆر نشێو بووەوە، لە ویست و مەشیەتەکەی زیوسی ئاگادار کردەوە، هیکتۆری قارەمان، لە گالیسکەکەوە خۆی هەڵدایە خوارەوە، کەوتە هاندان و جۆشدانی عێل و عەشیرەتەکەی خۆی، کەچی ئاگامەمنوون بە ڕمەکەیەوە تێیان بەر بووبوو و بە ڕاست و بە چەپا شەلم کوێرم کەس نابوێرم، قارەمانانی لێدەکوشتن، تەنانەت " ئینفیدامانت "ی کوڕی ئینتینوری کوشت، هەنگێ "کوونت "ی کوڕی گەورەی ئینتینور ڕاپەڕی تا تۆڵەی براکەی بکاتەوە، جەزرەبەیەکی لە ئاگامەمنوون دا، برینداری کرد، باسکی لەلای ئانیشکیەوە بریندار کرد، بەڵام شای میکینا بەرپەرچی دایەوەو بە جەزرەبەیەک سەری پەڕاند، ئیدی تەرمی برا گەورەکەش کەوت بە سەر تەرمی براکەیا، بەڵام ئاگامەمنوون دوای ئەوە توانای شەڕی نەما، ئازاری زامەکەی زۆری بۆ هێنا.
کاتێ هیکتۆر، ئاگامەمنوونی بینی بە خۆ وگالیسکەکەیەوە پاشەکشە دەکات و بریندارە، بە دەنگی بەرز جەنگاورەکانی بۆ شەڕ هاندا و خۆی بە ناوەندی شەڕەکەدا کرد، کۆمەڵێک قارەمانی کوشت و یونانیەکان بە تەواوەتی تەنگەتاو بوون، بەڵام ئودیسیوس داوای لە دیومید کرد کە فریا بکەوێ، ئیدی بە دوو قۆڵی ڕووبەڕووی هێرشی ترووادەییەکان بوونەوە. دیومید، هیکتۆری بینی کە بە هەشتاو لێی نزیک دەبووەوە ڕمێکی تێ سرەواند، بەر کڵاوخودەکەی کەوت، بەڵام ئەپولون کارێکی وەهای کرد، ڕمەکە کڵاوخودەکە نەبڕی و هیکتۆری لە مەرگی بێ چەند و چوون ڕزگار کرد، بەڵام هیکتۆر بەرگەی جەزرەبەکەی نەگرت، کەوتە سەر ئەرزەکە و لە هۆشی خۆی چوو. لە کاتێکا دیومید، دڕی بە ڕیزی جەنگاوەرەکان دەدا و ڕمەکەی بەرز دەکردەوە، هیکتۆر وەخۆ هاتەوە، خۆی هەڵدایە سەر گالیسکەکەیو لە مردن دەرباز بوو، دیومید، زۆر تووڕە بوو، کە بۆ جاری دووەم نەیتوانی دژمنە سەرسەختەکەی بکوژێت و دووبارە ڕمەکەی بادا، یەکێک لە قارەمانەکانی دژمنی پێکا و کوشتی، لە کاتێکا بە سەریا

دانەوی بووەوە تا چەک و ئەسڵەحەکەی لێداماڵێت، پاریس تیرێکی خێواندێ و بریندارى كرد، ئوديسيوس لەزبلەز خۆی گەیاندێ و بە مەتاڵەکەی پاراستی تا توانی تیرەکە لە زامەکەی دەربێنێ، لێ دیومید، دوای ئەوە نەیتوانی درێژە بە شەڕ بدات و مەیدانەکەی بەجێهێشت.

وەکو چۆنسەگەل، دەوری شێرێک دەدەن کە لە جەنگەڵ هاتبێتە دەرێ و ئەویش کەڵەبەیان نیشان بدات و دانیان لێ گڕ بکاتەوە، ترواده‌ییه‌کان بەو ئاوایە دەوری ئودیسیوسیان گرت، بە ڕمەکەی بەرپەرچی جەزرەبەکانی دەدایەوەو زۆری لێ خستن. یەکێک لەوانە هاروب، برای شا سوک بوو، شا سوک لە تۆڵەی براکەیا پەلاماری ئودیسیوسی دا، جەزرەبەیەکی توندی ئاراستە کرد، بەڵام ئودیسیوس مەتاڵەکەی دایەبەری، وێڕای ئەوەش کەلەکەی ( لاقەبرغە ) بە خەستی بریندار بوو. لێ ئودیسیوس، وێڕای زامەکەشی توانی، پاشەکشە بە سوک بکات و ئەوسا ڕمێکی لە پشتی دا وکوشتی، دوای ئەوە دەستی برد، جێ زامەکەی لاقەبرغەی سەح کردەوە، ڕمەکەی لێ دەرهێنا و خوێنێکی زۆری لەبەر ڕۆیی. کاتێ ترواده‌ییه‌کان بە بریندارى دیتیان، بە کۆمەڵ پەلاماریان بۆ برد، ئەویش هاواری لە یونانیەکان کرد کە بە هانایەوە بێن و فریای بکەون، ئایاکس تیلامونید خۆی گەیاندێ و بە مەتاڵ و سپەرەکەی کە دەتگوت بورجە، داپۆشی، هەروەها "مینیلاوس " ش بە هەشتاو خۆی گەیاندە دیاری، هەڵیگرت و خستیە گالیسکەکەیەوەو لە مەیدانی شەڕەکەی دەرباز کرد، بەڵام ئایاکس، بەناو ئاپۆرای دژمن کەوت و بە ڕمەکەی تێیان بەر بوو و بە ڕاست و بە چەپا مێردی لێدەخستن، لەو کاتەدا پاریس، تیرێکی سرەواندە ماخاون و شانی ڕاستی بریندار کرد. ئیدومینیوس، داوای لە نەستوور کرد کە بریندارەکە بۆ سەربازگەی یونانیەکان بگوازێتەوە. "کیبریون" گالیسکەڕانی هیکتۆر، بینی کە چۆن ئایاکس تەنگ بە سەربازانی یونانی هەڵدەچنێ، خێرا ئەو هەواڵەی بە هیکتۆری ئاغای گەیاند، هیکتۆر بە هەشتاو خۆی گەیاندە ئەو شوێنە تا فریای جەنگاوەرەکانی ئەوێندەر بکەوێ و ورەیان بەرز بکاتەوە، زیوس، ترسی خستە دڵی ئایاکسەوە، مەتاڵە گەورەکەی دا بە پشتیا و بە کاوەخۆ وەکو شێرێک، کۆمەڵێک سەگ و شوانێن ئازا دووی دەکەون، بەو ئاوایە کەوتە پاشەکشە.

ئایاکسی قارەمان، بە دەم پاشەکشەوە، ناوبەناو دەوەستا، خۆی دەدایە پاڵ مەتاڵەکەی و بەرپەرچی هێرشی تروادەییەکانی دەدایەوە. " ئیڤریبیل "ی قارەمان ئەم دیمەنەی بینی، خێرا بە هانایەوە چوو، لێ پاریس تیرێکی سرەواندێ و " ئیڤریبیل " ش ناچار بوو کە مەیدانی شەڕەکە بە جێ بێڵێ، یونانیەکان بە هەشتاو چوون بە هاواری ئایاکسەوە و پاراستیان تا بە سەلامەتی لە شەڕەکە دەرچوو.

ئەخیل، لە پێشەوەی کەشتیەکەی ڕاوەستابوو و چاودێری شەڕەکەی دەکرد، نەستووری پیرەمێردی بینی کە یەکێک لە زامدارەکانی دەگواستەوە، بانگی پاترۆکلی هاوڕێی کرد و داوای لێکرد بچێ بۆ لای نەستوور و بزانێ بریندارەکە کێیە، لەوە دەچی ماخاون بێ. هاوڕێکەی ئەخیل بە پەلە بۆ خەرگاکەی نەستوور ڕۆیی. " ماخاون "ی بریندارى بینی کە شەرابێکیان بۆ ئامادە دەکرد. پیرەمێردی دانا، پاترۆکلی قارەمانی بینی، خوڵکی دانیشتنی کرد، لێ پاترۆکل دانەنیشت، تەوازی هێنایەوە کە دەبێ بە هەشتاو بۆ لای ئەخیل بزڤڕێتەوە. هەنگێ نەستوور باسی ڕەوشە خراپەکە و گوشاری زۆری ترۆادەییەکانی بۆ کرد و ناوی بریندارەکانی، کە زۆربەیان لە گەورە قارەمانەکان بوون، پێگوت وتکای لێکرد شتێک لە پێناو نەتەوەکەیدا بکات، بۆ نموونە داوا لە ئەخیل بکات بە ئەمانەت زرێ و مەتاڵەکەی بداتێ و رابەرایەتی مارمیدونەکانلە شەڕا بکات، هەنگێ دژمن وا دەزانن ئەخیلە و ئیدی ترۆادەییەکان سڵ لە شەڕ کردن دەکەنەوە، یونانیەکان هەلیان بۆ دەڕەخسێ و دەتوانن پشوویەک بدەن. پاترۆکل، قاییل بوو، چوو بۆ لای ئەخیلی هاوڕێی تا ڕێگەی بدات بەشداری شەڕەکە بکات. لە ڕێگادا تووشی ئیڤریبیل بوو کە بریندار بوو و بە ئازاری برینەکەیەوە دەیناڵاند، هێشتا تیرەکە بە ڕانیەوە بوو و وەکو جۆگا خوێنی لەبەر دەڕۆیی. پاترۆکلی گەنج دڵی بەم قارەمانە بریندارە سووتا و یارمەتی دا تا گەیاندیە سەر کەشتییەکەی و لەوێندەر تیرەکەی لە زامەکەی دەرهێنا و دەرمانێکی شیفابەخشی کرد بە زامەکەیەوە و ئیڤریبیل، باسی کول و کۆڤانی یونانیەکان و گوشاری ترۆادەییەکانی بۆ کرد.

شەڕ، دووبارە دەسی پێکردەوە. دیوار و خەنەکەکە، بۆ پاراستنی یونانیەکان بەس نەبوون، بەڵام ترۆادەییەکان توانای ئەوەیان نەبوو لە خەندەکەکە بپەڕێنەوەو ئەو دیوارە کۆنترۆڵ بکەن کە یونانیەکان خۆیان دابووە پەنای. هیکتۆر، لێبڕا بە گالیسکەکەی لە خەندەکەکە بپەڕێتەوە، لێ ئەسپەکانی نەیانتوانی بپەڕێنەوەو

پاشەوپاش گەڕانەوە، هەنگێ ترواده‌ییەکان لە سەر پێشنیازی "پولیدامانت " پەنایان بۆ نەخشە و ڕێگایەکی تازە برد، دابەش بوون بە سەر پێنج گرووپی گەورەوە، هەموو پیادە بوون، وازیان لە گالیسکەکانیان هێنا و هەموو بە پێیان کەوتنە شەڕ و تەنیا ئاسیوس نەبێت. ئەو لە گالیسکەکەی دانەبەزی، دەیویست دووی یونانیە هەڵاتووەکان بکەوێ، دڕیان پێ بدات و دوای ئەوە پەلاماری کەشتیەکانیان بدات. بەڵام هەر دوو لابیفی، پولیبیت و لیونیتیس لە نزیکی دیوارەکە ڕووبەڕووی بوونەوە. هەر دووکیان لە بەردەم دەروازەکەدا، وەکو دوو دار بەڕووی پتەو ڕەق ڕاوەستابوون و بوێرانە، ڕووبەڕووی هێرشی هێرشکاران بوونەوە. لە دیوارەکانەوە، چ بەرد و چ تیر وەکو باران بە سەر هێرشکاراندا دادەباری، جووتە قارەمان توانیان بەرپەرچی هێرشەکەی ئاسیوس بدەنەوە و ژمارەیەکی زۆر لە هێرشکاران بکوژن، بەڵام سوپایەکی نوێ بە ڕابەرایەتی هیکتۆر و پولیدامانت، بەرەو دیوارەکان پێشڕەوی کرد. ئەوسا زیوس، نیشانەیەکی گەورەی نواند، هەڵۆیەک بە ئاسمانی سوپاکانی ترواده‌وە بەدیار کەوت، مارێکی بە چنگاڵەکانی هەڵگرتبوو کە هێشتا هەڵدەپلا، لە ناکاوا بە سینگی پیرە هەڵۆکەیەوە دا، هەڵۆ هاوارێکی گورچکبری لێ هەستا، مارەکەی فڕێدایە ناو سوپاکانی ترواده‌ییەکانەوەو ئەوسا لە چاو ون بوو. کاتێ پولیدامانت ئەو نیشانەیەی بینی، ئامۆژگاری هیکتۆری کرد کە دەستبەرداری شەڕ بێ و واز لە بیرۆکەی گرتنی سەربازگەی یونانیەکان بێنێ، بەڵام هیکتۆر گوێی خۆی لێخەواند و بەرەو دیوارەکان ڕۆیی.

زیوس، گەردەلوول و گێژەلووکەیەکی بەترەفی هەڵکرد، ستوونی تۆز وبا، بە سەر کەشتی گریکەکانەوە بەرز بووەوە، بەڵام یونانیەکان سەرباری تووندی گەردەلوول وباهۆزەکەش، بەوپەڕی ورە بەرزی و خۆڕاگری، لە سەر بەرگری و بەرەڤانی خۆ بەردەوام بوون. ترواده‌ییەکان، ئاسنە تیژەکانی سەر دیوارەکەیان هەڵکەند و کەوتنە هەڵکەندنی ئەو دارە گەورانەی کە درابوونە پاڵ بورجەکان، تا زەمینە بۆ ڕوخاندنیا خۆش بکەن. یونانیەکان بە بەرد و تیر و نێزان ڕووبەڕووی هێرشکاران بوونەوە، برایانی ئایاکس و تیفکر، جەنگاوەرەکانیان هاندەدا کە خۆڕاگر و کۆڵنەدەر بن. قارەمانی مەرد و ڕەند سابیدون، لە دەروازەکە نزیک بووەوە، خۆی دابووە بەر مەتاڵەکەی، ڕمێکی درێژی بە دەستەوە گرت، داوای لە قارەمانی لیکی، گلامک کرد کە

به گەڵی بکەوێ، مینیفیوس، ئێشکی دەروازەکەی دەگرت، ناردی بە شوێن برایانی ئایاکس دا، ئایاکس تیلامونید و تیفکری برای و باندیون بە دەنگیەوە هاتن لە کاتێکا قارەمان ئیبیکلیوس بە دیوارەکەدا هەڵدەگەڕا، ئایاکس بەردێکی گەورەی هەڵگرت، پێیا کێشا و خستیە خوارەوە، تیفکر بە تیر گلافکی پاڵەوانی بریندار کرد. لێ ساربیدون نەگەڕایەوە، بەڵکو توانی بەشێک لە دیوارکە بڕوخێنێ، بەڵام ئایاکس و تیفکر توانیان، بیدەنە دواوە. ساربیدون داوای لە لیکیەکان کرد کە هێرشێکی تازە بکەن. بە کۆمەڵ پەلاماری دیوارەکەیان دا، بەڵام یونانیەکان بەرپەرچیان دانەوە. ئیدی لیکی یەکان نەیانتوانی دیوارەکە بگرن، بەڵام یونانیەکانیش نەیانتوانی لە دیوارەکەیان دوور بخەنەوە. بەوخۆرە هیچ لایەکینا نەیتوانی شەڕەکە یەکلایی بکاتەوە. هیکتۆر، یەکەم کەس بوو کە خۆی بە سەربازگەی یونانیەکاندا دا، بەردێکی گەورەی ئەوتۆی هەڵگرت، کە بە دوو پیاوی بەهێز هەڵنەدەگیرا، مەگەر بە سلینگ هەڵگیرابا، بەردەکەی بە دەرگا گەورەکەدا کێشا، دەرگاکە بەرگەی نەگرت، بەڵکو بە تەق و هوڕ کەوت و پارچەپارچە بوو. هیکتۆر، کە گڕی تووڕەیی لە چاوی دەبووەوە، خۆی بە سەربازگەکەدا کرد، ترواددەییەکان لە دووی ئەوەوە خۆیان بە سەربازگەکەدا کرد. بەوجۆرە دیوارەکەیان بەزاند، یونانیەکان قوچانیان، بەرەو کەشتیەکان هەڵاتن و ئاژاوە و فەرتەنە هەموو شوێنێکی گرتەوە.

## شەڕی لای کەشتیەکان
## ( لە ئیلیادەوە )

شەڕ لە نزیکی کەشتیەکان دەستی پێکرد، زیوس گویی نەدایە، چونکە دڵنیا بوو چ کەسێک بە هیمدادی یونانیەکانەوە ناچێت. وەختێ خواوەند پوسیدون ئەم دیمەنەی بینی، بە هەشتاو لە چیای تراقیاوە، کە لەوێندەرەوە تەمەشای شەڕەکەی دەکرد، بە پەلە داگەڕا، چوو بۆ کۆشکەکەی خۆی، ئەسپە دەریاییەکانی لە گالسکەکەی بەست. گالیسکە و ئەسپەکانی لە شکەفتێکی گەورەی ڕەخی دەریا بەجێهێشت، ئەسپەکانی بە پێوەندی زێڕ، پێوەند کرد، چووە کلێشەی ڕەبەن و خیفزان کالخاسەوە، ئەوسا خۆی بۆ برایانی ئایاکس بە دیار خست و کەوتە هاندانیان بۆ شەڕ، سەوڵە جانەکەی بە بالایاندا هێنا، توانایەکی لە ڕادەبەدەری بەبەردا کردن، ئیدی زانیان ئەوەی قسەیان

بۆ دەکات، خواوەندە لە پێستی ڕەبەن و خیفزانا، بەمە هێندەی دی متمانەیان بە خۆ پەیدا کرد و لە سەر شەڕ ڕژد بوون. ئیدی پوسیدون بەناو شەرڤان و جەنگاوەرەکان کەوت، یونانیەکانی هاندەدا کە خۆڕاگر بن، ئیدی هەمووان، ساتاڵ بە تەنیشت مەتاڵەوە، خودە بە تەنیشت خودەوە لە دەوری جووتەبرا خڕ بوونەوە، نێزە بەدەست، حازر و ئامادە، چاوەڕوانی هێرشی دژمنیان بە سەرکردایەتی قارەمانی بێ هەڤڕک، هیکتۆر دەکرد.
وەکو چۆن تاوێرێکی گەورە، لە چیایەکی بڵند دەبێتەوە و غل دەبێتەوە و هەرچییەکی دێتە بەری، ڕایدەماڵێ و تا دەگاتە قولایی دۆڵێک و تەنانەت لە دۆڵەکەشا بە تەواوەتی ئارام ناگرێ و ناگیرسێتەوە، بەو ئاوایە هیکتۆر، مەتال و نێزە بەدەست بەرەو ئاپۆڕای یونانیەکان هێرشی دەبرد، نەدەوەستایەوە تا لووتی تەقی بە ڕیزی بتەوی یونانیەکانا، هاواری لە ترواده‌ییەکان کرد کە ڕیزی دژمن بشکێنن، شەڕێکی کوشندە هەڵگیرسا، یونانیەکان لە مەیدانا کەوتن، " ئەمفیباخ " ی نەوەی پوسیدونش کوژرا، خواوەندی مەزن تووڕە بوو، شا " ئیدومینیوس " ی هاندا کە بۆ شەڕەکە دەربچێت و تۆڵە بکاتەوە. قارەمانی سەربەرز، لە جلکی شەڕا، سەراپا دەبریقایەوە، لە هەورە بروسکانی زیوس دەچوو، خۆی بە شەڕەکەدا کرد، "میریدون " هاوڕێی بینی، ڕمەکەی کە کێشابووی بە مەتاڵ و زرێکەی دیفیوبی کوڕی پریام دا، تازە شکا بوو، لە ڕمێکی دی دەگەڕا، ئیدومینیوس ڕمێکی خۆی دایە، هەر دوو قارەمان، بە دوو قۆڵی بەرەو بەرەی چەپی یونانیەکان ڕۆیشتن.
ترواده‌ییەکان، " ئیدومینیوس " یان بە دی کرد کە دەهاتە پێشێ، پەلاماریان دا، بەڵام ڕووبەڕوویان بووەوە و ناچاری کردن هەڵێن. وەختێ دییفوب، کوڕی پریام بینی عێل و عەشیرەتی وان ڕاو دەنێت، داوای لە " ئینیوس " ی هاوڕێی کرد بێتە یارمەتی، بە دوو قۆڵی هێرشیان بۆ ئیدومینیوس برد، هاواریان لە پاریس و ئاگینور کرد کە بە هانایانەوە بچن، ئیدی ئاگری شەڕێکی ترسناک هەڵگیرسا، چونکە یونانیەکان لەزبلەز چوونە یارمەتیپاڵەوانەکەی خۆیان و ئیدی دەنگی ڕینگ و هۆڕی چەکێن مسین، لە سەر سینگیان بەرز بووەوە.
بەڵام هیکتۆر هێرشی بۆ قۆڵی لای کەنارەکە برد کە برایانی ئایاکس پارێزگاری کەشتیەکانیان دەکرد و شان بە شانی یەکدی ڕووبەڕووی دژمن دەبوونەوە، ڕێک وەکو

جووتێ گاجووت کە یەک نێر کۆی کردبنەوە و یەک هەوجاڕ، ڕاستەوڕاست ڕابکێشن و یەک زەوی بە قووڵی بکێڵن. پاڵەوانانێکی زۆر لە دەوریان خڕ بوونەوە، لوکرییەکان، لە پشتیانەوە وەستابوون، هەموو تیروکەوان و قۆچەقانی بەدەست، هێرشکارەکانیان تیر و بەرد باران دەکرد.

ترواده‌ییه‌کان خەریک بوو، سارد دەبوونەوە، لێ پولیدامانت پێشنیازی بۆ هیکتۆر کرد، ئازاترین پاڵەوان بانگ بکات و ڕێک بکەون کە پێکەوە هەڵیکوتنە سەر دژمن یان بگەڕێنەوە. هیکتۆر داوای قارەمانانی کرد، بەڵام ژمارەیەکی زۆر بە دەنگییەوە نەهاتن، یان لە لای کەشتی یونانیەکان کوژرابوون و تۆزیان لێ نیشتبوو یان بە برینداری لە شەڕەکە کشابوونەوە، پاریس تاقە سوار، بە تەنیا باڵ ڕووبەڕووی هێرشی دژمن دەبووەوە. هیکتۆر کەوتە گلەیی لە براکەی. بەڵام گلەییەکانی بەجێ و ڕەوا نەبوون. پاریس ئازایانە شەڕی دەکرد، خەتای ئەو نەبوو کە ژمارەیەکی زۆر لە قارەمانەکان بریندار بوون و زۆربەیان کوژران. پاریس بانگی لە براکەی کرد، کە داوا لە ترواده‌ییه‌کان بکات بێنە مەیدانی شەڕ، ترواده‌یی وەکو با و باهۆز هێرشیان هێنا، بەڵام یونانیەکان باکیان بە هێرشەکەیان نەبوو، ئایاکس تیلامونید، هیکتۆری بەدی کرد، هاواری لێکرد کە لە ئاپۆڕای یونانیەکان بێتە پێشەوە. هەڵۆیەک بە ئاسمانەوە دەرکەوت، بە سەر سەری ئایاکس دا سوڕایەوە. یونانیان ئەمەیان بە نیشانەی خێر لێکدایەوە. بەڵام ترواده‌ییه‌کان بە سەرکردیەتی هیکتۆر، هاواریان کرد و پەلاماریان دان، یونانیەکانیش بە هاوارێکی بەرزتر وەڵامیان دانەوە. ئیدی دەنگی هاوار و نەعرەتەی هەر دوو لا دەگەییە کەشکەڵانی فەلەک.

نەستوور لە گەڵ ماخاون دا لە ناو خێوەتەکەی خۆیەوە گوێی لە هاوار و نەعرەتەی سوپاکان بوو، مەتاڵ و ڕمەکەی هەڵگرت و لە خەرگاکەی وەدەرکەوت و بۆ لای ئاگامەمنوون ڕۆیی، لە ڕێگادا تووشی شای میکینا و دیومید و ئودیسیوس بوو کە هەر هەموویان بریندا بوون و بە یارمەتی ڕمەکانیان ڕێیان دەکرد و دەچوونە تەمەشا و چاودێری شەڕەکە، کە دیتیان شەڕ گەییوەتە لای کەشتیەکان، زۆریان لە بەر ناخۆش بوو، هەروەها ڕمان و هەرەسی ئەو حەسار و دیوارەی کە دروستیان کردبوو، تا خۆیانی بدەنە پەنا و خۆ لە هێرشی دژمن بپارێزن، زۆری خەفەتبار کردن. نەیاندەزانی چۆن یارمەتی سوپاکان بدەن و دەتوانن چی بکەن تا سوپاکان لە فەوتان ڕزگار بکەن،

ئاگامەمنوون، خەریک بووفرمانی دەردەکرد کە کەشتییەکان بەرەو دەریا و ئاوەکە بەرن، بەڵام ئودیسیوس ڕێگەی نەدا ئەو کارە بکات، چونکە دەترسائەو هەڵوێستە ببێتە سەدەمی ئەوەی یونانیەکان زیاتر بیر کە هەڵاتن بکەنەوە تا بیر لەوەی بەرخۆدان بکەنەوە. دیومید پێشنیازی کرد، کە تەدارەکی شەڕ لە خۆ بدات و لە بەردەم سوپاکەدا دەربکەوێ و هەنگێ ورەی سوپا بەرز دەبێتەوە، بێئەوەی ئەم ڕاستەوخۆ بەشداری شەڕ بکات و دووبارە بریندار ببێتەوە.

وەختێ هیرا شکست و هەڵاتنی یونانیەکانی بینی، لێبڕا بە هەر فێڵێ بووە، یارمەتیان بدات، سەیری کرد باشترین نەخشە ئەوەیە کارێکی وەها بکات مێردەکەی، واتە زیوس بکاتە خەو و لە کاتی نووستنەکەی ئەودا، دەرفەت بێنی و یونانیەکان سەربخات.

هیرا، لە ئوڵەمپەوە، چوو بۆ چیای لیمنوس لەوێ چاوی بە خواوەندی خەو، هیپنوس کەوت. هیپنوس دەترسا مەزنی خواوەندان تووڕە بێت، بەڵام هیرا بە هەر نرخێ بوو هێنایە ڕەدا و بە دوو قۆڵی ڕۆیشتن، زیوس لە سەر لوتکەی چیای ئیدابوو، هیپنوس، خۆی لە سەر دار چنارێکی زەلاما و لە شێوەی تەیرێکی دەنگ خۆشا خۆی حەشار دا و بە شێوەیە توانی زیوس بکاتە خەو ئەمما خەو. پاشان خواوەندی خەو، چوو بۆ لای خواوەندی بوومەلەرزە، پوسیدون تا ئاگاداری بکاتەوە کە زیوس لە غوڕابی خەودایە.

پوسیدون، بەو هەواڵە زۆر خۆشحاڵ بوو، کەوتە هاندانی یونانیەکان بۆ شەڕ، ئاگامەمنوون و دیومید و ئودیسیوس، وێڕای بریندارِیان کەوتنە ڕێکخستنی ڕیزی جەنگاوەرەکان. پوسیدون، سوپایەکی یونانی دوای خۆی دا تا ڕووبەڕووی ترواده‌ییەکان ببێتەوە. دەریا خرۆشا، کەوتە شەپۆلدان تا گەییە لای کەشتی و خێوەتەکانی. ئیدی یونانیەکان کەوتنە پەلاماری دژمنەکانیان، سەرلەنوێ ئاگری شەڕ هەڵگیرسا. هیکتۆر، ڕمێکی خێواندە ئایاکسی دژمنی، لێ بریندارِی نەکرد. ئایاکس، بە بەردێکی گەورە بەرپەرچی دایەوە، کەڤرەکە ڕێک بەر سینگی هیکتۆر کەوت، هیکتۆر چۆن دار بەڕوویەکی گەورە بەر بروسکەیەکی زیوس بکەوێ، بەو ئاوایە کەوتە سەر عاردی، ڕمەکەی لە دەستی بەر بوو، بەڵام مەتاڵە گەورەکەی کەوت بە سەریا و هێندەی دی بە ئەرزەکەیەوە نووساند و باری قورس کرد، یونانیەکان هێرشیان بۆ قارەمانی بریندار برد، لێ ترواده‌ییەکان لەزوبەز گەینە سەری و لە مەیدانی شەڕەکە بردیانە دەرەوە، لە خۆی چوو بوو، گەیاندیانە کەناری ڕوباری کسانف. دەم و چاویان ئاو

پرژێن کرد. چاوانی هەڵێنان، هەستا، ئاو لە دەمی هاتەخوارێ، دووبارە بە ڕووا کەوت و سەر لە نوێ بورایەوە. کە یونانیەکان هیکتۆریان بەو حاڵەوە بینی، وەکو یەک پیاو هێرشیان بۆ ترواد‌ەییەکان برد، شەڕەکە لە جاران توندتر بوو، ژمارەیەکی زۆری قارەمانان چ لە ترواد‌ەییەکان و چ لە یونانیەکان تالآوی مەرگیان نۆشت. ترواد‌ەییەکان هەڵاتن، پێیان وەغارەوە نا، تا لە خەندەکی دەوری سرەربازگەی یونانیەکان نەپەڕینەوە، نەوەستانەوە.

لەو کاتەدا زیوس لە خەو ڕابوو، سەیری کرد ترواد‌ەییەکان خەریکی هەڵاتنن و یونانیەکان بە ڕابەرایەتی پوسیدون چنگ لە سەر شان دوویان کەوتوون و ڕویان دەنەن. زیوس زۆر تووڕە بوو، کەوتە سەر کۆنەی هیرا کە بۆ ئەو کارەی کردووە، هەڕەشەی ئەوەی لێکرد کە بە زنجیرێکی ئاڵتوون دەیبەستێتەوە و لە نێوان ئەرز و ئاسماندا هەڵیدەواسێت، چونکە پوسیدونی تەفرە داوە تا یارمەتی یونانیەکان بدات، بەلام هیرا سوێندی گەورەی بۆ خوارد کە پوسیدون بە بێ پرس و ڕاوێژیئەو ( هیرا ) ئەو کارەی کردووە و دەیکات.

ئیدی خوابانوو هیرا لەزوبەز چوو بۆ ئوڵەمپ کە خواوەندان خەریکی زیافەت و خوان بوون، هیرا پیی گوتن کە بە هیچ جۆرێ لە ڕووی ویست و مەشیەتی زیوس نەوەستنەوە، هەروەها خەبەری بە ئاریسی خواوەندی جەنگ دا کە " ئەسکالاف " ی کوڕی کوژراوە و دییفوب کوشتوویەتی، خواوەند دەستی بە گریان کرد، لە جێی خۆی ڕاپەڕی، بە پەلە تەدارەکی شەڕی لە خۆی دا، جلکی جەنگی لەبەر کرد تا بۆ مەیدانی شەڕ بڕوات و تۆڵەی کوڕەکەی بکاتەوە، بەڵامئەسینا ڕایگرت و ئەمرەکەی زیوسی بیر خستەوە کە چ کەسێک یارمەتی هیچ لایەکی شەڕەکە نەدات. بەڵام هیرا – بە ئەپولون و ئیریدا – ی گوت زیوس گەرەکیەتی بچن بۆ لای بۆ سەر چیای ئیریدا.

جووتە خواوەند، لە بەر دەستی زیوسی مەزنی خواوەندان ئامادەبوون ئەمری بە ئیریدا کرد بە پەلە بچن بۆ لای پوسیدون و ئەمرەکەی زیوسی پێڕابگەیەنێت کە یەکسەر و بەبێ دوا کەوتن مەیدانی جەنگ بە جێ بێڵێت، هەڵبەتە خواوەندی دەریا حەزی نەدەکرد ئەو ئەمرە جێبەجێ بکات، بۆیە گوتی لە هێز و تواناد‌ا هاوتای مەزنی خواوەندانە، با مەزنی خواوەندان ئەمر بە سەر کوڕ و کچەکانی خۆیدا بکات نەک بە سەر پوسیدون دا، بەڵام ئەنجام ملی بۆ ئەمرەکە داو مەیدانی شەڕەکەی بە جێهێشت

و هەڕەشەی ئەوەی کرد کە ئەگەر جارێکی دی هاوکاری ترواده‌ییەکان بکات، تا هەتاهەتایە دژایەتی زیوس دەکات.
بەڵام ئەپولون، مەزنی خواوەندان ئەمری پێکرد کە سەوڵەجانەکەی هەڵگرێت و یونانیەکانی پێ بترسێنێ و هیکتۆر بگەڕێنێتەوە سەر هەمان هێز و توانای جارانی، ئەپولون، وەکو هەڵۆی دڕ بۆ سەر زەوی داگەڕا، لە لای هیکتۆرەوە وەستا، هیکتۆر بەرەبەرە خەریک بوو وەخۆ دەهاتەوە، ئەپولون ڕووی دەمی تێکرد و گوتی:
- ڕابە ئەی قارەمان، من "ئەپولون"م، زیوس بۆ لای تۆی ناردووم، خێرا بڕۆ بۆ ناو جەنگاوەرەکانت، ئەمریان پێبکە سەر لە نوێ هێرش بۆ سەر یونانیەکان بکەن، من لە ڕیزی پێشەوەی جەنگاوەرەکان دەبم، ڕێبەرایەتیان دەکەم.
ئەپولون، هێز وتوانایەکی گەورەی بەبەر هیکتۆردا کرد، هەر هەستا و بۆ لای ترواده‌ییەکان ڕۆیی، کە بە ساغ و سەلامەتی بینیان زۆر خۆشحاڵ بوون، دژمن کە بۆ جاری دووەم لە ڕیزی پێشەوەی جەنگاوەرکاندا بە دییان کرد سەریان سوڕما. ترواده‌ییەکان هێرشیان بۆ سەر یۆنانیەکان برد، ئیدی تەواو تەنگیان پێ هەڵچنین، شەڕەکە هێندەی دی توند و گەرم و خوێناوی بوو، یونانیەکان لە سەر ڕووبەڕوو بوونەوەی دژمن بەردەوام بوون، بەڵام ئەو حاڵەتە زۆر بەردەوام نەبوو، هەرکە ئەپولون سەوڵەجانەکەی ڕاوەشاند، ئاپۆڕای یونانیەکان شپرزە بوون، دڵیان دالەرزی، ورەیان بەرداو هەڵاتن، ترواده‌ییەکان چنگ لە سەر شان دوویان کەوتن و ئەپولون ڕێگەی بۆ خۆش دەکردن، بە درێژایی تیرهاوێژێک خەندەکەکەی تەنیشت دیوار و حەسارەکەی پڕ کردەوە وتەختی کرد. یونانیەکان تالای کەشتیەکان نەوەستانەوە، لەوێندەر هاواریان بۆ خواوەندان برد کە فریایان بکەون، هەروەها نەستووری پیرەمێردیش بەم جۆرە لە زیوس پاڕایەوە:
- ئەی زیوس، ئەو قوربانیەت وەبیر بێتەوە کە یونانیان بۆ تۆیان دەکرد و لێت دەپاڕانەوە کە بە شادی بۆ زاگە وزێدی خۆ بزڤڕنەوە. دەست لە فەوتانی مە بەردە ئەی مەزنی ئۆلەمپ، سەرکەوتنی یەکجارەکی بە نەسیبی ترواده‌ییەکان مەکە.
زیوس، گوێی لە پاڕانەوەکەی نەستوور بوو، لە قووڵایی ئاسمانەوە کەوتە بروسکە باران، ترواده‌ییەکان ئەو بروسکە و هەورە تریشقانەیان وا لێکدایەوە کە نیشانەیەکی ئومێد بەخشە، ئیدی وەکو پێل وشەپۆلێن دەریای خرۆشاو هێرشیان بۆ یونانیەکان برد،

شەپۆل بەرز دەبوونەوە هەریەکەی بەرزتر لە کەشتیەک، ئیدی شەڕ لە نک کەشتیەکان گەرم بوو، ئایاکس، شێرانە شەڕی دەکرد وبەرگری لە کەشتیەکان دەکرد، "تیفکر"ی برایشی شانبەشانیوەستابوو، بە تیران، قارەمانانی دەکوشت، کاتێ نیشانەی لە هیکتۆر گرتەوە تا بیکوژێت، زیوس فریای کوڕەکەی پریام کەوت، کەوانەکە لە دەست تیفکر کەوت، ژێیەکەی پچڕا، تیرەکان پەراگەندە بوون. ترس کەوتە دڵی تیفکر وهەستی بە مەشیەتی خواوەند کرد. لێ ئایاکس ئامۆژگاری براکەی کرد، واز لە کەوانەکە بێنێ و بە ڕمان شەڕ بکات.

ئاگری شەڕ بڵێسەی سەند، خوێن وەکو ڕوبار لە دەوری کەشتیەکان هەستا، یونانیەکان، وەکو دیوارێکی مسین بە خۆ ومەتاڵ و زرێکانیانەوە لە بەردەم کەشتیەکاندا وەستان، قارەمانەکانیان قارەمانیەتی گەورەیان نواند، بەڵام هێرشی دژمن تا دەهات توندتر وزیاتر دەبوو. هیچ لەوە ناچوو هێرشکاران، سوپایەکی شەکەت وماندووی مەیدانی شەڕ بێ، بەڵکو لە سوپایەکی تازە نەفەسی پڕ ورە ونەبەز بێ. ئایاکس، بە خۆ ومەتاڵە گەورەکەیەوە لە کەشتیەکەوە بۆ سەر کەشتیەکی دی دەچوو و ڕووبەڕووی هێرشی تروادەییەکان دەبووەوەو، بە دەنگێکی سامناک هاواری لە عێل و عەشیرەتەکەی دەکرد کە شەڕ بکەن، ورە بەرنەدەن. بەڵام هیکتۆر، وەکو چۆن هەڵۆ پەلاماری بێچووی تەیران دەدات، بەو ئاوایە پەلاماری دژمنی دەدا. بە دەست لووتەی کەشتیەکەی بروتیسیلای گرت، ئەمری کرد کە مەشخەڵێکی بدەنێ تا کەشتیەکەی پێ بسووتێنێ. ئایاکس تیلامون نەیتوانی بەری هێرشەکە بگرێ، لە کاتێکا بە نێزە و ڕمان ڕووبەڕووی دژمنەکانی دەبووەوە، بارانی تیریان بە سەردا دەباراند. دەستی چەپی لە قورسی مەتاڵەکەیدا سڕ بوو، بە زەحمەت هەناسەی بۆ دەدرا، وەکو ڕوبار ئارەقەی لەبەر دەڕۆیی، کەوتە پاشەکشە. لێ هیکتۆر چووە پێشەوە، شمشێرێکی داوەشاند، سەری ڕمەکەی پەڕاند، ئیدی ئایاکس گەییە ئەو قەناعەتەی کە ئیرادەو ویستی زیوس ئەوەیە کەشتی یونانیەکان بێنە سووتان. تروادەییەکان، کەشتی " بروتیسیلای " سووتاند، گڕی بەرز بووەوە بۆ ئاسمان، لەوە دەچوو کۆتایی یونانیەکان نزیک بووبێتەوە، لە ناکاوا، بێ ئەوەی بە خۆشیان باوەڕ بکەن، کۆمەکیان بۆ نازڵ بوو.

## ٢٤- پاڵەوانیەتیەکانی پاتروکل و کوشتنەکەی

( لە ئیلیادەوە )

کاتێ ترواده‌ییه‌کان، خۆیان به‌ سه‌ربازگه‌ی یونانیه‌کاندا دا، پاتروکل، له‌ نزیکی " ئیڤرییبل "ی بریندارەوە دانیشتبوو، لە جێی خۆی ڕاپەڕی، هاوارێکی تیژی کرد، بە هەشتاو بۆ خەرگاکەی ئەخیل چوو، بە چاوی پڕ گریانەوە لێی چووە پێشەوە وئەخیل لێی پرسی:

- بۆچی دەگریت پاتروکل، دەڵێی کچێکی شیرەخۆرەی بە دووی دایکیا غار دەدات وداوای لێدەکات باوەشی بکات. خەبەری ناخۆشت لە فتیاوە پێ گەییوە؟ یان بۆ ئەو یونانیانە دەگریت کە لە دەوروبەری کەشتیەکان دەکوژرێن؟ ڕاستم پێ بڵێ و هیچم لێ مەشارەوە.

پاتروکل بەرسڤی دایەوە وگوتی: ئەی کوڕی بیلیوس! چی بێ لە تۆ نهێنی، کارەساتێکی گەورە بە سەر قەومەکەماندا هاتووە، گەورە قارەمانەکانمان بریندارن، ئایا بە تەما نیت یارمەتیەکیان بدەی! ئەگەر تۆ ئەم ڕەوشەت بە دڵ نییە، ئەوا ڕێگا بە من بدە، تەدارەکی شەڕەکەتم بدەیە، با لە خۆمی بدەم و لە گەڵ مارمیدونەکانا بڕۆم، بەڵکو ترواده‌ییه‌کان وا بزانن تۆم و دەستبەرداری شەڕ ببن. بەمە دەتوانین بە هێزێکی تازەی گەنجانە لە کەشتیەکان دووریان بخەینەوە.

پاتروکل، بەوجۆرە لە ئەخیل دەپاڕایەوە، بە بێ ئەوەی بە خۆ بزانێ، بەوە داوای مەرگی خۆی دەکات.

ئەخیل، هەستیکرد کە نەتەوەکەی لە چ تەنگانەیەکدایە و هاوار و دەنگی دلێری هیکتۆر هاتەگوێ کە مەیدانخوازی دەکرد، ئیدی بۆی دەرکەوت کە قارەمانانی یونان دەستبەرداری شەڕ بوون و لە نشوستیدان، دیارە ئەخیل حەزی بەفەوتان و دوابڕانی قەومی خۆی نەدەکرد، بۆیە قاییل بوو چەک و چۆڵەکەی بدات بە پاتروکل و مەرجی ئەوەی بۆ دانا کە نەچێت بە گژ ترواده‌ییه‌کاندا، تا خەتەر نەگاتە سەر کەشتیەکانی ئەم ولەم حاڵەتەدا ڕووبە ڕووی دژمن ببێتەوە وڕێگەیان نەدات کەشتیەکان بسووتێنن. بەڵام ڕێگەی بە پاتروکل نەدا مەرمەدیەکان بۆ سەر دیوار وشوورەکانی ترواده‌ ببات، چونکە دەترسا هاوڕێ ئازیزەکەی لەوێ تیا بچێت.

ئەخیل، لە ناکاوا بینی دووکەڵ لە یەکێک لە کەشتیەکانی بەرز بووەوە وخەریکە دەسووتێ، تووڕە بوو و هاواریکرد:

- لەزێکە پاتروکل گیان. ئاگر گەییە کەشتیەکان، خێرا تەدارەکی جەنگەکەی من لە بەر بکە وبە خۆیشی کەوتە ڕێکخستنی مارمیدونەکان بۆ شەڕ.
ئیدی پاتروکل، خێرا چەک و تەدارەکەکەی ئەخیلی لە خۆی دا، هەموو چەکەکانی ئەوی برد تەنیا ڕمەکەی نەبێ، چونکە زۆر قورس بوو وجگە لە خاوەنەکەی بەکەسی دی هەڵنەدەگیرا. ئەفتدومیدونت، گالیسکە ڕانەکەی ئەخیل، بلەز ئەسپەکانی لە گالیسکەکە بەست و ئەخیل خەریک بوو جەنگاوەرەکانی بۆ شەڕ ئامادە دەکرد، جەنگاوەرەکان تینووی شەڕ بوون، ڕێک لەو گورگە دڕندانە دەچوون کە خۆ بۆ پەلاماردانی گاکێویان مەڵاس دەدەن. ئەخیل کەوتە هاندانی پیاوەکانی و ئەمری پێکردن کە پاڵەوانانە شەڕبکەن تا شا ئاگامەمنوون بزانێ چ هەڵەیەکی کردووە کە بێ ڕێزی بە گەورەترین پاڵەوانی یونان کردبوو.
مارمیدونەکان، خۆیان بە مەیدانی شەڕەکەدا کرد، هاواری شەڕیان لە سەرانسەری سەربازگەکەدا دەنگی دایەوە. تروادەییەکان "پاتروکل" یان لە کڵێشەی هاوڕێکەیدا بینی، وایانزانی ئەخیلە وئاشتی بووەتەوەو هاتووەتە هیمدادی قەومە بەزیوەکەیەوە. ئیدی هەر ترواەدەییەک کەوتە بیری ئەوەی خۆی ڕزگار بکات. بەڵام پاتروکل، خۆی بە ڕیزی دژمنا دا، بە شمشێرەکەی بەربووە جەنگاوەرەکانی دەوروبەری کەشتیەکەی پروتیسیلای و قارەمان لە دووی قارەمانی دەکوشت، هێزی ترواەدەییان کەوتە پاشەکشە، بەڵام یەکسەر سەربازگەکەیان بە جێ نەهێشت، بەڵکو تەنیا لە کەشتیەکان دوور کەوتنەوە. بەڵام یونانیەکان دوایان کەوتن، لێیان نەدەبوونەوە، ژمارەیەکی زۆریان لێکوشتن و لە سەربازگەکەیان وەدەر نان، شەڕەکە بۆ ئەو دیوی خەنەکەکە گوازرایەوە، زۆر جەنگاوەر کوژران. ئایاکس، هەموو ئاواتی ئەوە بوو هیکتۆر بکوژێت. هەرچەندە قارەمانی ترواەدەیی هەستی دەکرد سەرکەوتن لێی دوور دەکەوێتەوە، بەڵام پاشەکشەی نەکرد، بەڵکو هەموو هەوڵی خۆی خستەگەڕ، بەڵام ئەنجام چاری نەما ودەبوا پاشەکشە بکات، ئەسپەکانی لە خەندەکەیان پەڕاندەوە وخۆی بە مەیدانی شەڕەکەدا کرد.
پاتروکل، ئەسپەکانی لە خەندەکەکە پەڕاندەوە، داوای لە عێل و عەشیرەتەکەی کرد دوای بکەون، کەوتە گەڕان بۆ هیکتۆری ڕەقیبی کە بە گالیسکەکەی ڕزگاری بوو. تەپ وتۆزی ئاپۆڕای شەرڤانانی ترواەدەییان ئاسمانی مەیدانەکەی تەنی، ترواەدەییەکان

بەپەلە کەوتنە خۆ تا خۆ بگەیەننە ئەو دیو شوورەو حەساری مکوومی شارەکەیان، لێ پاتروکل ڕێگای گەڕانەوەی لە زۆربەیان بەستەوە، دووبارە بەرەو کەشتیەکانی ڕاونان و بە ڕمە قورسەکەی خەڵکێکی زۆری لێکوشتن، کە سارپیدون بینی قارەمانەکان، لە سەر دەستی پاتروکل چییان بە سەر هاتووە، هاواری لە جەنگاوەرە لیکییەکانی کرد کە خۆ بگرن و ورە بەرنەدەن، خۆی بۆ ڕووبەڕوو بوونەوەی دژمن ئامادە کرد، خۆی لە عەرەبانەکە هەڵدایە خوارەوە وبە دەم چاوەڕوانی ئەوەوە ڕاوەستا، " پاتروکل " ش لە عەرەبانەکەی دابەزی، هەر دوو قارەمان وەکو چۆن دوو هەڵۆی سەر تاوێرێکی بەرز لە سەر نێچیر بە گژ یەکدا دەچن، بەو ئاوایە دەنگیان لێ بەرز بووەوە. زیوس ئەو شەڕەی بینی، بەزەیی بە سارپیدونی کوڕیا هاتەوەو ویستی ڕزگاری بکات. هیرا هەستی بە کول وکۆڤانی مێردەکەی کرد، بەڵام لە بری ئەوەی پێشنیازی ئەوەی بۆ بکات کە فریای بکەوێ و ڕزگاری بکات، ئەو خواوەندانەی بیر خستەوە کە ئاگری شەڕی تروادە خۆش دەکەن و زۆریان لێ بە کوشت داون، جا ئەگەر زیوس ئیش بۆ ڕزگارکردنی سارپیدونی کوڕی بکات، ئەوا خواوەندەکانی دیکەش هەوڵی ڕزگار کردنی ڕۆڵەکانی خۆیان دەدەن. بۆیە دەبێ زیوس، ڕێگە بدات کوڕەکەی تیا بچێت، مادامێکی ئەوەی لە چارە نووسراوە. زیوس قسەکانی ژنەکەی بەگەن کرد، ئیدی ئاونگی خوێنینی بە سەر کێڵگەی ترواده‌ییەکاندا پژاند، ئەمە ڕێز وحورمەتێک بوو بۆ کوڕەکەی کە لە چارەی نووسرابوو بە دەستی " پاتروکل " ی زۆردار بکوژرێ.

پاتروکل، دەست پێشکەر بوو لە هێرش بردنە سەر خەنیمەکەی، ڕمێکی هاوێشتێ، خزمەتکارە ئەمینەکەی سارپیدونی کوشت. سارپیدون بەرپەرچی دایەوە، ڕمێکی خێواندە دژمنەکەی، بریناری کرد، بەڵام برینەکەی کاری نەبوو، ڕمەکە لای کرد ویەکێک لە ئەسپەکانی ژێر عەرەبانەکەی " پاتروکل "ی کوشت. جووتە قارەمان دووبارە پێکا هەڵگژان. سارپیدون ئەمجارەش نیشانەی نەپێکا، بەڵام پاتروکل، ڕێک سینەی سارپیدونی پێکا، شای لیکیان وەکو چۆن دار بەڕوویەک، دارکەر هەڵی بکەنێ و لە ڕێشەوە دەری بێنێ، بەو ئاوایە کەوت، سارپیدون بانگی " گلافک " هاوڕێی کرد و گوتی:

- " گلافک "ی هاوڕێم، تکایە لیکییەکان جۆش بدە تا قارەمانانە لە پێناوی شایەکەیاندا بجەنگن، خۆتیش بە جێم مەیەڵە، داکۆکیم لێبکە، دەنا ئەگەر

یونانیەکان چەکم بکەن و مەتاڵ و زرێکەم لێ داماڵن، بۆ هەتاهەتایە لە شەرمەزاری دەرناچیت.

قارەمانی لیکی هەناسەیەکی هەڵکێشا، گیانی سپارد، پاشان تانات، خواوەندی مەرگ پێڵاوەکانی داخستن و، خەم نیشتە دڵی گلافک و زۆری لەبەر گران بوو کە لە بەر برینداری نەیدەتوانی تەرمی هاورێکەی بپارێزێت، لە خواوەندان پاڕایەوە کە برینەکانی سارێژ بکەنەوە. لالانەوەو پاڕانەوەکانی گەییە گوێی ئەپولون، ئیدی شیفای بۆ نارد و وەکو جاران ساغ بووەوە. گلافک لیکییەکان و قارەمانانی ترواەدی وەک ئینیاس، ئەگینور، پولیدامانت و هیکتۆری خودە ڕەخشانی کۆکردنەوە تا بەرگری لە جەنازەکەی سارپیدون بکەن، قارەمانەکان خڕ بوونەوە وچوونە هیمدادی گلافک، پاتروکل داوای لە قەومی خۆی کرد کە جەنگاوەرانی بە هاناوە بنێرن، برایانی ئایاکس، یەکەم کەس بە دەنگیەوە هاتن، شەڕیکی توند لە دەوری جەنازەی کوژراوەکە هەڵگیرسا، زیوس هەورێکی تاریکی بە سەرا دا تا شەڕەکە توندتر بێ.
دەنگی کوشتاری سامناک بەرز بووەوە، دەنگ دەنگ نەبوو، لە دەنگی تەور و پاچی کۆمەڵێک دارکەر دەچوو کە بە ناو بێشەیەکی چیایی کەوتبن و داران ببڕنەوە. جەنازەکەی سارپیدون، لە ئەزرەکەدا ڕاکشابوو، تەپ و تۆز دای پۆشی بوو، بە تیر دابێژرابوو و غەرقی خوێن و خاک بوو. بەڵام زیوس چاوی لە مەیدانی شەڕەکە نەدەگواستەوە، پڕ بە دڵ حەزی دەکرد پاتروکل لە لای جەنازەکەی سارپیدونەوە بکوژرێت و کارێکی وەها بکات ترواەدییەکان تا شوورەی شارەکەیان بگەڕێنەوە، ئەنجام بڕیاری دا ئەجەلی پاتروکل دوا بخات، بەمەش یونانیەکان توانیان چەک و ئەسڵەحەکەی سارپیدون بە تالان بەرن وپاتروکل ئەمری کرد چەک وئەسڵەحەکەی سارپیدون بۆ خێوەتەکان بەرن. زیوس، ئەپولونی بانگکرد و ئەمری پێکرد کە جەنازەکەی سارپیدون هەڵگرێت و پاک بیشوات و خاک و خۆڵ و خوێنو خوڕەکەی بشوات و بە مەرهەمی بۆندار چەوری بکات، جوانترین جلکی لە بەر بکات، ئەوسا بۆ لیکیای بەرێتەوە تا لەوێ برا و ئاشنا و کەس و کارەکەی بەوپەڕی ڕێز و حورمەت و شکۆ و جەلالەوە بینێژن، ئەپولون بە ویستی بابی کرد و داواکەی جێبەجێ کرد.
لەوکاتەدا پاتروکل، ترواەدییەکانی بەرەو شوورە و حەسارەکانی شار ڕاو دەنا و لە هەمان کاتدا بە پیری مەرگی خۆیەوە دەچوو، ژمارەیەکی زۆری لە قارەمانان کوشت،

لەزگ بوو خۆی بە شارا بدات وبیگرێت، ئەگەر ئەپولون – بە ئەمری زیوس – نەچووبایاتە سەر یەکێک لە بورجە بەرزەکان تا نەیەڵێ پاتروکلبە دیوارکەدا ئاو دیو بێت. کە بۆ جاری چوارەم هەوڵیدا بە دیوارەکەدا هەڵگەڕێ، ئەپولون هاواری لێکرد و گوتی:

- سنووری خۆت بزانە و لە حەسارەکە دوور بکەوە ئەی قارەمانی دلێر، ئەمە کاری تۆ نییە، بەڵکو گرتن و وێران کردنی تروادەی مەزن، لە چارەی ئەخیل نووسراوە.

پاتروکل، سڵی کردەوە، نەیوێرا ڕقی خواوەند ئەپولون هەستێنێ، ئەپولونی کوشندە تیر.

هیکتۆر، ڕۆیی، لە نزیکی دەروازەی سکیە وەستا، دوو دڵ بوو لەوەی پەلاماری پاتروکل بدات یان ئەمر بە قەومەکەی خۆی بدات کە لەو دیو دیوارەکانەوە سەنگەر بگرن. ئەوسا ئەپولون، لە شێوەی یەکێک لە براکانی هاتە بەرچاوی و ئامۆژگاری کرد کە لە مەیدانە کراوەکەدا پەلاماری پاتروکل بدات، هیکتۆر ئەمری بە " کیبریون "ی گالیسکەڕان کرد کەسەری ئەسپەکان با بداتەوە، کە پاتروکل، هیکتۆری بینی، لە گالیسکەکەی دابەزی و بە دەستی ڕاست بەردێکی گەورەی هەڵگرت و بە دەستی چەپی ڕمەکەی گرت، بە دەم چاوەڕوانی گەیشتنی هیکتۆرەوە، ڕاوەستا، کە لێی نزیک بووەوە بەردەکەی خێواندێ، بەر سەری کیبریونی گالیسکەڕان کەوت، لە سەر عەرەبانەکەوە کەوتە خوارەوە، وەکو چۆن نقومەوان، خۆی هەڵدەداتە گێژاوی دەریاوە، بەو ئاوایە کەوتە خوارەوە. پاتروکل بە تەوسەوە هاواریکرد:

- کیبیرون چەند لە خۆ هەڵدانا خێرایە. ئەگەر ئەمە دەریا بوایە، بە دەم خۆ هەڵدانەوە لە کەشتیەکەیەوە، ماسییەکی زۆری دەگرت، ترواد‌ەییەکان چەند نقوموانیان زۆرە.

پاتروکل، پەلاماری تەرمی کوژراوەکەی دا، هیکتۆر خۆی لە عەرەبانەکەیەوە هەڵدایە خوارەوە، لە سەر جەنازەکە، لە گەڵ دژمنەکەیدا پێکا هەڵگژان، دووبارە شەڕێکی بەترەف دەستی پێکرد، یونانی و ترواد‌ەییەکان چوون بە گژ یەکا، چۆن بای ڕۆژهەڵاتی و باشووری ئیفرونوت، لە دۆڵێکی چڕە دارستاندا بە گژ یەکدا دەچن و دارەکان بە ناو یەکا دەچن و خشەخشێکی زۆر دەنەنەوەو قەدی درەختەکان بە یەکا دەدەن ودەنگی شکانی دار بەڕو و سنۆبەر و سەرو ، لە دووری دوورەوە دەنگدەداتەوە، بەو ئاوایە

یونانی وترواده‌ییه‌کان دایان به یه‌کا. شه‌ڕی نێوان ترواده‌یی و یونانیه‌کان درێژه‌ی کێشا، خۆر به‌ره‌و خۆر نشین نشێو بووه‌وه، پاتروکل، سێ چه‌لان په‌لاماری دژمنه‌کانی دا، له هه‌ر په‌لامارێکا نۆ پاڵه‌وانی به ڕمه گه‌وره‌که‌ی له پاڵه‌وانانی دژمن ده‌خست، له په‌لامار و هێرشی چواره‌ما، خواوه‌ند ئه‌پولون لێی هاته ده‌ست، خۆی له چڕه ته‌متومانێکه‌وه پێچا و له پشت قاره‌مانه یونانیه‌که‌وه ڕاوه‌ستا. له پشته‌وه جه‌زره‌به‌یه‌کی به هه‌ر دوو ناو شانیا کێشا، دنیای له به‌رچاو تاریک بوو، خواوه‌ند لێی چووه پێشه‌وه وکڵاوخوده‌که‌ی، که جاران به سه‌ری " بیلیوس " ه‌وه ده‌دره‌وشایه‌وه، له سه‌ری لابرد و به ته‌قو هوڕ به ناو خاک و خۆڵه‌که‌دا غل بووه‌وه. ڕمه‌که له باسکی پاتروکل دا شکا، مه‌تاڵ و زرێ گه‌وره‌که‌ی که‌وته سه‌ر ئه‌رزه‌که. ئه‌وجائه‌پولون هاته دیاری، چه‌ک و ئه‌سڵه‌حه‌که‌ی لێ داماڵی و به بێ چه‌ک که‌وته به‌ر ده‌ستی ترواده‌ییه‌کان، وێڕای ئه‌وه‌ش پاڵه‌وان ئیوفورب زاتی نه‌کرد، ڕووبه‌ڕووی پاڵه‌وانه یونانیه بێ چه‌که‌که ببێته‌وه، به‌ڵکو له پشته‌وه به‌ر ڕمی دا و خۆی له نێو ترواده‌ییه‌کاندا شارده‌وه، هه‌نگێ پاتروکل به‌ره‌و ناو جه‌ماعه‌ته‌که‌ی خۆی پاشه‌کشه‌ی کرد، هیکتۆر به برینداری بینی، وه‌کو چۆن شێرێک، له سه‌ر گۆلاوێک، به‌رازه کێوییه‌ک له قه‌راخ گۆلاوه‌که ده‌کوژێت، هیکتۆریش به‌و ئاوایه " پاتروکل "ی کوشت.

کوڕی پریام سارد بووه‌وه، هاوڕێکه‌ی ئه‌خیلی کوشت، ئه‌و ئه‌خیله‌ی که هه‌ڕه‌شه‌ی ده‌کردخاکی ترواده به تووره‌که ببێژێ. پاتروکل که‌وت، به ده‌م ئاوزینگه‌وه به دژمنه‌که‌ی گوت:

- ئێستا بۆت هه‌یه شانازی به‌و سه‌رکه‌وتنه‌ته‌وه بکه‌ی که به کۆمه‌کی زیوس وئه‌پولون به ده‌ستت هێنا. خواوه‌ندان که چه‌کیان کردم تووشی ئه‌م شکسته‌یان کردم، ئه‌م کاره بۆ ئه‌وان و لای ئه‌وان ئاسانه. به‌ڵام ئه‌گه‌ر بیست پیاوی وه‌کو تۆ هێرشیان بۆ هێنابام، هه‌ر هه‌موویانم به شمشێره‌که‌م ده‌کوشت. ئه‌پولون و ئیوفورب و پاشان تۆ له ناوتان بردم. گوێ بگره بزانه ئێستا چیت پێده‌ڵێم، تۆ زۆرت به به‌ره‌وه نه‌ماوه، مردنت نزیکه، ته‌قدیری خواوه‌ندان وایه که به‌ده‌ستی ئه‌خیل بکوژرێی.

پاتروکل، دوای ئه‌م قسانه گیانی سپارد، ڕۆحی به هێوری به‌ره‌ومه‌مله‌که‌تی هادیسی تاریک و نوته‌ک هه‌ڵفڕی، زۆر به داخ بوو که به ناچاری ئه‌م جه‌سته به هێز و گه‌نجه‌ی به جێده‌هێشت.

هیكتۆر، هاواری لە كوژراوەكە كرد:
- پاتروكل، بۆچی پێشبینی مەرگی من دەكەیت؟ كێ چوزانێ لەوەیە ئەخیل پێش من بكەوێ و بە شمشێری من بكوژرێ.
هیكتۆر، ڕمەكەی لە تەرمەكەی پاتروكل دەرهێنایەوە وپەلاماری " ئەفتومیدونت "ی دا بەو ئومێدەی دەست بە سەر ئەسپەكانی ئەخیل دا بگرێت.

## ٢٥- شەڕ لە سەر جەنازەكەی پاتروكل
## ( لە ئیلیادەوە )

شا مینیلاوس، جەنازەكەی " پاتروكل "ی بینی كە لە سەر ئەرزەكە كەوتبوو، بە هەشتاو خۆیگەیاندە دیار جەنازەكە: لە بەری گران بوو، ترواده‌ییەكان سووكایەتی بە جەنازەی ئەو قارەمانە بكەن كە لە پێناوی ئەوا تیا چوو، مینیلاوس وەكو شێری هۆڤی بە دەروی جەنازەكەدا دەسووڕایەوە، بە مەتاڵەكەی دەیپاراست و شمشێرەكەی بادەدا. "ئیوفورب" ی تروادەیی كە لە پشتەوە پاتروكلی بریندار كردبوو، دەیویست دەست بە سەر تەرمەكەیدا بگرێت، لە مینیلاوس نزیک بووەوە، بۆ هەلێک دەگەڕا تۆڵە لە شای سپارتە، كە براكەی كوشتبوو، بكاتەوە.
ئیوفورب، شمشێرێكی بۆ دوژمنەكەی داوەشاند، بەڵام بەر مەتاڵەكەی كەوت ونەیبڕی، مینیلاوس بەرپەرچی دایەوە، یەكسەر ملی پێكا، برینەكەی كاری بوو، كەوتە سەر ئەرزەكە و گیانی دەرچوو، مینیلاوس كەوتە داماڵینی چەک و ئەسڵەحە بە نرخەكەی، بەڵام ئەپولونی تیرەنداز، هیكتۆری دنە دا كە پەلاماری مینیلاوس بدات، قارەمانی تروادەیی هێرشی بۆ برد، بەڵام مینیلاوس، نەیدەویست دەستبەرداری جەنازەكە ببێت، چونكە دەیزانی ئەگەر كاری وا بكات بە ئامان و زامان لە لۆمەی یونانیەكان دەرناچێت، لە هەمان كاتا لەوەش دەترسا ترواده‌ییەكان دەوری بدەن، بۆیە لێبڕا هاوار بۆ ئایاكس بكات كە بلەز فریای بكەوێ و بە هانایەوە بێت، هیكتۆر توانی دەست بە سەر جەنازەكەی پاتروكل دا بگرێ و مەتاڵەكەی ئەخیلی لێ داماڵێت. كاتێ ئایاكس گەییە جێ، هیكتۆر ناچار بوو دەستبەرداری جەنازەكە ببێ، وەختێگلافک ئەمەی بینی كەوتە تانە و تەشەر لە كوڕی پریام كە ترسنۆكە و لە یونانیەكان دەترسێت، بەوە ناچاری كرد خۆی بە ناو جەرگەی شەڕەكەدا بكات، ئیدی هیكتۆر،

بانگی لەو پیاو و خزمەتکارانەی خۆی کرد کە چەک و تەدارەکە جەنگیەکەی ئەخیلیان بۆ ترواده دەبردەوە، داوای لێکردن بۆ لای ئەم بێنەوە، تەدارەکە جەنگیەکەی ئەخیلی لە خۆی دا و خۆی بۆ شەڕەکە ئامادە کرد، زیوس کە بەو قیافەتە تازیەوە بینی، لە دڵی خۆیدا گوتی: "هەی بەدبەخت هەست بە نزیک بوونەوەی ئەجەلی خۆت ناکەی، تۆ زرێی ئەو پیاوە لە بەر دەکەی کە هەمووان لێی دەترسن. هەنووکە سەرکەوتنت لە هەنبەر یەک شتدا بە نەسیب دەکەم، ئەویش ئەوەیە کە ژنەکەت هەرگیز، زرێ و چەک و ئەسڵەحەکەی ئەخیلی دژمنت، لە دەست وەرناگرێت (زیوس وا بیری کردەوە ) ئەوسا برۆی وێکهێنایەوە، نێو چەوانی گرژ کرد، وەکو نیشانەیەک کە ئەو شتە ڕوو دەدات.

بەڵام هیکتۆر هەستی بە هێز و ئازایەتیەکی بێ وێنە کرد، کەوتە هاندانی قارەمانەکان کە خۆڕاگر و کۆڵنەدەر بن. مینیلاوس بە دەنگی بەرز هاواری لە پیاوەکانی کرد کە جەنازەکەی پاتروکل بپارێزن، یەکەم کەس کە بە دەنگیەوە هات ئایاکس بوو، دوای ئەو ئیدومینیوس و میریون و هی دیکە بە هانایەوە هاتن. قارەمانەکان ئەوەندە لە نزیکی یەکەوە وەستان خەریک بوو مەتاڵەکانیان، بە دەوری جەنازەی قارەمانە کوژراوەکەوە لە یەکیان دەدا. بەڵام تروادەییەکان بە گژیاندا چوونەوە ودووبارە دەستیان بە سەر جەنازەکەدا گرتەوە. ئایاکس تیلامونید هێرشی بۆ بردن، دوای ئەوەی ئەو قارەمانەی کوشت کە لە لاقی جەنازەکەی نەوی بوو و ڕایدەکێشا، جەنازەکەی لە دەست دەرهێنایەوە. شەڕ لە دەوری جەنازەکە گەرم بوو، ترواده‌ییەکان ماتەڵ بوون، بەڵام ئەپولون، " ئینیاس "ی هاندا خۆی بە مەیدانی شەڕەکەدا بدا، بە خۆی و سوپاکەیەوە بۆ ناو شەڕەکە زڤڕییەوە، شەڕەکە هێندەی دی گەرم بوو، خوێن ئەرزی گرت، جەنازە لە سەر یەک کەڵەکە بوو، ئیدی ئاگری شەڕ بەرز بووەوە، زیوس چڕە تەمتومانێکی دا بە سەر جەنازەکەدا، دنیا تاریکی تاریک بوو، لە تۆ وایە خۆر و هەیڤ گیران. تەنیا دەوری جەنازەکە تاریک بوو، دەنا مەیدانی شەڕەکە ڕوناکی ڕوناک بوو، خۆر بە حەویقی ئاسمانەوە بوو، ئاسمان سایەقە بوو، پەڵە هەورێکی پێوە نەبوو. بەوجۆرە قارەمانان، لە سەر جەنازەکە بەگژ یەکدا دەچوون و دەکوژران.

ئەسپە نەمرەکانی ئەخیل، لە دووری مەیدانی شەڕەکە وەستابوون و فرمێسکیان بۆ کوشتنی هاورێکەی ئەخیل دەڕشت. ئەفتومیدونت بێهودە هەوڵی دەدا، لە شوێنی خۆیان بیان جوڵێنێ، بەڵام ئەسپەکان لە جێگای خۆ نەدەجووڵان، بە ڕادەیەک سەریان دانەواندبوو کە یاڵەکانیان لە عاردی دەدا. زیوس، ڕاوەستانە خەمناکەکانی بە دی کردن و گوتی: " ئاە، ئەی ئەسپانی بەدبەخت! ئەی نەمران بۆچی بە دیاری دامانن بە بیلیوس! ئاخۆ ئەمە بۆ ئەوە بوو، کول و کوڤان و ئازار و ژانی بەشەران بچێژن، لە دنیادا هیچ گیایەک، هیچ زندەوەرێک لە تیرەی بەشەر کلۆڵتر و نەگبەتر نییە. بەڵام خەمت نەبێ، هیکتۆر ناتوانێ دەستان بە سەرا بگرێ. تواناتان پێدەبەخشم " ئەفتومیدونت "ی عەرەبانچی ببەن وبە پەلە لە مەیدانەکە وەدەربکەون. سەبارەت بە ترواده‌ییەکان، سەرکەوتنێکی تازەیان پێدەبەخشم، بەڵام تەنیا بۆ ئەمڕۆ و تا خۆرئاوا. زیوس، هێزێکی گەورەی بە بەر ئەسپەکاندا کرد، " ئەفتومیدونت "ی عەرەبانچیان هەڵگرت و بە هەشتاو لە مەیدانەکە وەدەرکەوتن. عارەبانچیەکە شمشێرە قورسەکەی بەرزکردەوە وتا توانی کێشای بە " ئاریت " ی قارەمانا و کوشتی. بە شادیەوە چەک و ئەسڵەحەکەی داماڵی، دڵی بەوە خۆش بوو کە بەم جەزرەبەیە تۆڵەی کوشتنی ئاغای کردووەتەوە.

ئیدی شەڕ سات بە سات لە دەوری جەنازەکە توندتر دەبوو، خوا بانوو ئەسینا خۆی لە هەورێکی سوورباوەوە پێچا و دابەزی، چووە کلێشەی قارەمان " فینیکس "ەوەو کەوتە هاندانی یونانیەکان کە ورە بەرز و خۆڕاگر بن. مینیلاوس – بە بێ ئەوەی ئەسینا بناسێتەوە – بە دەنگیەوە هات وکەوتە پاڕانەوە لە خوا بانوو ئەسینا کە فریای بکەوێ و یارمەتی بدات. خوابانووی نەمر زۆر خۆشحاڵ بوو، هێزێکی بێ وێنەی بە بەر مینیلاوسدا کرد.

ئەپولون، ترواده‌ییەکانی هاندەدا کە نەترە بەر نەدەن، شەڕەکە هێندەی دی توند و خوێناوی بوو، زیوس سەوڵەجانەکەی ڕاوەشاند، دەنگی هەورە تریشقە بەرزبووەوە، ترس بە سەر قارەمانانی هیلادا زاڵ بوو، ئایاکس تیلامونید کە تەمەشای قەومەکەی دەکرد، بە پەلە هەڵدێن، زۆری پێناخۆش بوو، دڵی گوشرا، کەوتە پاڕانەوە لە زیوس کە ئەم تەم و مژە بڕەوێنێتەوە وکوشتاری یونانیان ڕابگرێت، یان ئەگەر ئیرادەی لە سەر ڕاگرتنی شەڕەکە نییە، با کوشتاری یونانیەکان، بە ڕۆژی ڕوناک بێ. زیوس کە

گوێی لە پاڕانەوەی قارەمان بوو، تەم ومژەکەی ڕەواندەوە و خۆر دووبارە هەڵهاتەوە. ئایاکس داوای لە مینیلاوس کرد کە " ئەنتیلوخ "ی کوڕی نەستوور بدۆزێتەوە و بۆ لای ئەخیلی بنێرێ تا ئاگاداری بکاتەوە کە هاوڕێکەی کوژراوە و لەوەیە ترواده‌ییه‌کان دەست بە سەر جەنازەکەیدا بگرن. مینیلاوس بە گوێی " ئایاکس "ی کرد، " ئەنتیلوخ "ی دۆزییەوە، هەواڵە دڵتەزێنەکەی پێ ڕاگەیاند، ترس و نائومێدی سەر و دڵی " ئەنتیلوخ "ی گرت، چونکە هێشتا بە هەواڵەکەی نەزانی بوو، لە کاتێکا شەڕ لە دەوری تەرمەکە سات بە سات توندتر دەبوو، ئەو بۆ کارەکەی خۆی ڕۆیی، ئایاکس پێشنیازی بۆ مینیلاوس و میریون کرد کە ئەوان جەنازەکە هەڵگرن و بۆ سەربازگەکەی بەرن و ئەمیش بەرگری دەکات و هێرشەکانی دژمنیان لێ دوور دەخاتەوە. کە ترواده‌ییه‌کان جووتە قارەمانیان بینی جەنازەکە هەڵدەگرن، وەکو سەگێن هار هێرشیان بۆ بردن، بەڵام ئایاکس بە توندی بەرپەرچی دانەوە و لە شوێنی خۆیان ڕایگرتن، لە ترسا ڕەنگیان سپی بوو، شەڕەکە هێندەی دی گەرم بوو، ڕێک لەو شەواتە دەچوو کە بەر دەبێتە شارێک و هەر چوار دەوری دەسووتێنێ، مینیلاوس جەنازەکەی "پاتروکل"ی باوەش کردبوو و ئایاکس، قارەمانانە ڕووبەڕووی هێرشی ترواده‌ییه‌کان، لە پێش هەموویانەوە، ئینیاس و هیکتۆر، دەبووەوە.

لەو کاتانەدا ئەخیل، لە نزیکی خەرگاکەی خۆی ڕۆنیشتبوو، بیری لە هۆی دواکەوتن و نەگەڕانەوەی هاوڕێکەی دەکردەوە، کە هەستیکرد ڕەنگە یونانیەکان دووبارە هەڵاتبن. هێندەی دی نیگەران و پەشێو بوو، تەنانەت گومانی ئەوەی لا دروست بوو کە لەگینە هاوڕێکەی کوژرابێ. لە ناکاوا کوڕەکەی نەستوور بە گریان و زارییەوە هات و هەواڵی کوژرانی " پاتروکل "ی دایە، خەمێکی بێ وێنە دڵی ئەخیلی گرت، هەر ڕاپەڕی و چووە دیار کوانگ و ئاگردانەکە هەرچی خاک و خۆڵەمێشی تیا بوو کردی بە سەر خۆیا، خۆڵەکەوەکە بە سەراپای جلەکانیا ڕژا، خۆی بە عاردیدا دا، کەوتە ڕنینەوەی قژەکەی. " ئەنتیلوخ "ش گوێ بە گوێی ئەو گریا، دەستی گرت تا نەیەڵێت لە سوواندا خۆی بکوژێ. ئیدی گریانی ئەخیل بەرز بووەوە " فیتیدا "ی دایکی گوێی لە سۆز وشیوەن وگریانەکەی بوو، ئەویش بە دەنگی بەرز کەوتە گریان، ئیدی خوشکە نیرییداتەکانی بە هانایەوە هاتن و دەنگی گریانی بە کۆمەڵیان بەرز بووەوە.

خوابانووی سەرفراز هاواریکرد: - وای لە منێ، واوەیلا بە حاڵی من ئەی خوشکانی هێژا. ئاخر من بۆچی ئەخیلم هێنایە ئەم دنیایەوە، بۆچی بە خێو و گەورەم کرد و بۆچی بەرەو دیوارەکانی ترواده‌م نارد. نا، لە ئێستا بە دواوە نایبینم کە بۆ ژووره ڕازاوەکانی بیلیوس بگەڕێتەوە، لە چارەی نووسراوە، کە باقی ڕۆژە کورتەکانی تەمەنی، بە خەمینی و بێزاری بەسەر ببات! من ناتوانم هیچ یارمەتیەکی بدەم و خەم و خەفەتەکانی کەم بکەمەوە! دەیسا با بڕۆم بۆ لای تا بزانم چ کول و کۆڤانێکی هەیە. ڤیتیدا چووە بەردەم کوڕەکەی کە خەریکی گریان بوو، دەستە خوشکەکانیشی لە گەڵی بوون، سەری کوڕەکەی لە باوەش نا و بە دەم روندک هەڵڕشتنەوە پرسیاربارانی کرد:
- بۆچی بەو شێوەیە دەگریت کوڕەکەم! بە ئاشکرا قسە بکە و هیچم لێ مەشارەوە، زیوس داواکانمی جێبەجێ کرد، سوپای یونانی تا لای کەشتیەکان دوور خستەوە، یونان تەنیا یەک شتیان لێی گەرەکە ئەویش ئەوەیە دەستی یارمەتیان بۆ درێژ بکات.
ئەخیل بەرسڤی دایەوە وگوتی: - من ئەمە دەزانم دایە گیان. بەڵام فایدەی چی، دوای ئەوەی "پاتروکل "م لە دەست دا دڵ بە چی خۆشبکەم، ئەو " پاتروکل "ەی لە هەموو کەسێکم خۆشتر دەویست، لە خۆم خۆشترم دەویست، هیکتۆ کوشتی، ئەو مەتاڵ و زرێیانەی لێ داماڵی کە خوابانووان بە دیاری دابوویان بە بیلیوس. من تا بە شمشێرەکەم هیکتۆر نەکوژم، ڕووی ناو خەڵکیم نابێت، تا لە جیاتی هاوڕێکەم نەکوژرێتەوە، ژیانم ژیان نابێ .
فیتیدا هاواریکرد: - بەڵام تۆ چاک دەزانی، دەبێ دوای هیکتۆر بمریت.
بەرسڤی دایەوە: - با هەر ئێستا و لەم ساتەدا بمرم، مادام فریای هاوڕێکەم نەکەوتم و ڕزگارم نەکرد. پێش مردنەکەی هاواری بۆ من کردبوو. ئۆف، نەفرەت لە ڕق، ئاوەزداران شێت دەکات. ڕق، ئەقڵ لە مێشکی ئەقڵمەندانا نایەڵێت. بەڵێ ڕق و کینەم لە ئاگامەمنوون فەرامۆش دەکەم و دووبارە بەشداری شەڕ دەکەمەوە تا هیکتۆر دەکوژم، تەواو ئیدی باکم بە مەرگ نییە. کەس لە چنگی مەرگ دەرناچێت، هەرکەسە و مەرگێک قەرزارە، خوا ئەو خوایەیە هەرقل کە خۆشەویستی زیوس بوو، لە مەرگ نەخەلەسی. من ئامادەم لەو شوێنەدا بمرم کە قەدەر و چارەنووس بۆی داناوم، بەڵام پێش ئەوەی بمرم شکۆیەکی گەورە بە دەست دێنم. نا، مەمگرە دایە گیان، هێز نییە ڕام بگرێت.

ئەخیل بەو ئاوایە وەڵامی دایکی دایەوە. دایکی تەنیا یەک شتی لێ داوا کرد کە نەچێتە شەڕەوە تا کۆمەڵێک چەکی تازەی بۆ دێنێ کە هیفیست بە تایبەتی بۆ ئەمی دروستدەکات.
نیرییداتەکان، خۆیان بە گێژەنگ و گیژاڤی دەریاکەدا کرد، ڤیتیدا داوای لێکردن کە " نیریوس "ی بابی لەو ڕووداوانەی بن دیوارەکانی تروادە ئاگادار بکەنەوە، بەڵام ڤیتیدا بە خۆی چوو بۆ ترۆپکی ئوڵەمپ بۆ لای خواوەند هیڤیست.
یونانیەکان، بە زەحمەت خۆیان لە بەر گوشاری ترواده‌ییەکان دەگرت، هیکتۆر سێ چەلان هەوڵیدا جەنازەکە لە دەستی مینیلاوس دەربێنێ وەکو گڕ وبڵێسەی خرۆشیاگ پەلاماری یونانیەکانی دەدا. هەر سێ جارەکە برایانی ئایاکس، ڕووبە ڕووی دەبوونەوەو دەیاندایە دواوە. وێڕای ئەمەش چیوای نەمابوو هیکتۆر دەست بە سەر جەنازەکەی پاتروکلدا بگرێت، ئەگەر خوابانوو هیرا فریا نەکەوتبا و ئیریدای پەیامنێری خواوەندی، بۆ لای ئەخیل نەناردبا تا هانی بدات بەشداری شەڕەکە بکات و داکۆکی لە جەنازەی هاوڕێکەی بکات، ئەوا هیکتۆر بە ئاسانی دەستی بە سەر جەنازەکەیدا دەگرت. بەڵام ئەخیل نەی دەتوانی ئەو کارە بکات، چونکە مەتاڵ و زرێی پێ نەبوو، هەنگێ ئیریدا ئەمری پێکرد کە بە بێ چەک لە سەر مەتەڕێزە گڵێنەکەی دەوری سەربازگەی یونانیەکان ڕادەوەستێ تا بە دیمەنی خۆی ترواده‌ییە هێرشبەرەکان بترسێنێ و سڵێ بکەنەوە.
ئەخیل چوو بۆ سەر مەتەڕێزەکە. ئەسینا – پالادا، سەوڵەجانەکەی بە شانیا هێنا، خەرمانەیەکی زێڕینی پرشنگداری سەیر دەوری سەری دا، پرشنگ لە سەریەوە بەرز دەبووەووە ودەگەییە حەوێقی ئاسمان. ئەخیل، قیت لە سەر مەتەڕیزەکە ڕاوەستا، هاوارێکی ترسناکی کرد، ئەسینا –پالاداش لە گەڵ ئەودا هاواریکرد، ترس کەوتە دڵی ترواده‌ییەکان ، ئەسپەکان سڵەمینەوەو پاشەوپاش کشانەوە، عەرەبانچیەکان کە لە سەر گالیسکەکانیانەوە، ئەو گڕەیان بینی کە لە دەوری سەری ئەخیلەوە بەرز دەبووەوە، بە جارێ زراویان تۆقی، هەترەشیان چوو. ئەخیل سێ نەعرەتەی لێدا، هەموو جارێک ترس و لەرزی دەخستە سەربازگەی ترواده‌ییەکانەوە، دوازدە قارەمانی ترواده، لە ترسا زراویان تۆقی و مردن، هەندێکیان بە سەر نێزەو ڕماندا کەوتن و هەندێکیان بە ژێر دەست و پێی ئەسپانەوە کەوتن. بەڵام یونانیەکان جەنازەکەی "

پاتروکل "یان خستە سەر دەستەبەرەیەک و بۆ خەرگاکەی ئەخیلیان برد، دەنگی شین و گریانیان بەرز بووەوە، ئەخیلی کوڕی بیلیوس لە دوای هەمووانەوە دەڕۆیی، بە دەنگی بەرز دەگریا ودەیرِوانیە هاوڕێکەی، کە ئەو بۆ ئەو شەڕە خوێناویەی ناردبوو.
هیرا، ئەمری بە هیلیوسی خواوەندی خۆر کرد کە پێشوەختیخۆی، خۆی بە ئاوی ئوقیانووسدا بکات، شەو باڵی بە سەر دنیادا کێشا، هەواری هەڵدا، شەڕەکە تەواو بوو، سەربازگەی یونانیەکان نقومی خەو بوو. ترووادەییەکان، لە مەیدانەکەدا کۆبوونەوە، تا تەگبیر و ڕاوێژان بکەن. هەموو بە پێوە ڕاوەستابوون، جورئەتیان نەدەکرد دانیشن نەبا ئەخیل غافڵگیریان بکات، پولیدامانت پێشنیازی کرد کە یەکسەر بۆ ترووادە بگەڕێنەوەو تا بەیانی لەو شوێنەدا چاوەڕوان نەکەن کە ئەخیل بەیانی پەلاماریان بدات و لەم مەیدانە کراوەیەدا بە گیریان بێنێ. ئەگەر خۆ بە شارا بکەنەوەو لە سەر دیوارەکان بوەستن، هەنگێ لە پەلاماری ئەخیل دەخەلەسن و دەرفەتی ئەوەی لە دەست دەردەچێ کە بە سواری ئەسپە ڕەهەوانەکانی بە دەوری شارەکەدا بسووڕێتەوە.
بەڵام هیکتۆر، ئەو پێشنیازەی ڕەتکردەوە و ئەمری بە ترووادەییەکان کرد کە مەیدانی شەڕ چۆڵ نەکەن، پاسەوانانی لە سەربازگەکەدا دانا، بە ئومێدی ئەوە بوو دووبارە هێرش بۆ سەر کەشتی یونانیەکان ببات و لە کەناراوەکانی ترووادەیان دوور بخاتەوە، ڕایگەیاند کە هەموو کاتێ ئامادەیە ڕووبەڕووی ئەخیل ببێتەوە، ئەگەر ئەخیل بڕیار بدات بەشداری شەڕ بکات، ئەوا یەکێکیان، ئەو یان ئەخیل سەرکەتن بۆ وڵاتەکەی بە دەست دێنێت. ئەسینا – پالادا، هزری ترووادەییەکانی شێواند، لە مەیدانی شەڕا مانەوە ولە ناو سەربازگەکەیاندا دابەشبوون.
بەڵام لە سەربازگەی یونانیەکاندا، ئەخیل شینی هاوڕێ ئازیزەکەی دەکرد، هەر دوو باسکی لە سەر سینگی کوژراوەکە تێک ئاڵاندبوون. بە دەنگی بەرز دەگریا، و ئاه و ئاخی هەڵدەکێشا، وەکو چۆن شێرێک ڕاوچییەک بێچووەکانی ڕاو کردبێت، کاتێ لە ڕاو دەگەڕێتەوەو دەبینێ لانەکەی چۆڵ و هۆڵە، بە ناو لیرەوار دەکەوێ و بە دەم نەعرەتە و نەڕەنەڕەوە، لە بێچووەکانی دەگەڕێ، بەو ئاوایە نەعرەتەی لێدەدا، هاواریدەکرد:
- خواوەندان ئاخر چی وای لێکردم بەڵێن بە بابی هاوڕێکەم بدەم کە بە سەلامەتی بۆ وەڵاتی دەبەمەوە؟ نا، دیارە قەدەر و چارەنووسی هەردووکمان وا بووە، کە پێکەوە خاکی ترووادەییان بە خوێنی خۆمان سوور بکەین. ئیدی قەدەر وای داناوە کە باب و

دایکی ئازیزم، من نەبیننەوە کە بە سەلامەتی لە شەڕ بگەڕێمەوە. دەی " پاتروکل "ی ئازیز با بمرم، بەڵام کاتێ بمرم کە تۆڵەت بکەمەوەو ڕێوڕەسمێکی شایستە بۆ کفن و دفنت بەرپا بکەم.

ئەخیل، ئەمری بە هاوڕێکانی کرد جەنازەکە بشۆن و گوڵاو پرژێنێ بکەن، هاوڕێیان ئەو کارەیان کرد، جەنازەکەی " پاتروکل " یان خستە سەر کەژاوەیەکی بە شکۆ و چەرچەفێکی تەنکیان پێدا دا و ئەوسا پەردەیەکی نایابیان پێدا دا، مارمیدونەکان ئەو شەوەیان بەگریان بردە سەر و ئەو ژنە ترواده‌یی و داردانیانەش کە ئەخیل و پاتروکل بە دیلی گرتبوویانن بەشداری شین و شەپۆڕەکەیان کرد.

## ٢٦- ڤیتیدا لە سەردانی هیڤیستدا
## چەکەکانی ئەخیل
## ( لە ئیلیادەوە )

خوابانوو ڤیتیدا، لەزبلەز بەرەو ئوڵەمپی ڕەخشان، بۆ کۆشکە مسینەکەی هیڤیستی خواوەند، ڕۆیی. کە گەییە کۆشکەکە خواوەندی پیشەسازی لە کارگەکەی خۆیدا مژوول بوو، ئازای لە ئارەقەدا هەڵکشابوو، خەریکی دروستکردنی بیستکۆڵەکەی سێ پایی بوو، ئەم کۆڵەکانە لە سەر تایەی زێڕین بوون، لە خۆوە وئوتوماتیکی دەجوولان وبەرەو لای خواوەندان دەچوون و ئوتوماتیکی دەگەڕانەوە. تەنیا تەواو کردنی دەسکە زێڕینەکانی ئەم کۆڵەکانە مابوو، کە فیتیدا خۆی بە کۆشکەکەدا کرد، هیفیست خجڵی دروستکردنی بزماری دەسکەکان بوو. هاریتا، ژنە جوانەکەی خواوەند هیفیست، میوانە ئازیزەکەی، واتە خوا بانوو فیتیدای بینی، بە پیرییەوە چوو، بە ئەسپایی دەستی گرت و گوتی:

- فەرموو فیتیدا گیان وەرە ژووری، دیار نیت. خێرە وا هاتووی.

هەنگێ هاریتا، بانگی هیفیستی مێردی کرد کە بە پەلە وەژوور بکەوێ و پێشوازی خوابانووی سەربەرز بات.کاتێ هیفیست بە هاتنی فیتیدای زانی، کە بە ڕۆح قەرزدا باری بوو، ڕۆژێ کە خوابانوو هیرا، لە دوندی ئوڵەمپەوە هەڵی دابووە خوارێ، ئەم فریای کەوتبوو و ڕزگاری کردبوو. بە پەلە هات بۆ پێشوازی، لە سەر کوورەکە هەستا و کەرەستەکانی کۆ کردەوە و لە سەندوقێکی زیوکفتی نان، ئەوجا بە ئیسفەنجێکی تەڕ

هەر دوو دەست و سینگ و بەرۆک و مل و دەم و چاوی سری، پاش ئەوەی ئارەقە و تەنی لە خۆی کردەوە، جلەکانی لەبەر کرد و دەستی دایە گۆچانە بەهادارەکەی کە لە ڕێکردنا خۆی بە سەریا دەدا و هاتە دەرێ بۆ پێشووازی خوابانوو. چەند کارەکەرێک، کە لە زێڕ دروستی کردبوون، ژێر باڵیان گرتبوو و وەکو خەڵکانی زندوو شان بەشانی ئەو ڕێیان دەکرد، خواوەند هیفیست باسکی فیتیدای گرت و لێی پرسی:

- پێم بڵێ، چیت گەرەکە فیتیدا! چیم پێبکرێ دریغیت بۆ ناکەم.

فیتیدا، بە دەم ڕوندک باراندنەوە بۆی گێڕایەوە کە چۆن کوڕەکەی لەو مەتاڵ و زری و چەکانە مەحرووم کراوە کە خواوەندان دابوویان بە بیلیوسی باوکی و چۆن هیکتۆر " پاتروکل "ی کوشتووە. هەروەها باسی ئەوەی بۆ کرد کە ئەخیلی کوڕی بە خەم و پەژارەی هاوڕێکەیەوە چەند تینووی ئەوەیە تۆڵەی بکاتەوە، بەڵام چەکی نییە. ئیدی فیتیدا داوای لە هیفیست کرد چەک بۆ کوڕەکەی دروستبکات، هیفیست گوێی لە داواکانی گرت، بەڵێنی دایە کە تاخمێک چەکی ئەوتۆی بۆ دروست بکات، هەر کەسێک چاوی پێی بکەوێ سەری لە جوانی و هەیبەت و سامی سوڕ بمێنێ.

هیفیست بۆ کارگەکەی گەڕایەوە، کوورەکانی پاک کردەوە، ڕێکی خستن و ئەمری پێکردن بگڕێن. ئاگر ملی بۆ ئەمرەکەی دا، بە گوێرەی ئەمری ئەو کاری دەکرد، جارێ بە ئارامی دەگڕا و جارێ بە هەشتاو، توونەکانی ئاگر دەدا، هیفیست مس و سفر و برۆنز و زیو وزێڕی بەهاداری خستە ئاگرەکەوە، ئەوجا سندانەکەی قایم کرد و دەستی دایە چەکوشە گەورەکەی و مقاشە ترسناکەکەی و دەستی بە دروستکردنی مەتاڵ و زرێ بۆ ئەخیل کرد، ئیدی بە نەخش و نیگاری زۆر سەیر و جوان نەخشاندی، زەوی و دەریا و ئاسمانی لە سەر نەخشاند، خۆر وهەیڤ وستێرانی بە ئاسمانەوە نەخشاند، لە نێو ئەستیرەکانا وێنەی بلیاد و هیاد و کۆستێری ئوریون و ورچی گەورە و بچووکی نەخشاند، هەروەها دوو شاری لە سەر نەخشاند، لە یەکێکیاندا زەماوەند و شایی بوو، ئاهەنگی زەماوەند و شایی دیار بوو و کۆڕی لاوان و کیژان لە بەر دەرگای ماڵانەوە تەمەشایان دەکرد، کۆبوونەوەیەکی میللی لە یەکێک لە مەیدانەکاندا گیرابوو و دوو هاوڵاتی، دەربارەی سەربەهای کوژراوێک گەنگەشەیان دەکرد، هاوڵاتیان بووبوون بە دوو بەشەوە، هەر بەشەیان داشداریان لە یەکێک لە گەنگەشە کارەکان دەکرد، پەیک و پەیامنێرەکان هاوڵاتیەکانیان هێور دەکردەوە، مەزن و پیرانی شار ، بە شێوەی

بازنەیی دانیشتبوون، هەریەکەیان سەوڵەجانێکی بە دەستەوە بوو و ڕاو و بۆچوونی خۆی لە مەڕ پرسەکە دەردەبڕی، دوو تالانت ( پێوانەیەکە ) زێڕ لە ناوەندی بازنەکەدا دانرابوو، تا بە خەڵات بدرێ بەو کەسەی کە دادوەرانەترین داوەری لە نێو هەر دوو ڕەقیبەکەدا بکات.

بەڵام شارەکەی دی، شارێک بوو لە لایەن دژمنەوە گەمارۆ درابوو، پیاوان و جەنگاوەرانپاراستنی شارەکەیان بە ژنان و منداڵان و پیرەمێران سپاردبوو و بەڵام ئەوان بە سەرۆکایەتی خواوەندی شەڕ ئاریس و خوابانوو ئەسینا – پالادا کە زۆر بە هەیبەت و سامناک دیاربوون کەمینێکیان نابووەوە، دووکەس دزەیان کردبووە پێشی پێشەوە و چاودێری دژمنیان دەکرد، بەڵام لە ناکاوا دژمن دای بە سەر مەڕ و ماڵاتەکەیاندا، ئەوانەی لە کەمینەکەدا بوون، هاتنە دەرێ تا مەڕ و ماڵات و وڵساتەکە ڕزگار بکەن. هەرا و هەنگامە گەییە سەربازگەی دژمن، بە هەشتاو هاتنە هیمدادی هاوڕێکانیانەوە، ئیدی شەڕێکی خوێناوی هەڵگیرسا، خوابانووانی شەڕ و دژمنایەتی و خواوەندی مەرگی ترسناک تەراتێنیان دەکرد. هەروەها هیفیست دیمەنی جووتکاریشی لە سەر مەتاڵەکە نەخشاند، هەر جووتیار بوو و بە دووی هەوجاڕەوە بوو کە دەگەیینە ئەوسەری هۆگانە جووتەکە، خزمەتکاران جامی بادەیان پێشکەش دەکردن، خواوەند، دیمەنی دروێنەشی لە سەر مەتاڵەکە نەخشاند. هەندێک، گەنمیان دروێنە دەکرد و هەندێک، مەڵۆکانیان خڕ دەکردەوە، منداڵان، لە دوای دروێنەوانەکانەوە هۆشەچنیان (گولەوەچنی) دەکرد، خاوەن دەغڵیش، بە کەیف و شاد دەیڕوانیە بەروبۆمی زۆر و پڕ بەرەکەت، ژنان لە لاوە پەنایەکیان هەڵدەبژراد تا نان و خوان بۆ دروێنەوانەکان ئامادە بکەن، لە نزیکی هەموو ئەوانەوە دیمەنی ترێ چنی نەخشێنرابوو، کوڕان و کیژان قەرتاڵەیان (سەبەتەی میوەچنی) پێ بوو، گەنجێکی قۆز گیتاری دەژەند، کۆمەڵێک سەماکار دەوریان دابوو، هەروەها هیفیست گاڕانێکیشی لە سەرمەتاڵەکە نەخشاندبوو، دوو شێر تێیان کەوتبوون، گاوانەکان هەوڵیان دەداشێرەکان دەربکەن، سەگەکان نەدەوێران نزیک ببنەوەو هەر لە دوورەوە دەوەڕین، لە نزیک ئەو دیمەنەوە مەڕێن خودی زیوس و ئاخوڕ و ئاغەڵ و گەوڕان و کوختە وکەوێڵی شوانانیشی نەخشاندبوو، هیفیست لە کۆتاییدا کۆمەڵێک کوڕ و کچی نەخشاندبوو، دەستیان گرتبوو خەریکی گۆڤەند بوون، خەڵکەکەش تەمەشای گۆڤەند و داوەتەکەی وانیان دەکرد.

هیفیست بە ئوقیانووس، بەو ئوقیانووسەی بە دەوری زەویدا دەسووڕێتەوە، دەوری مەتاڵەکەی دابوو. هیفیست پاش ئەوەی لە دروستکردنی مەتاڵەکە بووەوە، زرێیەکی بۆ ئەخیل دروست کرد وەک گڕی ئاگر دەبریسکایەوە، هەروەها کڵاوخودێکی قورسی زێڕی خالیسەی بۆ دروستکرد و کێلانێکی لە قورقوشمی نەرم بۆ دروستکرد.
وەختایەک خواوەندی پیشەسازی لە کارەکەی بووەوە، تاقمی شەڕەکەی هەڵگرت و بۆ خوابانوو فیتیدای برد، خوابانوو وەکو هەڵۆی تیژ باڵ لە لوتکەی ئوڵەمپەوە بۆ خاکی دووره دەستی ترواده‌ییان داگەڕا و چەک و ئەسڵەحەکەی بۆ کوڕەکەی برد.

## ٢٧- سوڵح و ئاشتەوایی ئاگامەمنوون و ئەخیل
## ( لە ئیلیادەوە )

بەیانی زوو، لەگەڵ یەکەم تیشک وڕوناکی سپێدەدا، فیتیدا مەتاڵ و زرێ و چەکەکانی بۆ کوڕەکەی برد، بینی باوەشی بە جەنازەی پاتروکلی هاوڕێیدا کردووەو بۆی دەگری و دەیلاوێنێتەوە. دایکە هەوڵیدا دڵخۆشی کوڕەکەی بداتەوەو هێوری بکاتەوە، مەتاڵ وزرێ و چەکەکانی بە کوڕەکەی دا، مەتاڵی چی! ئەوەندە پرشنگدار و بە بریق و باق بوو هیچ مارمیدونێک نەیدەتوانی تەمەشای بکات. چاوانی ئەخیل لە خۆشیا ئەبڵەق بوون، چەکەکانی وەرگرت، بە وردی نیگای کرد، ئیدی لێبڕا یەکسەر بچێتە شەڕی ترواده‌ییەکان. بەڵام یەک شت نیگەرانی دەکرد، ئەویش ئەوە بوو جەنازەی هاوڕێکەی تێک بچێت. بەڵام فیتیدا دڵنیای کرد و بەڵێنی دایە جەنازەکە بپارێزێت، نیکتار وئەمفروزیای کردە هەر دوو کونە کەپوویەوە، تا تێک نەچێت ولە کاتیزندوویەتی، جوانتر بنوێنێ. ئامۆژگاری کوڕەکەی کرد کە داوای کۆبوونەوە لە عێل و عەشیرەتی خۆی بکات.
ئەخیل، بە کەناری دەریاکەدا کەوتەڕێ، داوای لە قەوم و قیلە کرد کە بێنە کۆبوونەوە، هەموو بە دەنگ بانگەوازەکەیەوە هاتن و بۆ خەرگاکەی ئاگامەمنوون چوون، هیچ کەسێک لە لای خێوەت و کەشتیەکان نەمایەوە، ئودیسیوس و دیومید بە شەلەشەل هاتن، هەروەها ئاگامەمنوونیش بە دەم ئازاری زامەکەیەوە وەژور کەوت. کە هەموو خڕبوونەوە و بێدەنگی باڵی بە سەردا کێشان ئەخیل پێشنیازی سوڵح و ئاشتەوایی لە گەڵ ئاگامەمنووندا کرد و هەمووانی هاندا کە خۆ بۆ شەڕ ئامادە بکەن،

هەموو یونانیەکان بەم سوڵح وئاشتەواییەی نێوان جووتە قارەمان دڵخۆش بوون، ئاگامەمنوون، لە جێگای خۆیەوە هەستا و دانی بە گوناح و هەڵەکەی خۆیدا نا و گوتی: خوابانووی شەڕ کوێریان کردووە، ئیدی ئەوە پیشەی خوابانووی شەڕە، داوت بۆ دەنێتەوەو کاتێ بە خۆت دەزانی کەوتویتە داویەوەو تەنانەت جارێک خودی "زیوس" شی کوێر کردووە، ئاگامەمنوون بەڵێنی دا هەموو شتێک لە پێناوی ئاشتیدا، پێشکەش بە ئەخیلبکات، بەڵام ئەخیل ئەو دیاری و سەوقاتیانەی بەلاوە گرینگ نەبوو، هەموو هزر وبیرێکی لای شەڕەکە و تۆڵە سەندنەوە لە هیکتۆر بوو، کەوتە بانگەواز بۆ هەمووان کە بە پەلە و بێ دواکەوتن ئامادەی شەڕەکە بن، بەلام ئودیسیوسی بەردەبار داوای کرد کەمێک سەبر بگرێ وگوتی باشتر وایە سەرباز و جەنگاوەرەکان بڕۆن تێر بە سکی خۆیان خواردن وخواردنەوە بخۆن تا ئەخیل دیاریەکانی وبریسییدا وەردەگرێتەوە.ئاگامەمنوون، بە پێشنیازەکەی ئودیسیوس قاییل بوو و داوای لێکرد بە خۆی لە گەڵ چەند گەنجێکدا بڕوات و بریسییدا و دیاریەکان بێنن. هەروەها داوای لە " تالفیبیوس "ی تەتەر کرد بچێت بەرازێک بێنێ بە بۆنەی ئەو سوڵحەوە، بۆ خواوەندی ئوڵەمپی بکەنە قوربانی. ئیدی ئەخیل چەند داوای لە خەڵکەکە کرد کە واز لە دیاری و سەوقاتیەکان بێنن و خۆ بۆ شەڕ تەیار بکەن فایدەی نەبوو، حەزی دەکرد یونانیەکان یەکسەر بڕۆن بۆ شەڕ و پاشان دوای ئەوەی تۆڵەی خۆیان لە دژمن کردەوە، هەنگێ لە سەر یەک سفرە و خوان دانیشن. ئەخیل نەچوو بۆ ئەو زیافەت وخوانەی کە یونانیەکان بەرپایان کردبوو. خواردنی بەلاوە گرینگ نەبوو، لە کاتێکا جەنازەی هاوڕێکەی لە خەرگاکەدا کەوتبوو، بێ ئەوەی تۆڵەی سەنرابێتەوە، ئەم دڵی خواردنی نەدەبرد. بەڵام ئودیسیوس توانی بیهێنێتە ڕەدا کە جارێ شەڕەکە دەست پێنەکات، ئەنجام "ئودیسیوس "ی بەردەبار، دیاری و سەوقاتیەکانی لە خەرگاکەی ئاگامەمنوونەوە هێنا، هەروەها کەنیزەکەکانیشی هێنا کە بریسییداشیان لە ناوا بوو.
ئیدی هەموو چوونەوە بۆ جێگایخۆیان، مارمیدونەکان پاش ئەوەی دیاریەکانیان لە ئاگامەمنوون وەرگرت بۆ لای کەشتیەکانی خۆیان چوونەوە. " ئەخیل " ش لە گەڵیاندا ڕۆیی، دوای کەمێک یونانیەکان هاتن بۆ لای و داوایان لێکرد نان بخوات تا هێزی پیا بێتەوە، بەڵام ئەخیل ڕەفزی کرد، ئاگامەمنوون و مینیلاوس و ئودیسیوس و نەستوور و

ئیدومینینور و فینیکس لە گەڵیا مانەوە، هەوڵیان دا هێوری بکەنەوە، بەڵام ئەو هەموو هۆش و گۆشی لە لای هاورێ کوژراوەکەی بوو و بە دەم ئاخ هەڵکێشانەوە دەیدواند:
- سەردەمانێ تۆ بەر لە شەڕ خواردنت دەدامێ، کەچی ئێستا بێ گیان لەو گۆڕە کەوتووی. هیچ خەمێک هاوتای ئەم کۆستەی من ناکاتەوە، ئەگەر بابم یان " نیوبتولیم" ی کورم ، کوڕە ئازیزەکەم کە لە سکیروس بە جێم هێشتووە، بمردبان و جەنازەکانیان لە بەر دەستما بکەوتایە، ئەوەندەی مردنی تۆ کاری تێنەدەکردم، من خۆزیام دەخواست کە من بە تاقی تەنیا لە غەریبیدا مردبام و تۆ بۆ فیتیا بگەڕێیتەوە وکوڕە بچووکەکەی من لە گەڵ خۆتا ببەیتەوە.
ئەخیل، بە کوڵ، بە خەمینی دەگریا، قارەمانەکان هەموو ئاخیان هەڵدەکێشا و بیریان لەو کەس و کارە دەکردەوە، کە لە ئاخی وڵاتا بەجێیان هێڵابوون. زیوس لە ترۆپکی ئوڵەمپەوە خەمینی ئەخیلی بەدی کرد، ئەمری بە ئەسینا کرد بچی بۆ لای و سینە و بەرۆکی بە نیکتار و ئەمفروزیا ئاو پرژێن بکات. ئەسینا وەکو هەڵۆ بۆی داگەڕا، خێرا نیکتار وئەمفروزیای بە سینگی ئەخیلەوە کرد تا بێتاقەت و سست نەبێت.

## ٢٨- ئەخیل دەچێتە شەڕی ترواددییان
## ( لە ئیلیادەوە )

یونانیەکان، تەدارەک و ئەسپابی شەڕیان لە خۆ دا، هێزەکانیان یەک لە دووی یەک لە سەربازگەکە وەدەرکەوتن، وەکو چۆن کلو بەفران بە دەم هەواوە دێن، بەو ئاوایە بۆ شەڕ دەچوون. ژمارەیان زۆر بوو، کلاوخود ورم ومەتاڵە (قەڵغان)کانیان لە بەر هەتاوەکەدا دەبریقانەوە. کەناراوەکان لە ژێر پێی شەرڤان و جەنگاوەرەکاندا دەلەرینەوە، کوڕەکەی " بیلیوس " ش چەکی لە خۆ دا، ئەو مەتاڵ و زرێیانەی لە بەرکرد کە هیفیست بۆی دروست کردبوون، شمشێرەکەی لە شان کرد، مەتاڵە پرشنگدارەکەی، کە وەکو هەتاو دەدرەوشایەوە، هەڵگرت. ئەوجا ڕمە گەورەکەی لە کێلان دەرهێنا، ڕمێک بوو جگە لەو کەس نەیدەتوانی هەڵیبگرێت وشەڕی پێبکات. ئەخیل، کڵاوخودە پرشنگدارەکەی لە سەر کردو لە خەرگاکەی هاتە دەرەوە. گڕی توورەیی لە چاوانی دەبووەوە. بەڵام خەمێکی یەجگار گەورە خوێناوی جگەری دەخواردەوە. ئەسپەکانی لە گالیسکەکەی بەست، "ئەفتومیدونت"ی گالیسکەڕان

سەرکەوت، قامچی و هەوسارەکانی بە دەستەوە گرت، ئەوجا ئەخیل، خۆی هەڵدایە سەر گالیسکەکە، پێش ئەوەی بۆ شەڕگەکە دەربچێ، ڕویکردە ئەسپەکان و گوتی:
- ئەی کیسانف و بالیوس! ئەی کوڕانی بودارغای خوایی. بە زندوویەتی و سەلامەتی لە شەڕەکە دەرم بێنن، وەکو پاتروکل، بە کوژراوی لە مەیدانی شەڕەکەم بە جێ مەهێڵن.
لە ناکاوا کسانف، سەری بۆ لای ئەخیل خوار کردەوەو بە زمانێکی بەشەری، کە هیرا پێی بەخشی بوو، گوتی:
- ئەی ئەخیلی سەرفراز، ئەمڕۆ بە سەلامەتی لە مەیدانی شەڕ دەتهێنینەوە، بەڵام ئەجەلت نزیک بووەتەوە. ئێمە هیچ خەتایەکمان لە کوشتنی پاتروکل دا نەبوو، ئەپولونی تیرەنداز کوشتی، ئەپولون دژمنی بە سەرا زاڵ کرد. ئیدی ئەپولون، ئەپولونە، ئەگەر وەکو بای "زیفیر" ش ڕات بفڕێنین، قەدەر و چارەنووست ئەوەیە بە دەستی ئەپولون و یەکێک لە قارەمانە فانیەکان بکوژرێی.
ئەخیل بە توورەیی هاواری کرد:
- بۆچی پێشبینی مردنی من دەکەی کسناف گیان! من دەزانم لێرە دەمرم، لەم غەریبیە، دوور لە داک و بابم دەمرم. بەڵام مەیدانی شەڕەکە چۆڵ ناکەم، تا لە تۆڵەی پاتروکلدا ئاخی تروادە بە خوێنی خۆم سوور نەکەم.
ئەخیل، ئەسپەکانی بۆ مەیدانی شەڕەکە تاودا، یونانیەکان هێزەکانی خۆیان لە مەیدانی شەڕەکەدا ڕێکخست ودەستیان بە هێرش بۆ سەر ترواده‌ییەکان کرد کە بە سەر گردێکی نزیکی ترواده‌وە بوون.
هەنگێ زیوس، خوابانوو فیمیدای ڕاسپارد کە خواوەندەکان بۆ کۆبوونەوە بانگ بکات، هەموو خواوەندەکان لە کۆشکەکەی زیوس دا کۆبوونەوە. خواوەندی ڕووبار و جۆباران وحۆری و پەری و خواوەندی سەرچاوانیش ئامادە بوون. زیوسی، بروسکەوان بە ئامادەبووانی گوت، خۆی بەشداری شەڕەکە ناکات، بەڵکو لە لوتکەی ئۆڵەمپەوە چاودێری دەکات، بەڵام باقی خواوەندەکان دەتوانن بەشداری شەڕەکە بکەن وداشداری ئەو لایەنە بکەن کە خۆیان دەیانەوێ. زیوس، دەترسا ترواده‌ییەکان خۆیان لە بەر هێرشی بروسکە ئاسای ئەخیل نەگرن و بتوانێ شارەکە داگیر بکات. خواوەندەکان دەم و دەست بەرەو زەوی هاتن، هیرا و ئەسینا – پالادا و پوسیدون و هرمز و هیفیست

بەگەڵ یونانیەکان کەوتن. ئەفرودیتا وئەرتیمیدا و لاتونا و ئاریس و ئەپولون و خواوەندی ڕوباری سکاماندر، کساتوف، بەگەڵ تروادەییەکان کەوتن.

هەرکە خواوەندانی ئوڵەمپ لە سوپاکان نزیک بوونەوە، خوابانووی دووبەرەکی، ئیریدا، ئاگری شەڕ و دژمنایەتی هەڵگیرساند. ئەسینا – پالادا لە نێو یونانیەکانەوە دەرپەڕی و لە نەعرەتەی دا، ئاریسی خواوەندی شەڕ، بە نەعرەتەیەکی باهۆز ئاسای ترسناک وەڵامی دایەوە. هەر دوو سوپا بەرانبەریان لێکدی گرت، دەنگی چەخماخە وهەوره تریشقەی زیوس ئاسمانی هێنایە لەرزە، پوسیدون زەوی هێنایە لەرزە، چیا و کۆجاران ژێر و ژوور بوون، ترواده و کەشتی گریکەکان هەژان، تەنانەت دڵی هادیسی شای مەملەکەتی مردوانیش داخورپا، یەکسەر لە سەر عەرشەکەی هاتە خوارەوە لە ترسی ئەوەی نەبا زەوی بتەقێتەوە و مەملەکەتەکەی کە پڕ بوو لە دیمەنێن زۆر ترسناک، ترسناک تەنانەت بەلای خواوەندانی نەمریشەوە، کەشف ببێت، ئیدی جەنگێکی ترسناک هەڵگیرسا، ئەخیل، تەنیا یەک ئاواتی هەبوو، ئەویش ئەوە بوو کە ڕووبەڕووی خەنیمەکەی، واتە هیکتۆر ببێتەوە.

ئەپولون، تیرەنداز، چووە کڵێشەی " لیکاون "ی کوڕی پریامەوە و خۆی بۆ ئینیاس نواند و داوای لێکرد لە شەڕی ئەخیل نەترسێت، بە تایبەتی کە ئەو کوڕی ئەفرودیتایە و ئەخیل کوڕی خوایەکی پلە نزمترە. بەو چەشنە ئینیاسی بۆ شەڕ دنە دا، کوڕی ئاگنیس بە هەشتاو چووە پێشێ و هیرا هەموو ئەوەی بەچاوی خۆی بینی وترسا کە ئەپولون دەستی یارمەتی بۆ ئینیاس درێژ بکات. بەڵام پوسیدون ئامۆژگاری خواوەندەکانی کرد کە خۆ لە شەڕەکان هەڵنەقورتێنن و لە سەر مەتەڕێزە گڵێنەکەی قەراخ دەریا، ئەو مەتەڕێزەی یونانیەکان دروستیان کردبوو، دانیشن و چاوەڕوان بکەن، ئەگەر ئاریس و ئەپولون چوونە شەڕەوە، هەنگێ ئەوانیش دەتوانن بەشداری شەڕەکان بکەن. خواوەندانی هەوادار ولایەنگری یونانیەکانبە گوێی " پوسیدون " یان کرد، لە دووری شەڕەکە دانیشتن، بەڵام خواوەندانی لایەنگری ترواده‌ییەکان لە سەر تاوێرەکانی کالیکولون دانیشتن.

ئینیاس ڕووبەڕووی ئەخیل بووەوە، ئەخیل بە تەوس وتوانجەوە پێشوازی کرد و ئەوەی بیر خستەوە کە چۆن کاتی خۆی لە بەری هەڵاتووە و ئامۆژگاری کرد کە بگەڕێتەوەو خۆی جەنگاوەرەکانەوە بشارێتەوە. لێ ئینیاس وەڵامی دایەوە کە منداڵ نییە تا

بیترسێنێ وخۆی بە سەریا هەڵکێشا کە ئەسڵ زادەیە وماڵباتی وی قارەمانی زۆر گەورەی تیا هەڵکەوتوون و ئینیاس خوا خوای بوو تا زووە شەڕەکە هەڵگیرسێت، بە دەستە بەهێزەکەی جەزرەبەیەکی توندی خێواندە مەتاڵ و زرێکەی ئەخیل، بەڵام کاری تێنەکرد. ئەخیل پێویستی بەوە نەبوو کە مەتاڵەکەی بداتە بەر جەزرەبەکەی ئەو، چونکە چاک دەیزانی هیچ دەستێکی بەشەری ناتوانێ ئەو مەتاڵ و زرێ یە بسمێکە بەدەستی خواوەند دروست کرابوو. ئەخیل، ڕمێکی خێواندە خەنیمەکەی، زرێکەی سمی، بەڵام ئینیاس خۆی دانەواندەوەو خۆی لە جەزرەبە کوشندەکە بوارد، بەڵام بەرچاوی تاریک بوو، ئیدی دڵنیا بوو کە کەوتووەتە چنگی مەرگ. ئەخیل هەڵێکێشایە شیرەکەی، ئینیاس بڕی دایە کەڤرێکی گەورە، بەڵام خواوەند پوسیدون، حەزی نەدەکرد دەسکە گوڵ و هەڵبژاردەکەی بمرێت، خێرا بە هانایەوە چوو، ڕمەکەی ئەخیلی بەرزکردەوەو لە بەر پێیا خستییەوەو چڕە تەم و مژێکی لە بەردەمیا بڵاوکردەوە، دنیا تاریک بوو، چاو چاوی نەدەبینی، ئەوجا ئینیاسی هەڵگرت و دەستە بەهێزەکەی هەڵیدا و لە دووری مەیدانی شەڕەکە کەوتەوە. لەوێ خواوەندی بومەلەرزە هاتە بەرچاوی ئینیاس وئامۆژگاری کرد کە تا ئەخیل لە ژیاندا بێ، نەکەوێتە پێشی جەنگاوەرەکانەوە. ئەوجا تەمتومانەکەی بەرچاوی ئەخیلی ڕەواندەوە، ئەخیل کە ڕمەکەی خۆی لە بەردەم خۆیا بینیو سەیری کرد ئینیاس لەو ناوە نەماوە، ئیدی بۆی بە دیار کەوت کە خواوەندان دژمنەکەی دەپارێزن و دڵنیا بوو کە ئینیاس چیتر جورئەت ناکات لە شەڕا ڕووبەڕووی ببێتەوە.

ئیدی ئەخیل، بە تین و تاوێکی زۆرەوە خۆی بە شەڕەکەدا دا، جەنگاوەرێکی زۆری کوشت، زیاتر لە دووی هیکتۆری ڕەقیبی دەگەڕا، کە خواوەند ئەپولون، ڕێگەی نەدەدا ڕووبەڕووی نەیارەکەی ببێتەوەو ئەمری پێکردبوو، لە بەرەکانی دواوە بمێنێ، بەڵام دوای ماوەیەک ئەخیل، بولیدور، کوڕی پریامی بە شمشێر کوشت، ئەمە بچووکترین و خۆشەویست ترین کوڕی پریام بوو، کە هیکتۆر ئەوی بە کوژراوی بینی، ئامۆژگارییەکانی ئەپولونی لە بیرکرد وهاتە مەیدانی ئەخیل، ئەخیل ئەمەی لە خوا دەویست، چاوەکانی لە خۆشیا وەکو پشکۆ گەشانەوە و هاواریکرد:

- ئا ئەمە داخی نا بە دڵمەوە. دەی با وابێ، ئەمە ئەرز و ئەوە گەز، کەسمان ناتوانین خۆمان لەوی دی بشارینەوە. ئەمە شەڕە شەڕ، وەرە پێشەوە تا بە پەلە هەواڵەی مەملەکەتی هادیست بکەم.

لێ هیکتۆر بەرسڤی دایەوە وگوتی:

- هێشتا دیار نییە کیهەمان دەکوژرێن. ڕەنگە من جەبەرووت و هێزی تۆم نەبێت، بەڵام تەنیا خواوەندان دەزانن کە دەبێ کیهەمان بمرین. خۆمنیش شمشێری بڕندەم هەیە.

هیکتۆر، ڕمێکی خێواندە نەیارەکەی، بەڵام ئەسینا – پالادا، فوویەکی لە ڕمەکە کرد، خاوی کردەوە، لە بەرپێی ئەخیل کەوتەوە. ئەخیل، پەلاماری هیکتۆری دا، بەڵام ئەپولون فریای کەوت و لە چڕە مژێکیەوە پێچا، ئەخیل سێ چەلان بە ڕمەوە پەلاماری دژمنەکەی دا، بەڵام هەموو جارێ ڕمەکەی لە مژە خەستەکەدا وێڵ دەبوو، بەڵام کە جاری چوارەم پەلاماری دا و هێرشی برد، بە دەنگێکی ترسناک هاواریکرد:

- ئەمە جاری دووەمە کە لە مەرگ دەخەلەسیت. ئەمە جاری دووەمە کە ئەپولون فریات دەکەوێ، بەڵام قەیدی نییە، بەو زووانەیەکێک لە خواوەندەکان بە هانامەوە دێت و دەتکوژم.

لە گەرمەی تووڕەیی و ڕقا، ئەخیل هێرشی بۆ قارەمانانی تروادە برد، بە شمشێرە کوشندەکەی، خەڵکانێکی فرەی لێکوشتن، وەکو ئاگری بێ ئامان ڕیزەکانی ڕادەماڵین. وەکو چۆن گوڵە گەنم لە ژێر پێی گا جووتاندا بە دەم گێرەوە، هەڵدەوەرێ، بەو ئاوایە جەستە و مەتاڵ و کڵاوخود لە ژێر سمی ئەسپەکانی ئەخیل دا پان و پلیش دەبوونەوە. ئەخیل تینووی نێوبانگ و دەسکەوتی شەڕ و جەنگان بوو، دەستەکانی لە خوێنا سوور بوون، ترواده‌ییەکان لەبەری هەڵهاتن، بەڵام تا ڕووباری سکاماندر لێیان نەبووەوە، خۆی پێدا دان، کردنی بە دوو بەشەوە، بەشێکیان بەرەو شار ملی ڕێگایان گرت، لێ هیرا، هەورێکی ڕەشی بە سەردا دان و هەموو ڕێگا ودەریچەکانی لێ بەستنەوە، بەڵام بەشی دووەمیان بەرەو ڕووبار نشێو بوونەوە. ئیدی جەنگاوەران بەناو پیرە ڕوبار کەوتن و لە بوار دەگەڕان تا خۆ ڕزگار بکەن، لێ پێڵ و شەپۆلەکانی خرۆشان، لەبەر زۆری مەلەوانان بەرز بووەوە، هەندێک هەوڵیان دەدا بە ژێرە مەلە خۆ دەرباز بکەن و هەندێک لە پەنایەکی ژێر کەنارە ڕژدەکان دەگەڕان تا خۆیانی لە بندا پەنا بدەن،

بەڵام ئەخیل هەڵیکێشایە شمشێرەکەی و خۆی بە ڕوبارەکەدا دا، بەر بووە گیانی هەڵاتووەکان و بیست کەسێکی لاوی لێگرتن و کەلەپچەی لە دەست کردن و ئەمری بە مارمیدونەکان کرد کە بۆ سەربازگەکەیان بەرن، بە خۆیشی بۆ ناو ڕووبارەکە گەڕایەوە تا بکەوێتە گیان دژمن.

ئەخیل، لە ڕەخی ڕوبارەکەدا، لیکاونی کوڕە بچووکی پریامی گرت، هەمان ئەولاوە بوو کە ئەخیل لە ناو ڕەزەکانا گرتبووی و وەکو کۆیلە لە لیمنوس فرۆشتبووی. ئەم کوڕە داماوە چکۆلەیە خۆی هاوێشتە سەر پێی ئەخیل، لێی دەپاڕایەوە کە بەزەیی پێیدا بێتەوەو بەڵێنی دەدایە کە سەربەهایەکی زۆری بداتێ. بەڵام بەزەیی ودڵی تینووی تۆڵە کوجا مەرحەبا! ئەدی پێشتر پاتروکلی قارەمانی هەرە بە نێوبانگ نەکوژرابوو، ئەدی ئەخیل بە خۆیشی بە چەکی دژمنان ناکوژرێ، ئیدی بۆچی لە گیانی ئەم گەنجە منداڵکارە خۆش بێ! ئەخیل، شیرێکی لە ملی دا و کوشتی، لە لاقی نەوی و تووڕی دایە ناو ڕوبارەکەوە تا ببێت بە چەشە و خۆراکی ماسییان.

ئەخیل چەشە بوو، هێندەی دی دڕ وتینووی خوێن بوو، هەڕەشەی لە دژمنەکانی دەکرد کە سکاماندر، چەندیش قوربانی بۆ بکەن، هەر لە غەزەبی وی دەربازیان ناکات، هەر هەموویان لە تۆڵەی پاتروکل و یونانیە کوژراوەکانی دیدا، دەکوژێت. کسانوفی خواوەندی ڕوباری سکاماندر، زۆر لەم غروور و غەڕا بوونەی ئەخیل تووڕە بوو. لەو کاتەدا ئەستیروبیوس، کوڕی خوای ڕوبار، ئەکسیوس، خۆی بۆ ڕووبەڕوو بوونەوەی ئەخیل ئامادە دەکرد، لە یەک کاتدا دوو ڕمی خێواندێ، بە یەکێکیان ئانیشکی ڕاستی ڕوشاند، ئەخیل، بە جەزرەبەیەکی توندی ڕمە کوشندەکەی وەڵامی دایەوە، بەڵام ڕمەکە لای کرد و بە قووڵی لە ڕەخی ڕووبارەکە چەقی، ئەستیروپیوس هەوڵیدا لە ئەرزەکەی دەربێنێتەوە، بەڵام بۆی دەر نەهاتەوە. ڕمەکە لەوە قورستر بوو بەو دەربێتەوە. ئیدی کوڕیبیلیوس پڕی دایە و تا هێزی تیا بوو، شمشێرێکی پێدا کێشا وکوشتی و جەنازەکەی فڕێدایە ناو ئاوی سکاماندرەوە و دوای ئەوە چەند قارەمانێکی دیکەشی کوشت، خواوەند کسانوف، لە قووڵایی ئاوەکەوە هاواریکرد:

- ئەخیل، قوربانیەکانت لە ئاوەکەی منا دەربێنە و لە مەیدانی شەڕا کێ دەکوژی بیکوژە، بەڵام بۆت نییە لە ئاوەکەی منا هیچ کەسێک بکوژیت! جەنازە ڕێگەی ڕژانە دریای لێ گرتووم، نەخەڵەتابی لەوە زیاتریان لێبکوژیت.

ئەخیل بەرسڤی دایەوە وگوتی:
- ئەی کسانوف! من دەست لە کوشت و کوشتاری ترووادەییان هەڵناگرم تا نەیانکەم بە شارا یان لە مەیدانا ڕووبەڕووی هیکتۆر نەبمەوە.
کسانوف، بە دەنگی بەرز بانگی لە خواوەند ئەپولون کرد وگوتی:
- ئەی خواوەندی تیرەنداز، تۆ ئەمری زیوسی بروسکەوان جێبەجێ ناکەی! باشە ئەمری پێنەکردی ئەمڕۆ بە پەڵە هەورێک ترووادەییەکان بپارێزی، تا شەو دادێت و باڵ بە سەر دۆڵ و یاڵەکاندا دەکێشێت!
ئاوی سکاماندر خرۆشا، بە دەنگێکی سامناک کەوتە ناڵەناڵ و جەنازەی کوژراوەژانی هەڵدەدایە ڕەخی ڕووبارەکە، بەڵام زندووەکان، خواوەندی ڕوبار لە شکەفتێکی شاردنەوە، وەختێ ئەخیل خۆی بە ئاوەکدا دا، شەپۆلان بە هاوار وهاژە تێی ئاڵان، نەیتوانی خۆی لە سەر پێیان بگرێت، دەستی بە لق و پۆپی دار چنارێکی بەرزی کەنار ڕوبارەکەوە گرت، بەڵام دار چنارەکە دوای ئەوەی کەنارەکە لە ژێریا داڕما، وەکو پرد بە سەر ئاوەکەدا درێژ بووەوە. ئەخیل خۆی لە ئاوەکە هەڵدایە دەرەوە وکەوتە گورگە لۆقە بە سەر ئەرزەکەدا، لەهیەکی زۆر دووی کەوت، پێل و شەپۆلان دەوری دا ودەیویست قووتی بدات. ئەخیل، چەند جارێک هەوڵیدا بە گژ شەپۆلەکاندا بچێتەوە، بەڵام ئایا ئەمە لە توانای بابایەکی فانی وەکو ئەودا بوو، لە توانای ئەودا هەبوو، بە گژ خواوەندی جاویدانی ڕوباردا بچێتەوە! ئاوەکە تێی ئاڵا، بە توووندی خۆی بە لاجانگ و دەم و چاویا دەکێشا و ئەرزەکەی ژێر پێی ڕادەماڵی، تا ئەنجام هاواری لێ هەستا، سەری بۆ ئاسمان هەڵبڕی و گوتی:
- ئەی زیوس، ئەی بروسکەوان! ئایا من، کە قەدەرم وایە تەنیا بە تیری ئەپولون و لە لای دیوارەکانی تروادە بکوژرێم، ئەجەلم هاتووە! ئایا ئەجەلی من ئەوەیە کە بەم سووک و ڕیسواییە، وەکو هەر بەرازەوانێک، ڕوبارێکی چیایی ڕای بماڵێ و لەتڕی سەبچێ! ئەگەر وایە خۆزگە بە شمشێری هیکتۆر بکوژرێم، هەر نەبێ دیارترین پاڵەوانی ناو ترووادەییەکانە.
ئەخیل، هێشتا بە تەواوەتی لە قسەکانی نەبووبووەوە، هەر دوو خواوەند پوسیدون و ئەسینا – بالادا هاتنە بەرچاوی، ورەیان بەرز کردەوە، دڵنەواییان کرد، ئەمریان پێکرد بەردەوام بێ لە ڕاونانی ترووادەییەکان تا دەیانکات بە شارەکەدا و هیکتۆر دەکوژێت.

پێیان گوت، دوای سەرکەوتن، سەرفراز وبەرێزبۆ سەربازگەکە دەگەڕێتەوە، ئەسینا، هێزێکی لە ڕادەبەدەری بەبەریا کرد، سکاماندر نەیتوانی بە گژیا بچێتەوە، هانای بۆ " سیمویس " ی برای، خواوەندی جۆبار برد، ئاستی ئاوەکە بەرز بووەوە، ئاو یەکپارچە کەف بوو، سکاماندر دژی ئەخیل بەرزی کردەوە، ئاو لە دەوری ئەخیل ئالا، دەتگوت شوورە و حەسارە، هیرا ترسی لێنیشت کە کوڕی بیلیوس تیا بچێت، ئیدی خێرا "هیفیست" ی کوڕی نارد تا ڕووبەڕووی سیمویس ببێتەوە وپێشی لێبگرێ، خواوەندی لەنگ ئاگرێکی گەورەی لە سەر ئەرزەکە کردەوە. جەندەکی ئەو تروادەییانەی کە ئەخیل کوشتبوونی، تیا سووتاند، ئەو زەوییانەی کە شەپۆلان نقوومی کردبوون، زووبەزوو هیشک بوونەوە، هیفیست ئاگرەکەی بە سەر ڕووبارەکەدا کرد، دار چنار و سپیدار و زانەکانی کەنار و بەستێنی روبارەکە سووتان، قامیشە سەوز وپاراو وگوڵە لوتسەکان گڕیان گرت. بەڵام ماسییەکان، هەریەکە وبەلایەکدا بڵاوەیان لێکرد وخۆیان بە بنی ڕوبارەکەدا کرد وهەوڵیاندەدالە قوڵاییی ڕوبارەکەدا پەنایەک وەدۆزن و خۆیان لەو ئاگرە بێ ئامانە بە دوور بگرن کە هەرچیەکی هاتبا ڕێ، دەیسووتاند، سیمویس گڕی گرت و هاواریکرد:

- ئەی هیفیست! هیچ خواوەندێک توانای ڕووبەڕوو بوونەوەی تۆی نییە و بە تۆ ڕاناوەستێ، هەرگیز ئەوەم بە هزر و بیردا نەهاتووە و نایەت کە لە ڕووی تۆدا بوەستم. ئاگرەکەت بتەمرێنە و هەرگیز بە هانای تروادەییەکانەوە ناچم. با کوڕی بیلیوس پەلاماریان بدات، بێکەس کوژیان بکات و بە کەیفی دڵی خۆی بکات!

ئاوەکە زیاتر هاتە کوڵ وبە هۆی ئاگرەکەوە هەڵچوو، جۆبارەکە لە ڕۆیین وەستا، سکاماندر، لە تووندی شەواتەکەیا نەما، خواوەند کسانوف کەوتە پاڕانەوە لە هیرا، کە توونڕەوی کوڕەکەی هێور بکاتەوە وسوێندی بە خواوەندی گەورە خوارد و جارێکی دی نەچێتە هیمداد و کۆمەکی تروادەییەکان وئەگەر ترواده بە ئاگری یونانیەکانیش بسووتێ ئەم هەقی نەبێت. هیرا، دەستی کوڕەکەی لە شەڕی ڕوبارەکە بەردا و شەواتەکە کوژایەوە، ئیدی گەنگەشە و جیدالێکی توند لە نێو خواوەندەکانا بەرپا بوو، شەڕێکی تووندیان کەوتە نێوان، زەوی لە ژێر پێیاندا کەوتە لەرزین، زیوس کە بینی کەوتوونەتە گیانی یەکدی لە قاقای پێکەنینی دا، ئاریسی خوای جەنگ، هێرشی کردە سەر خوابانوو ئەسینا – پالادا تا تۆڵەی ئەو یارمەتیەی لێبکاتەوە کە پێشکەش

بە دیومیدی کردبوو و ئەمی بریندار کردبوو، ئاریس، تا توانی شمشێرێکی بە مەتاڵەکەی دەستی ئەسینادا کێشا، بەڵام نەیتوانی بیسمێ، ئەسینا دەستی دایە بەردێکی گەورەو کێشای بە ملی ئاریسدا و کەوتە سەر ئەرزەکە، مەتاڵ و زرێکانی بە تەق و هوڕ بە سەریا کەوتن و چەک و ئەسڵەحەکەی لە تەپ و تۆزا نقوم بوو.

ئەفرودیتای، خوابانووی ڤیان، خێرا هاتە هیمدادی و هەوڵیدا لە مەیدانەکەی دەرباز بکات. بەڵام ئەسینا ڕمێکی خێوانده سەر سینگی و تەختی ئەرزەکەی کرد. پوسیدونی خواوەندی دەریا، داوای مەیداندارى و دوئێلی لە ئەپولون کرد، بەڵام خواوەندی تیرئەندازی دوور هاوێژ، خۆی لە گێلی دا و نەیوێرا دەست لە خواوەندی بوومەلەرزەی برا گەورەی زیوس بەرزبکاتەوە. ئیدی خوابانوو ئەرتیمیدا کەوتە گلەیی لە ئەپولونی برای کە لە ڕووی پوسیدونا نەوەستاوە، خوابانوو هیرا گویی لەو قسەیە بوو، زۆر توورە بوو، توووند دەستی ئەرتیمیدای گرت، کەوانەکەی لە دەستی ڕاپسکاند و کێشای بە خوابانووی گەنجا، ئیدی تیرەکانی ئەرتیمیدا پرش و بڵاوبوونەوە، بە دەم ڕوندک هەڵڕشتنەوە، وەکو چۆلەکەیەک لە شەوا هەڵدێ، بەو ئاوایە هەڵهات. خوابانوو لاتونا تیرەکانی کۆ کردنەوە وکەوانی کیژەکەی هەڵگرتەوەو شوێنی کەوت. بەڵام ئەرتیمیدا، بۆ چیای ئوڵەمپ سەرکەوت. بە دەم گریانەوە سکاڵای بردە لای زیوس کە هیرا سووکایەتی و بێ ڕێزی پێکردووە. خواوەندەکانی دی بۆ ئوڵەمپ گەڕانەوە، هەندێکیان شانازیان بە سەرکەوتنی خۆ دەکرد و هەندێکی دیکەیان پەست و توورە بوون، لێ ئەپولون بە هەشتاو بەرەو ترواده داگەڕا، دەترسا یونانیەکان، گوێی بە قەدەر و چارەنووس نەدەن و وێرانی بکەن.

کە پیرە پریام بینی ئەخیل چنگ لە سەر شان تروادەییەکان ڕاودەنێ ئەمری کرد دەروازەکانی شار بخرێنە سەر گازی پشت تا جەنگاوەرەکان وەژوور بکەون وخۆ وە پەنای دیوارەکان بدەن. ئەپولون هێز وتوانایەکی لە ڕادەبەدەری بە بەر ئەگینور دا کرد و هانیدا ڕووبەڕووی ئەخیل ببێتەوە وبەڵام ئەپولون خۆی لە هەورێکی ڕەشەوە پێچا و لە لای قارەمانە تروادەییەکەوە وەستا، تا لە ڕمی ئەخیلی بپارێزێت. ئەگینور، شمشێرە بڕندەکەی دەرهێنا وچاوەڕوانی هاتنی ئەخیلی کرد، ڕمێکی توندی سرەواندە ئەخیل، بەڵام بەر مامێزەکانی کەوت وهەڵگەڕایەوە، ئەخیل، پەلاماری ئەگینوری دا، دەیویست بیکوژێت، بەڵام ئەپولون لە پەڵە هەورێکیەوە پێچا و لە مەرگی بێ چەند و

چوون ڕزگاری کرد. ئەپولون، چووە پێستی ئەگینورەوە و لە بەر دەم دژمنەکەیا هەڵدەهات و بە زیکزاک مەیدانەکەی تەی دەکرد و ئەخیلیش چنگ لە سەر شان ڕاوی دەنا، بە بێ ئەوەی بزانێ خواوەندێک ڕاودەنێ. ئەپولون، بەو جۆرە تروادەییەکانی دەربازکرد و زەمینەی بۆ خۆشکردن تا خۆ بدەنە پەنای دیواری شارە پیرۆزەکەیان.
تروادەییەکان، خۆیان بە شارا کرد، تێر ئاویان خواردەوە، ئارەقەکەی لەشیان وشک کردەوە، کەمێک لە ماندوویەتی شەڕ و هەڵاتن حەسانەوە. ئەوجا سەرکەوتنە سەر دیوار و بورجەکان، جگە لە هیکتۆر کەس لە مەیدانەکەدا نەما، لە بەر دەروازەی سکیەدا وەستابوو، دەتگوت قەدەرو چارەنووسی حەتمی لەو شوێنەی چەقاندووە.

## ٢٩- دوئێلی نێوان ئەخیل و هیکتۆر
## ( لە ئیلیادەوە )

ئەخیل ماوەیەکی زۆری بە ڕاونانی خواوەند ئەپولونەوە بردە سەر، ئەنجام خواوەندی تیرەنداز ڕاوەستا و خۆی بۆ ئەخیل کەشف کرد، ئەخیل زۆر تووڕە بوو و حەزی دەکرد، تۆڵە لە خواوەند بکاتەوە وبیکوژێت، بەڵام لە کوێ ئەوەی پێدەکرا؟! بەوجۆرە، سەر لە نوێ بۆ لای شوورەو حەسارەکان گەڕایەوە، ڕێک لەو هەسارەیە دەچوو کە پاییزان لە ئاسمان هەڵدێ و خەڵکی پێی دەڵێن سیریوس و نیشانەی کارەساتی بۆ بەشەری فانی پێیە. کە پریام، بینی ئەخیل لە دیوارەکانی شار نزیک دەبێتەوە، هاواری کرد و کوڕەکەی ئاگادار کردەوە:
- کوڕەکەم، خێرا وەرە ناو شارەوە، ڕووبەڕووی کوڕی بیلیوس مەبەوە، ئەو لە تۆ بەهێزترە. خۆت بە شارا بکە، ئاواتی شار بە تۆیە، خۆت بپارێزە، تا پیاوان و ژنانی ترواده ڕزگار بکەیت. ئەوە بیری خۆت بێنەوە، چەند کوڕم بە شمشێرەکەی ئەخیل کوژران. بەزەییت بە منی پیری کلۆڵدا بێتەوە. من کە زیوس، بەم ئاخری عومەرەمەوە، هەموو جۆرە کارەسات و مەینەتیەکی بەسەردا داوم. ئیدی قەدەری من ئەمەیە کە کوژرانی کوڕەکانم بدینم، بە بەر چاوی خۆمەوە کچەکانم وەکو دیلی جەنگ ببرێن، منداڵە بێتاوانەکانم سەر ببڕێن و پاشان لە بەر دەرگای ماڵەکەی خۆما بکوژرێم و ئەو سەگانەی خۆم بە خێوم کردن، بە هەشتاو بگەنە سەرم و دەم بنەنە خوێنەکەم. بەزەییت بە منا بێتەوە کوڕەکەم، خێرا وەرە ناو شارەکەوە.

هیکوبای پیرەژن، هاواری لە کوڕەکەی کرد خۆی بداتە پەنای دیوارەکان، ڕژگارانی کۆنی بیر هانیەوە کە چۆن شیری داوەتێ و لە باوەشیا ڕای ژەندووەو، ئایا خوا بەردارە بە بەر چاویەوە تیا بچێ و لە لای کەشتیەکانی دژمنەوە بکوژرێ، ببێ بە خوراکی سەگان و نە داکی و نە ژنەکەی نەتوانن، شینی بکەن وبۆی بگرین.
بەڵام هیکتۆر چوو بە چەقی نەعلەتا، سەرسەختانە لە جێی خۆی وەستاو چاوەڕوانی گەیشتنی دژمنەکەی دەکرد، خۆی بە سەر مەتاڵە گەورەکەیدا دابوو و لە خوار بورجەکەوە چاوەڕوانی ئەخیلی دەکرد. ئەم قارەمانە ترۆادەییە، نەیدەتوانی ڕووبەڕووی ئەخیل نەبێتەوە، دەترسا ترۆادەییەکان بەوە تۆمەتباری بکەن کە پشت بە هێزی خۆی شارەکەی بە فەوتان دا. باشە پولیدامانت ئامۆژگاری نەکردبوو، کە بەر لەوەی ئەخیل بهاڕوژێ و بێتە شەڕەوە، سوپاکەی بەرێتە ناو شارەوە. ئێستا تەنیا یەک شتی لە بەردەم بوو – ئەویش ئەوە بوو ڕووبەڕووی دژمنەکەی ببێتەوە، ئیدی یان دەکوژێ یان دەکوژرێ. بیرۆکەیەک بە مێشکی هیکتۆرا هات، کە بە بێ چەک بەرەو پیری ئەخیل بڕوات و بەڵێنی گێڕانەوەی هیلینی نازدار و هەموو گەنج و سەروەت و سامانە دزراوەکەی مینیلاوسی بداتێ و نیوەی ئەو گەنجەی لە ترۆادەدا هەیە بیداتێ. بەڵام خێرا ئەو خەیاڵەی لە مێشکی خۆی دەرکرد، چونکە دەیزانی دژمنەکەی بە ڕێکەوتن قاییل نابێت و بێگومان دەیکوژێت و هەنگێ بە بێ چەک وەکو لاوازترین ژن دێتە کوشتن.
ئەخیل، زیاتر نزیک بووەوە، ترس لە چوار پەلی هیکتۆری دا، پێی وەغارەوە نا، بە دەوری شوورەکانی ترۆادەدا کەوتە غاردان، ئەخیل باهۆز ئاسا، وەکو بازێکی دڕندە شوێن کۆترێکی داماو بکەوێ، بەو ئاوایە دووی کەوت، جووتە قارەمان سێ چەلان بە دەوری شارەکەیا سووڕانەوە.
ڕاونانەکە زۆر توند بوو، هیکتۆر بە دەم ڕاکردنەوە چەند جارێک ڕێ گومکەی کرد تا لە حەسار ودیوارەکان نزیک ببێتەوەو ڕێگە بۆ ترۆادەییەکان خۆش ببێت کە ئەخیل بەر تیران بدەن، بەڵام دژمنەکەی دەرفەتی ئەوەی نەدا. ئەخیل پتر لە جارێک خەریک بوو هیکتۆر بگرێ، بەڵام ئەپولون فریای کەوت و هێزێکی گەورەی بە بەریا کرد. کە لە چەلی چوارەما جووتە قارەمان لە سەرچاوەکانی سکاماندر نزیک بوونەوە خواوەند زیوس، دوو چارەنووسی مردنی خستنە تاکی شایەنە زێڕینەکەیەوە. یەکێکیان

بۆ ئەخیل و ئەویتریان بۆ هیکتۆر، تاکی تەرازووەکەی هیکتۆر بۆ مەملەکەتی ترسناکی هادیس هاتە خوارەوەو قورس بوو. هەنگێ ئەپولون دەستبەرداری هەڵبژرادەکەی خۆی بوو، کەچی ئەسینا – پالادا لە ئەخیل نزیک بووەوەو ئەمری پێکرد کە بوەستێ و بەڵێنی سەرکەوتنی دایە و ئەوسا چووە قیافەتی دییفوی، برای هیکتۆرەوە، هاتە بەرچاوی هیکتۆر وقەناعەتی پێکرد کە بەرەنگاری کوڕی بیلیوس ببێتەوەو بەڵێنی دایە کە یارمەتی دەدات. هیکتۆر لە جێی خۆی ڕاوەستا و هاواری لە دژمنەکەی کرد:

- چیتر لە پێناوی ڕزگاریدا غار نادەم ئەی کوڕی بیلیوس، با بە شەڕ بێین و بزانین کێمان، کێهەمان دەکوژێت، من بە دەستی تۆ تەواو دەبم یان تۆ بە دەستی من تیا دەچیت. بەڵام با بەر لە شەڕەکەمان خواوەندان بە شایەد بگرین، من قەول دەدەم: ئەگەر زیوس سەرکەوتنی بە قیسمەتی من کرد، هیچ بێ ڕێزییەک بە جەنازەکەت ناکەم، تۆش هەمان قەول بە من بدە. نە من بێ ڕێزی بە جەنازەکەت دەکەم نە تۆشبێ ڕێزی بە جەنازەکەم بکە.

بەڵام ئەخیل، بە دەنگە ترسناکەکەی بەرسڤی دایەوە:

- نا، شتی وا نییە، بۆت نییە بەڵێنانم بە سەردا بسەپێنی ئەی دژمنی قیزەون! هیچ بەڵێنێک لە نێوان شێران و بەنی بەشەراندا نییە، بەڵێن لە نێوان گورگ ومەڕدا نییە. نا، نەخێر، هەموو هێز وتوانای خۆت کۆبکەوە، هەر فەند و فێڵێکی شەڕ دەزانی بەکاری بەرە، لە دەستم دەرباز نابیت! دەبێ باجی خوێنی هاوڕێکەم و هەموو ئەو دۆستانەی دیکە کە بە دەستی خۆت کوشتوونت بدەی.

ئەخیل، ڕمێکی قورسی خێوانده هیکتۆر، هیکتۆر خۆی دانەواندەوەو لە جەزرەبە کوشندەکە خەلەسی. خوابانوو ئەسینا – پالادا بلەز هاتە بەرەوە، ڕمەکەی هەڵگرتەوەو دایە دەست خاوەنەکەی. هیکتۆر هەستایەوەو ڕمێکی کێشا بە مەتاڵەکەی ئەخیلدا، بەڵام ڕمەکە وەکو قامیشێکی باریک لە سەر مەتاڵە دەستکردەکەی هیفیست هەڵگەڕایەوە. هیکتۆر هیچ ڕمێکی تری نەبوو، چاوی نوقاند و هاواری بۆ " دییفوپ"ی برای برد کە بە هانایەوە بێت، بەڵام لە هیچ کونێکەوە دیار نەبوو، هەنگێ هیکتۆر تێ گەیی کە ئەسینا – پالادا خاپاندوویەتی و قەدەر مەرگی لە چارەی نووسیوە، هەڵیکێشایە شمشێرەکەی و پەلاماری دژمنەکەی دا. دژمنەکەی هێرشێکی پێچەوانەی بۆ کرد، شمشێرێکی بە گەردە ملیا کێشا، قارەمانی ترواده‌یی کەوتە سەر ئەرزەکە و

لە خوێنی خۆیا گەوزا. تەنیا فریای ئەم چەند وشەیە کەوت کە بە دژمنە سەرکەوتووەکەی گوت:

- تۆ سەری خۆت، تۆ گیانی کەس و کارەکەت، جەنازەکەم تووڕ مەدە بەر سەگانی مارمیدونان، بۆ داک و بابمی بگێڕەوە، دڵنیا بە بە سەربەهایەکی زۆر لێتی دەکڕنەوە.

- نا، بە خۆڕایی ختووکەی سۆزم دەدەی خوێڕی، ئەگەر بەو ڕق و کینەیە بکەم کە لە دڵ و دەروونما پەنگی خواردووەتەوە، بە دەستی خۆم پارچەپارچەت دەکەم. کوڕ نییە سەگەل لە جەندەکەکەت دوور بخاتەوە. ئەگەر گەنجی دنیام بدەنێ، ئەگەر بە کێشی خۆت زێڕم بدەنێ. شتی وا ناکەم. هەرگیز پریام و هیکوپا، فریای ئەوە ناکەون، بە پارە و پوول جەنازەکەت بکڕنەوە.

هیکتۆر، دوا هەناسەی هەڵکێشا و گوتی:

- ئاە، دەمزانی گوێ بە پاڕانەوەی من نادەیت، چونکە دڵت لە ئاسنە. بەڵام لە غەزەبی خواوەندان بترسە، چونکە لە ناوت دەبات و لە بەر دەروازەی سکیەدا، بەر تیری پاریس دەکەوی و خواوەند ئەپولون یارمەتی دەدات.

هیکتۆر، بە دەم ئەو قسانەوە گیانی سپارد وگیانی بۆ مەملەکەتی ترسناکی هادیس، بە دەم گلەییەوە لە بەختی ڕەشی خۆی هەڵفڕی.

ئەخیل، شاد وبە کەیف بە سەرکەوتنەکەی خۆیەوە، بانگی لە جەماوەری یونانیان کرد، بە هەشتاو چوون بۆ لای، بە حیرەت وسەرسامی دەیانڕاونیە جوانی و بەژن و باڵای لە ئەرزا ڕاکشاوی هیکتۆر. هەرکەسە و لە لای خۆیەوە، نووکە ڕمێکی بە جەنازەکەیدا دەکرد، لە کاتێکا کە لە ژیانا بوو و ئاگری لە کەشتیەکانیان بەردەدا، کەس نەبوو بوێرێ تەمەشای بکات.

ئەخیل، خەیاڵێکی بێ بەزەییانەی بە مێشک وخەیاڵدا هات، بەڵام زووبەزوو کەوتە جێبەجێ کردنی، هەر دوو پاژنەی هیکتۆری کون کرد، کەمەربەندێکی قایمی لە بەینی دەمارەکانی هەڵکێشا، پاش ئەوەی جەنازەکەی لە عەرەبانەکەی بەست، سەرکەوتە سەر عەرەبانەکە، چەک و ئەسڵەحە تالانکرییەکەی هیکتۆری هەڵگرت و ئەسپەکانی بە مەیدانەکەدا تاو دا، جەنازەکەی هیکتۆری لە دووی خۆی ڕاکێشا، تەپ و تۆز بەرز بووەوە، ڕوخساری جوانی هیکتۆر، لە تەپ و تۆزا نقووم، جەنازەکەی هەڵتەک هەڵتەک بە سەر ئەرزەکەدا و لە دووی عەرەبانەکە دەکشا.

هیکوبا، لە بەرزایی دیوارەکانەوە ئەو دیمەنە دڵتەزینەی بەدی کرد، لە سووانداکەوتە ڕنینەوەی قژە سپیەکەی، دوای ئەوەی یەخەی خۆی دادڕی کەوتە سینگ کوتان. پریام بە کوڵ گریا، کوڕەکانی زۆریان هەوڵ لە گەڵدا، کە نەچێت بۆ لای ئەخیل و لێی نەپاڕێتەوە کە جەنازەی کوڕە کوژراوەکەی بداتەوە و پێی نەڵێ ئەمیش، واتە پریام وەکو بابی ئەو پیر وبێ دەسەڵاتە. ئاندروماک گوێی لە دەنگی گریان و شیوەن بوو، تەشیەکەی لە دەست بەر بووەوە. بە غاردان چوو بۆ سەر حەسار و دیوارەکان، لەوێندەرەوە چاوی بە جەنازەی مێردەکەی کەوت، کە لە دوو عەرەبانەکەی ئەخیل خرابوو و تەپ و تۆزی دنیای لێنیشتبوو، یەکسەر بورایەوە وکەوت، ژنانی تروادەیی هەڵیان گرتەوە، سەرپۆشە بەنرخەکەی، کە ئەفرودیتا بە دیاری دابوویی، لە سەر لاچوو، قژەکەی پەخش و پەرێشان بوو، کە وەهۆش هاتەوە، کەوتە سینگ کوتان و خۆ ڕنینەوەو شین و شەپۆڕ، تەنیا باڵ و بێکەس مایەوە، " ئاستیاناس " ی کوڕی هەتیو کەوت، قەدەر وای هانی کە بە تەنیا و بێکەس و بێ پشت و پەنا گەورە ببێت. ژنانی ترواده کەوتنە شین و شیوەن بۆ کوژرانی قارەمانە مەزنەکەی پارێزەر وپشتیوانی ترواده.

## ٣٠- ناشتنی پاتروکل
## ( لە ئیلیادەوە )

یونانیەکان بۆ لای کەشتیەکانیان زڤڕینەوە، ئەخیل ڕێگەی بە پیاوەکانی نەدا بڵاوەی لێبکەن و بۆ خێوەتەکانیان بگەڕێنەوە، بەڵکو ئەمری کردنێ کە سێ چەلان بە دەوری جەنازەکەی پاتروکل دا کە بە سەر کەژاوەیەکەوە بوو، بە شیوەن و گریانەوە بسووڕێنەوە. ئەخیل، هەر دوو باسکی لە قەدی هاوڕێکەی ئالاند و بە دەم لاواندنەوەیەوە هاواری دەکرد:

- ئەی قارەمانی مەزن، بنوو بێ خەم و خەیاڵ. ئەو بەڵێنەم هێنایە دی کە پێم دابوویت، ئەوەتا جەندەکی بکوژەکەتم هێناوە تا فڕێی بدەمە بەر سەگان. قەرارم کردووە کە دوازدە گەنجی تروادەیی، لە تۆڵەی تۆدا و لە دیار مەحرەقەکەت بکوژم.

ئەخیل، جەنازەکەی هیکتۆری بە ڕووت و قووتی، لە نزیکی ئەو کەژاوەیە فڕێ دا کە جەنازەکەی " پاتروکل "ی بە سەرەوە بوو، ئەوجا زیافەت و خوانێکی ئاوەدانی بۆ

پیاوەکانی بەرپا کرد، میران و سەرانی یونان قەناعەتیان پێکرد بۆ لای ئاگامەمنوون بچێت و لەوێ داوایان لێکرد کە خۆی بشوات وبەشداری لە خوانەکەدا بکات، بەڵام ڕەفزی کرد، هەموو داوایەکی ئەمە بوو کە ئاگامەمنوون. ڕێ و ڕەسم و ئاهەنگی شەوات و ناشتنەکە ڕێک بخات.

قارەمانان تێر و پڕیان خوارد وخواردەوە، تا مڕبوون خواردیان و خواردیانەوە، ئەوسا بڵاوەیان لێکرد، بۆ خێوەتەکانیان چوونەوە تا بخەون، بەڵام ئەخیل لە بەستێن وکەناری دەریا هەمیشە هەڵچووەکەدا بە دەم ناڵەناڵ و خەم و پەژارەوە، پاڵکەوت، تا بەرەبەرە خەو بردییەوە. هەنگێ تاپوی هاوڕێکەی هاتە خەوی وتکای لێکرد پەلە لە سرووتی ناشتنەکەیدا بکەن، تا ڕۆحی لە مەملەکەتی هادیس دا ئارام بگرێ و بحەوێتەوە. پاترۆکل، داوای کرد ئێسقانەکانی لە هەمان گۆڕا بنێژن کە ئێسک و پروسکەکەی ئەخیلی تیا دەنێژرێ. ئیدی بڕیار درا ڕوفات و ئێسک و پروسکی هەر دوو قارەمان لەو شووشەیە بنەن کە خوا بانوو فیتیدا پێشکەشی کرد. ئەخیل هەر دوو باسکی کردنەوە، تا تاپۆی هاوڕێکەی لە باوەش بگرێت، بەڵام تاپۆکە پاش ئەوەی ئاهێکی خەمناکی هەڵکێشا، دیار نەما. ئەخیل لە خەو ڕابوو، سەر لە نوێ کەوتە گریان بۆ هاوڕێکەی، ئیدی مارمیدونەکانیش گوێ بە گوێی ئەو کەوتنە گریان. لە ئاخر و ئۆخری شەوا، خوا بانوو ئەیوس، پەیامنێری هیلیوس، پێشوازی کرد، هێشتا هەر دەگریا و فرمێسکی تاڵ و سوێری هەڵدەڕشت.

بەیانی زوو، ئاگامەمنوون، یونانیەکانی بۆ بناری چیای بەرزی ئیدا نارد تا دار وچرپی بۆ مەحرەقەکە ( شەواتگە ) بێنن، کۆمایەک داریان لە کەناری دەریاکە دانا، جەنازەکەی " پاترۆکل " یان نایە سەری و بە قژی خۆیان کە لە حەژمەتاندا، بڕی بوویان دایان پۆشی، ئەخیلیش قژی خۆی بڕی و نایە دەستی هاوڕێکەی، ئەخیل ئەو قژەی نەزری ڕوباری سپیرخیوس (سپیرخیوس ڕوبارێکە دەکەوێتە باشووری فیسالیا ) تا بە سەلامەتی بۆ وڵاتەکەی بزڤڕێتەوە. دوای ئەوە ئاگامەمنوون جەنگاوەرەکانی ئازاد کرد تا بۆ لای کەشتیەکان بزڤڕنەوە. تەنیا فەرماندەکان لە نزیکی شەواتگەکە ( محرقە ) مانەوە، ژمارەیەک بەران و گایان سەربڕی و جەنازەکەی " پاترۆکل " یان بە چەورییەکانیان، چەور کرد، هەروەها کۆمەڵێک ئامانی پڕ لە کەرە و هەنگوینیان لە دەوری کەژاوەکە ڕیز کرد و دوو کسۆک و دوو ئەسپیان سەربڕی، ئەخیل دوازدە گەنجی

ترواده‌یی سه‌ر بڕین و جه‌نازه‌كانیانی له‌ ته‌نیشت پاتروكله‌وه‌ دانا. به‌ڵام جه‌نازه‌كه‌ی هیكتۆر، له‌ نزیكی ئاگره‌كه‌وه‌ كه‌وتبوو، خوابانوو ئه‌فرودیتا، دوای ئه‌وه‌ی به‌ زه‌یتی بۆندار چه‌وری كرد، پاسه‌وانی لێده‌كرد، ئه‌پولون، هه‌ورێكی به‌ دیارییه‌وه‌ ڕاگرت، تا نه‌یه‌ڵێ تیشكی گه‌رمیی هه‌تاوه‌كه‌ لێی بدات و تاوه‌گاز ببێت.
دوای ئه‌وه‌ی هه‌موو شتێک بۆ ئاگر كردنه‌وه‌كه‌ ئاماده‌ بوو، ئه‌خیل ئاگری كرده‌وه‌، به‌ڵام وه‌كو پێویست گڕی نه‌گرت. ئیدی ئه‌خیل له‌ هه‌ر دوو خواوه‌ندی با – بوریس و زیفیر پاڕایه‌وه‌ ئاگره‌كه‌ بگه‌شێنێته‌وه‌، ئیریدا به‌ په‌له‌ چوو بۆ كۆشكه‌كه‌ی زیفیر، كه‌ خواوه‌ندانی با خه‌ریكی زیافه‌ت و ده‌عوه‌ت وده‌عوه‌تكاری بوون، داوای لێكردن به‌ هانای كوڕه‌كه‌ی بیلیوسه‌وه‌ بێن. هه‌ر دوو بای بوریس وزیفیر، به‌ گڤ وهۆڕ هاتن، هه‌وریان به‌ سه‌ر ده‌ریاكه‌وه‌ ڕاگرت. ئیدی به‌ هۆی هه‌ناسه‌ی وانه‌وه‌، شه‌پۆلی به‌رز كه‌وتنه‌ سه‌ر ده‌ریاكه‌. ئیدی زووبه‌زوو بایه‌كه‌ گه‌ییه‌ كه‌ناراوه‌كانی ترواده‌، ئاگره‌كه‌ گه‌شایه‌وه‌، گڕ وكڵپه‌ وبڵێسه‌ به‌رز بووه‌وه‌، به‌ درێژایی شه‌وه‌كه‌ هه‌ر سووتا و سووتا. به‌ڵام ئه‌خیل، به‌ ئامانێكی جووت لووله‌ مه‌ی هه‌ڵده‌هێنجا و به‌ ده‌م ناو هێنانی پاتروكلی هاوڕێیه‌وه‌، له‌ خورێنی ده‌یخوارده‌وه‌.
لای به‌یانی، شه‌واتگه‌ ( محرقه‌ ) گه‌وره‌كه‌ ورده‌ ورده‌ به‌ره‌و دامركانه‌وه‌ وكوژانه‌وه‌ چوو، ئه‌خیل زۆر ماندوو، له‌ لای ئاگره‌ كوژاوه‌كه‌وه‌ پاڵكه‌وت وخه‌وێكی قووڵ بردییه‌وه‌، له‌ ده‌نگی میرانی یونانی خه‌به‌ری بووه‌وه‌. میرانی یونان داوایان له‌ ئه‌خیل كرد، كه‌ ڕێگه‌یان بدات ژیله‌مۆكان بكوژێننه‌وه‌ وئێسك وپروسكه‌كانی "پاتروكل" یان كۆ كرده‌وه‌ و له‌ شووشه‌ زێڕینه‌كه‌یان نا، ئه‌وسا چاڵێكیان هه‌ڵكه‌ند و شووشه‌كه‌یان تێ نا و، كۆمایه‌ک گڵی گۆڕیان له‌ سه‌ر قوت كرده‌وه‌.
پاش ته‌واو بوونی سرووتی ناشتن، ئه‌خیل له‌ سه‌ر شه‌ره‌فی هاوڕێكه‌ی كه‌ڕنه‌ڤاڵێكی گه‌وره‌ی پێشبڕكێی سازكرد، به‌ پێشبڕكێی گالیسكان ده‌ستی پێكرد، قاره‌مانان: ئیڤمیل كوڕی ئادمیت، دیومید، شا مینیلاوس، ئه‌نتیلوخی كوڕی نه‌ستوور و میریون به‌شدارییان تیا كرد. دیومید، له‌ پێش هه‌موویانه‌وه‌ گه‌ییه‌ شار وشارگڕی كرد، خوابانوو ئه‌سینا سه‌ری خست. ئه‌نتیولوخی كوڕی نه‌ستوور كه‌مێک دوای دیومید گه‌ییه‌ سه‌ر شار، دوای ئه‌وان مینیلاوس هات، كوڕه‌كه‌ی نه‌ستوور، توانی به‌ فێڵ پله‌ی دووه‌م به‌ ده‌ست بێنێ، میریون، له‌ دوای هه‌موویانه‌وه‌ هات. به‌ڵام ئیڤیمیل، كه‌ باشترین گالیسكه‌ڕان بوو،

تووشی نسکۆ بوو، خوا بانوو ئەسینا حەزی نەدەکرد براوە بێ، نیری عەرەبانەکەی زۆر خراپ شکا. ئەخیل خەڵاتی بە نرخی بە سەر هەموو بەشدارانی پێشبڕکێیەکەدا دابەشکرد، هەروەها خەڵاتێکی بۆ نەستووری پیریش برد کە نەی توانی بوو بەشداریلە پێشبڕکێی قارەمانەکاندا بکات: ئیدی پیری وهەزار عەیب، پیری بڕستی لێ بڕیبوو و ئەو ڕۆژگار و سەردەمانە بە سەر چووبوو، کە لە پیشبڕکێی گەورە پاڵەوانانا هەر خۆی کوڕ بوو بە بانانەوە. دوای ئەوە پێشبڕکێی بۆکسێن، هەر دوو پالەوانی مەزن، ئیبیوس و ئیڤریال بەشدارییان تێدا کرد، ئیبیوس بە سەر هەڤڕکەکەیدا سەرکەوت و دای بە ئەرزا. ئەوسا نۆرە هاتە سەر زۆرەبانی، ئایاکس تیلامون و شا ئودیسیوس بەشدارییان تیا کرد، ماوەیەکی زۆر یەکیان هێنا و یەکیان برد، بەڵام کەسیان نەیتوانی بۆڕ بە هەڤڕکەکەی بدات، بۆیە سەرو خەڵاتی یەکسانیان وەرگرت. بەڵام پێشبڕکێی ماراسۆن، ئایاکسی کوڕی ئویلیوس، ئودیسیوس، ئەنتیلوخی کوڕی نەستوور بەشدارییان تێدا کرد، ئایاکس وەکو با بۆی دەرچوو، ئودیسیوس بە پلەی دووەم هات، بەڵام ئودیسیوس لە خوا بانوو ئەسینا پاڕایەوە کە سەری بخات، ئەسینا دوعاکەی گیرا کرد، پێی ئایاکس خزی و کەوت، ئیدی ئودیسیوس پێش کەوت وخەڵاتی یەکەمی برد. بەڵام لە پێشبڕکێی شمشێربازیدا دیومید بۆ ئایاکسی کوڕی تیلامون دابەزی، یونانیەکان ترسان یەکێکیان، یەکێکیان بکوژێ، بۆیە پێشبڕکێیەکە ڕاگیرا و هەر دوو قارەمان خەڵاتێکی هاوبەشی یەکسانیان وەرگرت. لە پێشبڕکێی قورس هەڵدانا، بۆڕی بە هەمووان دا. بەڵام لە تیر هاوێشتنا، کۆترێکیان لە سەر ئەستوونێکی بەرزا بەستەوە، دەبوا یارۆی تیرەنداز دیواودەر بی پێکێ، تیڤگر کەوانەکەی هێنایەوە و تیرەکەی هاوێشت بەڵام تەنیا ئەو پەتە باریکەی بڕی کە کۆترەکەیان پێ بەستبووەوە و کۆترەکە فڕی و چوو بە ئاسمانا، بەڵام میریون، بە تیرەکەی پێکای و خەڵاتی تیرەندازی برد. بەڵام خەڵاتی هاوێشتنی ڕمان درا بە شا ئاگامەمنوون، کەس نەبوو گۆی ئەو هونەرەی لێ بباتەوە.

گەمە وپێشبڕکێیەکان تەواو بوو، جەماوەری خەڵکەکە بڵاوەیان لێکرد و دوای ماوەیەکی کەم سەربازگەکە لە خەوێکی قوڵا نقووم بوو، تەنیا ئەخیل بە بێداری مایەوە، کە خەمین و خەمبار بۆ هاوڕێکەی دەگریا. ئەنجام لە جێگاکەی هاتەدەرێ، تاکو کازیوەی بەیان بە کەناری دەریاکەدا، پیاسەی کرد، هەنگێ ئەسپەکانی لە

گالیسکەکەی بەست، جەنازەکەی هیکتۆری بە گالیسکەکەوە بەست، سێ چەلان بە دەوری گۆڕ وگۆڕستانەکەیدا گێڕا، ئەنجام جەنازەکەی لە دوور فڕێ دا و پاشان بۆ خەرگاکەی گەڕایەوە.

## ٣١- پریام لە خەرگاکەی ئەخیل دا
## ناشتنی هیکتۆر
## ( لە ئیلیادەوە )

خواوەندان لە بەرزایی ئولەمپەوە، تەمەشای ئەخیلیان دەکرد کە سووکایەتی بە جەنازەکەی هیکتۆر دەکرد، خواوەند ئەپولون ئەمەی زۆر لە بەر گران بوو، تووڕە بوو، خواوەندان ویستیان ئەوە بوو کە هرمز جەنازەکەی هیکتۆر بدزێت، بەلام هیرا وئەسینا بەم بڕیارە ڕازی نەبوون، پوسیدونیش پشتیوانی لێکردن، جەنازەکە یازدە ڕۆژ بە ڕووت و قووتی لە بەر خەرگاکەی ئەخیل داکەوت، ئەپولون کەوتە لۆمەی خواوندەکان کە ڕێگە بە ئەخیل دەدەن بەو دڵ ڕەقی و بێ ویژدانیە، بێ ڕێزی بە جەنازەکەی هیکتۆر، قارەمانی تروادەیی بکات. ئەپولون و هیرا لێیان بوو بە شەڕ، بەلام زیوس بە وشەیەک یەکلایی کردەوە، ئەوە بوو " ئیریدا " ی پەیکی خواوەندی نارد بۆ لای خوابانوو فیتیدا، بە کوڕەکەی بڵێ کە جەنازەکەی هیکتۆر بداتەوە پریامی باوکی لە هەنبەر فدیەیەکی گەورەدا. زیوس هیکتۆری مەزنی زۆر خۆشدەویست.
ئیریدا، بە پەلە وەکو با بۆی دەرچوو، چوو بۆ لای فیتیدا، لە چاو تروکانێکا گەییە لای ئەو، فیتیدا لەو کاتەدا لە نێو خواوەندانیدەریادا ڕۆنیشتبوو بۆ کوڕەکەی دەگریا، کە لە زمانی ئیریداوە، گوێی لە ویست و ئیرادەی زیوس بوو، جلکی ڕەشی تازیە باری پۆشی و بە پەلە بەرەو ئولەمپ ڕۆیی. لەوێندەر خواوەندان بە گەرمی پێشوازییان لێکرد، ئەسینا، لەلای زیوسەوە بالیفی بۆ ئامادە کرد، هیرا پەرداخێکی زێڕینی بۆ برد کە بۆنی نیکتاری لێدەهات. زیوس، مەشیەت و ئیرادەی خۆی پێ ڕاگەیاند. ئیدی فیتیدا یەکسەر بەرەو زەوی داگەڕا، چوو بۆ خەرگای کوڕە خەمبارەکەی و لە نزیکیەوە دانیشت، بە دەستە ناسک و میهرەبانەکانی کەوتە نەوازشتی، پێی گوت زیوس و هەموو خواوەندەکان لە سەر هیکتۆر لێی تووڕەن و ئەمریان بەوەیە جەنازەکەی بە دەستی پریام بگاتەوە، ئەخیل ملی بۆ ویستی خواوەندان دا.

زیوس، لەو کاتەدا ئیریدای بۆ لای پریام نارد، کاتێ خوا بانوو بە باڵە کەسک و سوورەکانیەوە لە بارەگا وکۆشکی پیری ترواده‌یی دابەزی، سەیری کرد پیرەمێردی نەگبەت بۆ کوڕەکەی دەگری، خێرا بە دەسماڵەکەی ڕووی خۆی داپۆشی، کوڕەکانی بە دەم گریانەوە دەوریان دابوو، ئیریدا لێی نزیک بووەوە، ئەمری پێکرد کە بۆ سەربازگەی یونانیەکان بڕوات و سەربەهایەکی زۆر لە گەڵ خۆیدا بەرێت، بەڵێنی دایە کە هرمز ڕێنوینی دەکات و لە گەڵێ دەچێت.
کاتێ پریام گوێی لە قسەی خواوەندان بوو هەستا، خۆی بە کۆشک و بارەگاکەیدا کرد، ئەمری بە کوڕەکانی کرد کە عەرەبانەیەکی بۆ ئامادە بکەن. پڕی بکەن لە دیاری و سەوقاتی، ئەوسا بانگی ژنە پیرەکەی، هیکوبای کرد و پیی گوت کە بۆ سەربازگەی یونانیەکان دەچێت، پیرەژن لە ترسا ڕاجفری و تکای لێکرد، بە پێی خۆی بەرەو پیری مەرگی بێ چەند و چوون نەڕوات، بەڵام پریام دڵنەوایی کرد کە لە سەر ئەمری خواوەندان بۆ لای ئەخیل دەڕوات. پریام گرانبەهاترین دیاری و سەوقاتی هەڵبژارد و خۆی بۆ ڕۆیشتن ئامادە کرد وپەلەی لە کوڕەکانی کرد کە لەزێکەن لە کارەکانیانا. کوڕەکان لەوە دەترسان بابیان زیز وتووره بێت، بۆیە لەزبلەز هێستریان لە گالیسکەکە بەست. سەندووقێکی گەورەی پڕ لە دیاری و سەوقاتیان لێ بار کرد و ئەسپیان لە گالیسکەیەکی دی بەست. پیرەمێر سواری گالیسکەکەی بوو، قامچی لە ئەسپەکان دا، ئیدی ئەسپەکان بۆی دەرچوون، دووی عەرەبانەی دیارییەکان کەوت، ئەو عەرەبانەیەی لە قاتران بەسترابوو " ئیدیوس " ی گالیسکەڕان دەی ئاژوو. ئەوانەی پریامیان بەڕێ دەکرد هەموو دەگریان و ڕوندکیان دەڕشت، وەکو ئەوەی بەرەو گۆڕ بەڕێی بکەن.

کاتێ پریام لە شار وەدەرکەوت، زیوس، هرمزی کوڕی نارد تا ببێ بە دەلیل و ڕێنوێنی. هرمز پێڵاوە باڵدارەکانی لە پێ کرد وئەو قامیشەی هەڵگرت کە چاوی فانیانی پێ دادەخست و بە هەشتاو بەرەو ترواده ڕۆیی، لە کاتێکا پریام خەریک بوو ئەسپ و هێسترەکانی لە ڕوبارەکە ئاو دەدا، هرمز لە شێوەی گەنجێکی یەجگار جوان و قۆزا هاتە بەرچاوی، پیرەمێرد ڕاچڵەکی –لەوە دەترسا ئەم گەنجە بیکوژێت ودیاریە بە نرخەکانی تاڵان بکات، بەڵام هرمز وای نواند کە خزمەتکاری ئەخیلە و دەیەوێت بیگەیەنێتە سەربازگەکە، پریام بەوە خوشحاڵ بوو. ویستی جامێکی بە نرخی وەکو

دیاری پێشکەش بکات، بەڵام هرمز قەبووڵی نەکرد، سەرکەوتە سەر گالیسکەکەی پریام ودەی لە ئەسپەکان کرد. پاسەوانی یونانی لە بەر دەروازەی سەربازگەکە وەستابوون، هرمز خەوێکی قووڵی لێخستن، کێلونی دەرگاکانی ڕاکێشا وکردنیەوەو پریامی بە دزییەوە بردە ژوورەوە، ئەوسادەرگای کەرتی مارمیدونەکانی کردەوە، کاتێ پریام لە خەرگاکەی ئەخیل نزیک بووەوە، هرمز خۆی بۆ کەشفکرد و ئەمری پێکرد کە بە بێ ترس خۆی بە خەرگاکەدا بکات. پریام " ئیدیوس "ی بە دیار گەنج و دیاری و سەوقاتەکانەوە دانا و خۆی بە خەرگاکەدا کرد، ئەخیل تازە لە نانخواردن بووبووەوە، پریام، بێئەوەی کەس پێ بزانێ وەژوورکەوت و لە بەردەم ئەخیل دا بە چۆکا هات و بەمجۆرە کەوتە پاڕانەوە:

- ئەی ئەخیلی سەرفراز! بابە پیرەکەی خۆت، کە بابایەکی وەکو من پیرە، بێنە بەرچاوی خۆت. وا تەسەور بکە، دەر ودراوسێکانی شارەکەیان گەمارۆ داوە، وەکو چۆن تۆ شارەکەی منت گەمارۆ داوەو کەسی نەماوە کە لەم کارەساتەی ڕزگار بکات. جا منی کلۆڵی نەگبەت تەقریبەن هەموو کوڕەکانم لە دەست داون. هیکتۆر هەرە ڕەشیدەکەیان بوو، تۆ ئەویشت کوشت. لەبەر ئەوە هاتووم بۆ لای کەشتیەکانی تۆ، بەزەییت پێمدا بێتەوە و بە سەربەها ( فدیە ) جەنازەکەیم وێدەوە. بە خۆت دەبینی چەند خەمبارم، ئەو نەگبەتیەی بە سەر منا هاتووە بە سەر کەسا نەهاتووە، قەدەری من وایە دەبێ دەستی بکوژی کوڕەکانم ماچ بکەم.

وتەکانی پریام، کارەستابارترین بیرەوەری لە هزری ئەخیل دا زندوو کردەوە، کە بابە پیرەکەی بیر کەوتەوە بە کوڵ گریا، " پریام " ش گوێ بە گوێی ئەو بۆ گەنجاتی هیکتۆر گریا. ئەنجام ئەخیل هەستا، پریامی لە سەر ئەرزەکە هەستاند و پێی گوت:

- ئەی نەگبەت. ئیدی قەدەری تۆ وابووە لە ژیانا خەمی زۆر ببینی. بەڵام چۆن بڕیارت دا بە تاقی تەنێ بۆ لای کەسێک بێیت کە گەلێک لە کوڕەکانی کوشتوویت، دیارە دڵی ئاسنت لە سینگدایە. بەڵام هێور ببەوە، مەگری و لێرە دانیشە. ئیدی خواوەندان، خەم و پەژارەیان بە سەر تیرەی بەشەردا داوە، کەس بێ خەم نییە تەنیا خواوەندانی نەمر نەبێت. بەسە چیتر فرمێسک مەڕێژە، مردوو بە گریان ناژێتەوە، فرمێسکی دنیا بڕێژی ڕۆح بە بەر کوڕەکەتا ناکەیتەوە. هەستە و وەرە لێرە دانیشە.

پریام بەرسڤی دایەوە:

- نا، داوای دانیشتنم لێ مەکە ئەخیل، تا کوڕەکەم نەدەیتەوە دانانیشم. ئەم سەربەهایەم لێ قەبووڵ بکە و ڕێم بدە بە چاوی خۆم بیدینم.
ئەخیل نیگایەکی تووڕەی پریامی کرد و گوتی:
- پیرەمێرد وریا بە تووڕەم نەکەی، من بە بێ ئەمەش دەزانم کە لە سەرمە جەنازەکەی هیکتۆر بگێڕمەوە، ئەمە مەشیەت و ویستی زیوسە، دایکم، خوا بانوو ڤیتیدا ئەمەی پێ گوتووم. من دەزانم ئەوەی تۆی گەیاندووەتە لای من خواوەندە، دەنا هەرگیز زاتت نەدەکرد بێیتە ناو سەربازگەی یونانیەکانەوە. ئێستا بێدەنگ بە، چونکە دەترسم تووڕە ببم و داواکەی زیوس ڕەت بکەمەوە کە بریتیە لە: یارمەتی دانی، یارمەتی خواز.
ئەخیل ئەو قسەیەی کرد و پاشان وەدەرکەوت و هاوڕێکانی بانگ کرد و ئەمری پێکردن کە ئەسپ و قاترەکانی پریام بکەنەوەو ئیدیوس بێننە ناو خەرگاکەوە. کەنیزەک وکارەکەران جەنازەکەی هیکتۆریانپاک شۆرد و باشترین جلکیان لەبەر کرد. ئەخیل بە خۆی چووە پێشەوە هەڵیگرت و نایە سەر کەژاوەیەکی ڕازاوەوەو ئەوجا هاوڕێکانی هاتنە پێشەوە، کەژاوەکەیان هەڵگرت و خستیانە سەر عەرەبانەکە. کوڕی " بیلیوس " ی مەزن، لە ڕۆحی " پاتروکل "ی هاوڕێی پاڕایەوە لێی تووڕە نەبێت کە جەنازەکەی هیکتۆری بۆ بابی گێڕاوەتەوە. بەڵێنی بە هاوڕێکەی دا کە بەشێک لەو سەربەهایەی وەری گرتووە، بۆ ئەو بکات بە خێر و نەزر. ئەخیل، پاش ئەوەی لەو کارانە بووەوە بۆ خەرگاکەی خۆی گەڕایەوەو بە پیرەمێردی گوت کە جەنازەکەی هیکتۆری گەڕاندووەتەوە، پاشان زیافەت و خوانێکی شایستەی بەرپا کرد و داوای لە پریام کرد، خواردن و خواردنەوە بخوات تا گوڕ و تینێکی وەبەر بێتەوە. پریام لە سەر خوانی ئێوارێ سەرسام و شیفتە نیگای ئەخیل وتواناو ڕوناکی ڕوخساری دەکرد، هەروەها ئەخیل حایر ودڵبەند دەیڕوانیە پیرەمێرد و سام و هەیبەتی و ئەوسا کەوتە گوێگرتن، لە وتە پەند ئامێزەکانی.
پریام، دوای نانخواردن، داوای لە ئەخیل کرد ڕێگەی بدات کەمێک بخەوێ، چونکە لەوەتای کوڕەکەی کوژراوە خەو نەچووەتە چاوانی. ئەخیل ئەمری کرد، دوو جێگای شایستەیان لە بەردەم خەرگاکەدا بۆ پریام و ئیدیوس ئامادە کرد، لە کاتێکا پیرەمێرد خۆی بۆ نووستن ئامادە دەکرد، ئەخیل لێی پرسی چەند ڕۆژی پێویستە بۆ ناشتنی

کوڕەکەی و بەڵێنی دایە لەو ماوەیەدا شەڕی تروادەییان نەکات. پیرەمێرد، داوای دە ڕۆژی کرد، ئەخیل دڵنیای کرد کە لەو ماوەیەدا هیچ هێرشێکیان بۆ نەکات و ڕێگە بە جەنگاوەرەکانیش نەدات، شەڕ بکەن. ئەوجا ئەخیل بە میهرەبانی دەستی بە باسکی پیرەمێردا هێنا تا دڵنیا بێ و خەمی نەبێت، ئەوسا لێکدی جودا بوونەوە.

سەربازەکان بێ خەم وخەیاڵ لێی خەوتن، خواوەندەکانیش لە دوندی ئوڵەمپی ڕەخشاندا خەوتن، تەنیا خواوەند هرمز نەخەوت، چووە دیار جێگاکەی پریام. بێداری کردەوەو ئەمری پێکرد بە پەلە بڕوات وسەربازگەکە بەجێبێڵێ نەبا یەکێک لە دژمنان بیبینێ وداوای سەربەهایەکی زۆری لێبکات. پریام لە ناو جێگاکەی ڕاپەری و ئیدیوسی بێدار کردەوە، هرمز ئەسپ و هێسترەکانی لە گالیسکە بەستن و بە هێوری لە سەربازگەکەی بردنە دەرەوە. تا پریامی پیری نەگەیاندە کەناراوەکانی سکاماندر، دەستبەرداری نەبوو.

پریام، سپێدە زوو گەیشتەوە ترواده. کاساندرا یەکەم کەس بوو کە بینی، هاوارێکی بەرزی لێ بەرز بووەوە، هەموو خەڵکی ترواده ئاگادار بوونەوە، خەڵکیکی زۆر لە بەر دەروازەکانی شار خڕ بوونەوە، هیکوبا و ئەندروماک لە پێش هەموویانەوە بوون، دەگریان و بە دەم واوەیلاوە قژیان دەرنییەوە. هەموو ترواده‌ییەکان گریان، هەوڵیان دەدا لەو کەژاوەیە نزیک ببنەوە کە جەنازەکەی هیکتۆری لەسەر بوو، بەڵام بە ئەمری پریام لاکەوتن و بەرەو ماڵەکەی هیکتۆر پێش کاروانەکە کەوت.

ئەندروماکی ژنی، دەگریا، فرمێسکی تاڵی هەڵدەڕشت. بۆ تاقە پشتیوانەکەی دەگریا، دوای ئەوەی هەموو کەس وکاری لە دەست دا وکەسی لە ژیانا نەما، هەنگێ ژنەی تاین دڵنیا بوو کە شارەشکۆدارەکە دەگیرێت و کچان و ژنانی ترواده بە ئەسیری و دیلی دەبرێن و " ئەستیاناس " ی کوڕە چکۆلەی، لە تۆڵەی ئەو یونانیانەی بابی لە مەیدانی شەڕا کوشتبوونی، دەکوژرێتەوە. ژنەی تاین خەفەتی بۆ ئەوە دەخوارد کە مێردەکەی لە غەریبی، لە دووری ئەو تیا چووبوو، بە بێ ئەوەی دوا وشەی دڵنەوایی بە گوێی ئەمدا بدات، تا وەکو یادگارییەک بە دەم گریانی لە پەستا و بێ بڕانەوەی شەو و ڕۆژ وەبیری بێتەوە و دڵی خۆی پێ بداتەوە. هیکوبا بە دەنگی بەرز بۆ کوڕە ئازیزەکەی دەگریا و وەکو جۆگا ڕوندک لە چاوی دەهات.

"هیلین" ش بۆ هیکتۆر گریا، قەت گلەییەکی لە زاری ئەوەوە بەر گوێ نەکەوتبوو، کەمترین خراپەی لێنەبینی بوو. ئەو قارەمانە ڕۆح سووکە هەمیشە پشتیوانی لێدەکرد، ڕەفتاری مرۆڤانەی ئەو کردبوویە کارێک کە ئەوانی دیکەش هیچ خراپەیەکی بەرانبەر (بەرانبەر هیلین) نەکەن. بەوجۆرە هیلین تاقە هاوڕێ و پەنای لە تروادە لە دەست دا، کە هەمووان کەوتنە ئەوەی بی بوغزێنن و ڕکابەری بکەن.

پریام ئەمری کرد کە شەواتگەیەکی (محرقە) گەورە بەرپا بکەن. ترواده‌ییەکان بە درێژایی نۆ دانە ڕۆژ دار وچرپییان لە چیای ئیداوە بۆ شەواتگەکە گواستەوە. لە ڕۆژی دەیەمدا جەنازەی قارەمانەکەیان، هیکتۆریان هەڵگرت وخستیانە سەر شەواتگەکە، پاشان ڕوفاتەکەیان لە شووشەیەک نا، لە گۆڕەکەیان نا، هەر چوار دەوریان بە تاشە بەرد گرت وگڵەبانیان کردو گردۆلکەیەکی گەورەیان لەسەری قوت کردەوە.لە کاتێکا تروادەییەکان، قەبرەکەیان پڕ دەکردەوە، پاسەوانەکان بە جددی ئێشکیان دەگرت، نەبا یونانیەکان غافڵگیریان بکەن و هێرشیان بۆ بێنن. دوای بە خاک سپاردنی هیکتۆر، پریام سفرە و خوانێکی زۆر ئاوا و ئاوەدانی لە کۆشکەکەی خۆیا بەرپا کرد. بەوجۆرە تروادەییەکان، قارەمانە مەزنەکەی خۆیان، هیکتۆریان بە خاک سپارد.

## ٣٢- جەنگ لە گەڵ ئامازۆنەکانا. بینفیسیلیا
## ( لە چامەی " قارەمانە ژنەکان "ی ئۆڤیدیوس و داستانی " ئینیادە "ی ڤرجیلەوە )

دوای کوژرانی هیکتۆر، ئیدی بەڵا وکارەسات لە دووی کارەسات بە سەر ترواده‌دا داباری، شار پاڵەوان وپارێزەرە هەرە بەتواناکەی لە دەست دا، کوڕانی شار نەوێران لە شوورە و حەسارەکانی شار وەدەربکەون ولە مەیدانی کراوەیشەڕا ڕووبەڕووی دژمنەکانیان ببنەوە. تروادەییەکان پاڵەوانێکی هاوتای ئەخیلیان نەبوو کە لە مەیدانی جەنگا بەرەنگاری ببێتەوە. تارمایی نەمان و کۆتایی شارە شکۆدارەکە بەدیار کەوت، لە ناکاوا یارمەتیەکی کوت و پڕی بۆ هات. لە مەودا دوورەکانی بونتەوە (بونت : دەریای ڕەش) ژنە ئامازۆنە دلێرەکان، بە سواری ئەسپە خۆشبەزەکانیان و بە ڕابەرایەتی بینفیسیلیا دەرکەوتن، بینفیسیلیا دەیویست شەڕی یونانیەکان بکات، تا لە گوناحی کوشتنی خوشکەکەی خۆی پاک ببێتەوە کە لە کاتی

ڕاودا بە ڕێکەوت کوشتبووی (بینفیسیلیا: بەو ئومێدە بوو کە لە ڕێگەی یارمەتیدانی تروادەییەکانەوە، کە ئەرتیمیدا پشتیوانی لێدەکردن، دڵی خواوەندان، کە بە هۆی تاوانی کوشتنی خوشکەکەیەوە، لیی بە قینا چووبوون، ڕازی بکات) بینفیسیلیا، کیژی ئاریسی نەبەز بوو، لە لافی ئەوەی لێدەدا ئاپۆڕای یونانیەکان دەشکێنێ و لە شوورە وحەسارەکانی تروادەیان دوور دەخاتەوەو کەشتیەکانیان دەسووتێنێ. تروادەییەکان زۆر بە گەرمی پێشوازی ژنە ئامازۆنەکانیان کرد، پریام بە جۆرێ پێشوازی بینفیسیلیای کرد وەکو ئەوەی پێشوازی کچی خۆی بکات، سفرەو خوانێکی ئاواو ئاوەدانی بە بۆنەی هاتنی ئەوەوە ڕازاندەوە.

ژنانی ئامازۆنی بۆ ڕۆژی دوایی چەکە جوانەکانیان لە خۆدا و پێش سوپای ترواده کەوتن بۆ شەڕی یونانیەکان. پریام هەر دوو دەستی بۆ ئاسمان بەرز کردەوە و لە خواوەند پاڕایەوە سەری بخەن.

شەڕێکی توونـد و دژوار دەستی پێکرد، بینفیسیلیا و سوپا ئامازوونیەکەی وەکو باهۆز خۆیان بە ڕیزەکانی دژمندا دا، قارەمان لە دوو قارەمانی دەکوشت، ڕیزی یونانیەکان پەشۆکا، کەوتنە پاشەکشە، بینفیسیلیا تا لای کەشتیەکان ڕاوی نان، ژنە ئامازوونیەکان، لە حاڵ وهەوای سەرکەوتندا بوون کە لە ناکاوا ئەخیل و ئایاکس تیلامون هاتنە مەیدان، بۆیە دوا کەوتبوون چونکە چووبوونە سەر گۆڕی " پاتروکل"ی هاوڕێیان، کە گوێیان لە هەرا و هەنگامەی شەڕ بووبوو، بە هەشتاو تەدارەکی شەڕیان لە خۆ دابوو و وەکو دوو شێری دڕندە بەرەو مەیدانی شەڕەکە بۆی دەرچووبوون. بینفیسیلیا، چاوی بە قارەمانی بێ ڕەزا ئەخیل کەوت. بوێرانە بەرەنگاری بووەوە، بە شمشێرە بڕندەکەی تێی بەربوو، بەڵام شمشێرەکەی، لە سەر مەتاڵەکەی کوڕی بیلیوس پارچەپارچە بوو، بینفیسیلیا کۆڵی نەدا، جەزرەبەیەکی دیکەی گەیاندێ، بەڵام ئەخیلی پێ بریندار نەکرا. ئەخیل زۆر تووڕە بوو، پەلاماری دا، جەزرەبەیەکی کاری گەیاندە سینگی، ئەم ژنە ئامازوونیە هەستی بە زامێکی کوشندە کرد، هەموو هێزی خۆی کۆکردەوەو هەوڵیدا، شمشێرەکەی هەڵکێشێت، بەڵام ئەخیل زوو فریا کەوت، ڕمێکی خێواندێ، خۆی و ئەسپەکەی خست، ئەسپەکە گلا، کەوتە سەر ئەرزەکە وخاوەنەکەشی لە تەنیشتیەوە کەوت، ئەخیل کڵاوخودەکەی لە سەری داکەند، سەری لە جوانی ئەو ئافرەتە سوڕما کە بە دەستی خۆی کوشتی. ئەم ئافرەتە کیژی ئاریس

بوو، بە ئەندازەی ئەرتیمیدا جوان بوو، ئەخیل، بە دیار جەنازەکەیەوە وەستا، جوانی قوربانیەکەی بە جارێ شۆکی کرد، هەستی کرد تیری ڤیان و خۆشەویستی لە دڵی دا. لە کاتێکا حایر وحەپەساو، دیل و ئەسیری جوانی و خەم ڕاوەستابوو، تیریست بە تەوس و توانجەوە لێی هاتە پێشەوەو بۆ ئەوەی زیاتر گاڵتەی پێبکات، هەڵی کێشایە شمشێرەکەی و کردی بە چاوی ژنە کوژراوەکەدا. ئەخیل بێ ئەندازە تووڕە بوو، دەستی هەڵبڕی و تا توانی زللەیەکی لە بنا گوێی تیریست دا و هەر لەوێدا دەستبەجێ کوشتی. دیومید، زۆر لە ئەخیل تووڕە بوو، چونکە خزمەکەی(زاواکەی) کوشت. یونانیەکان زۆر بە زەحمەت ئەم جووتە قارەمانەیان لێکدی کردەوە.

ئەخیل، زۆر بە ئارامی بینفیسیلیا ی کوشتەی دەستی خۆی هەڵگرت و لە مەیدانی شەڕەکەی بردە دەرەوە. ئیدی یونانیەکان جەنازەی بینفیسیلیا وهەر دوازدە ژنە ئامازوونیەکەی کە لە شەڕدا کوژران، بە هەموو ئەسڵەحەکانیانەوە، ڕادەستی ترواده‌ییەکانیان کرد، ترواده‌ییەکان ماتەمێکی گەورەیان بۆ گێڕان و سووتاندیانن.

بەڵام ئەخیل، یەکسەر بۆ دورگەی لیسبوس ڕۆیی و قوربانی گەورەی بۆ خواوەندان ئەپولون و ئەرتیمیدا و لاتونای دایکیان کرد و لێیان پاڕایەوە لە تاوانی کوشتنی تیریسیت بیبەخشن و پاکی بکەنەوە، ئیدی بە ئەمری ئەپولون، ئودیسیوسی بلیمەت و بەردەبار، ئەخیلی لە گوناح پاک کردەوە.

## ٣٣- شەڕ لە گەڵ ئەسیوبیەکان. مەیموون

## (لە " ئودیسە "و لە " ئالتیوگونیا "ی هسیود

## و

## لە " ئینیادە "ی ڤرجیلەوە وەرگیراوە.)

دوای کوژرانی بینفیسیلیا، توانای بەرگری ترواده‌ییەکان دایە کزی، بەڵام زۆری پێنەچوو، دووبارە یارمەتیان بۆ هات. لە کەناراوەکانی ئوقیانووسی کەفاوییەوە، کە

ئاوەکەی بە دەوری هەموو گۆی زەویدا شەپۆل دەدات، مەیموون، بە خۆ و سوپایەکی گەورەی ئەسیوبییانەوە بەرەو تروادە کشا ( ئەسیوبیەکان: گەلێکی ئەفسانەیین. بە باوەڕی یونانیەکان، لەوپەڕی باشووری گۆی زەویدا دەژین ) . مەیموون، کوڕی ئەیوس، خوابانووی سپێدە و تیفون بوو، ئەمە زاوای پریام بوو، هیچ هونەرمەندێک لە جوانیا هاوتای نەدەکردەوە، وەکو ئەستێرەی سەحەری، بە خۆی و مەتاڵ و زرێ وئەسڵەحەکانیەوە، کە خواوەند هیفیست بۆی دروستکردبوو لە ناو سوپاکانی ترواد‌ەدا دەرەوشایەوە.

مەیموون، دژمنی هاوتای ئەخیل بوو. دووبارە شەڕ لە لای شوورە و حەسارەکانی ترواده بەرپا بوو، مەیموون کەوتبووە پێش ئاپۆڕای ترواده‌ییەکان، ئەخیل لە پێش سوپای یونانیەکانەوە بوو، بەڵام حەزی نەدەکرد خۆی لە قەرەی مەیموون بدات، چونکە دەیزانی ئەگەر بیکوژێت، زۆری پێناچێت خۆیشی بە تیرێک لە تیرەکانی ئەپولون دەکوژرێت. مەیموون هێرشی بۆ نەستووری پیرەمێرد برد، ئاخۆ بابایەکی پیری فانی، دەیتوانی بەرەنگاری قارەمانێکی گەنجی وەکو مەیموون ببێتەوە؟!

نەستوور، سەری ئەسپەکانی بادایەوە، هەوڵیدا لە دەست دژمنەکەی هەڵێت، بەڵام پاریس تیروکەوانەکەی هێنایە سەر پێ، تیرێکی هاوێشت و یەکێک لە ئەسپەکانی کوشت، پیرەمێرد دڵنیا بوو کە دەکوژرێت، بۆیە هانای بۆ ئەنتیلوخی کوڕی برد، کوڕەی تاین بە هاواری بابیەوە هات، باشتر وابوو بمرێت، نەک بابیرادەستی مەرگ بکات. بەردێکی قورسی لە ئەرزەکە هەڵگرت. تا توانی خێواندیە مەیموون، بەڵام کوڕی خوابانوو ئیوس، خۆی دایە پەنای ئەو کڵاوخودەی هیفیست بۆی دروستکردبوو، تا توانی ڕمێکی سرەواندە دژمنەکەی، ئەنتیلوخ گلا، بە کوژراوی تەختی ئەرزەکە بوو، ژیانی خۆی فیدای ژیانی بابی کرد. نەستووری پیربە کوڵ گریا، مەیموون هەوڵیدا چەک و ئەسڵەحەکەی ئەنتیلوخ تالان بکات و هیچ حیسابێک بۆ فراسیمیدی دوا کوڕی نەستوور نەکات، کە لە گەڵ " فیریوس "ی هاوڕێی دا پەلاماری دا و نەستووریش بەگەڵیان کەوت و هەوڵی دەدا جەنازەی کوڕەکەی بپارێزێ. بەڵام مەیموون، پێی شەرم بوو شەڕی ئەو پیرەمێردە بکات و دەستی لێ بەرز نەکردەوە. یونانیەکان و ئەسیوبیەکان شەڕێکی توند و دژواریان لە دەوری جەنازەکە دەست پێکرد، نەستوور هانای بۆ

قارەمانی بەهێز ئەخیل برد، ئەخیل کە بە مەرگی ئەنتیلوخی زانی، ترس لە سەراپای نیشت، لە هەموو پاڵەوانەکانی دی خۆشتری دەویست، لە دوای پاتروکل، تاقە دۆست و برادەری بوو. بەم جۆرە ئەم مەینەتە تازەیە هەموو شتێکی لەبیر بردەوە، تەنانەت ئەوەشی لە بیر نەما کە دەبێ لە دوای مەیموون بمرێ و لە دنیادا نەمێنێ. بە هەڵچوونەوە خۆی بە شەڕەکەدا کرد، کە مەیموون بینی لە دوورەوە دێت، بەردێکی قورسی خێواندێ، بەڵام بەردەکە دوای ئەوەی بەر مەتاڵەکە کەوت و دەستی ئەخیلی بریندار کرد، پەڕی و دوور کەوتەوە. ئەخیل جەزرەبەیەکی گەیاندە دژمنەکەی و شانی بریندار کرد، بەڵام هیچ یەکێک لەم دوو قارەمانە گوێیان بە برینەکانیان نەدا. بەڵکو هەڵیانکێشایە شمشێر و دووبارە بەرەنگاری یەکدی بوونەوە، لە هێزا هاوتا بوون و هەر دووکیان کوڕی خوابانوو بوون، هەر دووکیان لە چەکی دەستکردی هیفیستدا دەبریقانەوە. هەر دوو قارەمان ڕووبەڕووی یەک بوونەوە، خۆیان دابووە بەر مەتاڵەکانیان، خواوەندان لە دوندی ئوڵەمپەوە دەیانڕوانیە ئەم شەڕە، لە کاتیکا، ئیوس و ڤیتیدای دایکی هەر دووکیان، هەر یەکە و بۆ کوڕی خۆی و لە پێناوی کوڕی خۆیدا لە زیوس دەپاڕانەوە. زیوس شایەنێکی(تەرازوو) زێڕینی هێنا، چارە نووسی هەر یەکیک لەم قارەمانانەی خستە تاکێکی شایەنەکەوەو کێشانەی کردن، چارەنووسی مەیموون زۆر داکەوت، قەدەری وابوو بە دەستی ئەخیل بکوژرێ. ئیوس بە کوڵ گریا، دەبوایە مەرگی کوڕە ئازیزەکەی ببینێ، ئەخیل شمشێرە قورسەکەی هەڵکێشا وسینگی مەیموونی پێ شەق کرد، ئیوسی دایکی خۆی لە پەڵە هەورێکی چڵکنەوە پێچا، زۆری خەفەت خوارد، کورەکانی، واتە خواوەندانی بای ناردن و جەنازەکەی مەیموونیان هەڵگرت وبۆ کەناراوەکانی " ئیسیب " یان دوور خستەوە. لەوێ حۆریانی دەریا تازێیان بۆ دانا و بە خاکیان سپارد.

بەڵام ئەسیوبیەکان، خواوەندان کردیانن بە باڵندە و تەیر و تو، هەمووساڵێک لە کەناراوەکانی ئیسیب و  لە سەر گۆڕەکەی مەیموون دەنیشتنەوەو یادی شایە کوژراوەکەیان دەکەنەوەو بۆی دەگرین.

یونانیەکان، بەوپەڕی جەلال وشکۆوە جەنازەکەی ئەنتیلوخیانسووتاند، ڕوفاتەکەیان لە شووشەیەک نا و پاشان لە تەنیشت ڕوفاتی ئەخیل و " پاترۆکل " ەوە ناشتیان.

## ٣٤- کوژرانی ئەخیل

ئەخیل، یەجگار تووڕە بوو، بەو توورەییە پەلاماری ترواده‌ییه‌کانی دا، بڕیاری دا توونددترین تۆڵەی هەر دوو دۆستەکەی، پاتروکل و " ئەنتیلوخ " یان لێبکاتەوە. دڵڕەقانە تێیان بەر بوو، شەلم کوێرم کەس نابوێرم، وەکو شێری بریندار، خۆی بە ترواده‌ییه‌کاندا دەدا و قارەمان لە سەر قارەمانی لێ دەکوشتن. ترواده‌ییه‌کان کەوتنە هەڵاتن، خۆیان لە پەنا دیواری شارەکەیان دەشاردەوە، ئەخیل تا دەروازەکانی سکیە دوویان کەت، کە بە چارەنووسی بێ چەند و چوونی خۆی دەزانی، هێندەی دی چەشەی کوشت و کوشتار بوو.

ئەخیل، لەزگ بوو خۆی بە شارە پیرۆزەکەدا بکات و داری بە سەر بەردییەوە نەیەڵێت و وێرانی بکات، بەڵام ئەپولون هاوارێکی ترسناکی لێکرد و ڕایگرت، بەڵام ئەخیل پەست بوو لەو خواوەندەی کە زۆرجار هیکتۆر وترواده‌ییه‌کانی لە دەستی ڕزگار کردبوو. هەڕەشەی کرد کە تۆڵە لە خواوەندی غەدار بکاتەوە و بەر ڕمی بدات، ئەپولون بێ ئەندازە توورە بوو و بەڵێنەکەی خۆی لە بیر چووەوە کە بەڵێنی دابوو ئەخیل بپارێزێت، ئەو بەڵێنەی کە لە شاییەکەی فیتیدا و بلیوس دا بە خۆی دابوو، بەو جۆرە خواوەند خۆی لە پەڵە هەورێکی ڕەشەوە پێچا و لە بەر چاوان دیار نەما و ئەو تیرەی کە پاریس گرتبوویە دژمنەکەی گرتەوەو خێواندیە ئەخیل و ڕێک بەر پاژنەی پای کەوت، کە تاقە شوێنی جەستەی بوو کە شیر و تیر بیبڕێت. ( فیتیدام کاتی خۆی کە ئەخیل شیرە خۆرە دەبێت، لە ئاوی "ستیکس " ی هەڵدەکێشێت، ستیکس ڕوبارێکی ژێر زەویە لە مەملەکەتی هادیس، فیتیدا هەر دوو پاژنەی پای دەگرێ، بۆیە جەستەی وەکو ئاسن قایم و مکووم دەبێ، شیر و تیر نایبڕێ، بەڵام ئاوەکە بەر پاژنەی پێی ناکەوێ و تاقە شوێنی جەستەی دەبێ کە شیر و تیر دەیبڕێ و دەبێتە مایەی مردنی ) ئەخیل هەستی بە نزیکبوونەوەی مەرگی خۆی کرد، تیرەکەی لە زامەکەی دەرهێنا و زۆر لە ئەپولون تووڕە دەبێت، چونکە بووە مایەی مردنی، ئەگەر کۆمەکی خواوەندان نەبوایە هیچ فانیەک توانای بەرەنگار بوونەوەی ئەمی نەدەبوو. ئەنجام هەموو هێز و توانای خۆی کۆکردەوە، ئەوسا وەکو شێرێک لە ئاوزینگدا بێ هەستا،

پەلاماری دژمنەکانی دا، زۆری لێکوشتن، بەڵام زۆری پێنەچوو ئازای خاو بووەوە، مەرگ بەرەبەرە لێی نزیک دەبووەوە. بەلارە لار وەستا، خۆی بە سەر شمشێرە بڕندەکەیدا دا، هاوارێکی ترسناکی لە دژمن کرد و گوتی:

- خاکتان بەسەر، ئێوەش دەمرن، دوای مردنیش تۆڵەتان لێدەکەمەوە و لێتان نابمەوە.

ترووادەییەکان لەم هاوار و نەعرەتەیە ترسان، هەڵاتن، لێ ئەخیل هەستی بە خاو بوونەوەی خۆی دەکرد، بەرەبەرە هێزی لێ بڕا، کەوتە سەر ئەرزەکە. مەتاڵ و زرێ وئەسلەحە زێڕینەکەی بە تەق و هوڕ بە سەریا کەوتن، ئەرزەکە لە ژێریا لەرییەوە، بەڵام دژمنەکانی نەوێران لێی نزیک ببنەوە، بە مردوویەتیش لێی دەترسان، بەڵام زۆری پێنەچوو ترسیان ڕەوییەوە، ئیدی شەڕێکی گەورە لە دەوری جەنازە مەزنەکە دەستی پێکرد، ئیدی قارەمانانی دلێری یونانیان و ترووادەییان لەم شەڕەدا بەشدارییان کرد، ئیدی لە دەوری جەنازەکەی ئەخیل کەڵەکە بوون. لە کاتێکا جەنازەکەی ئەخیل مات وبێدەنگ، بە سام وهەیبەت لە ئەرزەکە کەوتبوو وکەم وزۆر گوێی لە نەعرەتەی شەڕ نەدەبوو، تەپ و تۆز وەکو گێژەلووکە و باهۆزان لە ژێر پای جەنگاوەرەکان بەرز بووەوە، خوێن وەکو ڕووبار کەوتە ڕێ، لەوە دەچوو ئەم شەڕە کۆتایی نەیەت. لە ناکاوا گرم و هۆڕی هەورە تریشقەی زیوس بەرز بووەوە، گەردەلوولێکی ترسناک هەڵیکرد، ترووادەییەکان لە شەڕکردن سارد بوونەوە، زیوس ڕێگەی نەدان دەست بە سەر جەنازەکەی ئەخیل دا بگرن، ئیدی ئایاکس تیلامون جەنازەکەی هەڵگرت و بۆ لای کەشتیەکانی برد و ئودیسیوس ئەرکی پاراستنی لە هێرشی دژمن، گرتە ئەستۆ، ڕم و تیری دنیا لە لای ترووادەییەکانەوە بە سەر ئودیسیوس دا داباری، لە کاتێکا ئەو پاشەوپاش و هەنگاو بە هەنگاو پاشەکشەی دەکرد و سینگی دەدایە بەر ئەو هێرشە توندە.

ئایاکس، جەنازەکەی ئەخیلی بۆلای کەشتیەکان برد، یونانیەکان شۆردیان و زەیتی بۆنداریان پێوەکرد، ئەوجا خستیانە سەر کەژاوەیەکی جوان و دەوریان دا، بۆی دەگریان و لە خۆیان دەدا و قژیان دەڕنییەوە، دەنگی ڕۆڕۆیان گەییە فیتیدا، لە گێژاڤی دەریاوە، دەگەڵ نیرییداتەکانی خوشکیا وەدەرکەوت، کە بە مەرگ وکوژرانی کوڕە ئازیزەکەی زانی، هاوارێکی ئەوتۆی کرد کە دڵی یونانیەکان دالەرزی، چیوای

نەمابوو، بەرەو کەشتیەکان هەڵێن، نەستوور ڕایگرتن. فیتیداو نیرییداتەکان و ئاپۆڕای یونانیەکان هەڤدە ڕۆژی تەواو بۆی گریان، خوابانووان لە دوندی ئوڵەمپەوە داگەڕان، تا بیلاوێننەوە وسروودی مردووی خەمناکی بۆ بخوێنن. خواوەندانی نەمریش بۆ قارەمانی سەرفراز گریان. لە ڕۆژی هەژدەیەمدا، شەواتگەیەکی گەورەیان دامەزراند، جەنازەکەی ئەخیلیان لە سەر دانا، یونانیەکان قوربانی زۆریان لە سەری دانا، قارەمانان، باشترین جل وبەرگی جەنگیان لەبەرکرد تا بەشداری ڕێوڕەسمی سووتاندنەکەی بکەن، کە ئاگری شەواتگەکە دامرکایەوە، قارەمانان، ئێسک و پروسکەکانی ئەخیلیان کۆ کردەوەو لە هەمان شووشەی زێڕینیان نا کە ڕوفاتەکەی " پاتروکل "ی تیابوو، بەو جۆرە یونانیەکان، هەر سێ قارەمانەکەیان - ئەخیل و پتروکل و ئەنتیلوخیان لە یەک گۆڕستانا ناشت. کۆمایەکی خۆڵی گەورەیان لەسەر قوت کردەوە کە دەیڕوانیە سەر دریا، بۆ ئەوەی شایەدی بۆ کارە پڕ شانازییەکانیان بدات.

دوای ڕێ و ڕەسمی ناشتنەکە، پێشبڕکێ لە سەر شەرەفی ئەخیل ساز کرا، فیتیدا، جوانترین توحفەی لە دەریاوە دەرهێنا تا بکرێن بە خەڵات بۆ براوەکان. خەڵاتەکان یەجگار جوان بوون، بێگومان ئەگەر ئەخیل بە خۆیشی لە ژیانا بوایە، پێیان قاییل دەبوو.

## ٣٥- کوژرانی ئاياکس تیلامون

## ( لە تراجیدیای "ئەیاکسی مەتاڵ بەدەست"ی سوفوکلەوە )

ئەخیل مرد، ئەو مەتاڵ و زرێ و چەکانەی کە هیفیست بۆی دروست کردبوو، لەپاش بە جێ ما، فیتیدا، ئەمری کرد، بدرێن بەو کەسەی کە لە هەمووان پتر بەرگری لە جەنازەی کوڕەکەی کردبوو.

ئیدی دەبوایە تەدارەکی جەنگەکەی، بدرێ بە ئاياکس یان بە ئودیسیوس. گەنگەشەیەکی زۆر کەوتە نێوانیانەوە، نەگەیینە قەراری یەکجارەکی، هەڵبەتە هەر دوو قارەمان، شایستەی ئەو خەڵاتە بوون. ئیدی کۆی ڕا و بۆچوونەکان هاتنە سەر

ئەوەی کە با دیلە ترواده‌ییەکان ئەم حوکمە بدەن. ئەسینا – پالادا، تای دەسکە گوڵە ئازیزەکەی خۆی، ئۆدیسیوسی گرت، ئیدی بە یارمەتی ئەسینا ئاگامەمنوون و مینیلاوس، دەنگەکانی " ئایاکس " یان تەزویر کرد، پەنایان بردە بەر فێڵ و غەشیان لە ژماردنی دەنگی ترواده‌ییەکانا کرد و ئیدی چەک و ئەسڵەحەکەی ئەخیل بوو بە هی ئۆدیسیوس. ئایاکس زۆر خەمبار بوو و بۆ خێوەتەکەی خۆی ڕۆیی و لە دڵی خۆیدا، بڕیاری دا کە تۆڵە لە کوڕەکەی ئەتریوس و لە ئۆدیسیوس بکاتەوە.

کە شەو خێوەتی هەڵدا وسەربازگەی یونانیەکان خەوت، ئایاکس شمشێرەکەی دەرهێنا و بە نیازی کوشتنی ئاگامەمنوون و براکەی دەرچوو. بەڵام خوابانوو ئەسینا – پالادا، شێتاتی بە سەریا سەپاند، خوابانوو لە مێژ بوو لێی پەست بوو، چونکە کەسێکی بێباک و بێ پەروا بوو، زۆری متمانە بە خۆ بوو، زیاد لە پێویست بە خۆ دەفشی و منەتی بە یارمەتی و کۆمەکی خواوەندان نەبوو. ئیدی ئایاکس هێرشی بۆ گایەلێک برد و بە شمشێرەوە تێیان کەوت و وای دەزانی دژمنە یونانیەکانی دەکوژێت. کە تینوویەتی لە کوشت وبڕ شکا، پاشماوەی گاگەلەکەی، کە بە خەیاڵی خۆی ئەسیر و دیلن، دایە پێش و بۆ خەرگاکەی خۆیی بردن، لەوێ ئەشکەنجەی دەدان و لەزەتی لە ئەشکەنجەدانیان دەبینی، وایدەزانی کوڕانی " ئەتریوس " ن بەڵام زۆری پێنەچوو وەخۆ هاتەوە، کەبینی خێوەتەکەی پڕە لە کەلەشێن گای کوژراو، زۆر ترسا. ترسێکی لە ڕادەبەدەری لێنیشت، پرسیاری حاڵەتەکەی کرد، هەموو شتێکیان بۆ گێڕایەوە، خەم و نائومێدی دایگرت، بڕیاری دا بە خوێنی خۆی ئەو شەرمەزارییە بشواتەوە کە بە سەری هاتبوو، بڕیاری دا " ئیفریساک " ی کوڕی بە تیفکری برای وبەو جەنگاوەرانە بسپێرێ کە لە "سالامین" ەوە لەگەڵیا هاتبوون. ئەو شمشێرەکەی کە هیکتۆر، بە دیاری دابوێی، کرد بە قەدی خۆیا و گوتی دەچێت لە خواوەندان دەپاڕێتەوە تا بەزەییان پێیدا بێتەوەو شمشێرەکەی وەکو قوربانیەک پێشکەش بە هادیس و خوابانووی شەو بکات، جەماعەتەکەی بە جێهێشت و بەرەو شوێنێکی دوور، لە کەناری دەریا ڕۆیی، ئیدی لە سەربازگەی یونانیەکاندا، دەنگ و باسەکەی ئایاکس بڵاو بووەوە کە چی کردووە و هەمووان بەچاوی خۆیان کەلەشی مەڕ ومالات و شوان و گاوانە کوژراوەکانیان بینی. ئۆدیسیوس، شوێنەواری ڕێچکەی خوێنەکەی هەڵگرت ودەرکەوت

کە ئەو کارە، کاری ئایاکسە. ئیدی ئاگامەمنوون و مینیلاوس زۆر پەست بوون و بڕیاریان دا تۆڵە لە تاوانبار بکەنەوە.

لە هەمان کاتدا، نوێنەرێک لە لای تیڤکرەوە هات و بە هاوڕێکانی ئایاکسی گوت کە پارێزگاری لە قارەمانە دلێرەکەیان بکەن، چونکە ئەو ڕۆژە خەتەری مەرگی لە سەرە، ئەگەر ڕزگاری بێ ئیدی لە هەر خەتەرێک دەخەلەسێت. دوای تۆزێک تیڤگر بەخۆی پەیدا بوو، کە زانی براکەی چووە بۆ کەناری دەریا، بەپەلە کەوتە تاقیبی، دەترسا نەبا تووشی قەڵبەیەک ببێت، مەزەندەکەی دروست دەرچوو، لەوێ، لە کەناری دەریادا چوو بەسەر جەنازەی ئایاکسی قارەمانا. ئایاکس خۆی دابوو بە سەر شمشێرەکەیدا و بەوجۆرە گەورەترین قارەمانی یونانیەکان لە دوای ئەخیل، تیاچوو.

مینیلاوس وئاگامەمنوون، ڕێگەیان بە تیڤکر نەدا براکەی بنێژێ، خەریک بوو مەسەلەکە پەرە بسەنێ و ببێ بە شەڕ لە نێوان هەر دوو لادا و ببێ بە شەڕی عەشایەری لە نێو سەربازگەی یونانیەکاندا، بەڵام لە ئەنجاما ئودیسیوس کەوتە بەینەوەو قەناعەتی بە ئاگامەمنوون کرد کە ڕێگە بە ناشتنی قارەمانی سەرفراز بدات، هەر هیچ نەبێ لەبەر ئەو هەموو خزمەتە زۆرەی کە پێشکەش بە یونانی کردووە. بەوجۆرە گۆڕێکی تازە لە نزیکی گۆڕەکەی ئەخیلەوە قوت بووەوە، و جەنازەکەی ئایاکس، کوڕی تیلامونی سەرفرازی لە خۆ گرت.

## ٣٦- فیلوکتیت، دوا ڕۆژانی تروادە

## ( لە تراجیدیای " فیلوکتیت "ی سوفوکلەوە )

دوای مردنی ئەخیل و ئایاکس، یونانیەکان زۆر بە توندی لە سەر گەمارۆی ترواده بەردەوام بوون، بەڵام نەیانتوانی شارەکە بگرن. ڕۆژێک ئودیسیوس گوێ بۆ قسەی خیفزان " هیلین "ی کوڕی پریام هەڵدەخات، ئیدی بەوەدا شوێن و بارەگاکەی پێ دەزانێ و دەتوانێ بیخەڵەتینێ و بە دیلی بیگرێت، ئیدی ئودیسیوس لەو ڕێگایەوە دەزانێ کە ترواده، بە بێ بەشداری فیلوکتیت بە خۆی و تیرە ژەهراوییەکانی

هەرقلەوەو ' نیبتولیمی " کوڕی ئەخیل، لە هێرشەکەدا مەحاڵە بکەوێ بێتە گرتن. ئیدی ئودیسیوس یەکسەر بڕیار دەدا کە سەفەرێکی دوور و درێژ بۆ لای هەر دوو پاڵەوان بکات.

وەختێ ئودیسیوس گەییە کۆشکەکەی شا لیکومید لە دوورگەی سکیروس، بە ئاسانی قەناعەتی بە نیبتولیمی کوڕی ئەخیل کرد کە بەشداری لە هێرشی سەر تروادە بکات. ئەم کوڕە گەنجە وەکو بابی ئارەزوومەندی بە دەست هێنانی سەرکەوتن و شکۆی گەورەی جەنگی بوو. ئیدی سەرباری گریانی دیدامیای داکی کە هەوڵی دەدا قەناعەتی پێبکات کە نەچێتە ئەو شەڕە، بەپەلە بەگەڵ ئودیسیوس کەوت و ڕۆیی.

بەڵام هێنانە ڕەدای فیلوکتیت زۆر زەحمەت تر بوو. پێشتر هەموو خەڵکەکە لێی دوور کەوتبوونەوەو بە تاقی تەنیا و بێزراو ڕۆژگاری لە دوورگەی چۆڵ و هۆڵ و ترسناکی خریس دا و لە شکەفتێکدا دەبردە سەر. کە دوو دەریچەی هەبوو بە سەر هەر دوو ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاواوە دەکرانەوە. زستانان هەتاو گەرمی گەرمی دەکردەوە و هاوینان با فێنکی دەکردەوە. فیلوکتیت، بە زەحمەت بژێوی و خۆراکی خۆی بە دەست دەهێنا، بە تیروکەوانەکەی کۆتری ڕاو دەکرد. بەڵام برینە قووڵەکەی زۆر ئازاری دەدا، هەر ئەو بوو بەرگەی ئازارە قورسەکەی دەگرت، زۆر بە زەحمەت دەیتوانی ئاو بۆ خۆی بێنێ. بە زەحمەت ئاگری پێ دەکرایەوە. دوو بەردی پێکدا دەدا تا ئاگر بکاتەوە. بەو جۆرە ئەم پاڵەوانە دە دانە ساڵی بەو حاڵەوە لەو دوورگەیەدا بەسەر برد، بە دەگمەن دەریاوانان لە کەنار و ڕەخی ئەو دوورگەیە لایان دەدا، ئەوانەی بە ڕێکەوتیش ڕێیان دەکەوتە دوورگەی ناقبری ئامادە نەبوون فیلوکتیت هەڵگرن و بۆ یونانی بەرن، دیارە کوڕەکەی ئەتریوس و ئودیسیوس سەبەبکاری ئەم هەموو ئازارە دوور و درێژەی ئەو بوون. فیلوکتیت، زۆری ڕق لێیان بوو، پڕ بە دڵ حەزی دەکرد هەلی بۆ هەڵبکەوێ و بە تیرەکانی بیانکوژێت.

ئودیسیوس، دەیزانی ئەگەر فیلوکتیت ببینێ، دەیکوژێت، بۆیە بڕیاری دا بە فەندەڵ فێڵان ڕایکێشێت. قەناعەتی بە نیوبتولیم کرد، بڕوات بۆ لای پاڵەوانی بریندار و باسی ئەوەی بۆ بکات کە لە ترواده گەڕاوەتەوەو دوای ئەوەی میرانی یونان بێ ڕێزیان پێکردووە، وازی لە گەمارۆدانی ترواده هێناوە، ئەگەر فیلوکتیت داوای لێکرد لە گەڵیا

بۆ یونان بڕوات، قاییل ببێت و بەم شێوازە دەتوانێ بە سەریا زاڵ بێت و تیر و کەوانەکەی لێ بسەنێ و بۆ کەشتیەکەی بەرێت. ئیدی بەو شێوازە بە ئاسانی بۆ ترواده دەبرێت. هەڵبەتە نیوبتولیم، حەزی لە فڕ و فێڵ و خاپاندن نەبوو، بەڵام ئودیسیوس قەناعەتی پێکرد کە ئەمە تاقە ڕێگەیە بۆ ڕاکێشانی فیلوکتیت بۆ ناو کەشتیەکە، ئیدی ڕازی بوو.

کاتێ کەشتیەکە گەییە خریس، نیوبتولیم و کۆمەلێک جەنگاوەر لە کەنارەکە دابەزین، یەکسەر بەرەو شکەفتەکە چوو، فیلوکتیت لەوێ نەبوو، بەڵام زۆری پێنەچوو پەیدا بوو.

بە دەم هانکە هانکەوە خۆی بە زارکی شکەفتەکەدا دەکرد، برینەکەی زۆر بە ئازار بوو، هەڵبەتە بە هاتنی میوانەکان خۆشحاڵ بوو بە تایبەتی کە زانی نیوبتولیمی کوڕی ئەخیلیان لە گەڵە، ئیدی زووبەزوو چیرۆکە هەڵبەستراوەکەی ئودیسیوسی بۆ گێڕایەوە، باسی کوژرانی ئەخیل و پاتروکل و ئایاکسی بۆ گێڕایەوە. فیلوکتیت، خەفەتی زۆری بۆ کوژرانی ئەوانە خوارد، ئەوانەی زۆر خۆشدەویست، ئیدی قاییل بوو لە گەڵ نیوبتولیم دا نەک هەر سەفەری یونان بکات، بەڵکو تیروکەوانەکەشی ڕادەستی وی بکات. تکای لێکرد لە ئودیسیوسی فریبۆکی بپارێزێ و داوای لێکرد بە پەلە سەفەرەکەیان بکەن.

لە ناکاوا یەکێک لە جەنگاوەرەکان هات وڕایگەیاند کە قارەمان فینیکس و کوڕەکانی تیسیوس بەڕێوەنبۆ ئەوەی فیلوکتیت لە گەڵ خۆدا بۆ ترواده بەرن. هەرچەندە فیلوکتیت بە دەم ئازارێکی ترسناکەوە دەینالاند، بە هەشتاو بەرەو کەنارەکە نشێو بووەوە. نیوبتولیم کە ئەوی بەو حاڵە بێ حاڵەوە بینی، حەزی نەکرد لەوەی پتر بیخەڵەتێنێ و دانی بە ڕاستی و حەقیقەتی مەسەلەکەدا نا و، خەریک بوو تیر و کەوانەکەی ڕادەست بکاتەوە، بەڵام ئودیسیوس لە ناکاوا، لە کەمینێکەوە، کە لەو نزیکانە نابوویەوە وەدەرکەوت و پری دایە تیروکەوانەکە ونەیهێشت بگاتە دەستی فیلوکتیت. ئەوسا قارەمانی بریندار هەوڵیدا بە غار خۆی بگەیەنێتە سەر بەرزاییەک و لەوێوە خۆی هەڵدێرێتە ناو دەریاکەوە تا نەبێتە مەخسەرەی دەستی دژمنەکانی. ئەنجام دەست و پێوەندان بە ئەمری ئودیسیوس هەڵیانگرت و فڕێیان دایە ناو کەشتیەکەوە، خەم و نائومێدییەکی گەورەی تێ ئالا، هەڵبەتە نیوبتولیم ئەم حالانەی

بە دڵ نەبوو، ئیدی تیر و کەوانەکەی گەیاندەوە دەستی فیلوکتیت و بەم جۆرە نەخشەکەی ئودیسیوس لە بناغەوە هەرەسی هێنا و بە خۆیشی هەڵهات، چونکە دەیزانی هەرکە بەر سێرەتی تیری فیلوکتیت بکەوێ، مەحاڵە بە سەلامەتی دەرباز ببێت.

نیوبتولیم، سەر لە نوێ هەوڵیدا قەناعەت بە فیلوکتیت بێنێ کە لە گەڵ ئەودا بۆ تروادە بڕوات و یارمەتی بدات شارەکە بگرن و کۆنترۆڵی بکەن، بەڵام فیلوکتیت، بە هیچ جۆرێ قایبل نەبوو، چونکە هەرگیز نەیدەتوانی ئەو هەموو ئازارە لە بیر بباتەوە کە ئاگامەمنوون و براکەی و ئودیسیوس بەسەریان هێنابوو. ئیدی بە ڕوونی دەرکەوت کە لە چارەی قارەمانەکان نووسرابوو، بە بێ ئەوەی بە ئاواتی خۆ بگەن، لەو دوڕگەیە دەربچن.

لە ناکاوا، خواوەند هەرقل هاتە بەر چاویفیلوکتیت و ئەمری پێکرد کە بۆ تروادە بڕوات و بەڵێنی پێدا کە شفای بۆ بنێرێت و زامەکەی ساڕێژ بکات و لە کاتی کەوتنی شارەکەدا شانازییەکی گەورەی بە نەسیب بکات.

فیلوکتیت ملی بۆ ویست وئیرادەی هاوڕێکەی دا، خۆبەخش سەرکەوتە سەر کەشتیەکەی ئودیسیوس و بەرەو ترواده ڕۆیی کە کارێن گەورە چاوەڕوانی دەکرد.

نیوبتولیم، کە گەییە مەیدانی شەڕ سەرکەوتنی گەورە و شکۆداری بەدەست هێنا، کوڕ نەبوو لە هێز و ئازایەتیا هاوتای بکاتەوە، زۆر قارەمان بە دەستی ئەو کوژران، یەکێک لەوانە " ئیڤریبیل " ی کوڕی تیلیف، نەوەی هرقل بوو، دایکی بە تەمای ئەوەی کە خەڵاتی بەهاداری ئەو چڵەمێوەی بەر بکەوێ کە زیوس بۆ منداڵە جوانەکەی پریام، هانیمیدی ڕواندبوو، بەربکەوێ ناردبووی بۆ یارمەتی پریام، ئیڤریبیلی ڕوخسار نورانی خوایی، دوای مردنی مەیموون گەورەترین قارەمانی پارێزەری ترواده بوو.

فیلوکتیت، زۆر لە لای دیوارەکانی شاردا نەمایەوە، بە تیرەکەی پاریسی بریندار کرد، کە سەبەبکاری بەر و دوای هەموو کارەساتی شەڕەکە بوو. فیلوکتیت، بە یەکێک لە تیرە ژەهراوییەکانی هەرقل پێکای، ئەم تیرە یەکێک لەو تیرانە بوو کە زامی بە هیچ جۆرێ خۆش نەدەبووەوە. ئیدی قەدەری پاریس وابوو بە عەزابی یەکێک لەو تیرانەوە

بمرێت. تیرەکە بە قووڵی چوو بە جەستەیا، شارەکەی بە جێهێشت و ڕووی کردە لێرەوار و بە دەم ئازاری کوشندەوە ملی نا، لەو دەشت و دەرە دوورانەی کە ڕۆژگارێکی زۆری ژیانی بە شوانی و دوور لە هەر خەم و پەژارەیەکی ڕۆژگار، تیا بە سەر بردبوو، و لەویندەر بە دەم ئازارەوە گیانی سپارد. شوانان جەنازەکەیان دۆزییەوە، ماوەیەکی زۆر بە دیار هاوڕێ دێرینەکەیانەوە گریان و شەواتگەیەکی بەرزیان بۆ دامەزراند، جەنازەکەیان خستە سەری و ئاگریان تێ بەردا، ئەوجا ئێسک و پروسک و ڕوفاتەکەیان خڕکردەوە ولە قاپێکیان ناو پاشان گۆڕێکی قووڵیان بۆ هەڵکەند و بە خاکیان سپارد.

بەرگری کردن لە شارەکە زۆر زەحمەت بوو، بەڵام وێڕای ئەوەش دژمن نەیتوانی خۆی بە شارا بکات، ئیدی ئودیسیوس بڕیاری دا ڕیسکێک بکات، ڕیسکێکی پڕ مەترسی، بە قامچی بەر بووە سەروچاوی خۆی، ڕوخساری خۆی شێواند، جلێکی شڕۆڵەی لەبەرکرد، لە شێوەی دەرۆزەکەرێکی هەژاردا خۆی بە شارا کرد، تا هەواڵی شار بزانێ و بۆی دەربکەوێ کە تروادەییەکان بە تەمای چین. خەڵکی شار بینیان کە خێر و سەدەقەی خێرەومەندانی لە شوێنە قەرەباڵغەکاندا کۆ دەکردەوە. کەس نەیناسیەوە تەنیا هیلین نەبێت، کە بۆ ماڵەکەی خۆی برد و ڕێزی لێگرت وسوێندی بۆ خوارد کە نهێنییەکەی بپارێزێ و زمانی لێ نەدات. بەو جۆرە ئودیسیوس، حاڵ وئەحواڵی شارە گەمارۆ دراوەکەی زانی و ژمارەیەک لە پاسەوانانی شاری کوشت و بە سەلامەتی بۆ سەربازگەکەی خۆی زڤڕییەوە. پاشان لە گەڵ دیومیدا ڕێسکێکی زۆر مەترسیدارتریان کرد، بە دزییەوە خۆیان بە شارا کرد، خۆیان بە پەرستگە پیرۆزەکەی ئەسینا – پالادا دا کرد، لەوێ، لە پەرستگەکەدا پەیکەرێکی دارینی خوابانوو ئەسینا هەبوو، ئەمە جارێکیان لە ئاسمانەوە ( پالادیوم ) کەوتبووە خوارەوە، ئیدی دەبوایە یونانیەکان، دەست بە سەر ئەو پەیکەرە دارینەدا بگرن، چونکە تا ئەو پەیکەرە ( ئیکونە ) لەو پەرستگایەدا بوایە، ترواده نەدەهاتە گرتن. بەوجۆرە جووتە پاڵەوان بە زەحمەتێکی زۆر پەیکەرەکەیان دزی و بە دەم گەڕانەوەوە چەند کەسێکیان لە ترواده‌ییەکان کوشت.

## ٣٧- کەوتنی ترواده

## ( لە بنەڕەتا لە " ئینیادە "ی ڤرجیلەوە وەرگیراوە )

وێڕای هەموو قوربانی وقارەمانیەتیەک، یونانیەکان هەر نەیانتوانی خۆ بە شارە پیرۆزەکەدا بکەن، ئیدی ئودیسیوس قەناعەتی پێکردن کە پەنا وەبەر فەندەڵ فێڵان بەرن، ئەسپێکی دارینی زۆر گەورە دروست بکەن کە جێگای ژمارەیەکی زۆر لە پاڵەوانانی تیا ببێتەوە، پاشان پاشەکشە بە سوپاکەیان بکەن ولە کەناراوەکانی شار دوور بکەونەوەو، لەو دیو دوڕگەی تینیدوس (دوڕگەیەکە، لە دەریای ئیجە، لە لای کەناراوەکانی ترواده) خۆیان حەشاربدەن، کاتێ تروادەییەکان ئەسپە دارینەکە بۆ شار ببەنەوە هەنگێ قارەمانەکان بێنە دەرێ و دەروازەکانی شار بۆ خەڵکەکەی خۆیان بکەنەوە تا بە نهێنی دزە بکەنە ناو شار. ئودیسیوس دووپاتی کردەوە، کە جگە لەو ڕێگەیە هیچ ڕێگەیەکی دی بۆ گرتنی شارەکە نییە.

زیوس، نیشانەیەکی بۆ کالخاسی خیفزان نارد، ئیدی ئەوەی بۆ یونانیەکان دووپات کردەوە، ئەوە بوو هونەرمەندی نێودار ئیبیوس بە یارمەتی شاگردەکەی و بە کۆمەکی خوابانوو ئەسینا – پالادا، ئەسپێکی زۆر گەورەی دروستکرد، هەریەکێک لە نیوبتولیم، فیلوکتیت، مینیلاوس، ئیدومینیوس، دیومید، ئایاکسی بچووک، میریون، و ئودیسیوس و ژمارەیەک پاڵەوانی دی چوونە ناو ئەسپە دارینەکەوە. ئیدی ناو ئەسپەکە پڕ بوو لە قارەمانانی پڕ چەک و ئیبیوس دەرگاکەی توند لێ داخستن، بە جۆرێکی وەهای داخست کە کەسبیر لەوە نەکاتەوە، لەوەیە ئەم ئەسپە خەڵکانێکی تیا بێ. یونانیەکان، دوای ئەوە، بە ئانقەست ئاگریان لە دام و دەزگاکانی خۆیان بەردا، سواری کەشتیەکانیان بوون و بە ناو دەریای بێ سنوور کەوتن و ڕۆیشتن.

تروادەییەکان، لە سەر دیوار و بورجەکانەوە چاودێری جم وجوڵە غەریبەکەی دژمنیان دەکرد، سەریان سوڕمابوو، تا ئەوە بوو بە چاوی خۆیان دیتیان چەڕە دووکەڵ بەرز بووەوە، هەنگێ بۆیان دەرکەوت کە یونانیەکان ڕۆیشتن، ئیدی ئاپۆڕای تروادەییان بە شادی و خۆشییەوە لە شار وەدەرکەوتن و بەرەو سەربازگەی یونانیەکان چوون، بە ناو ئەو دیار ودەڤەرە کەوتن کە ماوەیەک لەوەپێش خەرگا وخێوەتی دیومید، ئەخیل،

ئاگامەمنوون و مینیلاوس و پاڵەوانانی دیکەی لێ هەڵدرابوو، دڵنیا بوون لەوەی گەمارۆکەیان لە سەر لاچووە و ڕۆژگاری تەنگانە و ئاستەنگ بە سەر چوو و ئیدی دەتوانن، بە ئارامی و دڵنیایی و ئاسوودەیی بژین.

ترواده‌ییه‌کان له ناکاوا وه‌ستان، له سه‌رسامیا سست بوون، ئه‌سپێکی دارینی گه‌وره‌یان له به‌رده‌م خۆدا بینی، هه‌موو حایر وحه‌په‌ساو به دیارییه‌وه وه‌ستان، له خۆیان ده‌پرسی ڕازی دروستکردی ئه‌م ده‌زگا سه‌یره چییه، هه‌ندێکیان پێشنیازیان کرد که ئه‌سپه‌که بخه‌نه ده‌ریاوه، هه‌ندێکی دیکه پێشنیازیان کرد که بۆ ناو شاری بگوازنه‌وه و له‌وێ له‌سه‌ر ئه‌کروبولیس دای بنه‌ن، ئیدی دیالۆگه‌که تووند بوو، " لاوکوون " ی خیفزان هاته به‌رده‌م گه‌نگه‌شه‌کاره‌کان و به هه‌موو توانایه‌کی خۆیه‌وه هه‌وڵی له گه‌ڵ کوڕانی شاره‌که‌ی خۆیدا دا که قه‌ناعه‌تیان پێ بێنێ، ئه‌سپه‌که بشکێنن وله ناوی به‌رن، دڵنیا بوو که جه‌نگاوه‌رانی یونانی تێدایه وئه‌مه داوێکی جه‌نگییه و زاده‌ی خه‌یاڵی بلیمه‌تانه‌ی ئۆدیسیوسی به‌رده‌باره‌و لاوکوون له‌و باوه‌ڕه‌دا نییه، یونانیه‌کان ده‌ست له تروادە به‌ربده‌ن.خیفزانی ناڤبری تکای له کوڕانی شاره‌که‌ی کرد، به خواوه‌ندان سوێندی دان که ئاگایان له‌و ئه‌سپه بێ و به هیچ شتێکی یونانیان، ته‌نانه‌ت ئه‌گه‌ر دیاری و سه‌وقاتیش بێ، باوه‌ڕ نه‌که‌ن، ئه‌وسا هه‌ڵیکێشایه شمشێرێکی زۆر گه‌وره‌و تا توانی کێشای به ئه‌سپه‌که‌دا، ئه‌سپه‌که له‌رییه‌وه، چه‌ک وئه‌سڵه‌حه‌ی ناو ئه‌سپه‌که که‌وتنه ته‌ق و هوڕ، لێ خواوه‌ندان په‌رده‌یه‌کیان به گوێی ترواده‌ییه‌کاندا دا و گوێیان له هیچ نه‌بوو، ئیدی بڕیاریان دا ئه‌سپه‌که بۆ ناو شاره‌که‌یان بگوازنه‌وه، بۆ ئه‌وه‌ی ئیراده‌ی قه‌ده‌ر بێته‌دی.

له کاتێکا ترواده‌ییه‌کان ده‌وری ئه‌سپه‌که‌یان ده‌دا و ئه‌ڵقه‌که‌یان له ده‌وری ته‌نگ و ته‌نگتر ده‌کرد، هاوارێکی تیژیان هاته گوێ، شوانان، ئه‌سیرێکی پێ به پێوه‌ندیان دابووه پێش که خۆبه‌خۆ خۆی ڕاده‌ستیان کردبوو. ئه‌و ئه‌سیره یونانیه سینون بوو، ترواده‌ییه‌کان ده‌وریان دابوو و گاڵته‌یان پێ ده‌کرد، که‌چی ئه‌و له ناوه‌ندیانا وه‌ستابوو، به بێده‌نگی بۆ به‌ختی شوومی خۆی ده‌گریا، هێنده به کوڵ ده‌گریا و ڕوندکی ده‌باراند، که فرمێسکه‌کانی دڵی پریامی پیر و ترواده‌ییه‌کانی پڕ کرد، ئیدی له پرسیارانیان گرت، که کێیه و بۆ له قه‌وم و قیله‌که‌ی خۆی دابڕاوه، حیکایه‌تێکی

دەستکردی ئودیسیوسی بۆ گێڕانەوە، گوتی کە بلیمەتە یونانیەکە ویستوویەتی بیکوژێ، چونکە زاوا و خزمی بالامیدە وئودیسیوس زۆری ڕق لە بالامیدە، ئیدی لە سەری وەستا تا قەراری هەڵگرتنی گەمارۆی سەر ترواددەیان دا، ئەوسا قەناعەتی بە خیفزان کالخاس کرد، کە ئەودەنگۆیە لە ناو خەڵکیدا بڵاو بکاتەوە کە خواوەندان داوای قوربانیەکی بەشەری دەکەن، تا ئەوان بە سەلامەتی بۆ وڵات بگەرێنەوە. کالخاس ماوەیەکی زۆر گەڕا تا یەکێک بدۆزێتەوە کە بیکەن بە قوربانی، ئەوە بوو بە دەست ئاماژەی بۆ سینون کرد، ئەو پیاوە قۆڵ بەست کرا و درایە پێش بۆ کوشتگەکە، بەڵام توانی ئەو پەتانە بپچڕێ کە پێیان بەستبووەوەو بەوجۆرە لە مردنێکی بێ چەند و چوون هەڵاتووە و ماوەیەکی زۆری لە نێو زەلکاو و چڕە قامێشەڵاندا بە سەر بردووە تا یونانیەکان بۆ وڵاتی خۆ گەڕاونەتەوە. ئیدی پریام ئەمر دەکات زنجیرەکانی لێبکەنەوە و ئیدی پرسیاری ئەو ئەسپە دارینەی لێدەکات، سینون چاوەڕوانی ئەوە بوو پرسیاری ئەسپەکەی لێبکرێ. ئیدی سوێندی بە هەموو خواوەندان خوارد کە درۆیان لە گەڵ ناکات و پێی گوتن کە یونانیەکان ئەو ئەسپەیان بۆیە دروستکردووە تا دڵی ئەسینا – پالادا ڕازی بکەن، چونکە لە بەر ئەوەی پالادیومەکەیان لە ترواده دزیوە، لێیان بە قینا چووە، بۆیە ئەگەر تروادەییەکان بیبەنە ناو شارەوە، دەبێتە پارێزەری بە توانای شارەکە. تروادەییەکان باوەڕیان بەم حیکایەتە کرد، کە سینون، زیرەکانە بۆی گێڕانەوە.

ئەوەی زیاتر بووە مایەی باوەڕ پێکردنی تروادەییەکان بە سینون ڕوودانی ئەو پەڕجووە گەورەیە بوو کە ئەسینا ناردی و نیشانی دا، دوو ئەژدیهای ترسناک لە نێو دەریادا پەیدا بوون، زۆر بە پەلە بە مەلە بەرەو کەنار دەهاتن، بە سەر شەپۆلێن دەریاکەوە پێچیان دەخوارد و یاڵە سوورە خوێن ئاساکانیان بە سەر شەپۆلەکانەوە دەبریقانەوە و گڕ لە چاوانیان دەبووەوە. بەرەو کەنارەکە کشان کە لاوکوون لەوێ خەریکی ئەوە بوو قوربانی پێشکەش بە خواوەند پوسیدون بکات، تروادەییەکان زۆر ترسان، هەریەکە وبە لایەکا بۆی دەرچوو. بەڵام ئەژدیهاکان بەرەو لای هردوو کوڕەکەی لاوکوون چوون و تێیان ئاڵان. لاوکوون بە هەشتاو چوو بۆ یارمەتی کوڕەکانی، بەڵام ئەژدیهاکان لە دەوری ئەویش ئاڵان، بە ددانە ئەژدیهاییەکانیان، بەربوونە جەستەی خۆی و جەستەی هەر دوو کوڕەکەی. خیفزانی داماو هەوڵیدا هەردوو

کوڕەکەی لە دەمی ترسناکی ئەژدیهاکان دەربێنێ، بەڵام کارلەکار ترازابوو، شتی وا مەحاڵ بوو، ژەهریان بە هەر سێ جەستەکەدا بڵاو بووەوە، لەرزیان لێهات. لاوکوون، هاوارێکی تیژی کرد، هەستی بە نزیکبوونەوەی مردن کرد. بەوجۆرە خیفزانی ترواده‌یی، دوای ئەوەی مەرگی هەر دوو کوڕە بێ تاوانەکەی بینی، تیاچوو. دەیویست تەحەدای خواوەندان بکات و نیشتمانەکەی ڕزگار بکات! کاتێ جووتە ئەژدیها لە کارە ترسناکەکەیان بوونەوە، بە شێنەیی پاشەکشەیان کرد تا لە ژێر مەتاڵی پەیکەرەکەی ئەسینا – پالادا دا خۆیان بشارنەوە.

مردنی لاوکوون، کردیە کارێک ترواده‌ییەکان زیاتر قەناعەت بە زەرووڕەتی گواستنەوەی ئەسپەکە بۆ ناو شارەکەیان بکەن. ئەوە بوو بەشێک لە دیواری شارەکەیان ڕوخاند، چونکە ئەسپەکە زۆر گەورە بوو وبە دەرگاکەوە نەدەچوو. ئەسپەکە بە دەم بردنە ژوورەوە، چوار چەلان وەستا. لە کەلێنەکەوە دەیانبردە ژوورەوە، بەر دیوارەکە دەکەوت، چەک و ئەسڵەحەکانی ناوی بە دەنگی بەرز تەقوهوڕیان لێ هەڵدەستا، بەڵام ترواده‌ییەکان گوێیان لێ نەدەبوو. ئەنجام ئەسپەکە وەژوور خرا و بۆ ئەکروبولیس برا. ترس لە سەراپای خیفزان خات کاساندرا نیشت، کە چاوی بە ئەسپەکە کەوت، خەڵکەکەی لە وێران بوونی شارەکە ئاگادار کردەوە، بەڵام ترواده‌ییەکان، گاڵتەیان پێکرد، باوەڕیان بە قسەکانی نەدەکرد.

قارەمانەکان، بە بێدەنگی لەناو ئەسپەکە دانیشتبوون، فزە لە کەسیانەوە نەدەهات، گوێیان لە هەر ورتە و سرتەیەک دەبوو کە لە دەرەوە دەهات. تەنانەت گوێیان لە هیلینی کەزی جوانیش بو کە بە ناوی خۆیانەوە گازی دەکردن و لاسایی دەنگی ژنەکانی ئەوانی دەکردەوە. ئودیسیوس زەحمەتێکی زۆری کێشا، تا توانی هاوڕێکانی ناچار بکات بێدەنگ ببن و توووند دەستی نابووە سەر دەمی خۆی، تا وەڵامی کەس نەداتەوە. قارەمانەکان، گوێیان لە دەنگی خۆشی و شادی و ئاهەنگ و خوانی ئاوا و ئاوەدانی ترواده‌ییەکان بوو کە بە بۆنەی هەڵگرتنی گەمارۆی سەر شارەکەیانەوە، دەیانگێڕا. ئەنجام شەو باڵی بە سەر شارا کێشا، شار خەوێکی قووڵی لێکەوت، دەنگی سینون لە نزیکی ئەسپە دارینەکە بەرز بووەوە، هاتبوو قارەمانەکان ئاگادار بکاتەوە کە دەتوانن بێنە دەرەوە.

سینون، لە بەر دەرگای تروادەدا ئاگرێکی گەورەی کردەوە، ئەمە ئاماژە بوو بۆ ئەو گریکانەی کە لەو دیوی " تینیدوس "ەوە خۆیان شاردبووەوە، تا بە پەلە بۆ ترواده بێن. قارەمانەکانی ناو ئەسپەکە، بە وریاییەوەو بۆ ئەوەی دەنگی تەق و هوڕی چەکە قورسەکانیان بەرز نەبێتەوە، یەک یەک هاتنە دەرێ، ئودیسیوس و ئیبیوس لە پێش هەموویانەوە هاتنەدەرێ. قارەمانەکان بە ناو شەقامە کڕ وکپەکانی شارا دابەش بوون. ئیدی جەنگاوەرە یونانیەکانی دی بە هەشتاو، لە کەلێن و کەلەبەری دیوارەکەی ترواده‌وە وەژوور کەوتن تا فریای قارەمانەکانیان بکەون، شەڕێکی قورس و خوێناوی بەرپا بوو، تروادەییەکان بە هەمووشتێک بەرگرییان دەکرد، بە دار وبەرد بەرەڤانیان دەکرد، هەر شتێکیان بە دەست کەوتبا بە دژمنیاندا دەکێشا، دار، بەرد، کورسی، تفاقی ناو ماڵ، تەنانەت بە شیشی گۆشت برژاندنیش شەڕیان دەکرد. یونانیەکان، شەلم کوێرم کەسیان نەدەبوارد، ڕەحمیان بە کەسا نەدەکرد، ژنان ومندالان، بە دەم هات وهاوارەوە بە شەقامەکانی شارا هەڵدەهاتن. ئەنجام یونانیەکان گەیینە بارەگا قایم و بە شوورە و بۆرجەکەی پریام، تروادەییەکان، بە ئازایەتیەکی بێ وێنە بەرگرییان کرد، بورجێکیان بە تەواوەتی بە سەر دژمنەکانیانا ڕوخاند، ئەمە هێندەی دی گیانی هۆڤیانەی یونانیەکانی جۆش دا. نیوبتولیم، کوڕی ئەخیل، بە پاچ کەلەبەرێکی ( کەلێن ) خستە کۆشکەکە و یەکەم کەس بوو خۆی بە کۆشکەکەدا کرد، ئەوسا قارەمان و جەنگاوەرەکانی دی دووی کەوتن. قەسری شا پڕ بوو لە گریانی ژنان و هاواری مندالان. کیژ وبووکەکانی پریام لە کوشتگەی خواوەندەکانا خڕ بوونەوە و داوای پەنا و پشتیوانیان لەو شوێنانە دەکرد. پریام تەدارەکی جەنگی لە خۆدا، تا بەرگری لە ژنەکان بکات یان لە مەیدانی شەڕدا بکوژرێ، بەلام هیکوبا، ژنە پیرەکەی لێی پاڕایەوە کە بڕوات بۆ کوشتگەکە و پەنایەک بگرێ، ئاخر پیرەمێرێکی فانی وەکو ئەو چۆن دەتوانێ بەرەنگاری ئەو خوێن مژانە ببێتەوە.

لە ناکاوا نیوبتولیم، خۆی بە کۆشکی پاشادا کرد، " بولیت "ی کوڕی پریامی ڕاودەنا، کە زامێکی کوشندەی پێوە بوو. نیوبتولیم، ڕمێکی لێدا و لە بەر پێی پریامی بابیا خستی، پریامی پیر، بەرپەرچی " نیوبتولیم " ی دایەوە، بەلام ڕمەکەی پریام کە بەر مەتالەکەی نیوبتولیم کەوت، وەکو قامێشێکی لاواز گەڕایەوە. نیوبتولیم، هاڕوژا، قژە سپیەکەی پیرەمێردی گرت و تا توانی شمشێرە بڕندەکەی بە سینگیا کرد، پیرەمێرد

کوژرا، لە ناوەندی شارا کەوت، ئەو شارەی ساڵانێکی زۆر فەرمانڕەوایی کردبوو، هەموو کوڕەکانی کوژران، تەنانەت "ئەستیاناس"ی کوڕەزاشیکوژرا، کوڕی هیکتۆر، بە تۆبزی لە باوەشی دایکە بەدبەختەکەیدا دەریان هێنا و لە دیوار و شوورە بەرزەکانەوە هەڵیاندایە خوارەوە. هەروەها مینیلاوس لە ناو کۆشکەکەدا " دییفوب "ی کوشت، ئەو " دییفوب "ەی کە لە غوڕابی خەودا بوو و لە دوای مردنی پاریس، هیلین درابوو بەو.

مینیلاوس بە دەم هەڵچوونەوە چیوای نەما " هیلین " ش بکوژێت، بەڵام ئاگامەمنوون، نەیهێشت ئەو کارە بکات، ئیدی خوابانوو ئەفرودیتا جارێکی دی خۆشەویستی هیلینی لە دڵیا ژیاندەوەو بە ڕێز و حورمەتەوە بۆ کەشتیەکەی بردەوە.

بەڵام خیفزان کاساندرای کیژی پریام، چوو بۆ کوشتگەکەی ئەسینا – پالادا، تا لەوێ خۆی بشارێتەوە، ئایاکسی کوڕی ئویلیوس لەوێ دۆزییەوە، کاساندرا، خۆی دابوو بە سەر هەر دوو پێی پەیکەرەکەی خوابانوودا، هەر دوو بازووی لە لاقی توند کردبوو، بەڵام ئایاکس بە توندی ڕایکێشا، هێندە بە زبری و دڵ ڕەقی ڕایکێشا، کە پەیکەرە پیرۆزەکە کەوتە سەر ئەرزەکە و تێک و پێک شکا، یونانیەکان لە ئایاکس تووڕە بوون، خوابانووی سەرفراز لێی پەست بوو و پاشان، خراپ تۆڵەی لێ ئەستاندەوە.

هیچ کەسێک لە قارەمانەکانی تروادە ڕزگار نەبووتەنیا ئینیاس نەبێ، کە بابە پیرەکەی، واتە " ئەنخیس "ی لە باوەش کرد و " ئەسکانیوس "ی کوڕە چکۆلەی خۆی هەڵگرت و بۆ دەرێی ترواد‌ەی بردن، هەروەها یونانیەکان بەزەییان بە قارەمانی ترواد‌ەیی ئەنتینورا هاتەوە، کە هەمیشە بە ترواد‌ەییەکانی دەگوت هیلین بۆ یونانیەکان بگێڕنەوەو ئەو گەنج و سەروەت و سامانەش بۆ یونانیەکان بگێڕنەوە، کە پاریس لە مینیلاوسی دزی بوو.

ترواد‌ە، تا ماوەیەکی زۆر لەوەدواش هەر دەسووتا، گڕ و کڵپە و بڵێسەی ئاگر دەگەییە ئاسمان. خواوەندان بۆ وێران بوونی شارەکە گریان، ئاگر و شەوات لە دووری دوورەوە دەبینرا، گەلانی دوور ونزیک بە هۆی لوولەی دووکەڵ و بڵێسەی بێ ئامانی ئاگرە گەورەکەوە، بە کەوتنی شارە سەرفرازەکەیان زانی، کە بۆ ماوەیەکی زۆر، شکۆدارترین شاری دەڤەری ئاسیا بوو.

## ٣٨- گەڕانەوەی یونانیەکان بۆ نیشتمان

( لە بنەڕەتا لە هەر دوو شانۆنامەی " ئەندوماک " و " هیکوبا "ی یوریبیدەوە وەرگیراوە )

یونانیەکان، تالانیەکی زۆریان لە تروادە دەستکەوت، تالانی ودەستکەوتی زۆر، عەزاب و مەینەتیدە سالەکەی گەمارۆی شاری بیر بردنەوە. ئیدی زێڕ و زیو و ئامانی زۆر و ژنانی جوانی دیلی شەڕیان لە کەشتیەکانیان بارکرد.

کاتێ کەشتیە یونانیەکان گەیینە کەنارەکەی هەنبەری هیلیسبونت تاپۆی ئەخیل هاتە بەردەم کەشتیەکان و داوای لێکردن کە بولیکسینای کیژی پریامی بۆ بکەن بە قوربانی، کە پێشتر بە ژنی ئەو ناوزەد کرابوو. ئاگامەمنوون حەزی نەدەکرد دەستبەرداریئەو کیژە جوانە ببێت، کاساندرا لێی پاڕایەوە کە بەزەیی بە خوشکەکەیدا بێتەوەو بیخاتە ژێر باڵی خۆی، بەڵام ئودیسیوس ڕژد بوو لە سەر ئەوەی قوربانیەکە پێشکەش بکرێ و ئەو هەموو خزمەتەی بە چاودا دانەوە کە ئەخیل لە گەمارۆی ترواددا پێشکەش بە یونانیەکانی کردبوو. بولیکسینا ئامادە بوو، خۆبەخش و بە خوایشتی خۆی خۆی بخاتە بەر چەقۆی قوربانی، چونکە بەوە لە بەندی ئەسارەت و کۆیلایەتی غوربەت ڕزگاری دەبوو. کیژێ بەو پەڕی ئارامی وسەرفرازی بەرەو کوشتگەکە ڕۆیی کە نیوبتولیم، بە خۆی و کێردەکەی دەستیەوە لەوێندەر چاوەڕوانی دەکرد، کیژێ ڕێگەی نەدا ئەو گەنجە دەستی تێوە بدات، کە دەبوایە ئەو بۆ مردنی ببردایە، ئیدی عیزەتی نەفس ڕێگەی بە کیژێ نەدا، وەکو کۆیلەیەک بۆ مەملەکەتی هادیس ببرێ، بەخۆی بەرەو کوشتگەکە ڕۆیی، سینگی بۆ کێردەکە کردەوە، نیوبتولیم، هەناسەیەکی پڕ لە ژانی هەڵکێشا، نووکی شمشێرەکەی بە سینگی کیژێدا کرد، خوێنی ئاڵ لە سینگییەوە فیچقەی کرد، ئەو کوشتگەیەی کە بە ناوی ئەخیلەوە ڕۆنرابوو، لە خوێنا هەڵکشا.

پاش ئەوەی بولیکسینا کرایە قوربانی، گریکەکان بەرەو وڵاتی خۆ کەوتنەوە ڕێ، ڕێگەکەیان دوور بوو، دەبوایە تەگەرە و کۆسپ و تەنگانەی زۆریان بێتە ڕێگا، ئیدی ژمارەیەکی زۆریان لە ڕێگادا، بە ئاواتی نیشتمانەوە تیا چوون و سەریان نایەوە.

خوابانوو ئەسینا، هەر لە ڕۆژانی وێران بوونی ترواده‌وە، دووبەرەکی و دژایەتی خستە نێوان یونانیەکان و هەر دوو کوڕەکەی " ئوتریوس " وە. مینیلاوس، دەیەوێ بە زووترین کات بۆ یونان بگەڕێتەوە، بەڵام ئاگامەمنوون دەیەوێ پەلە نەکەن وهەدار بگرن تا لە ڕێگای قوربانیانەوە دڵی ئەسینا ڕازی بکەن. ئاگامەمنوون ئاگای لەوە نەبوو کە هیچ شتێک دڵی خوابانوو نایەنێتەوە جێ.شەڕە دەم و گەنگەشەی توندی جووتە برا یەک ڕۆژی تەواوی خایاند، ڕۆژی دواتر، هەندێک لە کەشتیە یونانیەکان، کەناراوەکانی تروادەیان بە جێهێشت، دوای ئەوەی بەشە تاڵانی و دەسکەوتی خۆیان وەگرت، ئیدی نەستوور و دیومید و نیوبتولیم و ئیدومینیوس و فیلوکتیت ڕۆیشتن، پاشان کەشتیەکانی مینیلاوس دوای نەستوور و دیومید کەوتن و لە دوڕگەی لیسبوسدا یەکیان گرتەوە. هەروەها کەشتیەکانی " ئودیسیوس "ی بلیمەت و بەردەباریش بەڕێکەوتن، بەڵام ئودیسیوس، لە دوڕگەی تینیدوس لە گەڵ هاوڕێیانی ڕێگەدا تێک چوو، بۆ ترواده، بۆ لای ئاگامەمنوون گەڕایەوە.

قارەمانان لە دوڕگەی لیسبوسەوە بەرەو دوڕگەی ئیڤبیوس کەوتنەڕێ، لەوێ، لە کەپکی خواوەند هیفیست دا، قوربانیەکیان بۆ خواوەند پوسیدون کرد، ئەوسا بەرەو وڵاتی خۆ بە ناو دەریا کەوتن. دیومید دوای چوار ڕۆژ گەییە ئارگوس، نەستووریش گەییە بیلوس، ئیدی ئیدومینیوس و فیلوکتیت و نیوبتولیم، قەدەریان وابوو بە سەلامەتی بگەڕێنەوە.

بەڵام قەدەر وچارەنووسی مینیلاوس وابوو کە جۆرەها کەند ولەند وکۆسپ وتەگەرەو دژواری و مەینەتی بێتە ڕێگا، لە کەپکی سونیوس، لە سەر ڕێگای ڕۆژهەڵاتی ئەتیکا، ئەپولون، تیرێکی خێوانده " فرونتس " ی کاپتنی مینیلاوس، شا مینیلاوس لە کەنارەکە لایدا و تا ئاهەنگێکی گەورە و شایستەی بۆ ناشتنی کاپتنەکەی نەگێرابۆ ناو دەریا نەگەڕایەوە، وەختایەک کەشتیەکانی بە دەوری کەپکی خەتەرناکی مالیوس دا بە قوڵی باشووری ڕۆژئاوای لاکونیادا پێچیان کردەوە، زیوس گەردلوێکی توندی هەڵکرد،

ئیدی دەریا خرۆشا، کەوتە شەپۆلدان، هەر شەپۆلێک بە بەرزی چیایەک بوو، گەرداوەکە هەندێک لە کەشتیەکانی بۆ کریت هەڵدا وکەوتن بە تاوێراندا و تێک و پێک شکان و نەفەرەکانیان بە زەحمەتێکی زۆر دەرباز بوون. بەڵام باقی کەشتیەکان، ئەوانەی کە مینیلاوس لە سەریان بوو، ماوەیەکی زۆر لە دەریادا وێڵ و سەرگەردان سوورِانەوە تا گەیینە کەنارەکانی میسر، مینیلاوس بە درێژایی چواردانە ساڵ بە نێو گەلانی غەریب و نامۆدا سورِایەوە، لە نک سەیداوییەکان و ئەسیوبیەکان و میللەتانی دیکە لایدا، لە قوبرس و فینیقیا و لە لیبیای دوورە دەستی خودان پەز وماڵاتی بێ شومار لایدا، زۆر دیاری و سەوقاتی بەنرخیان دایێ و سەروەت و سامانێکی فرەی کۆ کردەوە. لە میسر، پولیدامنا، ژنی فوون، دەرمانێکی جادوویی کە لە شیلەی ڕووەکێکی غەریب و نامۆ دروستکرابوو، دایە هیلینی ناسک و نازدار، ئەمە دەرمانێک بوو هەر کەس لە گەڵ شەرابا بیخواردبایەوە، هەر خەمێکی هەبوایە لە بیری دەچووەوە. ئەنجام، مینیلاوس، کە لە میسر گەڕایەوە، لە ڕێگە، لە دورگەی فاروس لایدا. بیست دانە ڕۆژ بە دەم چاوەڕوانی هەڵکردنی بای گونجاوەوە لەوێندەر مایەوە. دورگەکە چۆڵ بوو. خەڵکی تیا نەبوو. لەوێ ئازووقە و خواردنیان دایە کزی، ئیدی ترسی ئەوەیان لێنیشت کە هەموویان لە برسا بمرن، خوابانوو ئیدوفنا، کیژی خواوەندی دەریایی بروتیوس، بە هەشتاو بە هانایانەوە چوو کە ڕزگاریان بکات، هاتە بەرچاوی مینیلاوس و فێری کرد چۆن دەست بە سەر بروتیوس دا بگرێ و چۆن ناچاریبکات کە ویست و مەشیەتی خواوەندانی بۆ کەشف بکات. هەرکە خوابانووی سپێدە لە ئاسمانی بەیانی ڕۆژی دواییا بەدیار کەوت، مینیلاوس لە گەڵ سێ هاوڕێی بەهێزی خۆیا چوون بۆ کەناری دەریا کە ئیدوفیا لەوێ بە خۆ و چوار کەوڵی گوێرەکەی دەریاییەوە چاوەڕوانی دەکردن، کەوڵە گوێرەکەکانی لەبەرکردن و ئەمفروزیای لە کەپوویان دا، تا بەرگەی بۆنی ناخۆشی کەوڵەکان بگرن. مینیلاوس و هاوڕێکانی لە کەنارەکەدا خەویان لێکەوت، جوڵەیان لێ برِا، ئاقیبەت بروتیوس بە خۆ و مێگەلە گوێرەکەکانیەوە لە دەریاکە وەدەرکەوت، گوێرەکەکانی سەرژمێر کرد و ئەوسا، دڵنیا ودڵ ڕەحەت لە سەر لمەڵانەکە پاڵکەوت وخەوت. مینیلاوس و هاوڕێکانی بە یەکدەنگ لە نەعرەتەیان دا وپەلاماریان دا، ئیدی کێشماکێشێکی توونديان کەوتە بەینەوە، خواوەند لە ماوەی ئەم کێشماکێش و ململانییەدا بوو بە شێر، بە ئەژدیها، بە پڵنگ و

بەرازی کێوی، بوو بە ئاو، بە درەخت، لێ مینیلاوس و هاوڕێکانی دەستبەرداری نەبوون و نەبوون، تا بووەوە بە پیرەمێرەکە و شێوەی هەوەڵی خۆی وەرگرتەوەو لە مینیلاوسی پرسی کە دەیەوێ فێری چ ببێت، چ بزانێت، مینیلاوس لەو خواوەندەی پرسی کە لێی چووە بە قینا و بەری بایە گونجاوەکەی لێگرتووە. بروتیوس، ئەمری بە شا مینیلاوس کرد کە بۆ میسر بگەڕێتەوە و قوربانی بۆ خواوەندان بکات و لێیان بپاڕێتەوە. ئیدی خواوەندان ڕێنوێنی دەکەن و بە سەلامەتی و بە بێوەی بۆ وڵات دەی گەڕێننەوە. هەروەها خواوەند قەدەری مینیلاوس و قەدەری هیلینی ژنیان کەشف کرد، هەروەها چارەنووسی هەر یەکێک لەو قارەمانانەشی بۆ کەشف کرد کە لە ترواده دەگەڕانەوە. مینیلاوس ئەمرەکەی " بروتیوس "ی جێبەجێ کرد، بۆ میسر گەڕایەوە، قوربانی بۆ خواوەندان کرد، خواوەندان بایان بۆ نارد و بە سەلامەتی بۆ شارەکەی خۆی، سپارتە گەڕایەوە، کە لەوێ ژیانێکی دوور و درێژی پڕ لە شادی بە سەر برد، دوای مردنی ، خۆی و هیلینی ژنی، بۆ دورگەی خواپێداوان گوازرانەوە، بۆ ئەوەی ژیانێکی ئارامی هەمیشەیی، بێ کێشە بەسەر بەرن.

قەدەریی ئاگامەمنوون ئەوە بوو، لە ڕێگای گەڕانەوە بۆ وڵات دووچاری جۆرەها مەترسی ببێت، ئیدی خۆی و هاوڕێکانی بە سەلامەتی گەیینە کەنارەکانی ئیفبیوس، لەوێندەر، لە کەپکی هیریبوس، گەرداو و باهۆزێکی توونـد هەڵیکرد، ئەسینا، کە لە یونانیەکان و بە تایبەتی لە ئایاکسی کوڕی ئویلیوس چوو بوو بە قینا، ئەو گەرداو و باهۆزەی بۆ ناردبوون، ئیدی چەند کەشتیەک تێک و پێک شکان و لە کەناراوەکانا ون بوون، هەروەها کەشتیەکەی " ئایاکس"ش تێک و پێک شکا، خۆ ئەگەر پوسیدون بەزەیی پێیدا نەهاتبا و فریای نەکەوتبا، لەگین بوو، بە خۆیشی ببێت بە خوراکی پێل و شەپۆلان. پوسیدونی خواوەندی بۆمەلەرزە، ئەمری بە شەپۆلەکان کرد هەڵی بدەنە سەر تاوێری هیریبوس، بەوجۆرە ئایاکس ڕزگاری بوو، بەڵام زۆری پێ نەچوو، بە کەرێتی و غەڕایی خۆی، خۆی لە ناو برد، بە دەنگێکی پڕ لە غرووری شێتانە هاواریکرد کە خۆی، بە بێ هیچ یارمەتیەکی خواوەندان خۆی ڕزگا کردووە و منەتباری هیچ خواوەندێک نییە، وەختێ پوسیدون گوێی لەو قسە نابەجایانە بوو، زۆر تووڕە بوو، قولاب و چەنگاڵێکی سێ چوکڵەی دەرهێنا، کێشای بەو تاوێرەدا کە ئایاکس لە سەری وەستابوو، تاوێرەکە شەق بوو، لەتە گەورەکەی بە دەم ناڵەیەکی ترسناکەوە بەرەو

قولایی دەریاکە بووەوەو "ئایاکس" شی لە گەڵ خۆیدا ڕامالّی، ئایاکسی قارەمان، لە گێژاوی ئەو ئاوەدا، کە تۆزێ لەوە پێش پوسیدون، دەری هێنابووەوە، خنکا ومرد. لێ کەشتیەکانی ئاگامەمنوون، بە زەحمەتێکی زۆر لە با وباهۆز ڕزگاربوون و بە سەلامەتی گەیینەوە کەناراوەکانی وڵات، بەڵام خاوەنی کەشتیەکان، واتە ئاگامەمنوون، قەدەری وانەبوو، خۆشی لە گەڕانەوە، بۆ وڵاتەکەی، بۆ میکینای مەڵبەندی زێڕان ببینێ، چونکە ژنە خیانەتکارەکەی، کلیتیمنسترا خۆی بۆ نابووەوە و قەدەریوابوو بە دەستی ئەو بکوژرێ.

تێبینی: ئەمڕۆ ٢٠١٩/٦/٢٤ لە پاچڤەی ئەم بەرهەمە بوومەوە کە لەم سەرچاوەیەوە کراوە بە کوردی:

اساطیر الیونان/ الدکتور عماد حاتم/ دار الشرق العربی، للطباعە و النشر و التوزیع/ الطبعە الثالثە، ٢٠٠٨ .

حەمە کەریم عارف

* کەرکووکییە و لە ساڵی ١٩٥١دا لەدایك بووە.
- لە ساڵی ١٩٧٥ کۆلیژی ئەدەبیاتی بەغدای تەواو کردووە.

- یەکەم بەرهەمی شیعرێکە بەناوی (هەڵبەستێکی هەتیو کەوتوو) کە لە ژمارە (١٧٠) رۆژنامەی هاوکاری لە ١٩٧٣/٦/٨ بڵاوبووەتەوە.
- لە ساڵی ١٩٧٥ەوە بە بەردەوامی نووسین و بەرهەمی ئەدەبی بڵاو دەکاتەوە.
- سەرنووسەر یان بەڕێوەبەری نووسین یان سکرتێری نووسین یان ئەندامی دەستەی نووسەرانی ئەم گۆڤار و بڵاوکراوانە بووە: گۆڤاری گزنگی نووسەرانی کەرکووك، نووسەری کوردستان، کەلتوور،نووسەری کورد، گوڵانی عەرەبی، ئاڵای ئازادی تا ژمارە ٢٢٢، گۆڤاری نەوشەفەق.

* جگە لە ناوی خۆی، بە تایبەتی لە گۆڤاری گزنگی نووسەرانی کەرکووك،نووسەری کوردستان، کەلتوور، رۆژنامەی ئاڵای ئازادی تا ژ: ٢٢٢ بەناوی گۆڤەند، زنار، سیپان، پاکزاد، محەمەدی حاجی، سیروان عەلی، دیدار هەمەوەندی، هێژا، ح. ع ،هامون زێباری، با زەوان عەبدولکەریم بەرهەمی بڵاو کردووەتەوە.

*لە ساڵی ١٩٧٤ – ١٩٧٥دا پێشمەرگەی شۆڕشی کوردستان بووە، لە هەشتاکاندا بۆ ماوەی نۆ ساڵ، بێ وابەستەگی حیزبی پێشمەرگە بووە و وەکو بەشدارییەکی مەیدانی و ویژدانی لە خەباتی رەوای نەتەوەی کوردا شانازی پێوە دەکات و منەت بەسەر کەسدا ناکات، چونکە باوەڕی وایە کە رۆڵەی میللەتی مەزلۆم مەحکومە بە پێشمەرگایەتی.

- لە هەشتاکانەوە تا ٢٠١٠/٨/٢٠راستەوخۆ سەرپەرشتی و سەرۆکایەتی لقی کەرکووکی یەکێتیی نووسەرانی کوردی کردووە.
- زۆر بەرهەم و کتێبی چاپ و بڵاو کردووەتەوە، لێ زۆربەی هەرە زۆریان، بە تایبەتی ئەوانەی لە چیادا چاپ بوون بە نوسخەی هێندە کەم بڵاوبوونەتەوە،لە نرخی نەبوو دان و هەر ئەوەندەیە کە لە فەوتان رزگار بوون. هەندێك لە وانە:

١- تیرۆژ، کۆ چیرۆك، چاپی یەکەم ١٩٧٩
٢- کۆچی سوور، رۆمان، چاپی یەکەم،١٩٨٨،چاپی سێیەم ٢٠٠٧
٣- بەیداخ، چیرۆك، چاپی یەکەم ١٩٨٨
٤- داوەتی کۆچەرییان، کۆ چیرۆك ،چاپی دووەم ٢٠٠٥
٥- لە خۆ بێگانە بوون، کۆمەڵە چیرۆك،چاپی یەکەم (١٩٩٩) دەزگای گوڵان
٦- کوچ سرخ، کۆ چیرۆك، بە فارسی، وەرگیڕان چاپی یەکەم ١٩٨٧ شاخ
٧- نینا، رۆمان، سابت رەحمان، چاپی یەکەم،شاخ،١٩٨٥ چاپی سێیەم ٢٠٠٥
٨- نامۆ، رۆمان، ئەلبیر کامۆ، چاپی یەکەم، شاخ١٩٨٧چاپی چوارەم ٢٠٠٩ وەشانخانەی سایە،سلێمانی

٩-    رێبەر، رۆمان، مەهدی حسین، چاپی یەکەم (شاخ) ١٩٨٣، چاپی دووەم، ٢٠٠٧
١٠-شکست، رۆمان، ئەلکساندەر فەدایەف، چاپی شاخ (راە کارگر)، چاپی دووەم، ٢٠٠٩ خانەی وەرگێڕان.
١١- هاومالەکان، رۆمان، ئەحمەد مەحمود، چاپی دووەم ٢٠٠٠ دەزگای گوڵان
١٢ – بێناسنامەکان، رۆمان، عەزیز نەسین، چاپی سێیەم ٢٠٠٦
١٣- قوربانی، رۆمان، هیرب میدۆ، چاپی یەکەم ٢٠٠٤ دەزگای شەفەق
١٤- دووره ولات، رۆمان ع. ڤاسموف، چاپی یەکەم٢٠٠٠ دەزگای گوڵان
١٥- ئازادی یا مەرگ، رۆمان، کازانتزاکیس، چاپی یەکەم ٢٠٠٣ کتێبخانەی سۆران، چاپی دووەم: ٢٠٠٨
١٦- چیرۆکەکانی سەمەدی بیهرەنگی، چاپی دووەم، ٢٠٠٤ کتێبخانەی سۆران هەولێر
١٧- ئامانجی ئەدەبیات. م. گۆرکی، چاپی شاخ ١٩٨٥
١٨- ئەو رۆژەی کە ونبووم (کۆمەڵە چیرۆکی بیانی) چاپی یەکەم،٢٠٠٦
١٩- جێ پێ (کۆمەڵە چیرۆکی فارسی) چاپی یەکەم ٢٠٠٦،نووسەرانی کەرکوك
٢٠- زندە خەون، کۆمەڵە چیرۆك، چیخۆف،چ١،دەزگای موکریانی
٢١- چیرۆکستان ،کۆمەڵێك دەقورەخنەی جیهانی چ١ ،٢٠٠٥،نووسەرانی کەرکوك
٢٢-دیدارو دەق و رەخنە،چ٢٠٠٥،١
٢٣-دیداری چیرۆکڤانی، چ٢٠٠٥،١
٢٤-ئەو بەرخەی کە بوو بە گورگ ،چ٢٠٠٨،١نووسەرانی کەرکوك
٢٥- میوان، چیرۆك،ئەلبێر کامۆ

---

٢٦- مەسەلەی کورد لە عێراقدا،عەزیز شەریف،چاپی دووەم ٢٠٠٥
٢٧- مێژووی رەگ و رەچەڵەکی کورد، ئیحسان نوری پاشا،چ١٩٩٨١،١
٢٨- کورد گەلی لە خشتەبراوی غەدر لێکراو، د. کوینتەر دیشنەر، چاپی سێیەم ٢٠٠٤
٢٩- لە مەهابادی خوێناوییەوە بۆ کەنارێن ئاراس، نەجەف قولی پسییان، چاپی یەکەم ٢٠٠٦
٣٠- کورد لە سەدەی نۆزدەوبیستەمدا،کریس کۆچرا،چاپی شەشەم ٢٠١١
٣١ –کورد لە ئینسکلۆپیدیای ئیسلامدا،چاپی یەکەم ١٩٩٨
٣٢- چینی کۆن، چ١(         )دەزگای موکریانی

---

٣٣- دلێریی خۆراگرتن، ئەشرەفی دەهقانی
٣٤- خەباتی چەکداری هەم تاکتیکە هەم ستراتیژ، مەسعودی ئەحمەد زادە

٣٥- ڤنسنت ڤان گوگ، شانۆنامە، باول ئایز لەر
٣٦- بە دوعا شاعیرەکان، شانۆنامە، جەلیل قەیسی (گزنگ ژ:١٢)
٣٧- جولەکەکەی ماڵتا، شانۆنامە،کریستۆفەر مالرۆ.
٣٨- دادپەروەران، شانۆنامە، ئەلبیر کامۆ
٣٩- بەد حاڵی بوون، شانۆنامە، ئەلبیر کامۆ.
٤٠- چاو بە چاو، شانۆنامە، گەوهەر مراد (غولام حسەینی ساعیدی)
٤١- ریچاردی سێیەم، شانۆنامە، شەکسپیر.چاپی یەکەم ٢٠٠٩، بڵاوەخانەی سایە، سلێمانی
٤٢- گەمەی پاشا و وەزیر، شانۆنامە، عەبدوڵلائەلبوسێری..

---

٤٣- منداڵە دارینە، چیرۆکی درێژ بۆ مندالان.
٤٤- فاشیزم چییە؟ کۆمەڵە چیرۆك بۆ مندالان، یەلماز گونای
٤٥- شوانە بچکۆلەکە، چیرۆکێکی درێژی چینی یە بۆ مندالان
٤٦- زارۆکستان (چوار شانۆنامە بۆ منالان)
٤٧- چەند چیرۆکێك لە ئەفسانەی یونانی کۆنەوە (٢٣ئەفسانە)

---

٤٨- لە گەنجینەی حیکایەتی تورکمانییەوە. (ئەفسانەی ئەسپی ئاشق)چاپی یەکەم٢٠٠٨
٤٩- ئەفسانەێن گریکی و رۆمانی، چاپی یەکەم (٢٠٠٤) کتێبخانەی سۆران، هەولێر
٥٠- ئیلیادە، هۆمیرۆس، چ١،دەزگای سەردەم ٢٠٠٩

---

٥١- گۆڤەند و زنار (فەرهەنگی فارسی –کوردی) حەمە کەریم عارف، چ١(٢٠٠٦-٢٠٠٨)دەزگای موکریانی
٥٢-چۆنیەتی فێربوونی زمانی فارسی، چ١، ٢٠٠١

---

٥٣- چرنیشفسکی، فەیلەسوف و زانای گەورەی میللەتی روس
٥٤- چایکۆ فسکی، ژیان و بەرهەمی.
٥٥- ئیدگار ئالین پۆ، ژیان و بەرهەمی.
٥٦- جاك لەندەن، ژیان و بەرهەمی
٥٧- گوگول، نووسەری ریالیست

٥٨- یەڵماز گونای، ژیان و بەرهەمی
٥٩- سادقی هیدایەت، ژیان و بەرهەمی
٦٠- خافروغ لە شیعر دەدوێ، ژیان و بەرهەمی

٦١- راگەیاندن لە پەراوێزی دەسەڵاتدا (بە شەریکی) چاپی یەکەم (٢٠٠١) دەزگای گوڵان
٦٢-راگەیاندن لە نێوان حەقیقەت بێژی و عەوام خەڵەتێنی دا، حەمە کەریم عارف،چ(١)، ٢٠٠٥

٦٣- مێژووی ئەدەبیاتی جیهان (لە کۆنەوە تا سەدەکانی ناڤین).چاپی یەکەم٢٠٠٨
٦٤- مێژووی ئەدەبیاتی جیهان (لە سەردەمی رینیسانسەوە تا ئێستا).چاپی یەکەم٢٠٠٨
٦٥- مێژووی ئەدەبیاتی جیهان (ئەدەبیاتی ئینگلیزی زمان- ئەمریکاو ئینگلیستان لە سەرەتاوە تا ئێستا).چاپی یەکەم٢٠٠٨
٦٦- ریالیزمودژە ریالیزم لە ئەدەبیاتدا،سیروس پرهام،چ٢٠٠٤، ١،دەزگای سپیرێز
٦٧- قوتابخانە ئەدەبییەکان،رەزا سەید حسەینی، چ٢٠٠٦، ١دەزگای موکریانی
٦٨- مێژووی ئەدەبیاتی روسی، سەعیدی نەفیسی
٦٩- لێکدانەوەیەك لەمەڕ نامۆ ، لویس ریی ،چ٢، ٢٠٠٦
٧٠- هونەروژیانی کۆمەڵایەتی، بلیخانۆف، چ١(٢٠٠٥)دەزگای موکریانی
٧١- گوزارشتی مۆسیقا،د. فوئاد زکریا، چ١،یانەی قەڵەم ٢٠٠٦
٧٢- رێبازە هونەرییەکانی جیهان
٧٣- پێکهاتەی بەدەنی و چارەنووسی ئافرەت،(چ١) ٢٠٠٦
٧٤- شیعر کوژی..حەمە کەریم عارف، چ١/ ٢٠١٠/کۆمەڵەی روناکبیری و کۆمەڵایەتی کەرکوك، ژمارە(٧٠)
٧٥- دەربارەی رۆمانو چیرۆك، حەمەکەریم عارف،چ١، ٢٠٠٨
٧٦- مەرگی نووسەرو چەند باسێکی دیکەی ئەدبی-رۆشنبیری،حەمەکەریم عارف،چ١، ٢٠٠٥نووسەرانی کەرکوك
٧٧- ناودارانی ئەدەب، حەمە کەریم عارف، (چ١) دەزگای موکریانی، ٢٠٠٩
٧٨- پەیڤستانی من، حەمە کەریم عارف،چاپی یەکەم()
٧٩- پەڵکە رەنگینە، حەمە کەریم عارف،چ١، ٢٠٠٤
٨٠- خیانەتی حەڵاڵ، حەمە کەریم عارف

٨١-بووكی هەزار زاوا،(جانتا) كۆچیرۆك، بزورگی عەلەوی
٨٢-ئەبوزەر، د.عەلی شەریعەتی
٨٣-ریوایەت، ڕۆمان، بزورگی عەلەوی
٨٤-وقفات فی رحاب الپقافە الكوردیە، حەمە كەریم عارف
٨٥-هەژاران، ڕۆمان، دوستوفسكی
٨٦-دەیڤد كۆپەرفیلد، (ڕۆمانی كورتكراوە بۆ نەوجەوانان) چارلس دیكنز
٨٧-ئۆدیسە، داستان، هۆمیرۆس
٨٨-ڤل الصوت و قصص اخری، تقدیم و ترجمە جلال زنگابادی
٨٩-شازادە و گەدا، رۆمان، مارك توین
٩٠-توحفەنمای ئەدەبیاتی جیهانی
٩١-سفرەی فەقیران حەمە كەریم عارف
٩٢-باڵندەكەی من رۆمان، فریبا وفی
٩٣- نامەكانی تولستۆی
٩٤- جەمیلە، رۆمان جەنگیز ئایتماتۆف
٩٥- حەفتا چیرۆكی چینی بۆ منالأنی كورد
٩٦- الرحیل الدامی....تقدیم وترجمە: جلال زنگابادی
٩٧- كۆڵوانە سوور... كۆچیرۆك بۆ مندالأن
٩٨- ئەو پیاوەی كە سێبەری خۆی فرۆشت ..رۆمان..شامیسۆ
٩٩- دكتۆر...شانۆنامە...برانسیلاڤ
١٠٠- با خەییام باش بناسین /جەلال زەنگابادی
١٠١- دۆزەخی پیرۆز، رۆمان ،برهان شاوی
١٠٢- من و نەنكم و ئیلاریون و ئیلیكۆ / رۆمان / نودار دومبادزە
١٠٣- یادگارییەكانی خانەی مردووان/ دۆستویفسكی
١٠٤-مێژووی رۆمانی توركی
١٠٥- دیوار...كۆچیرۆك..............كۆمەڵێك نووسەر
١٠٦- كۆكۆرۆ.............ڕومان........ناتسومی سوسكی
١٠٧- كانییە قارەمان....كۆچیرۆك بۆ مێرمندالأن /حەمەكەریم عارف
١٠٨- ئەودیوی مەرگ..........حەمەكەریم عارف/چ١٢٠٠١/ موكریانی
١٠٩- قاوشی ژمارە شەش/ چیخۆف/ پێشەكی و پاچڤەی: حەمەكەریم عارف
١١٠- گەمژە، ڕۆمان، دوو بەرگ، دۆستۆیفسكی

١١١- دەربارەی هۆزان و هۆزانڤانی...
١١٢- سالّنمای ژیان و بەرهەمی...
١١٣- تاراس بۆلّبا/ ڕۆمان/ گۆگۆل
١١٤- لە زمانی چیرۆکنووسانەوە
١١٥- جیهانی چیرۆك ( کۆمەلّێك دەق ورەخنە)
١١٦- رۆبینسۆن کرۆزۆ/ ڕۆمان/ دانیل دیفۆ
١١٧- هەزار پیشە...............حەمەکەریم عارف
١١٨- چیخۆف...هنری ترۆیا
١١٩- دۆنی ئارام/١
١٢٠- دۆنی ئارام/٢
١٢١- دۆنی ئارام/٣
١٢٢- دۆنی ئارام/٤
١٢٣- دەربارەی ئۆدێسە
١٢٤- دەربارەی نامۆکەی ئەلبیر کامۆ
١٢٥-ژیان و بەرهەمەکانی دۆستۆیفسکی
١٢٦-گەنجینەی ئەدەبیاتی کلاسیکی جیهان
١٢٧-بەنگکێشێکی عەودالّی بەهەشت"ڕۆمان"
١٢٨- سێو و سیمرغ" کۆ حیکایەت"
١٢٩- بیرەوەرییەکانی ئانا گریگۆریڤنا دۆستۆیفسکی
١٣٠-پوشکین سەرقافلّەی ئەدەبی ڕووسی
١٣١-گۆگۆلّ،دامەزرێنەری ریالیزمی رەخنەیی
١٣٢-ڕەبەنێکی ڕەشپۆش، چیخۆف
١٣٣- کەنیزۆ ،کۆمەلّێك چیرۆکی هەلّبژاردەی فارسی
١٣٤- داستانی بەرخودان ، ن: ئەشرەفی دیهقانی .
١٣٥- جیرۆکی شاریك ، رۆمان ، ئەحمەد مەحموود.
١٣٦- مردووی زندوو ، ڕۆمان ، هنری ترۆیا
١٣٧- کۆلآنی میدەق، رۆمان، نەجیب مەحفوز
١٣٨- چۆن پۆلآمان ئاودا، ڕۆمان، ئۆستروفسکی
١٣٩- بیست و سێ چیرۆکی تۆلّستۆی
١٤٠- چارەنووسی مرۆڤێک
١٤١- قەیرانی سێبەر

١٤٢- ئەفسانەی تەروادە
١٤٣- لە بەردەم عەرشدا، نەجیب مەحفووز